# مێژووی تورکیای هاوچەرخ

حەمید بۆزئەرسلان

# مێژووی تورکیای هاوچەرخ

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە:

نەجاتی عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمید بۆزئەرسلان
مێژووی تورکیای هاوچەرخ
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٢
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٠٨ –٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد




بەرگی کتێبی
" مێژووی تورکیای هاوچەرخ"
بەزمانی فرەنسایی-پاریس، چاپی ٢٠٠٧

## وتەی وەرگێڕ

کتێبی "مێژووی تورکیای هاوچەرخ" خوێندنەوەیەکی وردی دیوی ناوەوەی مێژووی سەدەی بیستەمی تورکیایە، ئەو وڵاتەی کە لەسەر کەلاوەی دواین ئیمپراتۆریای عوسمانیی فرە ئیتنیدا "تورکایەتی" دەکاتە ناسنامەی خۆیی و بەدەر لە تورکبوون ناسنامەی هەموو توخمگەلێکی تری "غەیرە تورک" دەسڕێتەوە. جا ئەگەر مستەفا کەمال میراتگری بێ ئەملا و ئەولای "گەنجە - تورکەکان" لەبەر بەرفراوانیی شکستەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستبەرداری پان-تورانیزم بووبێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری "تورکایەتی" و ئەفسانەی "ڕەگەزی باڵای تورکایەتی" نەبوو لە چوارچێوەی ئەو سنووره دیمۆگرافیایی و جوگرافییانەی کە پەیماننامەی لۆزان بۆ تورکیای مستەفا کەمالی گێڕایەوە. ناسیۆنالیزمی تورک لە ساڵی ١٩١٩-ەوە هەموو کات لە ئامادەسازیدا بووە بۆ بەرەنگاریبوونەوە و سەرپانکردنەوەی دوژمنەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی، بەو جۆرەی کە ئەوە هەموو کات لە ململانێ لەگەڵ دوژمنەکانیدا بووە کە ناسیۆنالیزمی تورک درێژەی بەخۆی داوە و خۆی نوێ کردووەتەوە. خوێندنەوەیەکی مێژووی تورکیا هەر لە دەورانی تەنزیماتەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێ کە هەموو وچان و کرانەوەیەک بە ڕووی پلورالیزم و ژیانی فرەیی دواجار جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی توندڕۆی تورکی لەگەڵ خۆیدا بەرهەم هێناوە کە هەر تەنیا فۆرمی کرانەوە و ناسیۆنالیزمەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان شیکردنەوەیەکی وردی ئەم پەرەسەندنە مێژووییانەیە هەر لە دەورانی تەنزیماتەوە و دواتریش زۆر بە

وردیش بە مێژووی سەدەی بیستەمدا هاتووەتە خوارەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ. ئەم خوێندنەوەیە گەلێک جیاوازە لەو خوێندنەوە مێژوویییانەی کە تا ئێستە لەم بارەیەوە کراون. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم ئەم خوێندنەوەیەی لەم کتێبە بۆ مێژووی تورکیا کراوە بەتەواوی ڕوانگەی مێژوونووسیی ئەوروپایی لە بەرامبەر تورکیا ڕاست دەکاتەوە و سێبەری گومانێکی زۆریش دەخاتە سەر ئەو ڕوانگە پرۆ-کەمالیستییەی کە تا ئێستە لە ئەوروپا مێژووی تورکیای پێ نووسراوەتەوە. سوپاس بۆ پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان کە خۆشبەختانە حەشارگەیەکی یەکجار گەورەی لە مێژوونووسیی ئەوروپایی لە بەرامبەر تورکیا پڕ کردەوە. ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم ئەم کتێبە هەر زوو سەرنجی ناوەندەکانی تۆژینەوە و مێژوونووسانی فەرەنسا بەتایبەتی و ئەوروپای بەگشتی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا و هەر لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا دووجار بە فەرەنسایی چاپ کرا و هەر زووش تەرجەمەی ئیتاڵیایی، یۆنانی و تورکیایی کرا و وا خۆشبەختانە چاپی کوردیشی هاتە سەر.

حەمید بۆزئەرسلان، نووسەری ئەم کتێبە یەکێکە لەو زانا گەورانەی کە خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری لێکۆڵینەوەی زانستییە بەزمانەکانی فەرەنسایی، ئینگلیزی و ئەڵمانیایی و لەسەر ئاستی جیهانیدا یەکێکە لەو مێژوونووس و سۆسیۆلۆجە دەگمەنانەی ئەوروپا کە بەدڵنیاییەوە وێنەیان زۆر دەگمەنە. من نامەوێ زیاتر لەوە قسە بکەم و با خوێنەری کورد خۆی کتێبەکە بخوێنێتەوە و لەم ڕێگەیەوە نووسەری ئەم کتێبە بناسێ، ئەو زانا گەورەیەی کە دەڵێی خواوەند هەر تەنیا بۆ "نووسین" و "داهێنان"ی دروست کردووە.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس ، ١٦ی کانوونی دووەم ٢٠٠٩

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی

بە بۆنەی ئەم بە یەکگەیشتنە لەگەڵ خوێنەری کورد دەمەوێ سەرەتا پێزانینی خۆم بۆ وەرگێڕەکەم بەڕێز نەجاتی عەبدوڵڵا دەربېڕم کە بێ لەخۆبردوویی، بە بێ بەخشندەیی و ئەو هاوڕێیەتییەی کە شەرافەتمەندی کردم، ئەم چاپە هەرگیز ڕووناکیی نەدەبینی.

خوێنەری کورد بۆ خۆی بە شێوەیەکی خۆڕسک لەخۆوە، بگرە دەڵێم هەر بە شێوەیەکی تەواو سروشتی زانیارییەکی لەبارەی تورکیاوە، ئەو وڵاتەی کە گەورەترین کۆمیونیتەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەخۆیەوە دەگرێ، هەیە. بەهەمان شێوە ژمارەیەک لە کوردەکانی باشووریش تەجرەبەیان لەگەڵ تورکیا هەیە کە زۆربەی جار لەناو ئێش و ئازار و بڕێک جاریش کە دەبێ باس بکرێ زۆر بەدەگمەن وەک لە کاتی تراجیدیا گەورەکەی ساڵی ١٩٩١ لەناو ئاسوودەگیی فریادڕەسیدا دابووە. بۆیە ئەم کتێبە چکۆڵەیە هەر تەنیا دەتوانێ کورتەیەک پێشکێش بکات کە نایەوێ لە گێڕانەوەی نیشانە گرینگەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بچێتە دەرەوە.

لێرەدا نامەوێ بچمە ناو ڕووداوە زیندووەکانی تورکیا لەوەتای نووسینی ئەم کتێبەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە پێویستە پێ لەسەر سێ کردەی گرینگ دابگرم کە شیمانەی ئەوەیان هەیە لە مەودایەکی درێژخایەندا بەدیار بکەون و فەزای سیاسیی وڵات ڕێک بخەنەوە. یەکەمیان پێوەستە بە وەدیارکەوتنی سترەکتوورێکی هەژموونگەرا یان ناسیۆنالیزمێکی نوێی تورک، کە باڵی بەسەر بەشێکی دەزگای عەسکەری و مەدەنی و هەروەها بەسەر بازنەکانی کەمالیستیشدا کێشاوە. ئەم ستراکتوورە ئەو هێندەی ڕێنوێنیی لە ئیتتیحادیزم و کەمالیزم وەرگرتووە هێندەش لە بڕێک ئایدیۆلۆجیی چەپ، ئەم

ڕەوتە تورک وەکو ئیتنۆ–کلاسێک* نیشان دەدات کە لەلایەن ئیتنۆ–کلاسەکانی تر، وەکو ئەرمەن، یۆنانی، جوولەکە و بێگومان کوردیش دەچەوسێنرێتەوە کە ئەوانە وەکو تابووری پێنجەمی هێزە بێگانەکان ڕەوتار دەکەن. مەبەست لەمە بەمانای تەواوی وشەکە ناسیۆنال–سۆسیالیزمە کە دەشێ بەرەنجامی خراپی ببێ لەسەر پەرەئەستاندنی مەسەلەی کورد. دووەمیان پێم وایە گرینگە پێ لەسەر ئەو دابەشکردنە سیاسییە بنەڕەتییەدا بگیرێ کە کولتووری سیاسیی ئیتتیحادی–کەمالیزمی پیرۆز کرد. ئەمە واتە جیاکردنەوەی دەوڵەت و حکوومەت. دەوڵەت لەلایەن دەستەبژێرێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێ کە لە ئەمڕۆدا بەرپرسیار نییە و نوێنەرایەتیی نەتەوە دەکات. ئەمە دەربڕینی مێتا–مێژوویی** تورکە، بەواتەیەکیی تر دەوڵەت پەیامی نەمریی نەتەوەیە لەوەتای گزینگی مێژووەوە. لە بەرامبەردا حکوومەت نوێنەری "گەل"ە لەسەر شێوەی ئێستەدا، بەم شێوەیە حکوومەت نائاگا، نابەرپرسیار و هەردەم گومانی ئەوەی لێ دەکرێ لە دوارۆژدا خیانەت لە پەیامی نەمری نەتەوە، لە شۆڕشەکەی و لە شارەستانیەتە درەوشاوەکەی بکات. ململانێ کۆنینەکانی ئەم دواییەی نێوان سوپا، حاکمەکان و مامۆستایەکان لەلایەک و حکوومەتی داد و گەشەپێدان لەلایەکی ترەوە، بریتین لە دەربڕینی گرژبووی تەواو سایکۆدراماتیکی ئەم دابەشبوونە.

وەڵامی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەم تەنگژەیە لەوەتای هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ٢٠٠٧ کە سەرکەوتووانە بردییەوە، بریتییە لە خۆ سەقامگیرکردنی زیاتر بۆ ناو ناسیۆنالیزمی توندڕۆی تورکی و هەوڵدان بۆ وتوویژ لەگەڵ

* ئیتنۆ – کلاس Ethno-classe.

** مێتا – مێژوو méta-histoire: بەشێوەیەکی گشتی دوو چەشنە زانستی مێژوو بەخۆوە دەگرێ: مێژووی مێژوو و لێکۆڵینەوە لە واتەی مێژوو. بەم شێوەیە وەک چۆن بۆ نموونە ئەدەب بۆ خۆی مێژووی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە مێژووش مێژووی خۆی هەیە، بەم شێوەیە (مێتا – مێژوو) واتەی (مێژووی مێژوو) دەگەیەنێ. وەرگێڕ

سوپا. مەرجەکانی وتووێژەکە سادەن: پارتی ئامادەیە ئیدارەی بابەتە هەستیارەکانی وەک (پرسی ئەرمەن، قوبرس و کورد) بۆ سوپا بەجێ بهێڵێ، لە بەرامبەردا لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئۆتۆنۆمیی کارکردنی پێ بدرێ. ئاخۆ ئەمە سەردەگرێ؟ هێشتا قورسە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بەڵام ئەنجامی تەنگژەکە هەرچییەک بێت، بێگومان مەترسیی ڕەقەکاریبوونی ڕێژیم ڕاستییەکی تەواو لە بەرچاوە: هەموو ململانێیەکی کراوە لەنێوان سوپا و پارتی داد و گەشەپێدان بازنەی مانۆڕی ناسیۆنالیستە توندڕۆکان فراوان دەکات و بەپێچەوانەشەوە هەموو سازانێک لەنێوانیاندا بە شێوەیەکی بێ شومار پانتایی ئازادییەکان بەرتەسکتر دەکاتەوە.

دواجار، خاڵی سێیەم پێوەندیی بەو دەستگیرکردنە بێ شومارە هەیە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەرگەنەکۆندا دەکرێن، ئەم ڕێکخراوە یان بە شێوەیەکی تر بازنەکانی ئەم ڕێکخراوە کە لە پەراوێزی دەوڵەتدا دروست بوون چەندین دەستدرێژی و کاری کوشتنیان ئەنجام داوە. هەموو شیمانەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە سوپا لە ترسی شوێنکارەکانی پارچە پارچەبوون و توندڕۆی ئەکسیۆلۆجی لەناو خۆیدا، وازی لێ هێناون هەر هیچ نەبێ لە کاتی ئێستەدا. ڕاستییەک دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لەناو هەموو ئەنادۆڵدا ڕێکخراوە نیمچە سەربازییە توندڕۆیەکان کە لەلایەن کۆنە ئەفسەرەکان یان ڕووناکبیرە کەمالیستەکان بەڕێوە دەبردرێن و بەتایبەتی نەک هەر تەنیا لەناو گەنجاندا کە لەوەبەدوا زۆر بوون و خەڵک بۆ خۆیان کۆ دەکەنەوە و دەتوانن لە کاتی تەنگژەکاندا دووبارە چالاک بکرێنەوە «یان بەبێ ئەوەی هاودەنگی لەنێوانیاندا هەبێ دەستبەکار بن.»

پاریس/ ٢٥ی دیسامبەری ٢٠٠٨

## پێشەکیی چاپی فرەنسایی*

لەوەتای چەند ساڵێک دەبێ خوێندەواری فرەنسایی لەگەڵ ئیماژی تورکیای وڵاتی ئیسلامی زیاتر لە ٩٩٪ موسڵمان ڕاهاتووە کە خۆی لە ئاستانەی ئەوروپادا نیشان دەدا. چاپەمەنیی ڕۆژنامە و کۆوارە گشتییەکان بەوردی ئەو نیشانە ناکۆکانە کێوماڵ دەکەن کە ئەنقەرە بۆ ئەوروپای دەنێرێ: لە کاتێکدا حکوومەتەکەی " بە ئیسلامی میانڕۆ"ی پرۆ ئەوروپایی دادەنرێ کەچی سوپایەکەی "ئەوروپاییخواز" و "عەلمانی"ی زۆر خۆپارێزە. وڵاتەکە دامەزراوەی دیمۆکراتی فەرمیی هەیە، بەڵام سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی لەلایەن ئەنجوومەنێکی ئاسایشەوە دەسەپێنرێ کە بەشی زۆربەیان عەسکەرتارن. تورکیا بە نزیکەیی هەموو پەیماننامە ئەوروپایی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەکانی مۆر کردووە، بەڵام تۆمارەکەی لەم بارەیەوە لە ماوەی ئەم دوو دە ساڵیەی دوایی هەر بەتەواوی نێگەتیڤە. کراوە بەسەر جیهان و بەتایبەت بەسەر ئەوروپا کە سێ ملیۆن لە ڕەعیەتەکانی لە ئەوروپا دەژین، کەچی خۆ دوورەپەرێز گرتوو وەک ئەوەی لە نیشانەی "قەڵایەکی گەمارۆدراو" بچێ وایە کە "ئاسایشە نەتەوەییەکەی" بە بەردەوامی لەلایەن دوژمنانی دەرەوە و ناوەوە هەڕەشەی لێ بکرێ.

بێگومان، وێڕای ئەم کێوماڵکردنە ڕۆژنامەنووسییە چاکە، کەچی

* دەمەوێ سوپاسی کریستینا کرامێرۆتی، ڤانسێن دوکلێر، ئەحمەد ئەنسیل، ژان–پۆل پیریۆر و کریستۆف پرۆشاسۆن بکەم کە دەست لە پشتدانیان وای کرد ئەم کتێبە ڕووناکی ببینێ و ڕەخنە و دووبارە خوێندنەوەیان دەرفەتی ئەوەی دامێ خۆم لە بڕێک سەرچیخ چوون وەدوور بگرم و لە چەند هەڵەیەکیش دوور بکەمەوە.

خوێندەواران هێشتا نووسراوێکی سەرچاوەیان لە بەردەستدا نییە. دوایین کتێب کە لای زۆرترین خەڵک لە بەردەست بووبێ، کتێبی" مێژووی تورکیا"ی زنجیرەی (چی دەزانم من) "Que-sais-je"ی ڕۆبێرت مانترانە، کە هی ساڵی ١٩٦٨–ە[١]. بەرهەمی زانیارییەکی هەمەچەشنەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا چەند بیست لاپەڕەیەکی بۆ سەرلەبەری سەدەی بیستەم تەرخان کردووە. لەوساوە، ئیتر هیچ نووسراوێک بڵاو نەبووەتەوە کە ئەنجامگیریی لەنێوان وتارگەلی زانستی و کتێبی زۆر تایبەتمەندا بکات[٢].

مەبەستی سەرەکی لەم کتێبە بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەم حەشارگەیە و لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی (سەنتێز) پێشکێش بکات کە ڕێگەی ئەوە بدات دەست بەسەر ڕەوتە کاریگەرەکان، بگرە هەروەها شوێن و ڕووداوگەلی تەنگژەکاندا بگرێ کە مێژووی تورکیای سەدەی بیستەمیان نیشان کردووە. دابەشکردنی کرۆنۆلۆجیی کتێبەکە لە هەمان ئاستی خوێندنەوەیەکی "هێڵ"ە بنەڕەتییەکانی برێک لە تێمەکانی وەکو مەسەلەی کورد، یاخیبوونی عەلەوییەکان، زەبروزەنگ یان هێشتا ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی لە بواری ئاینییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڕێوە دەڕۆن.

وەک هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بێگومان ئەم کتێبەش لە "وەرەشەیەک" دەردەچێ و بەم ناونیشانەیەوە، لەناویاندا تەنیا پێشنیازی مێژوویەکی تورکیا دەکات. بێگومان ئەم مێژووە بەرهەمی هەڵبژاردنی نووسەرەکەیەتی کە لەناو چەندین نیشانە و تێمدا کردوویە. برێک لەم نیشانە و تێمانە لە سایەی ئەو ڕەوشی تەنگژەیە یان ئەو ڕۆڵەی بۆ تاسیردانان لەسەر نەوەیەک یان چەند نەوەیەک دەیگێڕن، زیاتر لەوانی تر سەرنجی مێژوونووس بەلای خۆیانەوە ڕادەکێشن. پێوەستبوون پێیان لە ئەنجامدا داوای کارێکی

---

1. R. Mantran., Histoire de la Turquie, Paris, PUF,1968.
2. Cf. cependant, en anglais E.-J. Zürcher, Turkey. A Modern History, Londres & New York, I.B. Tauris, 1998, et en allemand, K. Kreiser, & C. K.Neumann, Kleine Geschichte der Türkei, Stuttgart, Reklam, 2003.

تێکدانی ئەو مۆدێل و پارادیگمانە دەکات کە هەن، بەهەمان شێوە داوای ئامادەسازیی ئامرازگەلێک دەکات کە ڕێگە بەلێکدانەوەیەکی نوێ بدات. کەمالیزم کە بەدرێژاییی مێژووی تورکیای کۆماری بڕێک وەکو تاقە بزووتنەوەی مۆدێرنیزەکردن، سکۆلاریزەکردن و هەتا دیموکراتیزەکردنیشی دادەنێن لە جیهانی ئیسلامیدا، یەکێک لەم تێمانەیە. ئەو خوێندنەوەی لێرە بۆ ئەم باسە تایبەتمەندە کراوە تەواو جیاوازە. لە جیاتیی ئەوەی بەدوای ئەم کاتیگۆرییە ڕێکخراوانەدا بچین کە جیهانی ئیسلام پێوەست دەکات بە"تاریکستانی ئاسیا" و کەسایەتییەکی تەواو پەرجوویی کە دەتوانێ ئەم جیهانە بکاتە "مۆدێلێکی ڕۆئاوایی"، کە ئەویش بۆ خۆی کردەیەکی نامێژووییە، لە بڕیتی ئەوە من هەوڵ دەدەم کەمالیزم بخەمە ناو ڕەوت و تاقیکردنەوە سیاسییە "شۆڕشگێڕییەکان" بەتایبەت بزووتنەوە ئەوروپاییەکانی نێوان هەردوو شەڕ. ئەم تێکشکاندنە بە مێژووکراوە پێوانە و نیشانەکانی بەراوردکاری بە گوێرەی مەسەلە و قۆناغەکان دەگۆڕێ، کە بەدرێژاییی ئەم نووسراوە پێوەچوونی بۆ کراوە. بۆ نموونە ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژیمە عەسکەرتارە تورکییەکان، تەواو جیاوازن لە هاوتا عەرەبییەکانیان، ناتوانرێ تێیان بگەین تەنیا بەپێوەندی نەبێ لەگەڵ دۆکترینی دژە-شۆڕشگێڕی پەنتاگۆن کە بەڕەزامەندی یان بەبێ پشتگیری لە چەندین ناوچەی جیهاندا، لەوانە لە ئەمەریکای لاتیندا خرایە بواری پراکتیکەوە.

دواجار وەک هەموو کتێبێکی مێژوویی، ئەم کتێبەش بەرەو ڕووی ئاستەنگگەلی میتۆدۆلۆجیی دیسپلینی مێژوو خۆی بووەتەوە و هەوڵی داوە بە شێوازی خۆی بەسەریاندا زاڵ ببێ. خوێنەرێکی هۆگر بە مێژووی تورکیا دەشێ کەمێک سەرسام ببێ لەو دابەشکردنە کرۆنۆلۆجییە (غەیرە کلاسیکی)یانەی کە لێرەدا پێشنیاز کراون. لە واقیعدا من لەو گریمانەوە دەست پێ دەکەم کە ناسینەوەی بەردەوامی و دابڕانەکان بەرەنجامی ئیشکالیەتێکن و خوێندنەوەیەک دەشێ مانا بەڕووداوەکان ببەخشێ و بەگوێرەی پەرەسەندنێکی بناغەیی یان زاتی کە لێیەوە پەیدا دەبن هەڵیان

بسـەنگێنێ و بیـانـخـاتە ناو چوارچێـوەیەکـەوە، بۆ نموونـە مێـژووی فـەرمـیی کـۆتاییـهـاتنی شـەڕی یەکـەمی جـیـهـانـی لێـرەدا وەکـو دابڕانێک لـە بەرچاو نەگیـراوە، لەبەر یەک هۆی سـادە ئەویش ئەوەیە کـە ئاراسـتـە کـاریگـەرەکـانی قـۆناغی پێش و سـاڵانی شـەڕ هێـشـتـا بۆ مـاوەی چەند سـاڵانێکی مێـژوویی هەژموونیان بەسـەر ئەوەی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی ماوەتەوە دیاری دەکەن.

دواجـار دەبێ ڕێگە بەخـۆم بدەم ئەوە زێدە بکـەم کـە ئەم نـووسـراوە شـوێنی مێژوویێکی دوور و درێژی تورکیـا لـە سـەدەی بیسـتـەم ناگرێتەوە وەک لەوەی لەسـەر شێـوەی شـاکاری (مێژووی ئیـمـپـراتۆریای عـوسـمـانی*) کـە لەلایەن ڕۆبێـرت مـانـتـران (لە چاپەمـەنـیـیـەکـانی فـایـارد، ١٩٨٩، ٨١٠ لاپەڕە) چاپ کراوە.

* R. Mantran, Histoire de l'Empire ottoman, Paris, Fayard, 1989.

## دێباجە: سەدەی نۆزدەمینی عوسمانی

"درێژترین سەدەی ئیمپراتۆریا" وەک مێژوونووس ئیلبەر ئۆرتایلی[٣] پێناسەی دەکات، سەدەی نۆزدەمینی عوسمانی بەدڵنیاییەوە سەدەی پشێوییە یەک لە دوای یەکەکان و گۆڕانکارییەکانیش بوو. ڕاستییەکەی هەر لەگەڵ کۆتاییی سەدەی هەژدەمدا کۆشک و دەسەڵاتی داوودەزگا ئیدارییەکەی، هەروەها پێکهاتە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی، خۆیان بێ توانا دەبینییەوە لەوەی سیستمی ئیمپراتۆریا وەک چۆن ئەوەی لەوەتای چەند سەدەیەک بوو بەدامەزراوەیی و تقوسیزە کرابوو ئاوا بەرهەم بهێننەوە. زیاد لەوەش ئەو لەدەستدانە هەرێمییانەی ئیمپراتۆریا کە دروشمەکەی برێتی بوو لە "هەموو کات سەرکەوتوو"، تەنگژەکەی بەسۆنگەی کەمی باوەڕ بەخۆبوون و هەستێکی "شکستهێنان" لێک دایەوە. جاڕدانی "نیزامی نوێ" (نیزامی جەدید) nizam-i cedid لە ساڵی ١٧٩٣ کە شوێنی" نیزامی عالەمی"ی nizam-i âlem ئیمپراتۆریای گرتەوە، لە یەکەم ساتدا هەر تەنیا بۆ ڕێگەگرتن بوو لە "شکستەکە". بەڵام سیستمی نوێ گۆڕانکارییەکی ڕیشەییی تەقاندەوە کە بەردەوام چەندین هەنگاوی زیاتر ڕیشەیی و زۆربەی جار خراپ کۆنترۆڵکراوی بەدوایەوە دەهات وەک سەرکوتی خوێناویی سوپای ئینکیشاری (١٨٢٦).

لەگەڵ گەیشتنی عەبدولەجیدی یەکەم بۆ سەر عەرش چاکسازییەکان خێراییەکی بەرفراوانیان بەخۆیەوە بینی. مەرسوومی ئیمپراتۆریانەی ٢ی نۆڤەمبەری ١٨٣٩ جاڕی دەورانێکی نوێی دا، کە بەدەورانی تەنزیمات "دووبارە ڕێکخستنەوە" ناسراوە[٤]. دووەم مەرسووم لە ساڵی ١٨٥٦

3. Cf. i. Ortaylı, Imparatorlugun En Uzun Yüzyılı, Istanbul, Hil, 1982.

4. P. Dumont, “La période des Tanzimat (1839-1878)", In R. Mantran, Histoire de l'Empire ottoman, Paris, Fayard, 1989, pp. 459-522.

ڕیفۆرمەکانی بەرفراوانتر کرد و شێوازێکی بەردەوامی پێ بەخشی. ئەم دوو مەرسوومە ئیمپراتۆریانە مافی خاوەندارێتیی تایبەتی و یەکسانییان بۆ هەموو هاووڵاتییە عوسمانییەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئاین دەستەبەر کرد.

چاکسازییەکان پێش هەموو شتێک بەئامانجی "ڕزگارکردنی دەوڵەت" بوون. بەڵام ئەم ئامانجە پێویستی بەگۆڕانێکی زۆر قووڵتر هەبوو وەک لە مۆدیرنیزەکردنێکی سادەی سوپا و داوودەزگای ئیداری. وەک شەریف ماردین تێبینیی کردووە بەر لە تەنزیمات هێزی ناوەند لە دەرەوەیدا بوو لە پێوەند لەگەڵ پەراوێزەکاندا کە دانی بەئۆتۆنۆمیی ئەوان دانابوو[5]. بەڵام لەوە بەدوا شانسی بەجێهێنانی پرۆژەکان لە ناوەندەوە دەردەچوون و پابەند بوون بە یەکەتیی "ڕەعیەتگەلی" عوسمانییەکان کە دەبوو سەرەتا دروست بکرێ و پاشان بەرپرسیار بکرێ. ئەو ڕستەیە کە دراوەتە پاڵ عەلی پاشا، یەکێک لە ئارشیتێکتۆرەکانی تەنزیمات «دەبێ یەک نەتەوە هەبێ بۆ ئەم دەوڵەتە» بەئاشکرا ئەم ڕەوشە کورت دەکاتەوە.

کەچی چاکسازییەکان ئەنجامی پێچەوانەوەی چاوەڕوانکراوی ڕیفۆرمخوازەکانی لێ کەوتەوە. جیا لەوەی کە پێکهاتەکانی کۆمەڵ نەگۆڕدران بۆ یەک "نەتەوە"ی عوسمانی و کۆمیونیتە نامسوڵمانەکانیش تا دەهات هەرچی زیاتر خۆیان وەکو "نەتەوەگەلی" خنکاو لەناو "تاریکستانی ئاسیا"دا دەبینییەوە. لە ماوەی چەند گرێی دە ساڵێکدا ناسنامە ئاینییەکان کە بەناو ترادسیۆنێکی دوور و درێژی سەربەخۆییدا ڕۆ چووبوون، لەژێر کاریگەری بیروڕا ڕۆمانتیکی، پاشان ناسیۆنالیست و سۆسیالیستییەکاندا شکلێکی سیاسییان بەخۆوە گرت[6]. بەرەنجامی چاوەڕواننەکراوی تر: لە پەرۆشی بۆ

5. S.Mardin, "Center-Periphery Relations: A Key to Turkish Politics", in "Daedelus", 1972-1973, n. 102, pp. 169-191.

6. M. Tunçay & E.-J. Zürcher, Socialism and Nationalism in the Otto-man Empire 1876-1923, London-New York, British Academy Press, 1994.

سەپاندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕاستەوخۆ، یەکسانیخواز و بێلایەن، تەنزیمات کۆتاییی بەهەموو ئەو قەوارە ئیدارییە هاوێردانە هێنا کە شێوازی سەرەکیی "حوکمڕانی" عوسمانییان پێک دەهێنا. ئەم سیاسەتە نوێیە لە جیاتیی ئەوەی زامنی بەناوەندیکردن بکات، کەچی پرۆسێسێکی پارچە پارچەبوونی بێ پێشینەی لە مێژووی نوێی ئیمپراتۆریادا تەقاندەوە. بە نموونە داپڵۆسینی خوێناوی نزیکەی بیست ئەمارەتێکی سەربەخۆی کوردی، دووبارە بەخێڵکردنەوەیەکی بەربلاوی ورووژاند و لەم سۆنگەیەوە زیاتر لە هەزار یەکەی کەم و زۆر سەربەخۆی لێوە لەدایک بوو[7]. لەسەر ئاستی سەربازیشدا، ئەنجامەکە بەهەمان شێوە کارەساتبار بوو. دامەزراندنی سوپایەکی سێنترالیزەکراو نەیتوانی بەر لە "شکستەکان" بگرێ، بەپێچەوانەوە سەرچاوەیەکی نوێی نائارامی دروست کرد، کە ئەو هێندە سەربازی چاوبرسی پەنایان دەبردە بەر مشەخۆری بەسەر دانیشتوانی عوسمانییەوە[8]. دواجار ریفۆرمخوازەکان وایان دەبینی کە قوتابخانە سەربازی و مەدەنییەکان "کە لەسەر شێوەی فرەنسایی" دروست کرابوون، لەوانە قوتابخانەی مولکیەی (قوتابخانەی بەڕێوەبردن) بەناوبانگ کۆڵەگەیەکی ناوەندیی داوودەزگای نوێی ئیداری بەوەفا و کارا دەبێ. کەچی ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی ئێنتێلگێنسایەکی زۆر جیاواز بوو لەو عالیمە (زانا)یە عوسمانییەی کە لە دابڕان لەگەڵ کۆشک، ئەم ئێنتێلگێنسایە زیاتر بەرەو شۆڕشگێری دەڕۆیشت وەک لە "ئەرک بەجێهێنان"دا[9].

گەیشتنی عەبدولحەمیدی دووەم ساڵی ١٨٧٦ بۆ سەر عەرش، نوختە خاڵی ئەوپەڕی تەنزیمات و لە هەمان کاتدا جاڕی مەرگیشی بوو. هەتا ڕەوشی

7. Cf. C. Celil, Jiyana Rewsenbirî û Siyasîya Kurdan (Di dawiya sedsala 19'da), Uppsala, 1985, Jina, Nû ; C. Celil, XIX. Yüzyıl Osmanlı imparatorlugu'nda Kürtler, Ankara, Öz-Ge, 1992.

8. J.J. Reid, Crisis of the Ottoman Empire. Prelude to Collapse1839--1878, Stuttgart, Franz Steiner Verlag, 2000.

9. C. Meriç, Magaradakiler, Istanbul, Ötüken, 1980.

تاجگوزاریی سوڵتانی نوێ بۆ خۆی ئەوە نیشان دەدات کە کۆشک کۆنترۆڵی ئەو پرۆسێسەی لەدەست دابوو کە بەخۆی دەستی پێ کردبوو. لە واقیعدا بۆ یەکەم جار بوو کە سوڵتانێکی عوسمانی، عەبدولعەزیز «کە هەرچەند مانگێک پێشتر تاجی نرابووە سەر» لە کودەتایەک لەلایەن ئەفسەران و داوودەزگای سیڤیلەوە بکوژرێ. جا ئەگەر سوڵتانکوژی لە مێژووی عوسمانیدا شتێکی نوێ نەبووبێ ئەوا کوشتنی سوڵتانێک لەلایەن توخمگەلی دەرەوەی کۆشک شتێکی نوێ بوو. ئەوە بەئاشکرا گەواهیی ئەوە دەدات کە ڕیفۆرمەکان وەچەیەکی نوێی سەربازی و بیرۆکراتییان بەرهەم هێنابوو کە چیی تر خۆیان بەخزمەتگوزاری سادەی دەوڵەت نەزانن، بگرە چاویشیان بڕیبووە ئەوەی ببن بەسەرداری دەوڵەت.

لە یەکەم جاردا مورادی پێنجەم شوێنی عەبدولعەزیزی گرتەوە، بەڵام چونکە بەدەست پشێوییی ئەقڵییەوە گیرۆدە بوو شوێنی خۆی بۆ عەبدولحەمیدی دووەم بەجێ هێشت. سوڵتانی نوێ دەمودەست لەگەڵ ڕووسیا بەرەوڕووی مەترسیی شەڕێکی نوێ بووەوە. سوڵتان بەهەڵە چووبوو لەوەی کە بە پەیڕەوکردنی یاسایەکی بنەڕەتی دەتوانێ ئەو هێندە تاسیری ببێ لەوەی لەناو پاشایەتییە درەوشاوەکانی ئەورووپادا، ڕووسیا گۆشەگیر بکات و ئەوە بەس بێ بۆ ئەوەی شەڕ لە خۆی بەدوور بخاتەوە. بەم شێوەیە، بڕیاری دا جاڕی دەستوور بدرێ و بانگەوازی دا هەڵبژاردن بکرێ بۆ ئەوەی پەرلەمانێک بەئیمپراتۆریا ببەخشێ. دوو ساڵ دواتر، هەرەسی عەسکەری بوو: کۆنگرەی بەرلین کە لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨ بەسترا، دانی بەسربیا و ڕۆمانیا دانا وەک دەوڵەتی سەربەخۆ و بولگاریا بە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان گەیشت کە سەروەری عوسمانی تێدا بەتەواوی بڕابووەوە وێڕای ئەوەی کە لە ڕووی فەرمییەوە هەر سەر بەخاکی عوسمانی بوو. بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا خرانە ژێر کۆنترۆڵی عەسکەری نەمسا. دواجار، مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریا خرانە ژێر چاودێریی فەرەنسا[10]. لە سەبەینێی ئەم کارەساتە کە وەک بەڵگەی

10. M. S. Anderson, The Eastern Question, 1774-1923. A Study in Interna-tional Relations, New York, MacMillan, 1966.

ئاشکرای شکستی تەنزیمات لێکدرایەوە، عەبدولحەمید ئەنجوومەنی هەڵوەشاندەوە و دەستووری هەڵپەسارد. هەروەها مەدحەت پاشا، ئارشیتۆکتۆر و بەرپرسیاری سەرەکیی تەجرەبەی دەستوورخوازی زیندانیی کرد «مردنەکەی لەناو زینداندا خرایە پاڵ کۆشک».[11]

ڕاستە، سوڵتان نەیدەتوانی بگەڕێتەوە قۆناغی پێش تەنزیمات، چونکە ریفۆرمەکان ئەو هێندە دینامیکیەتی خۆیان بەرهەم هێنابوو. بەم شێوەیە بەدرێژەی دەورانی حوکمڕانییەکەی، ئیمپراتۆریا بەردەوام بوو لەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا بەهێز بکات. ڕاهێنانی سوپا بەردەوام لەلایەن ئەفسەرە ئەوروپاییەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ریفۆرمەکان لە بواری پەروەردەدا بەردەوام بوون. ژمارەیەک قوتابخانەی مسیۆنێرەکان دەرگەیان بۆ قوتابیانی مەسیحی و هەروەها بۆ موسڵمانەکانیش کردەوە. ڕۆژنامەنووسیی عوسمانی کە لەسەر مۆدێلی فرەنسایی لاسایی کرابووەوە، سەرەڕای بوونی سانسۆر هەر پەرەی دەسەند. چەندین شار، بەتایبەتی ئەستەمبۆڵ، ئیزمیر و سالۆنیک لە ڕێگەی هەمەچەشنەی پێوەندیی زەریایی بەئەوروپاوە بەسترانەوە. پێوەندیی (کۆمینکاسیۆن) بەتایبەتی تەلێگراف و ئاسنەڕێ پەرەیان دەسەند و کۆمپانیا ئەوروپاییەکان کە سوودیان لە ئیمتیازێکی بەرفراوان دەبینی هورووژمیان بەرەو ئیمپراتۆریا دەبرد.

بەڵام ئەم کرانەوەیە بەسەر ئەوروپا بەهەمان ئاست دەرۆیشت لەگەڵ سیستەمێک کە تا دەهات زیاتر دەبوو بە ئۆتۆکراتی. ئاکاری شۆکی سوڵتانکوژی لە ڕاستیدا پاڵی بە عەبدولحەمیدی دووەمەوە نابوو تا دوا ڕادە دەسەڵات سێنترالیزە بکات و هەوڵ بدات بەبێ ئەوەی سەرکەوتنێکی ئاوها بەدەست بهێنێ کۆنترۆڵی چاپەمەنی بکات و تای تەرازووی شوێنکاری بە ڕۆژئاواییکردن لە کلاوڕۆژنەی عەقیدەیەکی زۆر کۆنسێرڤاتۆر کە برێک وەک پان ئیسلامیزم پێناسەی دەکەن، ڕابگرێ. دەورانی درێژی حوکمڕانییەکەی کە لە واقیعدا لەنێوان ١٨٧٧ و ١٩٠٩ هیچ شەڕێکی گەورەی تێدا ڕوو نەدا،

11. F. Georgeon, Abdülhamid II. Le sultan calife (1876-1909), Paris, Fayard, 2003.

ڕێگەیان پێ دا "دووبارە بیر لەوە بکاتەوە" ئیمپراتۆریا بخاتە ناو چوارچێوەیەکی نوێی ناسنامەیی[١٢] . عەبدولحەمیدی دووەم بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی هێندە گەورە مل بدات، خۆی بە پەرۆش نیشان دەدا لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی ئەو هێندە فرەچەشنەی وەک وەهابییەکان و سەلەفییەکان بەرەو ڕووی دەکرانەوە. بەڵام "پان-ئیسلامیزم"ەکەی قەڵغانی ستراتیجیشی پێک دەهێنا . وەک داڤید کۆشنێر[١٣] ئاماژەی پێ داوە، عەبدولحەمید وا پێ دەچێ دەرکی بەوە کردبێ کە لە دواجاردا ئیمپراتۆریا هەر بەسەر ئەنادۆڵدا دەشکێتەوە. عەقیدەکەی سوڵتان چاوی لە هاوڕەگەزیکردنی ئەم " ناوەندە سەختە" و پاراستنی بڕیبوو بە پەراوێزێک کە دانیشتوانە موسڵمانەکان بن، بەڵام موسڵمانی غەیرە تورکی ئیمپراتۆریا وەک کوردەکان و عەرەبەکانیش بگرێتەوە خۆی. قەتڵوعامی ١٨٩٤-١٨٩٦ کە بەلای کەمییەوە ١٠٠,٠٠٠ قوربانیی ئەرمەنیی لێ کەوتەوە، لە ڕاستیدا بریتی بوو لە یەکەم هەنگاوی کۆنکریت بەرەو "دووبارە دروستکردنەوەی" ئەنادۆڵ وەک یەکەیەکی تورک و موسڵمان[١٤] .

12. S. Deringil, The Well-Protected Domains, London, LB. Tauris, 1998.

13. D. Kuchner, The Rise of Turkish Nationalism, 1876-1908, London, Frank Cass, 1977.

14. Cf. pour l’ensemble du règne d’Abdûl Hamid II, F. Georgeon, op.cit., Pour les massacres des Arméniens, cf. G. Meyrier, Les massacres de Diarbekir. Correspondance diplomatique du Vice-Consul de France 1894-1896, Paris, Éditions L'Inventaire, 2000.

## بەشی یەکەم
## حوکمڕانی ئیتتیحاد و تەرەققیی ١٩٠٨– ١٩١٨
## و شەڕی سەربەخۆییی ١٩١٩– ١٩٢٢

### وەدیارکەوتنی گەنجە – تورکەکان

ئەگەر عەبدولحەمیدی دووەم توانی ئیمپراتۆریای عوسمانی سەقامگیر بکات، بەڵام نەیتوانی بەسەر ئەو دابڕانە زاڵ ببێ کە لەنێوان کۆشک و نوخبەی نوێی عەسکەری و مەدەنیدا هەبوو کە لە پرۆسێسی ریفۆرمەکان کەوتبوونەوە. هەر لە ساڵی ١٨٩٥وە ئۆپۆزسیۆنێک، کە لە ئەوروپا لەژێر ناوی "گەنجە– تورکەکان" ناسرا، خەریکبوو دروست دەبوو[١٥]. ئەم ئۆپۆزسیۆنە لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ساڵدا، زیاتر بزووتنەوەیەکی پارچە پارچەی فرە دەستە دیاربوو زیاتر لەوەی مەترسییەکی ڕاستەقینە بێ بۆ سەر کۆشک. ڕاستییەکەی، بەرهەڵستکارەکان بە ڕوویەکی سەرەکی لە پاریس یان لە شارەکانی تری ئەوروپا (تەنانەت هەتا لە میسر)یش بوون و وێڕای ئەو شەیداییەی کە لەناو ریزەکانی ئەنتێلگێنسیای سەربازی و مەدەنیدا هەیانبوو کەچی هەر تەنیا بواری پەراوێزێکی مانۆڕی بەرتەسکیان لە ناوەوەی ئیمپراتۆریادا هەبوو.

زۆرینەی گەنجە – تورکەکان عوسمانیی موسڵمان بوون، بەڵام هەندێکیان مەسیحی، جوولەکە و یان هێشتا موسڵمانی ڕووسیا بوون. جا ئەگەر

15. Cf. notamment, fi. Hanioglu, Bir Siyasal Örgüt Olarak Osmanlı ittihat ve Terakki Cemiyeti ve Jön-Türklük, Istanbul, iletisim Yayınları, s.d.; S. Hanioglu, Preparation for a Revolution. The Young Turks, 1902-1908, Oxford, Oxford Univ. Press, 2001.

دروشـمـیـان "سـەربەسـتـی و دەسـتـوور" بوو کـەچی کـەمـتـر لەوە ئیلـهـامـیـان لە ڕەوتە هـەمـەچەشـنـەکـانی بیـروباوەڕی ئەوروپایی وەرنـەدەگـرت، لە بیـروباوەڕی هـەرە کـۆنەپارێزخـواز تـا هـەرە شـۆڕشـگێـڕیان[16] . لە کـاتێکدا کـە هـەندێکیـان خوازیاری نوێکردنەوەی ئیمپراتۆریا بوون، کەچی هەندێکی تریان هیواخوازی شـــۆڕشـــێک بـوون وەک "ئاهـەنگی خـــوێنـین"[17] و هـەروەها هـەندێک جـــار دەیانتوانی خۆیان لەگەڵ زیاتر لە یەک ڕەوتی بەناوبانگ لە پایەتەختی فرەنسا بناسنەوە:" لە ئەوروپا، لە دەسـتـپێکی سـەدەی بیسـتـەم بە گوێرەی گێڕانەوەی قۆشـمـەجاڕیی یەحیا کەمال – گەنجە – تورکەکان بە سەرسامییەوە گوێیان لە ئاخـاوتنی ژووریێ* دەگـرت، پاشـان بە چاوی پڕ فـرمـێـسکاوییـەوە بە شـوێن کـاروانی ئەنـدامـانـی ئاکـسـیـۆنی فـرەنسـایی** دەکـەوتن، ڕۆژێکی تریش چەپڵەیان بۆ پاشایەتی لێ دەدا"[18] .

لەناو ئەم زۆروبۆری بیرۆکانەدا کەچی دوو ڕەوت توانییان لەگەڵ پێچانەوەی سـەدەدا دواتر ژیانی سیاسیی عوسمانی و تورکی دیاری بکەن کە ئەوانیش: یەکەتیی عوسمانی بوو کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەقـقی کـە بە شـێوەیەکی فـەرمی لەلایەن ئـەحـمـەد ڕەزا بـەڕێوە دەبردرا و

16. S.Mardin, Jön Türklerın Siyasi Fikirleri 1895-1908, Ankara, I_ Bankası, I964.

17. H. Bozarslan, “Vocabulaire politique de la violence : l'exemple jeune turc” , In H.-L. Kieser (dir), Aspects of the Political Language in Turkey (19th- 20th Centuries), Istanbul, The Isis Press, 2002, pp. 91-104.

* ژان – ژۆرێ (Jean-Jaurès) (٣ی سـێـپـتـێـمـبـەری ١٨٥٩ – ٣١ی تەمووزی ١٩١٤.) پیاوی سیاسیی سۆسیالیستی فرەنسایی و یەکێک لە لایەنگیرانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و یەکێک لە بیچمە دیارەکانی پارتی سۆسیالیستی فرەنسایی بوو. (وەرگێڕ).

** ئاکـسـیـۆنی فـرەنسـایی (AF). بزووتنەوەیەکی سـیـاسـیـی ناسـیـۆنالیـست و پاشـاخـوازی فـرەنسـایی بوو. سـاڵی ١٨٩٨ لە سـەروبەندی کـردەی دریفـۆس دامەزرا. (وەرگێڕ).

18. Ortaylı, Gelenekten Gelcege, cit., p. 12

هەروەها ڕێکخراوی دەستپێشخەری تایبەت و نامەرکەزی بوو، کە شازادە سەباحەدین، ئامۆزای سوڵتان یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی بوو. یەکەمیان بەمانای تەواوی وشەکە خاوەنی هیچ پرۆگرامێکی سیاسی نەبوو، بگرە تەنیا شەپۆلێکی بیرۆکەی ڕیفۆرم و بەئەندامبوون بوو کە بەتەواوی هاودەنگ نەبوو لەگەڵ پۆزەتەڤیسمی ئاینی. لە ساڵی ١٩٠٦ بەولاوە هەڵبەت لەگەڵ زۆربوونی ڕێژەی سەربازان لەناو ڕیزی ئەندامان و گەیشتنی ڕێکخراوسازانی بەوەجی وەک دوکتۆر نازم و دوکتۆر بەهادین شاکر یان هێشتا تەڵعەت پاشا، جەمعیەت بەرەو ناسیۆنالیزمی تورک یان هەتا بەرەو پان تورانیزم هەڵخلیسکا کە ئامانجی کۆکردنەوەی گەلانی بەبنچینە تورک بوو. هەرچی ڕێکخراوی دووەم بوو سەر بەترادسیۆنی قوتابخانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی فرێدریک لۆ پلەی* و ئیدمۆند دیمۆلان بوو و دەیویست لە ڕێگەی دەستپێشخەری تایبەتی و نامەرکەزێتی کە بەناو ئیمپراتۆریادا ڕۆچووبوون گۆڕینکاریی ڕیشەیی بەسەر کۆمەڵگەی عوسمانیدا بهێنێ. هەردوو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە ساڵی ١٩٠٢ و ١٩٠٧ ڕێگەیان بۆ هێورکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو ڕەوت خۆش نەکرد.

### جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەققی لە دەسەڵات

چارەنووسی گەنجە تورکەکان کە چالاکیی سەرەکیی بەردەوامیان برێتی بوو لەوەی لەناو چاپەمەنییە زۆر و زەوەندەکاندا ڕەخنە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی بگرن، ئەم "سیاسەتە" لە تەمووزی ١٩٠٨ وەختایەک باندێکی بچووکی ئەفسەرانی گەنج یاخی بوون، گۆڕانی بەسەردا هات. ئەو عەسکەرانە

---

* Pierre Guillaume Frédéric Le Play (1806-1882): دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریا لەسەر دوو تەوەر کاری دەکرد. چەندین ڕەوتی بیرکردنەوەی لە دەوری پرۆژە ڕیفۆرمخوازەکەی خۆی کۆ کردەوە و یەکەتیی ئاشتیی سۆسیالیستی دروست کرد. دوای مردنی لە ٥ی نیسانی ١٨٨٢، قوتابخانەیەکی ڕووناکبیریی لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشت کە تەرخانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کرابوو. (وەرگێڕ).

کـە، ئـەنوەر و نیــازی بیـچــمی بەرچاویان بوون، لـە بەرامـبــەر شـیـمــانەی چەکدامـاڵینی هـەرێمـەکانی باڵقان کە لە کـاتی چاوپێکـەوتنی نێوان ئێدواردی حەوتەم و نیکۆلای قەیسـەری دووەم لە ڕیڤاڵ باس کرابوو، نیگەران بوون. ئەوان خـۆیان زیاتـر وەکـو مـەفرەزەی گـەریلا دەبینـی کـە ئامـانجی بەرگـریکردن بێ لە "نیـشـتـمـانی هـەڕەشـە لێکراو" وەک لەوەی هێـزێکـی شـۆڕشـگێـڕ بن. باندەکـە چەندین ئەفسـەری پایەبەرزیان کوشت کـە لەلایەن کـۆشکەوە بۆ هـەڵسـەنگاندنی ڕەوشـەکە نێردرابوون. سوڵتـان پەشـۆکا و لە ۲۳ی تەمـووز ڕێگەی بە گەڕانەوەی گــەنجــە-تورکــەکــان دا، دەســـتــوور کــە لەوەتـای زیاتر لـە ۳۰ ســاڵ دەبوو هەڵپەسێردرابوو، هێنرایەوە جێگە و بانگەوازی هەڵبژاردن درا.

دەسـتـەوجێ ئەم دووەم دەسـتووری پاشـایـەتییـە وەکـو "جـاڕدانی حـورڕیەت" تەمـاشـا کـرا. لە ۲٤ی تەمـووزەوە، تەواوی شـارە گـەورەکـانی ئیـمـپـراتۆریا ئاهەنگگێڕان و برایەتیـیـان بەخـۆیەوە بینی، لە ئەسـتـەمـبـۆڵەوە تا سـالۆنیک کەژاوەی تێکەڵاو، مـوسـڵـمـان، مـەسیـحی و جـوولەکە پێکەوە کۆ دەبوونەوە و ئاهەنگی کـۆتـاییی "ملـهـورگـەرایی"یان دەگـێـڕا و دروشـمـی «سـەربەسـتی، یەکـســـانی، برایەتی، عـــەدالـەت[19]»یان دەوتەوە. ئیــمـــاژی ئازادی لـە کەسـایەتییـەکی مێیینەدا بەرجـەسـتـە کرابوو کە لـەسـەر شـێوەی مـاریانی فرەنسـایی بوو و ئیمـاژی دەستووریش لەلایەن منداڵێکەوە نمایش کرابوو، ئەم دوو ئیمـاژە بوون بە ڕەمزی قـۆناغێکی وچان و هیوا[20]. " جاڕدانی حورڕیەت" ڕێگەی بۆ ئـەوە خـۆش کـرد ئەوە گـۆڕانانەی کـە ئیـمـپـراتۆریا بە شـێـوەیەکی هێمنانە لە سـەردەمی عەبدولحەمیدی دووەمدا بەخۆیەوەی بینیبوون لە بەرچاو بگیـرێن. لە چەند هـەفتـەیەکدا، ڕێکخـراوگـەلی سیـاسی، بەهـەمـان شـێـوەی

19. F. Georgeon, “La justice en plus: les Jeunes Turcs et la révolution française”, “ANKA”, n. 10, 1990, pp. 21-32.

20. T. Çeviker, Gelimfiim Sürecinde Türk Karikatü-rü, vol. 2, Mefirutiyet Dönemi, 1908-1918, Istanbul, Adam, 1988; &., Burun Abdülhamid Karikatürleri Antolojisi, Istanbul, Adam, 1988; &., Mefirutiyet.Imzasiz Karikatürler Antololisi, Istanbul, Adam, 1989.

موسڵمان، یۆنانی و ئەرمەنی، چاپەمەنییەکی پڕ چالاکیی ئازاد، یەکەمین سەندیکا، یەکەمین ڕێکخراوی ژنان و یەکەمین ناوەندە کولتوورییەکانی ژمارەیەک کۆمیونیتەی موسڵمان لەدایک بوون.

٢٤ی تەمووز بەهەمان شێوە لە ئەستەمبوڵ وەک لە پاریس وەک "دووەم شۆڕشی فرەنسا" یان "شۆڕشی فرەنسا لە ڕۆهەڵات" پێشوازیی لێوە کرا. گەنجە–تورکەکان لەلایەکی ترەوە دەستییان کرد بەوەی پێشکەوتن و دواکەوتنیان یان هێشتا شوێنیان لە مێژوودا بە بەراورد لەگەڵ پێشینە فرەنساییەکان لە سایەی خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو شۆڕشدا هەڵبسەنگێنن[21] بەڵام بەپێچەوانەی شۆڕشی فرەنسیایی، شۆڕشی ٢٤ی تەمووزی عوسمانی لەناو ئیمپراتۆریایەکی "نەخۆش" بەرپابوو کە زیاتر لە هێزێکی بێگانە چاوی تێ بڕیبوو و لەناو چوارچێوەیەکی فرە ئیتنی و فرە مەزهەبیدا بوو کە دەیویست چەمکی "کۆمەڵانی خەڵک" ببەن بەسەر کۆمیۆنیتەکاندا بیبەشنەوە. ڕاگەیاندنی "شۆڕش" خۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای خێراتر کرد. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بولگارستان سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، بەم شێوەیە کۆتاییی بە سەروەری عوسمانی هێنا. ئەوە تەواو ڕاستە کە ئەستەمبوڵ دانی بەو سەربەخۆییەدا نەنا و ئۆتریش – هەنگاریا بۆسنیا – هەرزەگۆڤینیای بەخۆیەوە لکاند. سێ ساڵ دواتر لە کاتێکدا کە ئەلبانیا لە ئیمپراتۆریا هاتە دەرەوە، ئیتاڵیا پەلاماری تەرابلوسی (لیبیا) دا. دواجار لە ساڵی ١٩١٢ و ١٩١٣، چەند شەڕێگ لە بەشێکی گەورەی باڵقاندا کۆتاییان بە بوونی عوسمانی هێنا[22].

لەسەر ئاستی ناوەوەشدا بە هەمان شێوە کەشوهەوای جەژنی ڕۆژەکانی هەوەڵ بوو بە ناهەمواری. لە ماوەی چەند مانگێکدا، کۆمیتەی ئیتتیحاد و

21. H. Bozarslan, “Allemagne ou France: dualltés ottomanes et problème des modèles ", in “Cemoti”, 1991, n. 12, pp. 71-98.

22. P. Dumont & F. Georgeon, “La mort d'un Empire (1908-1923)", in Mantran (dir), Histoire de l'Empire ottoman, op.cit., pp. 577-647

تەرەققی، ڕێکخراوی سەرەکیی گەنجە-تورکەکان بە نزیکەیی تا نەمان هەموو لاوازەکانی پلورالیزمی عوسمانیی لەناو برد. کۆمیتە وەک "ڕوحی دەوڵەت"، خۆی نیشان دەدا و بە نوێنەرایەتیی دەستەیەک لە ئەفسەران، هەر زوو بوو بە زمانحاڵی سیستمێکی تازەی داپڵۆسێنەر. بە گوێرەی دەربڕینی حوسەین جاهید (یالچین) ڕۆژنامەنووسیی سەر بە ئیتتیحادییەکان، " کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی بەتەواوی خۆی لەگەڵ تورکیزم دەناسێتەوە" و لە ئەنجامدا ناتوانێ "بیرۆکەی دەسەڵات لەدەستدان" لە ڕێگەی یاریی هەڵبژاردنەوە قەبووڵ بکات[٢٣]. بەهەمان شێوە، دوای چەند دوودڵییەک، لە بەرامبەر عەوام "خەڵکی ڕەشۆک" خۆی دوورخستەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی قەتعی ئیدانەی ئەو " ئاژاوەگێڕییە" بکات کە لە ڕێگەی " میکرۆبی مافەکانی مرۆڤ"[٢٤] دروست دەبێ. لە جێگەی ئازادیی ڕادەربڕینی یەکەمین مانگەکان سیاسەتێکی تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسان و قەدەغەکردنی زۆربەی ڕێکخراوەکان شوێنی گرتەوە. هەرچەندە ئەکتەری سەرەکیی کەشوهەوای نوێی سیاسی، کۆمیتە کە زمانحاڵی چاپەمەنییەکان بە بۆمبا، سەرەنێزە، چەک ناویان دەبرد، وەکو ڕێکخراوێکی نهێنی کاری دەکرد و ڕێبەرەکانی بە گوێرەی ستاتووی ڕێکخراوەیی لە پشتەوەی پەردە بوون[٢٥].

ڕاستە ئەم پراکتیکە نهێنییە کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققیی کرد بە ڕێکخراوێکی ترسناک، بەڵام کاردانەوەی نەیارەکانیشی دژ بەخۆی بەهێز کرد. بەم شێوەیە لایەنگیرانی شازادە سەباحەدین، هەر زوو پەراوێز خران و بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکی کراوە. کۆمیتە هەروەها دوژمنایەتیی بەگزادەکان و داوودەزگای هەرێمەکانیشی دروست کرد، بەشێکیان لە ڕێگەی "نیمچە-کودەتایەک" لە سبەینێی ٢٤ی تەمووز بەرکەنار خران[٢٦]. سەربازانی ڕیز کە

23. H.C. Yalçm, Siyasal Anilar, Istanbul, ifi Bankasl, 1976, p. 132.

24. Z.Gökalp, Makaleler II, Istanbul, Kültür Bakanlıgı, 1981, p. 42.

25. T.Z. Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler, Istanbul, Hürriyet Vakfı, vol. 3,1989.

26. E. Kedourie, Arabie Political Memoirs and other studies, London, Frank Cass, 1974, pp. 40-41.

هەندێکیان وادەیان پێ درابوو کە بکرێن بە ئەفسەری شایان. بە زەحمەت ئەو ئۆپەراسیۆنە پاکسازییەی لەناو سوپا و هەڵسوکەوتی سەردارانی نوێ، ئەم "منداڵە ورتکانەی جنێـــو بە ئاینمـــان دەدەن"یان پێ قـــەبووڵ بوو. ئەم سەربازانەی ۳۱ ئادار (۱۳ی نیسانی ۱۹۰۹ بە گوێرەی ڕۆژمێری گریگۆری) لە ئەستەمبوڵ ڕاپەڕین. جا ئەگەر ۲۳ی تەمووز کاری ئەفسەران بووبێ بەبێ سەرباز، ئەوا ۳۱ی ئادار کاری "سەربازان بوو بەبێ ئەفسەر"[٢٧]. کۆمیتە کە ژمارەیەک لە سەرکردە دووەمینەکانی هەر زوو بەشپرزەیی پایەتەختیان بەجێ هێشت. ڕەوشەکە نەتوانرا ئاسایی ببێتەوە تەنیا بە هاتنی سوپای ناسراو بە سوپای "ئەکسیۆن" نەبێ کە لەلایەن سەرکردایەتیی کۆمیتە لە سالۆنیکەوە نێردرابوو. تۆڵەسەندنەوەی ئیتتیحادییەکان بێ وێنە بوو: بیچمە بەرچاوەکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە، لەوانە قسەکەرەکەیان ڤێهێمەنت دەروێش وەحدەتی، لە ناوجەرگەی ئەستەمبوڵ لەداریان دا، ئەو شارەی کە لەوەتای چەندین دە ساڵێک دەبوو کردەی لەداردانی ئاشکرای بەخۆیەوە نەبینیبوو.

وێڕای ئەوەی کە لەوساوە نزیکەی سەدەیەک بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕ بووە، بەڵام زۆر کەم زانیاریی جێگەی باوەڕ لەسەر ئەم دژەڕاپەڕینە لە بەردەستدایە. ئەگەر سەرەداوی پیلانێکی بریتانیایی کە بڕێک لە مێژوونووسە "دژەئیمپریالیستەکان" ئیدعای بۆ دەکەن، نەتوانێ خۆی لە بەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی ڕژد بگرێ، ئەوا گریمانەی تر کە، ئاماژە بە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی لەخۆوەڕا دەکەن کە بەرفراوانییەکەی هەر خودی بەشداربووەکانیشی سەراسیمە کردبوو، وا پێ دەچێ شیاوی قەبووڵکردن بێت. بەهەمان شێوە بڕێک نیشانە ڕێگەی ئەوە دەدەن بیر لەوە بکرێتەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولحەمیدی دووەم و بەرهەڵستکارە لیبرالەکانی نزیک لە سەباحەدین هەوڵیان داوە دەرفەتی شۆڕشەکە بقۆزنەوە بەبێ ئەوەی ئەو هێندە تێیدا دنەدەری بن. ئەو ڕووداوە هەموو کات یەکێک لە سەرچاوەکانی

27. E.T.Eliçin, Kemalist Devrim ldeolojisi (Niteligi ve Tarihteki Yeri), Istanbul, Ant, 1970.

ناسـۆر بـووە بۆ کـۆمـیـتـەی ئیـتـتـیـحـاد و تەرەقـقی، پاشـان بـۆ دەسـەڵاتی کەمـالیـستی کە بە یەکەم خـۆپێشـاندانی دادەنێن کە لەلایەن ئیـرتیـجـاع*، بە واتەیەکی تر لەلایەن ئیسلامیزمی کۆنەپەرستەوە رێک خرابێ.

سـەرکەوتنی سـوپای سـالۆنیک رێگەی بە کۆمـیتـە دا دەسـەڵات بگرنەوە دەست. کۆشکی یلدز تالآن کرا، سوڵتانەکەی، عەبدولحەمیدی دووەم لەسـەر عـەرش هێنرایە خـوارەوە و مـحـەمـەد رەشـاد "مـحـەمـەدی پێنجـەم" جـێگەی گـرتـەوە. کـۆمـیـتـە، کـە سـوڵتـانـی نوێی ملکەچ کـرد، لـەوەبەدوا بە ئاشـکرا پرەنسـیـپی "یاسـا نیـیـە؟ یاسـا دەربکەن"ی پەیرەو دەکـرد بۆ سـەپاندنی بڕیارەکـانی[٢٨] و بۆ دوورخـسـتنـەوەی بەرهەڵسـتکارەکانی. پـارتی سـەرەکـیی بەرهـەڵسـتکار کـە شـازادە سـەباحـەدین چاودێریی دەکـرد بەبێ ئـەوەی لە سـەرکـردەکانی ئەو پارتە بێت، پارتی ئەحرار ("لیـبرالەکان") قەدەغـە کرا و چاپەمـەنی دەمکوت کـرا «ژمـارەیەک رۆژنامـەنووسـی"رەخنەگـر"، ئەوانەی کـە رەتیان کردەوە هاریکاریی کۆمیتە قەبووڵ بکەن، کوژران».

وێڕای ئەم هەنگاو هەڵگرتنانـە، کەچی ئۆپۆزسـیۆن، بەتایبـەتی ئۆپۆزسیـۆنی لیبرال بە بەردەوامی خۆڕاگرانە مایەوە و لەناو پارتێکی نوێ: پارتی حوڕڕیەت و ئیئتیلاف خۆیان رێک خست[٢٩]. هەرچی ئەفسەرە دژە ئیتتیحادییەکان بوون دوودڵ نەبوون لـەوەی ئەوانیش زەبروزەنـگ وەکـو ئامـرازێکی سـیـاسـی بەکـار بهێنن. لە ١٧ی تەمووزی ١٩١٢، ئۆلتیماتۆمێکی کۆمیتەیەکی نهێنیی ناسراو بە"ئەفسـەرانی ئازادیخـواز"** حکوومـەتی سـەعیـد پاشـا کە، ژمـارەیەک لە وەزیرەکانی ئیتتیـحادی بوون ناچار کرد ئیستیقالە بدات. حکوومەتێکی نوێ "کـابینـە گـەورە" کـە لەلایەن ئەحـمـەد مـوخـتـار پاشـا بەڕێوە دەچوو بڕیاری

* ئیـرتیـجـاع: لە "گـەڕانـەوە بۆ دواوە" وەک هـاوواتای: "کـاردانەوەی ئاینـی" یان "کۆنەپەرستگەرایی دەگەیەنێ". (نووسەر).

28. T. Z. Tunaya, Hürriyet'in ilânı, Istanbul, 1959, p. 44.

29. A. Birinci, Hürriyet ve Itilaäf. II. Mefirutiyet Devrinde ittihat ve Terakkiye Karfıı, Çıkanlar, Istanbul, Dergâh, 1990.

** Halaskar Zabitan

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دا و سیاسەتێکی داپڵۆسێنەرانەی لە بەرانبەر ئیتتیحادییەکان پیادە کرد. وەڵامی ئیتتیحادییەکان بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی سەربازی بوو: لە ٢٥ی کانوونی دووەم ١٩١٣، لە ناوجەرگەی شەڕی باڵقان و بە ڕۆژی ڕووناک، ئەنوەر بەگ، هەروەک پێشتر باسمان کرد کە یەکێک لە ئەفسەرە سومبولەکانی جاڕدانی حوڕریەت بوو، حکوومەتی "کابینە گەورە"ی سەرەوژێر کرد. وەزیری بەرگری نازم بەگ، لە کاتی کودەتاکە سەری تێ چوو. لە ١١ی تەمووز، مەحموود شەوکەت پاشا، سەرۆک وەزیرانی نوێ لە ڕێگەی ئەنوەر گەیشتە دەسەڵات کە ئەویش بە شوێنی خۆی کوژرا. هەرچی سەبارەت بە جێگرەوەکەی بوو، سەعید حەلیم پاشا، هیچ دەسەڵاتێکی ئاوهای نەبوو. دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەوە بەدوا لەناو دەستی سێ بەرپرسی سیاسیی (ترۆیکا) بوو کە لە ئەنوەر، جەمیل و تەڵعەت پێک هاتبوو و هەرسێکیشیان لەقەبی پاشایان هەبوو و هەریەکێکیشیان دەزگای جاسووسیی نهێنیی خۆیان هەبوو.

کوژرانی مەحموود شەوکەت پاشا کۆتاییی بە تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە هێنا. پارتی حوڕریەت و ئیئتیلاف قەدەغە کرا، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لەدار دران بەدامـاد سالّح پاشای خزمی سولّتان-یش بە ژنخوازییەوە. شازادە سەباحەدین و شەریف پاشا، بیچمی تری لیبرالیزمی عوسمانی هەردووکیان حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرکرا و ناچار بوون تاراوگە هەڵبژێرن. "شەڕی بێ ئەندازە" Fikri Lütfiی کۆمیتە، ڕێژیمێکی تاکپارتی، شەرعانی بە دوای هەڵبژاردنی ئایاری ١٩١٤ هێنایە سەرکار.

**ناسیۆنالیزمی ئیتتیحاد و تەرەققی**

هاوکات لەگەڵ خۆگۆڕینی بەرەبەرەیی بۆ پارتی تاقانە، کۆمیتە تا دەهات زیاتر بە ئاشکراتر دەبوو بە زمانحاڵی ناسیۆنالیزمی تورک. ئەم پەرەسەندنە وا بە دیار دەکەوێ پارادۆکساڵ بێ، بەتایبەت لەسەر ئەو هاوبەندییەی کە لەگەڵ ڕێکخراوی سەرەکیی ئەرمەنییەکان تاشناک (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی

ئەرمەن)دا هەیبوو کە هەتا دوای ئاشووبەکانی ئەدەنەی ١٩ی نیسانی ١٩٠٩ (کـە لـە کـۆی ١٩,٨٥٠ قـوربـانی، زیاتـر لە ٧,٠٠٠یان ئـەرمـەنی بـوون) هەر بەردەوام بوو. بەڵام ئەمە بەئاسانی ئەوە لێک دەداتەوە کە: لە ساڵی ١٩٠٦ەوە، لە واقیعدا ڕێکخراوی ناوەخۆی کۆمیتە بە دوکتۆر نازم و بەهائەدین شاکیر سپێردرا، کە هەردووکیان ڕوانگەی پانتورانیزمیان هەبوو. بەهەمان شێوە، ڕێکخراوەکە ژمارەیەک ڕووناکبیری ناسیۆنالیستی بە دەورەوە بوو لەوانە تۆکین ئالپ (نازناوی مووسا جۆهەن)[30]، یوسف ئاکچوورا[31] و بەتایبەتیش زیا گۆکئالپ[32] کە لە ساڵی ١٩٠٩ەوە بوو بە" ئایدیۆلۆجی فەرمی"ی کۆمیتە. بەچەند جیاوازییەکی نزیک، ئەم "پیاوانەی قەڵەم" هەمان ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی "پیاوانی شمشێر"ی کۆمیتەیان هەبوو: ئەنادۆل دەبێ تورکیزە بکرێ، دەبێ بکرێتە بنکەیەک بۆ یەکگرتنەوەی تەواوی تورکەکان. بەدنە دان و پارێزگاریکردنی کۆمیتە، کۆمەڵێک ڕێکخراوی نەتەوەیی چاویان هەڵێنا، لەوانە تورک یۆردۆ (کۆمەڵەی نیشتمانیی تورک کە ساڵی ١٩١١ دامەزرا)، تورک گۆجو (هێزی تورک، ڕێکخراوی نیمچە سەربازی لە ساڵی ١٩١٣ دامەزرا) و تورک ئۆجاقلری (ماڵی تورکان، لە ساڵی ١٩١٢دا) دامەزران[33]. سروودی نەتەوەییی ئەم ڕێکخراوانە ئەم کەشوهەوایە دەخاتە بەرچاو کە ناسیۆنالیزمی ئیتتیحادی تێیدا گەشەی سەند:

*"ئێمە تورکین، کەوایە ئێمە شانازی دەکەین*

*مێژووی ئێمە لە دروستبوونی گەردوونەوە*

30. J.M. Landau, Tekin Alp. Turkish Patriot, 1883-1961, Istanbul, Ne-derland Historisch-Archeologisch Instituut, 1984.

31. F. Georgeon, Aux origines du nationalisme turc (1876-1935), Paris, Adpf, 1980.

32. T Parla, The Social and Political Thought of Ziya Gökalp, 1876-1924, Leiden, Brill, 1985.

33. F. Üstel, Türk Ocaklari. Imparatorluktan Ulus-Devlete Türk Milliyetçiligi (1912-1937), Istanbul, Iletifiim, 1997; & J. M. Landau, Pan-Turklsm in Turkey. A Study of Irredentism, London, C. Hurst, 1981.

*لەگەڵ تورکایەتی لەناو دڵماندا لێ دەدا*
*ئێمە هیچ پێویستیمان بە خۆشەویستێکی تر نییە*
*ئاڵا لە بەردەم، سەرنێزە لەدەست، خواوەند لەناو دڵمان*
*ئێمە دەمانەوێ ببینە سەرداری جیهان*
*ئەوە نیشتمانی تورکە کە پەرستگای ئێمەیە*
*ئەوە تۆرانی بەرز و درەخشانیش*
*کەعبەی ئێمە*[٣٤].

زیا گۆکئالپ (١٨٧٦-١٩٢٤) کە بۆ خۆی بەڕەچەڵەک کوردە، بۆ ئەم ناسیۆنالیزمە ئیتتیحادییە کە هێشتا بەدوای خۆیدا دەگەڕا، فۆرمیولە "زانستی" و دروشمە " شیعرییەکانی" خۆی پێ بەخشی. لە زنجیرەیەک تێکستدا کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٩ تا ١٩١٨ بڵاو بوونەوە، ئەم دامەزرێنەرەی سۆسیۆلۆجیای تورک (کە خۆی بەموریدی ئیمانۆیل دۆرکهایم دەزانی) لە ڕەوتی تورکایەتیدا سێ ئامانجی لە بەرچاو گرتبوو[٣٥].

یەکەمیان بە تورکیکردنی بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی تورکیای نوێ: "وڵاتێک... کە مافی قسەکردنی نەبێ بۆ بۆشۆیەکان [ئەندام پەرلەمانێکی بە بنچینە یۆنانی بوو] / وڵاتێک کە هەموو ئەو سەرمایەی کە تێیدا دەسووڕێتەوە تورکی بێت/ هەمووی هەروەک زانست و تەکنیک کە ڕێبەری پیشەسازییەکانی دەکات [...] کە دەبوو، کارگە، بەلەم و شەمەندەفەرەکانی هی تورک بێت/ ئەمەیان، کوڕی تورکە [...] ئەوەیان وڵاتی تۆیە". ئەم ئامانجانە دەبێ بە گوێرەی گۆکئالپ ڕێگە بە دروستکردنی بەرەبەرەیی ئیمپراتۆریای تورک خۆش بکات کە " تورکەکان"ی ئەنادۆڵ، ئازەربایجان و ئاسیای ناوەڕاست بەخۆوە بگرێ. دووەم ئامانج بە ئیسلامیکردنە، چونکە بەگوێرەی گۆکئالپ هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێ بەبێ

34. Üstel, Türk Ocakları, op.cit., p. 111.

35. Z.Gökalp, Türklefimek, islàmlafimak, Muassırlafimak, Ankara, Kültür Bakanlıgı, 1976; Türkçülügün Esaslari, Istanbul, Kültür Bakanlıgı, 1976.

سیستمێکی باڵای بەهایەکان بوونی هەبێ. بە ئیسلامیکردن زیاد لەوە پێویستترە لەوەی کە ئاین دەبێتە ئەو دژە ئازارانەی کە لە بەرامبەر بە ڕۆئاواییکردن ئەو دەرفەتە لەدەست نادات بخزێتە ناویەوە. دواجار بە ڕۆئاواییکردن بۆ خۆی (کە گۆکئالپ ناوی دەنێ "بە هاوسەردەمیکردن") بریتییە لە سێیەم ئامانج، کە هاوواتای گۆڕانکاری و شارستانی دێ. تەنیا چوونە ناو شارستانیەتی ڕۆئاوا لەسەر ئاستی ئابووری و بەهەمان شێوە عەسکەری، ڕێگە بە سەقامگیربوونی نەتەوە دەدات. دواجار، بەجێهێنانی ئەم پرۆگرامە پێویستی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و سڕینەوەی مافی کەسەکان هەیە:

*" بە هیچ کلۆجێ مەڵێ: من مافم هەیە*
*ماف بوونی نییە، تەنیا ئەرک هەیە*
*من نە مافم هەیە، نە قازانج و نە حەز*
*من ئەرکم لەسەر شانە، پێویستیم بە هیچی تر نییە*
*ڕۆح و دڵم بیر ناکەنەوە، هەر گوێ ڕادەدێرن*
*بەشوێن ئەو دەنگەوە دەچن کە لە نەتەوەوە دێت*
*چاوم دادەخەم و ئەرکی خۆم بەجێ دەگەیەنم"*[٣٦].

وەک برێک لە هاوتا ئەوروپاییەکان، ناسیۆنالیزمی ئیتتیحادی لە پێچانەوەی سەدەدا ئیلهامی لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی وەردەگرت و ژیانی نەتەوەکانی وەکو ململانێی نێوان جۆری ئۆرگانیکەکان" تەماشا دەکرد. بەرهەمەکانی گۆستاڤ لۆبۆن کە بڵاوکەرەوەی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بوو، بەتایبەت کاریگەرییەکی زۆری بەسەر "پیاوە چالاک"ەکان و بەسەر ڕووناکبیرە ئیتتیحادییەکانەوە هەبوو[٣٧]. ئابووریی دڵی ئەم شەڕەی پێک دەهێنا و هەروەها بواری سەربازیی دیاری دەکرد. بەم شێوەیە "ئابووریی نیشتمانی"

36. Z. Gökalp, Yeni Hayat, Dogru Yol, Ankara, M.E.B, 1976, pp. 13-14.

37. Cf. Sur l'impact du darwinisme social, fi. Hanioglu, Bir Siyasal Düsünür Olarak Doktor Abdullah Cevdet ve Dönemi, Istanbul, Üçdal Nesriyat, 1983.

وەک زەفەر تۆپراق ئاماژەی بۆ دەکا پێکهاتنی "بۆرجوازی نیشتمانی" بوو بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەسەلاتی ئیتتیحادی. هەتاوەکو ئەگەر ساڵی ١٩١١ ئیتتیحادییەکان کەمتر لە ٥٪ لە کۆی ٢٩٥ پڕۆژە پیشەسازییەکانی ئیمپراتۆریایان بەدەستەوە بووە، ئەوا کەمینە نەتەوەییە ناموسڵمانەکان بەگوێرەی تیۆرسینە ئیتتیحادییەکان کۆسپی سەرەکیی بەجێهێنانی ئەم ئامانجە بوون[٣٨].

خۆڕەگاژۆکردنی کۆمیتە بە ناسیۆنالیزمی تورک، کاردانەوەی بێ شوماری لەناو کۆمیۆنیتە ئەرمەنی، یۆنانی، هەروەها لەناو دانیشتوانە موسڵمانەکانیش نایەوە، کە شەرعیەتی ئیمپراتۆریا لەسەر ئیسلامچێتییەکەی دابوو. بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی تورک لە ئەنجامی کاردانەوە و لاساییکردنەوە، ناسیۆنالیزمەکانی ئەلبانی، عەرەب و کوردی پتەو کرد. ئەلبانییەکان لە ساڵی ١٩١٠ ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩١١ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩١٠ حزبێک کە داوای ئۆتۆنۆمیی ویلایەتە عەرەبییەکانی دەکرد، حزبی لامەرکەزی و ئیداریی عوسمانی (حزب اللامركزية الادارية العثمانية) لەدایک بوو.

لە حوزەیرانی ١٩١٣ کۆمەڵەی عەرەبی (الجامعة العربية) کۆنگرەیەکی لە پاریس بەست و داخوازینامەی (ئیمپراتۆریایەکی دووسەرەی تورکی – عەرەبی[٣٩] فۆرمیولە کرد. دواجار ناسیۆنالیزمێکی کولتووریی کوردی لە دوای ساڵی ١٩٠٨ بەدیار کەوت. جا ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد لە قۆناغی یەکەمدا بەکاردانەوە و دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئەرمەن پەرەی سەند، بەلام لە ساڵی

38. Z.Toprak, Turkiye'de 'Milli iktisat' (1908-1918), Ankara, Yurt, 1982; Ittihat-Terakki ve Devletçilik, Istanbul, Tarih Vakfı, 1995.

39. H. Kayah, Arabs and the Young Turks. Ottomanism, Arabism and Islamim in the Ottoman Empire, 1908-1918, Berkeley, California University Press, 1997; Y.M. Choueiri, Arab Nationalism. A History. Nation and State in the Arab World, Oxford, Blackwell, 2001.

١٩١٤ەوە لە ڕێگەی چەندین شــۆڕش، داخــوازینامــەی ئۆتۆنۆمــیــیــەکی کــوردی دەردەبڕی[٤٠].

## شەڕی یەکەمی جیهانی و قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان

لە ٢٩ی ئۆکــتــۆبەری ١٩١٤، دوو کــەشــتــیی ســەربازیی ئەڵمــانیــایی گــۆبەن و برێســلاو کــە بە فــەرمــیی لــەلایەن ئەســتــەمــبــۆڵ "کــڕدرابــوون" دوای ئەوەی لە ڕاوەدوونانــی بەریتــانیــاییــیــەکــان ڕزگــاریان بــوو، بۆمــبــاردمــانــی بەرەی ڕووســەکــانیــان کــرد و بــەمــە هــاتنە ناوەوەی ئیــمــپــراتۆریــایان بۆ ناو شــەڕ ڕاگــەیاند. ســەرۆک وەزیران ســەعــیــد حــەلیم پاشــا تەنیــا دوای تــەواوبوونی بۆمباردمانەکە ئاگەدار کرایەوە، کارەکە تەنیا سێ کەسەکە (ترۆیکا) بڕیاریان لەســەر دابوو. لە ٢٤ی نۆڤــەمبــەری ١٩١٤، سوڵتــان – خــەلیــفــە، مــحــەمــەدی پێنجــەم جــاڕنــامــەی "شــەڕی پیــرۆز" ی ڕاگــەیاند کــە هاوپەیمانەکــان بۆ گــاڵتــەســازی ناویان نابوو "جــیــهــادی ئەڵمــانیــایی". وێڕای بەرگــرییــەکی ســەرســەختــانەی عوســمــانی لە دەردەنیل دژ بە هێزەکــانی هاوپەیمانــان کــە، ڕێگەی لە پێوەندی گرتنی هێزەکانی ڕووس و ئینگلیزی–فرەنسایی گرتبوو، کەچی سوپای عوسمانی هەر زوو چەندین تێکشکانی پڕ سوێی بەخۆوە بینی، لە بەهاری ١٩١٥، دەیان هەزار ئەفســەر لەبەر سەرما و سۆڵە و لەبەر کەمیی خۆراک هەتا بەر لە دەستــپێکردنی شــەڕەکانی ساری قــامیش لە بــەرەکانی ڕووســدا، لەناوچوون. ســەرەڕۆییی پان – تۆرانیــزم کــە لەلایەن گــۆکــئــالپ شــعــرێنرابوو بەهــەمــان شــێــوە بێ ئەوەی دەست پــێ بکات شکســتی هێنا. لە ســاڵی ١٩١٦ " شــۆڕشــی عەرەب" کە لەلایەن بەریتــانیــای فــەخیــمــە دنە دەدرا و هــەتا ڕێکیش دەخــرا وەکو خیــانەت لەلایەن کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققیــیەوە حــســێب کــرا و بە نزیکــەیی بە لەدەســتــدانی تەواوی هــەرێمــە عــەرەبیــیــەکــان

40. Ce1il, Jiyana Rewfienbirî û Siyasîya Kurdan, op.cit., H. Bozarslan, "Hi-stoire des relations kurdo-arméniennes", In H.L. Kieser (dir), Kurdistan und Europa. Einbllcke in die kurdlsche Geschichte des 19. und 20. Jahrhun-derts, Zürich, Chronos, 1997, pp. 151-186.

شکایەوە کۆتاییی ئیمپراتۆریای ڕاگەیاند. لە ٣ی شوباتی ١٩١٧ تەڵعەت شوێنی سەعید حەلیم پاشای گرتەوە و ئەمەی دوایی لە پۆستی سەرۆک وەزیران "وازی هێنا". سەرباری ئەوەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووسیای لە پەلوپۆ خستبوو، کەچی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەو سەرکەوتنانەی نەبینی کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕوانی دەکرد. ئەو " دەستکەوتانەی " کە لە دەورانی شۆڕشی ڕووسیا بەردەست خران وەک گرتنی باکۆ لە ١٦ی سێپتەمبەری ١٩١٨یان بەرگرتن لە هێرشی بەریتانیایی لە بەرەی باشوور، درەنگ بوون بۆ گۆڕینی چارەنووسی شەڕە جیهانییەکە. تەڵعەت* لە ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ وازی هێنا بۆ ئەوەی ئەحمەد عیزەت پاشا** شوێنی بگرێتەوە. لە کاتی مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ سێ پاشایەکە، ئەوەی لە ئیمپراتۆریا مابووەوە تێکیان دا و هەڵاتن بەبێ ئەوەی ئەوە لە بیر بکەن لەپێشدا بەشێکی گەورەی ئەرشیڤی

* تەڵعەت پاشا (١٨٧٤ – ١٥ی ئاداری ١٩٢١). پیاوی سیاسیی تورکە. ساڵی ١٨٩٣ لەبەر چالاکیی سیاسی دەگیرێ. ١٨٩٨ – ١٩٠٨ پۆستەچی بووە. دوای کودەتای گەنجە– تورکەکان بووەتە ئەندام پەرلەمانی عوسمانی. لە تەمووزی ١٩٠٩ بووەتە وەزیری ناوەخۆ و ساڵی ١٩١٢ سکرتێری گشتیی جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققی. لە دوای تیرۆرکردنی سەرەک وەزیران مەحمەد شەوکەت پاشا لە تەمووزی ١٩١٣ بووەتە وەزیری ناوەخۆ. لەگەڵ ئەنوەر و جەمیل گرووپێکیان دروست کردووە کە پێیان وتراوە گرووپی سێ پاشایەکە (ترۆیکا). لە ١٤ی شوباتی ١٩١٧ تا ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ سەرەک وەزیرانی عوسمانی بووە. (وەرگێڕ).

** ئەحمەد عیزەت پاشا (١٨٦٤ – ١٩٣٧). پیاوی سیاسیی تورکە. لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی وەزیری بەرگریی عوسمانی بووە. کەمێک بەر لە کۆتاییهاتنی شەڕ دەبێتە سەرەک وەزیرانی عوسمانی و لە مفاوەزە لەگەڵ هاوپەیمانەکان ئاگربەستی مۆدرۆس مۆر دەکات. دوای ئاگربەست لە حکوومەتی تۆفیق پاشا بووە بە وەزیری ناوەخۆ. دوای هاتنە سەر کاری کەمالیستەکان دژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بوو. (وەرگێڕ).

ئیـتـتـیـحــاد و تەرەقـقـی لەناو ببــەن (ئەنوەر لە ئاسـیـای ناوەڕاست لەلایەن هێزەکانی بۆلشەویک کە سەرەتا داڵدەیان دابوو، کوژرا، تەڵعەت و جەمال یەک لە دوای یەک لە بەرلین و تبلیس بەدەستی خەباتگێڕانی ئەرمەن کوژران). سێ پیاوەکە لە دوای خۆیانەوە گۆڕی سەدان هـەزار سەرباز و وڵاتێکی برینداریان بەجێ هێشت (دانیشـتوانی ناوچەکانی ئێستـەی تورکیا لە ١٤,٠٨٠,٠٠٠ کەس ساڵی ١٨١٢ گەیشتە ١١,٦١٨,٥٥٠ کەس ساڵی ١٩٢٢) وڵات نوقمی ناو تالان و بڕۆی سەدان هەزار ڕاکردوو و قاتوقڕییەکی بەربڵاو بوو.

بڕیاری ئیتتیـحادییەکان بۆ چوونە ناو شـەڕ بەبێ وروژاندنی هیچ لایەک بوو، لە کاتێکدا هێشتا پاریس و لەندەن داوایان لێ کرد بێلایەن بێ، وا دیارە ئەمـە سـەیر بێتـە بەرچاو، بـەڵام چەندین فـاکـتـۆری ڕێکخـراو پێـویسـتـە بۆ لێکدانـەوەی ئەمـە بکرێ. یەکەمـیـان، شـەڕ ڕێگە بەسـەقـامگیـربوونی ڕێژیمی تاکپارتی دەدا و بەشێوەیەکی درێژخایەن دەربڕینی هەر جۆرە پرۆژەیەکی تری سیاسی جگە لەوەی کە ئێدیۆلۆجە ناسیۆنالیستەکان بانگەوازی بۆ هەڵدەدەن قـەدەغە دەکات. دووەمـیان، سێ پاشایەکە بڕوایەکی تەواویان بە بـاڵادەستیی سەربازی و توانستی ئەڵمانیا هەبوو بەوەی کە هەر زوو سـەرکەوتن دەباتەوە. بەگوێرەی سێ پاشایەکە لە واقیعدا تەنگژەکە شـانسێک بوو بۆ پچڕاندنی ئەو پێوەندییە ژێردەسـتـەییـەی کـە ئیـمپراتـۆریای عوسـمـانیی خسـتـبووە ژێر ویسـایـەی ئابووریی بـەریتـانیـای فـەخـیـمـە و فـرەنسـا و هەڵوەشـاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی داهاتی گومرگ کە لەلایەن بڕەیتانیای فەخیمە و فرەنسا کـۆنتـرۆڵ کـرابـوو. جگە لـەوە نیگەرانیی لە سـەربـەخـۆیی ئابووری، شـەڕ دەرفـەتێکیش بـوو بۆ تۆڵەسـەندنەوەیەکی مێـژوویی لـە ڕووسـیـا و کـردنەوەی دەرگە بۆ داگـیرکردنی ئاسـیای ناوەڕاست، ئەرگەنـەکۆنی* ناسـیـۆنـالیزمی تورک، لانکەی ئەفسانەییی نەتەوەی تورک.

شەڕی جیهانی سەرباری ئەوە واتای پرۆسیسێکی دوو سەرەشی دەگەیاند:

* شوێنی ئەفسانەییی دەورانی زێڕینی ناسیۆنالیزمی تورک. (نووسەر)

دەرچوونی ئیمپراتۆریا و بە ئیسلامیکردنی ئەنادۆڵ. یەکەمیان پێشتر بە بەرفراوانی لە شەڕی ڕووسی–تورکی ساڵی ١٨٧٧ دەستی پێ کرابوو و پاشان لە شەڕەکانی بالقان لە ١٩١٢–١٩١٣ کە بوونی عوسمانی بە تەواوی لە بالقاندا سڕییەوە. شەڕی ١٩١٤–١٩١٨ بۆ ئەوە بوو ڕادەیەک بۆ بوونی عوسمانی لە هەرێمە عەرەبییەکان دابنێ کە پێشتر داخوازینامەی نەتەوەیی هەژاندبووی کە سیاسەتی سووتماککردنی خاک لەلایەن جەمال پاشا، ئەندامی حکومەتە سیانییەکە و حاکمی ملهوڕی سووریا نەدەکرا دابمرکێنرێتەوە. بەڵام شەڕ هەروەها وەکو دەرفەتێکی لەباریش خۆی نیشان دا بۆ ئیسلامیکردنی ئەنادۆڵ، ئەگەر بە تورککردنی نەبوو، بە قەتڵوعامکردنی ئەرمەنییەکان (٨٠٠,٠٠٠ قوربانی بەگوێرەی ئەو خەمڵاندنانەی کە لەلایەن دەسەڵاتکارانی عوسمانی ساڵی ١٩١٩ کراوە، زیاتر لە یەک ملیۆن بەگوێرەی زۆربەی هەرە زۆری پسپۆڕەکان)[٤١]. لەگەڵ لەناوچوونی یەکێک لە پێکهاتە مێژووییەکان، هەموو دیمەنی مرۆییی ئەنادۆڵ سەرەوژێر گۆڕانی بەسەردا هات. بۆ دەستەبژێری ئیتتیحادییەکان ئەمە دوور بوو لەوەی تاوان بێ، قەتڵوعامی کۆمیۆنیتەیەک ئەنجامی شەڕە کە توخمە بیۆلۆجییەکان لەنێوان خۆیاندا بەرپای دەکەن. دوکتۆر محەمەد ڕەشید، حاکمی دیاربەکر لە یاداشتەکانی خۆیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو عەقڵیەتەی کە وای لێ کردووە دەستپێشخەر بێ بۆ قەتڵوعامکردنی کۆمیۆنیتەی ئەرمەنەکان:

> «دوو شیمانە هەبوو. یان ئەوان تورکەکان پاک دەکەنەوە یان لەلایەن تورکەکان پاک دەکرێنەوە. من نەمدەتوانی لەنێوان ئەم دوو ئەلتەرناتیڤەدا دوودڵ بمێنمەوە. تورکیبوونم لەپێش سیفەتی پزیشکیمەوە بوو. بەخۆم گوت لە جیاتیی ئەوەی ئەوان ئێمە لەناو ببەن، با ئێمە لەناویان ببەین ortadan kaldırmak [...] ئەگەر مێژوو لە

41. V. Dadrian,. Histoire du génocide arménien, Paris, Stock, 1996., H.L .Kieser,., & D.J. Schaller (dir. ), Der Völkermord an der Armeniern und die Shoah, Basel, Chronos, 2002.

بەرامبەر ئەم هەڵوێستەم لێم نەبوورێ، ئەوا من قەبووڵی دەکەم. [بەڵام] من گاڵتەم بەوە دێ کە نەتەوەکانی تر لە ئێستەدا لەسەر من دەنووسن یان لە دوارۆژدا دەینووسن»[٤٢]

بەگوێرەی مێژوونووسیی ئێستەی تورک، ئەوەیان بەهیچ کلۆجێ قەتڵوعام نییە، بگرە تەنیا کردەیەکی "خۆپارێزی" حکوومەتی عوسمانی و نەتەوەی تورکە کە سەرباری ئەوە لە نیازی چاکی حکوومەت لە بەرامبەر ئەرمەنییەکان سەرچاوەی گرتووە: لە ساڵی ١٩١٥، لەلایەن کۆمیتە شۆڕشگێڕییەکانی ئەرمەنی، کە هاریکارییان لەگەڵ هێزەکانی رووس دەکرد هەڕەشەیان لە بوونیان دەکرد، ئەمە حکوومەتی ناچار کردووە بۆ ڕاگوێزانی بەشێکی ئەرمەنییەکان بۆ "شوێنە ئەمینەکان" (٧٠٠,٠٠٠ کەس لە سەرلەبەری دانیشتوان کە بەگوێرەی سەرچاوە تورکییەکان بە١,٣٠٠,٠٠٠ کەس خەمڵێنراوە)[٤٣]. نزیکەی نیوەی ڕاگوێزراوەکان (٣٠٠,٠٠٠)یان بەهۆی سەرما و سۆڵە و پەلاماری چەتە چەکدارەکان لەناوچوون، ئەمە واتە هۆگەلێک کە ناتوانرێ دەوڵەتی عوسمانی تێدا بەرپرسیار بکرێ.

بێگومان وەک ڤاهاکن. ن. دادرییان و تەنەر ئاکچام[٤٤] هێمای بۆ دەکەن، ئەرمەنییەکان نەک تەنیا لەبەر "خیانەتەکانیان" گوناهبار کران بگرە لەبەر خیانەتی ئەو گەلە مەسیحییانەی تریش بوو کە ئیمپراتۆریای عوسمانییان جێ هێشت. ئەو شۆڕشانەی کە کۆمیتە شۆڕشگێرە ئەرمەنییەکان پێیان هەڵدەستان، بەپانتاییی لاوازییان، لە ڕاستیدا هەرگیز لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی زۆر سنووردار نەدەچوونە دەرەوە و بەهەرحاڵ زۆر کەم کاریگەر بوون بە بەراورد بە هێزی خۆ تێکشکێنی سوپای عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥

42. T.Akçam, Türk Ulusal Kimligi ve Ermeni Sorunu, Istanbul, Iletifiim, 1992, pp. 175-176.

43. Le problème arménien: neuf questions neuf réponses, Ankara, Istitut de politique étrangère, 1982.

44. V.Dadrian,. Histoire du génocide arménien, Paris, Stock, 1996; Akçam, Türk Ulusal Kimligi ve Ermeni Sorunu, cil.

له بەرەکانی ڕووسدا . هەرچی لەبارەی پرۆگرامی "ڕاگوێزان"ەوە بوو ئەوا نزیکەی سەرلەبەری ئەرمەنییەکانی گرتەوە بەوانەشەوە کە هەزاران کیلۆمەتر لە بەرەکانی شەڕ دوور بوون (یۆزگات، کرشەهر، ئیزمیت، نیغدە..)، ئەوانە ناوچەگەلێک بوون کە هیچ چالاکییەکی "شۆڕشگێڕە" ئەرمەنییەکانی تێدا نەبوو.

بەڵگەنامە عوسمانییەکان کە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن حکوومەتی تورکیا بڵاو کرانەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی هەقیقەتی قەتڵوعامەکە، بە پێچەوانەوە ڕێگەی ئەوە دەدەن لەوە بگەین کە بەچ ترسناکییەکی کاریگەر قەتڵوعامەکە جێبەجێ کراوە[٤٥]: تەنیا چەند مانگێک دوای فەرمانی ڕاگوێزان (٢٤ی نیسانی ١٩١٥)، لە سێپتامبەری ١٩١٥، بەڕێوەبەرانی ناوەخۆ لەسەر داوای تەڵعەت پاشا، ئاگەداری دەکەنەوە کە هیچ ئەرمەنییەک لە هەرێمەکانی یۆزگات، کرشەهر، هامانا، نیلیهان، سونگورلو، ئیزمیت، ئەسکی شەهیر، قەیسەری، قەرەحەسار، چای، نیغدەدا نەماون. بەهەمان شێوە دوکتۆر ڕەشید، والی دیاربەکر، لە ڕاپۆرتێک بۆ تەڵعەت پاشا دەنووسێ، لە دانیشتوانێک کە ئەو لە یاداشتنامەکەیدا بە١٢٠,٠٠٠ کەسیان دادەنێ، هەر یەک تاقە ئەرمەنیش نەماون بۆ ڕاگوێزتنەوە، بەدەر لەو ئەرمەنییانەی کە "بەڕێوەن" و لە هەرێمەکانی ترەوە دێن. ئەرمەنەکان هەر زوو موڵک و ماڵیان سەرومڕ کرا و لە ١٨ی ئابی ١٩١٥، واتە کەمتر لە چوار مانگ دوای دەستپێکی فەرمیی "ڕاگوێزان" حکوومەت بڕیاری دا کەوا " کچە دەست بەسەرداگیراوە ئەرمەنییەکان ئەوانەی موسڵمان بوون دەتوانن مێرد بە موسڵمانەکان بکەن، هەڵبەت بەمەرجێک هەموو لە ڕادە دەرچوونێک ڕێگەی لێ بگیرێ". لە ٣٠ی نیسانی ١٩١٦ بە شێوەیەکی یاسایی ددان بەمەرگی پیاوەکان دادەنێ و ڕێگە بەموسڵمانەکان دەدات " ژن و بێوەژن"ە ئەرمەنییەکان مارە بکەن.

45. TC.Bafibakanlık Devlet Arfiivleri Genel Müdürlügü, Osmanlı Arfiivi Daire Bafikanlıgı, Osmanl Belgelerinde Ermemler (1915-1920), Ankara, TC. Devlet Arfiivleri Genel Müdürlügü, 1994.

قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان بەشی زۆرترینیان لەلایەن "ڕێکخراوی تایبەت"ی "تشکیلاتی مخصوصە"، ئۆرگانی ئاسایشی سێ پیاوەکە بەڕێوە دەبردران کە کۆمیتەچییەکانی ئیتتیحاد و تەرەققیی بەخۆوە دەگرت کە بەگوێرەی پێناسەی یەکێک لەوانە (فوئاد بالقان)[٤٦]، دروشمی ئەم ڕێکخراوە تایبەتییانە بریتی بووە لە "بیسووتێنە، تێکوپێکی بدە و بەبێ بەزەیی، بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوە بیانکوژە ". ئازادبوونی زیندانییانی تاوانباری شەڕ بە شێوەیەکی بێ شومار ڕیزی ئەم ڕێکخراوەی پتەو کرد. بەڵام بەشێکی بەگزادە و عولەمایەکان، هەروەها سوارە خێڵەکییەکانی کورد کە لەژێر حوکمڕانی عەبدولحەمید دروست کرابوون[٤٧]، ئەوانیش بەشدارییان لە قەتڵوعامەکەدا کرد و بەرهەمی دەستبەسەرداگیراوی موڵک و سامانی ئەرمەنییەکانیان دەست بەسەردا گرت. ئەم بەشداریکردنە لە تاوان هاوپەیمانیی نێوان ئەوان و ئیتتیحاد و تەرەققیی سەقامگیر کرد، هاوپەیمانییەک وەک ئەوەی تەنەر ئاکچام ئاماژەی بۆ دەکات لە ساڵی ١٩١٩ەوە بوو بە بناغەی کۆمەڵایەتیی شەڕی سەربەخۆیی[٤٨].

پاکتاوکردنی موڵک و سامانی ئەرمەنییەکان لەلایەن کۆمیسیۆنە گونجاوەکان بە دڵنیاییەوە بەس نەبوو بۆ دروستکردنی "ئابوورییەکی نیشتمانی"، بەڵام ئەم پاکتاوکردنە کەمتر بەشدار نەبوو لە دروستکردنی چەند "بۆرژوایەکی نیشتمانی". کاری جامبازی لەسەر خواردەمەنی و کەرەسەکانی شەڕ، هەروەها گرێبەستە گشتییەکان کە تایبەت بوون بە هاتوچۆ دەرفەتێکی تریان بۆ ئەم بۆرجوازییە دەخوڵقاند، کە ڕێگەیان پێ دەدا بەلای کەمییەوە شێوازێکی ژیانی نائاسایی لە پایەتەختی وڵاتێکی وێراندا

46. F. Balkan, Fuat Balkan'in Hatiralaro. Ilk Türk Komltacisi, Istanbul, Arma, 1998, p. 7.

47. St. Duguid, "The Policy of Unity: Hamidian Policy in Eastern Anatolia", In “Middle Eastern Studies”, 9,1973, n. 2 & J.Klein, Power in the Periphery The Hamidiye Right Cavalry and the Struggle over Ottoman Kurdlstan, 1890-1914, Thèse non publié de l`Université de Princeton, 2002.

48. Akçam, Türk Ulusal Kimligi ve Ermeni Sorunu, op.cit.

بەسەر ببەن[٤٩]. ڕۆمانێکی سەباحەدین ئینس کە ساڵی ١٩٢٤ نووسراوە، وەسپی سیرۆمۆنی وێردی ئەم چینە نوێیە دەکات، کە لەگەڵ حەمامی شامپانیا بۆ کیژۆڵە ڕزگاربووەکان[٥٠]، یەکێک لەوانە، جەلال تورکان (خوێن-تورک) بەبێ مەرج ئێوارەی شەراب و سێکس ساز دەکات، لەم سۆنگەوەیەوە ڤۆن وۆلفی ئەڵمانیایی وەکو "شارستانیخواز" ئاماژەی پێ دەکا. دوو ئیماندار و باوەڕداری موسڵمان، کە سەریان بچێ هیچ نوێژێک کە لە قورئاندا فەرز کراوە لە دەستیان ناچێ، لە کاتی ئەم ئێوارانەدا خۆیان دەدەنە دەست هەوەسەکانیان "ئەنگێل گۆشتی بەرازم دەوێ ! بەراز، بیدۆزەرەوە... ئەگەر نەتدۆزییەوە، دروستی بکە".

### ١٩١٩-١٩٢٢ : شەڕی سەربەخۆیی

ئاگربەستی مۆدرۆس داگیرکردن و دابەشکردنی ئەوەی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی مابووەوە بەدوادا هات: بەریتانیای فەخیمە دەستی بەسەر سەرلەبەری ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی ئێستەی عێراق)دا گرت، ئیتاڵیا و فرەنسا پارچەیەکی ناوچەی زەریای ناوەڕاستی تورکیای ئێستە و یۆنان، سمیرنای داگیر کرد. ئەسینا کە پێی وابوو دەورانی لەبار هاتووەتە پێشەوە تا پرۆژەی (Megali Idea بیروڕای گەورە واتە یۆنانستانی گەورە) جێبەجێ بکات کە لە ڕووی تیۆرییەوە کۆنستانتینۆپیلیشی دەگرتەوە، بە خێرایی بەرەو ئەنادۆڵی ناوەوە هەڵدەکشا، دەروناوچەیەک کە بەزەحمەت دەیتوانی کۆنترۆڵی بکات. دواجار، ١٦ی ئاداری ١٩١٩، نۆرەی پایەتەخت هات تا بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئینگلیز، فرەنسا و ئیتاڵیاییەکان.

پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠) کە حکوومەتی عوسمانی ناچار بوو مۆری بکات، تەرخان کرابوو بۆ پارچە پارچەکردنی ئیمپراتۆریا، ئەوەی زیاتر ترسناکتر بوو ئەنادۆڵ بوو: بەشێکی گەورەی تراسی ڕۆهەلاتی بە یۆنان

---

49. Toprak, Turkiye'de 'Milli iktisat' (1908-1918), op.cit.

50. S. Enis, Zaniyeler, Istanbul, Iletifiim, 1989.

بەخشرا. سمیرنا بەلای کەمییەوە بۆ پێنج ساڵ لەژێر سەروەریی تیۆری ئیمپراتۆریا دەمایەوە، بەڵام ئەوە بەدیهی بوو کە دوای ئەم ماوەیە دەگەڕێتەوە سەر یۆنان. فرەنسا ژمارەیەک هەرێمی باشووری پێ بەخشرا. کۆنترۆڵێکی نێودەوڵەتیی خرایە سەر بەندەرەکان. دواجار پەیماننامەکە پێ لەسەر دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردیدا دەگرێ کە دەیتوانی بەسەربەخۆیی بگات.

لە سەرەتادا، بەرەنگاریبوونەوەی ئەم زنجیرە داگیرکردنانە لاواز بوو. تەنیا سوپای ڕۆژهەڵات بوو کە لەلایەن کازم قەرەبەکر سەرکردایەتی دەکرا دەیتوانی نۆرەی بەرگرییەکی چالاک بەڕێوە ببات و ئەویش تەنیا لە ناوچە هاوسنوورییەکان لەگەڵ قەوقازدا. وێڕای چالاکییەکانی چەندین ڕێکخراوی هەرێمیی هەمەچەشنە کەچی ئەم ڕێکخراوانە هەر تەنیا مشتێک بەگزادەیان کۆ دەکردەوە [...] کە زۆربەی جار بڕێتی بوون لە بەرپرسە ناوخۆییەکانی ئیتتیحاد و تەرەققیی (پ. دۆمۆن)[٥١]، کە لە هەموو لایەکەوە خۆیان ئامادە دەکرد. پاشان گەیشتنی موستەفا کەمال، ئەو جەنەراڵەی کە لە کاتی شەڕی جیهانی لە دەردەنیل و سووریا بەدیار کەوت، بۆ ئەنادۆڵ لە ١٩ی ئایاری ١٩١٩، وتەبێژێکی بە ئۆپۆزسیۆن بەخشی. هەر دەمودەست موستەفا کەمال دژایەتیی داگیرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانەکانی کرد. پرۆژەی دامەزراندنی ئینتیدابی ئەمەریکایی بۆ سەر ئەوەی لە ئیمپراتۆریا مابووەوە ڕەت کردەوە، کە بڕێک لە ناسیۆنالیستەکان پێیان وابوو تاقە شانسە بۆ مانەوەی نەتەوەی تورک. موستەفا کەمال لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٩، لە ئەماسییەوە، بانگەوازی یاخیبوونی دژ بە حکوومەتی ئەستەمبوڵ ڕاگەیاند کە زۆر بە خۆشحاڵییەوە لەلایەن زۆربەی زۆری داوودەزگا ئیدارییەکانی هەرێمەکانی ئەنادۆڵ پێشوازیی لێوە کرا. دواجار، کۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیواس (٢٣ی تەمووز و ٤ی سێپتەمبەری ١٩١٩) کە لەلایەن بەگزادە ناوخۆییەکانەوە ڕێک خرابوون

51. P.Dumont,. Mustafa Kemal invente la Turquie moderne, Bruxelles, Complexe, 1983, p. 29.

بوو بە یەکەم پلاتفۆرمی بەرگرییەکی تا ڕادەیەک ڕێکخراو و شوێنی موستەفا کەمال-یشی وەکو سەرکردە دیاری کرد[52].

بەرگری تا دەهات زۆرتر دەبوو بەتایبەت دوای ئەوەی دواین ئەنجوومەنی عوسمانی پەیماننامەی نیشتمانیی " میساقی میللی"ی قەبووڵ کرد کە پێشبینیی پاراستنی سەرلەبەری سنوورەکانی پێش ئاگربەست دەکات (٢٨ی کانوونی دووەم ١٩٢٠). ئەم دەنگدانە تەرخان کرا بۆ پەراوێزخستنی پارتی حورڕیەت و ئیئتیلاف کە سەرۆک وەزیرانی نوێ، داماد فەرید پاشا، لایەنگیری هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە داگیرکارەکان، بەڕێوەی دەبرد. هێزە داگیرکارەکان دوا نەکەوتن لەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عوسمانی سەرەوژێر بکەن و بڕێک لە ئەندامە ناسیۆنالیستەکانی بۆ مالت دوور بخەنەوە. ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانەکان بڕیاریان دا "خۆیان بگەیەننە ئەنادۆڵ" پاڵپەستۆکانی ئەستەمبوڵ (حوکمی لەداردانی موستەفا کەمال، فەتوا لە دژی، ناردنی هێز دژ بەلایەنگیرەکانی و هێشتا دنەدانی شۆڕشی "دژە کەمالیست" بە قازانجی ڕادیکالیزەکردنی "جیاخوازەکان" شکایەوە کە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠، ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی نوێیان لە ئەنقەرەدا کردەوە. هەر زوو بەرگری گۆڕا بۆ "شەڕی سەربەخۆیی" کە هەوەڵ جار دژی هێزە ئەرمەنییەکان بوو کە لە قەوقاز کۆمارێکیان ڕاگەیاندبوو و هەڕەشەیان لە هێزە ناسیۆنالیستەکان دەکرد. بە سۆڤیەتیکردنی ئەرمینیا (٢ی دیسەمبەری ١٩٢٠) و "پەیماننامەی هاوڕێیەتی و برایەتی" ئاداری ١٩٢١ کە لەگەڵ مۆسکۆدا مۆر کرا، ڕێگەی بە ئەنقەرە دا تا هێزەکانی خۆی بۆ بەرەی ڕۆژئاوا بگوازێتەوە. فەرەنسایی و ئیتاڵیاییەکان کە بەرەنگارییەکی ناوەخۆ بەتایبەتی لەلایەن بەگزادەکان دژیان ڕێک دەخرا، بڕیاریان دا ئەنادۆڵ جێ بهێڵن (تەمووزی ١٩٢١)، موستەفا کەمال توانی نزیکەی تەواوی هێزەکانی دژ بە هێزەکانی یۆنان تەرخان بکات. دواجار، کۆنفرانسی لەندەن (شوباتی ١٩٢١)

52. A. Mango, Atatürk. Biography of the Founder of Modern Turkey, London, Overlook Press, 2002.

کە بە دیفاکتۆ تاقە ستاتووی قسەکەری تورکیای بە ئەنقەرە بەخشی، بەوە بەکۆتا هات کە یۆنان لەسەر ئاستی دیپلۆماتی گۆشەگیر بکات. لەسەر ناوەرۆکی ئەم " گەڕانەوەی حورمەت" ە بوو کە هێزە کەمالیستەکان خۆیان بۆ دژە-هێرشی ئەنقەرە ئامادە دەکرد دژ بە سوپای یۆنانی کە بە ناو ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەنادۆڵدا پەرت و بڵاو بووبوونەوە. دواین هێرش کە موستەفا کەمال بۆ خۆی سەرکردایەتیی کرد لە ئاب و سێپتەمبەری ١٩٢٢دا بوو: لە ٩ی سێپتەمبەر سمیرنا کەوت سوپای یۆنان بەلێشاو هەڵاتن، زیاد لەوە سەدان هەزار یۆنانی لە ئەنادۆڵ دەرکران یا زارەترەک بوون. چۆڵکردنی دەردەنیل و ئەستەمبۆڵ بەبێ شەڕ لە ١٩ی ئۆکتۆبەر کۆتاییی شەڕی سەربەخۆییی ڕاگەیاند.

لەبەر چەند هۆیەک، شەڕی سەربەخۆیی شایستەی ئەوەیە نەک بە دابڕان بگرە بە بەردەوامی لەگەڵ دە ساڵەی ئیتتیحاد و تەرەققی شی بکرێتەوە. شەڕی سەربەخۆیی لە واقیعدا، تاجی خستە سەر زنجیرەیەک شەڕ کە لە ساڵی ١٩١٢ لە بالقان دەستی پێ کرد و دواتر پرۆسێسی دەرچوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و گۆڕینی ئەنادۆڵی بە ئیسلامیکراو بۆ ناوکێکی ناوەندیی وڵاتێکی میراتگر بە کۆتا گەیاند. وەک چۆن لە شەڕەکانی بالقاندا، تەکنیکی شەڕی گەریلایی و تەکنیکی شەڕی بەرەیی تێکەڵاو بوون. دەستەبژێری کەمالیستەکان ئەوانیش لە ڕیزەکانی ئیتتیحاد و تەرەققی کەوتبوونەوە. وەک مێژوونووس ئێریک-ژان زورشیر، ئاماژەی بۆ دەکات شیمانەی ئەوە هەیە موستەفا کەمال یەکێک لە ئەندامە باوەڕ پێکراوەکانی کۆمیتە بووبێ، گەرچی هەرگیز پۆستێکی پلە یەکی نەبووە، بەڵام لەولای ترەوە شتێک هەیە کە لە ساڵی ١٩٢٣ ددانی پێدا دەنێ " ئێمە هەموومان ئەندامی [ئیتتیحاد و تەرەققی] بووین[٥٣].

ئەگەر سەرکردە کەمالیستەکان وازیان لە پان-تۆرانیزم هێنا ئەوە لەبەر

53. E.-J. Zürcher, The Unionist Factor. The Role of the Committee Union and Progress in the Turkish National Movement (1905-1926), Leiden, Brill, 1983.

ئەوە بوو، چونکە بەرفراوانیی شکستەکان بەهاکەی لەدەست دابوو، بەڵام لە ناخەوە کەمتر ناسیۆنالیستتر نەبوون. زیا گۆکئالپ کە دوای هەرەسهێنانی ئیتتیحادییەکان ئیماژی تا ڕادەیەک شێواو بوو، کەچی هەر وەک ئیدیۆلۆجی بەناوبانگی ئەنقەرە مایەوە (لە ساڵی ١٩٢٢ بەشداریی لە ڕێکخستنی یەکەم بەرنامەی سیاسیی موستەفا کەمال کرد کە چەند نیشانەیەکی پێشڕەوانەی ئایدیۆلۆجی دوارۆژی کەمالیستی پێوەبوو[٥٤]. دامرکاندنەوەی خوێناویی شۆڕشی کوردە – عەلەوییەکانی قۆچگیری لە ساڵی ١٩٢١[٥٥] یان قەتڵوعامی دژ بە یۆنانییەکانی پۆن* لە هەمان ساڵدا[٥٦] کە بوو بەهۆی کاردانەوەی توورەیی هەتا لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانیدا[٥٧]، بەهەمان شێوە بە بەردەوامبوونی میراتی ئیتتیحادییەکان لێک دەدرێتەوە. دواجار کەلەپووری ئیتتیحادییەکان لەسەر ئاستی سیمبۆلیدا بەتەواوی پارێزراو بوو. بەهەمان شێوە، لەو ڕێز لێنانەی کە بۆ تەڵعەت پاشا کرا، چاپەمەنیی کەمالیست وەک" فەلامەزێکی مێژوو و هەڵکەوتوویێک کە ئیماژی شکۆمەندانەی بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە"[٥٨] باسیان لێوە کرد.

لەسەر ئاستی سیاسیشدا[٥٩] بەردەوامییەکە ئاشکرایە: ئەگەر موستەفا کەمال ناچار بوو وەکو کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی لە یەکەم جاردا ڕێگەی

---

54. E.H. Tepeyran, Belgelerle Kurtulufi Savafiı Anıları, Istanbul, Çag-dafi, 1982.

55. H.-L. Kieser, Les Kurdes alévis face au nationalisme turc kémaliste. L'alévité du Dersim et son rôle dans le premier soulèvement kurde contre Mustafa Kemal (Koçgiri, 1919-1921), Amsterdam, Mera, 1993.

* Pont

56. M. V, Frunze'nin Türkiye Anıları, Istanbul, Cern, 1978.

57. M.K.Atatürk, Meclis'in Gizli Oturum-larında Konufimalar, Istanbul, Çagdafi, 1977, pp. 249-262.

58. “Yeni Gün” 11.40.1921 cité par “Bulletin périodique de la presse turque”, 12.04.1921-mai 1921, n. 14, p. 9.

59. R.Akın,TBMM Devleti (1920-1923). Birinci Meclis Döneminde Devlet Erkleri ve Idare, Istanbul, iletifiim, 2001.

بە پلورالیـزم بدات، "یەکـەم گـرووپ" کـە سـەرکـردایەتیـیـان دەکـات لـەگـەڵ تورکایەتی و دەوڵەتدا خـۆیان دەنـاسنەوە. وەک دەسـەڵاتی ئیـتـتـیـحـادییـەکـان حکوومـەتی کـەمالیسـتـەکان ڕەوا و ناڕەوایان پێکەوە تێکەڵ کـرد، ئەنجوومـەن پێک هـات و "ڕێکخراوگەلی تایبەتی"[٦٠] دروست بوون.

لەسـەر ڕێـچکـەی ترادسـیـۆنی تەواوی تەشکیـلاتی مـەخـصـوصـەی ئیـتـتیـحـادییـەکان کە ئەرکـەکەی لـە پشـتـەوەڕا سـووڕانەوەی بـەڕێوەبەرایەتیی فـەرمی بوو بۆ جێبـەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە ڕاسـتـەوخـۆ لەلایەن کۆمیـتـەی ئیـتـتیـحـاد و تەرەقـقـیـیـەوە دیاری دەکران، دەسـەڵاتی کـەمـالیسـتـیش لە یەکـەم جاردا چەتە "باندی نانیزامی"ی بەناوبانگی بەکار دەهێنا. ئەوە تەنیا لە ساڵی ١٩٢١ بوو کـە سـوپا بـەلای کـەمـیـیـەوە شـوێنی بەشـێکیـانی گـرتەوە، ئەو دەستەیەی کە ژمارەیەک لە ئەندامەکانی لەناو "تەشکیلات"ەوە هاتبوون.

دوا هێـمای بـەردەوامی: وەک دەسەڵاتی ئیـتـتیـحـادییـەکان لە ماوەی شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی، کـەمـالیـزم پشـتی بە بـەگـزادەی هـەرێمـەکـان بەست کـە زۆربەیان کـۆنسـیـرڤـاتۆر بوون و بەفـراوانی سـوودیان لە سـاڵەکانی شـەڕ و دەست بەسەرداگرتنی مـوڵک و ماڵی ئەرمەنییەکان وەرگرتبوو[٦١]. بەشـی زۆری زانا ئاینییەکان، پێوەندییـان بە مـوسـتـەفا کـەمال کرد کە بەناوی ئازادکردنی خـەلیفـەی "زینـدانی" دەست گـاورەکان و پاراسـتنی ئیـسـلام[٦٢] شـەرعییـەتیـان بەشـەڕەکـانی مـوسـتـەفا کـەمـال دەدا. دواجـار زۆرینەی زۆری سـەرۆک هـۆز و زانا ئاینییە کوردەکان کە لە ماوەی شەڕی گەورەدا ئالیکاری ئیتتیـحادییەکان

---

60. E. Cilasun, “Bâki Ilk Selâm" :Çerkes Ethem, Istanbul, Belge, 2004.

61. D. Avcıoglu, Milli Kurtulufi Tarihi: 1838'den 1995'e, Istanbul, Tekin, vol. 2, 1974.

٦٢. لەبارەی بەشـداریی "مـوجـاهـیـدینە کـەشـیـدە بەسـەرەکـان"ەوە لـە شـەڕی سـەربەخۆییدا، بڕوانە چاوپێکەوتنی یەعقوب قـادری قەرە ئۆسـمانۆغلوو، یەکێک لە هاوکارەکانی موستەفا کەمال لە ڕۆژنامەی (Milliyet) ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣.

بوون، لەناو ڕیزەکانی هاوپشتیی دەسەڵاتی کەمالیستیدا بەرچاو بوون. نامەکانی موستەفا کەمال[٦٣] زامنی پاراستنیانی دەکرد دژ بە دەوڵەتێکی ئەرمەنی و وادەی برایەتیی تورکی–کوردی پێ دەدان کە تەنیا دەیتوانی ببێتە سۆنگەی پتەوکردنی ئەم هاوپشتییە.

63. M.K. Atatürk, Nutuk, cilt 3, An-kara, Milli Egitim Bakanligi, 1973.

## بەشی دووەم

### دەوڵەتی کەمالیستی: لە هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتەوە بۆ فرە حزبیی سیاسیی ١٩٢٢-١٩٥٠

پەیماننامـەی لۆزان کـە لە ٢٣ی تەمـووزی ١٩٢٣ مـۆر کرا تەرخـان کـرابوو بۆ سـەرکەوتنی مـوسـتـەفا کـەمـال کـە بەشـێکی گـەورەی ئەو دەر و ناوچانەی کە لەلایەن پەیماننامـەی نیـشـتمانیی سـاڵی ١٩٢٠ داوا کرابوو، دەستی بەسـەردا گـرتەوە. بەم شـێـوەیە چیی تر نە باسی دامـەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمـەنی (ئەرمـەن، یۆنانی و جـوولەکەکان سـتاتووی "کەمـینە نەتەوە"یان وەرگرت) و نە سەربەخۆییی کورد لە ئارادا نەمـان. "لۆزان" سـەردەسـتـەی هەموو ئەو زنجـیرە پەیماننـامـانە بوو کە سـیمـا هەرێمـایەتی و دیمۆگـرافـیـاییـەکانی تورکـیـای ئێسـتـەی جێگیر کرد. بەهەمـان شـێوە پەیماننامـەی گۆڕینەوەی دانیـشـتوان لەگەڵ یۆنان، کە پێش پەیماننامەی لۆزان مـۆر کرا، بەڵام دواتر کـاری پێ کرا، بزووتنەوەیەکی بەرفـراوانی گـۆڕینەوەی مـەسـیـحـییـە ئۆرتۆدۆکـسـەکـان، کە لەناویاندا مەسیحی تورک زمانیش هەبوون، بەرەو یۆنان (زیاتر لە ٩٠٠,٠٠٠ کـەس) و بەپێـچـەوانەشـەوە، کـۆچی نزیکەی ٤٠٠,٠٠٠ مـوسـڵـمـان، بە مـوسـڵـمـانی یۆنانی زمـانیـشـەوە بەرەو تورکـیـای لێ کـەوتەوە[٦٤]. ئەم ترانس هیومـانسە زۆرەملێیە تورکیای کرد بە وڵاتێکی ٩٩٪ موسڵمان. پەیماننامەی نێـوان ئەنقـەرە، لەندەن و بەغدا کـە، لـە سـاڵی ١٩٢٦ مـۆر کـرا، چارەنووسی

64. P. Erbil, Anadolu'ya Agliyordu Niobe. Tüm Yönlerivle Rum Tehciri ve Tehcirin Tarihsel Kaynakları, Istanbul, Sorun, 2001; Küçük Asya Arafitirmalari Merkezi (trad. dal greco), Goç. Rumlar'm Anadolu`dan Mecburi Ayrilifii (1919-1923), Istanbul, iIetifiim, 2002.

کۆنه هەرێمی مووسڵی یەکلایی کردەوە و بە عێراقەوە لکێندرا. دواجار، لە ساڵی ١٩٣٧ پاڵەپەستۆی تورک بۆ سەر پاریس بەرهەمی بوو و سنجاقی ئەسکەندەرییە (هاتای ئێستەکە) کە سەرەتا وەک "کۆمارێکی سەربەخۆ" ڕاگەیەندرا، لە ساڵی ١٩٣٩ بە تورکیا لکێندرایەوە و کۆچێکی بێ شوماری ئەرمەنییەکانی ئەم هەرێمەی لێ کەوتەوە و ئیتر تورکیای نوێ لەدایک بوو.

## ڕێژیمی تاکحزبی

هەر لە ساڵی ١٩٢٣ (لە ٢٩ی ئۆکتۆبەر) کۆماری تورکیا ڕاگەیەندرا و موستەفا کەمال بوو بە یەکەم سەرکۆمار. ئەم مێژووە زیاتر مێژوویێکی ڕەمزی بوو، بگرە ئەوە هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت بوو بەر لە یەک ساڵ، لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ کە دابڕانێکی مێژوویی لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی دروست کرد و ڕێگەی بە دەسەڵاتی کەمالیستی دا ڕێژیمێکی نوێ، تەواو جیاواز لەوەی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەققی دابمەزرێنێ. بۆ دواین لایەنگیرانی سەڵتەنەت موستەفا کەمال ئەو پرەنسیپانەی ڕاگەیاند کە لەوە بەدوا لە تورکیای شۆڕشگێڕدا دەخرێنە کار: "ئێستە نەتەوە ڕاپەڕیوە و سوورە لەسەر ئەوەی بەخۆی سەروەریی خۆی پیادە بکات. مەبەست لەوە ئەمری واقیعێکە کە هیچ شتێک ناتوانێ ئیتر دژی بوەستێتەوە. ئەوە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەر یەکێک لە ئەندامەکانی ئەم ئەنجوومەنە لەسەر ئەم نوختە خاڵە کە لەسەر مافی سروشتی دامەزراوە پێوەست بن. لە حاڵەتی پێچەوانەدا ئەو ڕاستییانەی کە کردەی حەتمین ناگۆڕدرێن، بەڵام دەتوانرێ ببینین سەر بپەڕن" (لە وەرگێڕاوی فرەنسایی پ. دۆمۆن-ەوە)[٦٥].

ئەو سیستەمە سیاسییەی کە میراتی کۆمار بوو لە ساڵی ١٩٢٣ لە یەک کاتدا پلورالیست و ملکەچ بوو بۆ کەسیی موستەفا کەمال. هەلومەرجەکانی شەڕ، لە واقیعدا پاڵی بە جەنەراڵ وەنابوو تا بوونی "گرووپی دووەم"ی

65. P.Dumont, Mustafa Kemal invente la Turquie moderne, Bruxelles, Complexe, 1983, p.132.

سیاسی قەبووڵ بکات حزبێک کە لە بوارێکی زۆر کەمدا ناسرابوو، کە کۆنە ئیتتیحادییەکان و بەهەمان شێوە لیبراڵەکانی لەخۆ گرد کردبووەوە (یەکێک لەوانە، عەلی شەوکەت بەگ بوو، کە لە ٢٧ی ئاداری ١٩٢٣ تیرۆر کرا).[٦٦]

دووەم گرووپ لە هەڵبژاردنی نیسانی ١٩٢٣ بە لاوازی دەرچوو. بەهەمان شێوە، ڕەوتێکی بێ سترەکتوری لایەنگیران کە دەتوانین بەڕەوتی "ئیسلامی" ناوی ببەین لەناو بەرگریی نیشتمانیدا هەبوو. دواجار، پارتی کۆمۆنیست کە، سەرکردەکانی لە ساڵی ١٩٢١ کوژران، بێگومان لەلایەن یەحیا کاپتان، بکوژی قەتڵوعامی دژە یۆنانییەکانی پۆن، یەکێک لە نزیکەکانی موستەفا کەمال کە ئارەزووی چالاکیگەرانەی نیشان دەدا[٦٧]. بەڵام هیچ یەکێک لەم ڕەوتانە نەیانتوانی دژایەتیی باڵادەستیی موستەفا کەمال بکەن کە ئاراستەی سیاسی و سەرکردایەتیی عەسکەری لەبن دەستی خۆیدا کۆ کردبووەوە.

لە ساڵانی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ هەردوو "گرووپ"ە پەرلەمانتارەکان خۆیان گۆڕی بۆ پارتی سیاسی[٦٨]: پارتی گەلی موستەفا کەمال (کە ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی کۆماری گەل، لە ١١ی سێپتەمبەری ١٩٢٣ دامەزرا) و پارتی پێشکەوتووخوازی کۆماریی کازم قەرەبەکر (لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٢٤-٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥)[٦٩]. زۆر سەختە ئەم دوو پارتە بەگوێرەی هێڵەکانی کەوشەنی ئایدۆلۆجیا ڕیزبەند بکەین، لە کاتێکدا یەکەمیان زیاتر خۆی وەکو دەوڵەتکار، ناسیۆنالیست و "شۆڕشگێڕ" نیشان دەدات، دووەمیان ئەگەرچی هەموو نزیکایەتییەکی خۆی لەگەڵ کۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عوسمانی ڕەت دەکاتەوە و وێنەی پارتێکی "لیبراڵ" و "نێوانگیر" نیشان دەدات. هەڵبەت ئەم

66. R.Akın,TBMM Devleti (1920-1923). Birinci Meclis Döneminde Devlet Erkleri ve Idare, Istanbul, Iletifiim, 2001.

67. M.Tunçay, Türkiye'de Sol Akچmlar (1908-1925), Ankara, Bilgi. 1978.

68. F. Alpkaya, Türkiye Cumhuriyeti'nin Kurulufiu (1923-1924), Istan-bul, iletifiim, 1998.

69. N. Mazici, Belgelerle Atatürk Dönemlnde Muhalafet (1 919-1926), Istanbul, Dilmen, 1984.

پارتە بەوردی خۆی لەوە بەدوور دەگرت کە دژایەتیی موستەفا کەمال، سەرۆکی پارتی یەکەم کە پێشتر وەکو سەرۆکی بێ ئەملا و ئەولای وڵات دیاری کرابوو، بکات.

ئەم فرە حزبایەتییە هێندە درێژەی نەکێشا. لە سبەینێی شۆڕشی کوردی شێخ سەعیددا یاسایەک بەناوی "گێڕانەوەی ئاسایش" دەرچوو و دادگە سەربەخۆیەکان کە لە ماوەی شەڕدا بەبێ مافی تێهەڵچوونەوە سەدان بڕیاری حوکمی لەداردانیان دەرکردبوو (لە ٤ی ئاداری ١٩٢٥)[٧٠] ئەم یاسایە چالاک کرایەوە. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، چاپەمەنی سەرکوت کرا، چەندین ڕۆژنامە قەدەغە کران، بە دەیان ڕۆژنامەنووس بەسزای قورسی زیندانی حوکم دران. پارتی پێشکەتووخوازی کۆماری ئەویش قەدەغە کرا و سەرکردەکانی بەتۆمەتی دەست تێکەڵاوی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان حوکمی زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو یان بەئاشکرا سووکایەتییان پێ کرا. ساڵێک دواتر، هەوڵێک بۆ کوشتنی موستەفا کەمال لە ئەزمیر (١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦) دەرفەتێکی نوێی هێنایە ئارا بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی و دەست بەسەرداگرتنی پارتەکەی: بڕێک لە ئیتتیحادییەکان لەناویاندا کۆنە وەزیری دارایی، جەواد بەگ، کۆمەڵێکی بێبەری لە تەقینەوەکە، چونکە ڕەتیان کردبووەوە بچنە پاڵ کەمالیزم لەناو بردران (١٩ سزای لەداردان، ١٨ کوشتن، یەک خۆکوشتن) و سزای نوێی تری زیندان ڕاگەیەندران[٧١].

لەسەر ئەم پاشینەیە موستەفا کەمال لەنێوان ١٥ و ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧ ئاخاوتنە بەناوبانگەکەی (نوتوق)[٧٢] بڵاو کردەوە کە کردەی حوکمدانی بەبێ تێهەڵچوونەوەی "بەرهەڵستکارەکانی" و هاوکارە کۆنەکانی کە لەوە بەدوا ئیتر بێدەنگ کرابوون ئاشکرا دەکات. موستەفا کەمال لەو ساتەوە هەموو

---

70. E.Aybars, Istiklal Mahkemeleri (1920-1927), Izmir, Ege Üniversitesi, 1984.

71. N. Mazici, Belgelerle Atatürk Dönemlnde Muhalafet (1 919-1926), Istanbul, Dilmen, 1984.

72. M.K. Atatürk, Nutuk, Ankara, Milli Egitim Bakanligi, 1973.

دەسەڵاتێکی پێویستی لە بەردەستدا بوو بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی تازەی تورکیا کە بە نزیکەیی بەتەواوی لەم کەسایەتییانە پاک کرابووەوە کە بەشدارییان لە شەڕی سەربەخۆییدا کردبوو. هەر دەمودەست لەلایەن چاپەمەنیی کەمالیستەوە ئەم ئاخاوتنە وەک "کتێبی پیرۆزی تورکان"[٧٣] پێشوازیی لێوە کرا و قسەکانی موستەفا کەمال بوون بەقسەی دەوڵەت و ئەوە بەدیار دەخەن کە سەقامگیرکردنی ڕێژیمی تاکحزبی چەندە جیانەکراوە بوو لەگەڵ تاکپەرستیدا[٧٤]. بۆ ئەوەی فۆرمیولەی داهێنەرانەی هیولیا ئاداک[٧٥] بەکار بهێنین، لەگەڵ نوتوقدا موستەفا کەمال گوتەی "من- نەتەوەم"ی داهێنا. نوتوق، کە ئاداکیشی پێ دەڵێن، هەر تەنیا بەوەندە دەستبەردار نابێ کە کۆنترۆڵی "بیرەوەریی مێژوویی" بکات، بگرە هەروەها نەوەکانی دوارۆژ بەرەو ڕووی یەک تاکە ئەرک دەکاتەوە: ئەرکی پاراستنی نەتەوە، یەکەی نەگۆڕ بۆ هەتاهەتایە چەسپاو و ناوی دروستکارەکەی/ باوک: ئەتاتورک"ە.

لەگەڵ ئەمەشدا سێ ساڵ دواتر موستەفا کەمال ناچاربوو تاقیکردنەوەیەکی نوێی فرەحزبی تاقی بکاتەوە (ئاب - نۆڤەمبەری ١٩٣٠). تەنگژەی ئابووریی جیهانی کە حاڵەتێکی هەژاری گەورەی لەناو سەرتاپای وڵاتدا نابووەوە و قورسایی کێشانەوەی دارایی زیاتر کردبوو، قەناعەتی بە سەرکۆمار هێنا کە پێویستە ئیتر گفتوگۆیەکی فرە لایەنە لەبارەی سیاسەتی ئابوورییەوە پەیڕەو بکرێ. هەروەها ڕەتکردنەوەی تا دەهات زیاتری ئاشکرای "شۆڕشەکانی" کەمالیستەکان لەلایەن دانیشتوانەوە، بە گەنجەکانیشەوە وایان لێ کردبوو لە خراپتر دەترسا. ڕێگەپێدانی "ئۆپۆزسیۆنێکی ماڵی" لای موستەفا کەمال وەک تاقە شێوازی سووککردنەوەی کاردانەوەکان بەدیار

73. A. Dilipak, Bir Bafika Açıdan Kemalizm, Istanbul, Beyan, 1988.

74. M. Tunçay, Türklye Cumhuriyeti'nde Tek-Parti Yönetimi'nin Kurulmasi (1923-1931), Ankara, Yurt, 1981.

75. H.Adak, "National Myths and Self-Narration: Mustafa Kemal's Nu-tuk and Ha-lide Edip's Memmoirs and the Turkish Ordeal", In “The South Atlan-tic Quarter-ly”, 2003, n. 102103, pp. 509-528.

کەوت. مستەفا کەمال داوای لە هاوخەباتکاری کۆنی خەبات، فەتحی (ئۆکیار) کرد حزبی دووەم: حزبی لیبراڵ دروست بکات[٧٦].

ئەم ئۆپۆزسیۆنە کە لە ڕووی پرەنسیپەوە نابێ ڕۆڵێکی سیاسیی واقیعی بگێڕێ، بەبێ ئەوەی پێشبینیکراو بێ "ئاپۆڕەیەکی کەمتر لە سەد هەزار کەسی" لە خۆی کۆ ناکاتەوە[٧٧].

لەگەڵ ئەوەشدا فەتحی بەشەوقێکی زۆرەوە پێشوازیی لێوە کرا، سەردانەکەی بۆ ئەزمیر سەرەتا بوو بەهۆی خۆپێشاندانێکی ترسناک، پاشان شانۆی یاخیبوون دژی دەسەڵات و وێنەی سەرکۆمار دڕێندران. پۆلیس تەقەی کرد و هەرزەکارێکی کوشت کە هەر دەمودەست بە شەهید لە قەڵەم درا. لەولای تر، حزبی لیبراڵ سەرکەوتنێکی تەواوی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی بەدەست هێنا و کادیرە ناوخۆییەکانی بەئاشکرا تەحەدای دەسەڵاتیان دەکرد. لەوە بەدوا لە چەندین شاری هەرێمەکاندا وەکو "جەنەراڵێکی سوپای داگیرکار" پێشوازیی لێوە کرا، بەگوێرەی هاوخەباتکارێکی ڕێگەی خەبات، ئەحمەد حەمدی (باشار)[٧٨]، مستەفا بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی حزبی لیبراڵ کە بوو بەقۆچی قوربانیی چاپەمەنیی کەمالیستی. هەرچی تایبەت بوو بە گفتوگۆی کراوەی نێوان لایەنگیرانی هەردوو سیاسەتی ئابووری، دەبوو بەقازانجی قوتابخانەی پارتی "دەوڵەتکار" یەکلا ببێتەوە.

ئەم دووەم تاقیکردنەوەی فرە حزبایەتییەی کە هەر تەنیا سێ مانگی خایاند، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ڕێژیمدا جێ هێشت. سەرکەوتنی "ئۆپۆزسیۆن" نیشانەی ئەم بەرفراوانییەی ڕەتکردنەوەی کەمالیزم بوو لەناو کۆمەڵدا. ئەمە قەناعەتی بە دەسەڵات هێنا بۆ پێویستی بوونی هاوپشتییێکی زۆری دانیشتوان و بە گەڕخستنی گواستنەوەی "دەنگی

76. Ç.Yetkin, Serbest Cumhuriyet Fırkası. Atatürk'ün Bafiarisız Demokrasi Devrimi, Istanbul, Toplumsal Dönüfiüm, 1997.

77. S.S. Aydemir, Tek Adam, Istanbul, Remzi, vol. 3, 1966, p. 394.

78. A.H. Bafiar, Atatürk'le Üç Ay, Istanbul, Tan Matbaası, 1945.

شــۆڕش" بۆ "گــەل". هەروەهـا وا دیاربوو پێــویست بوو عــەقــیــدەیەکی شۆڕشگێڕانە بە کەمالیزم ببەخشرێ کە "گەل" ئەزبەری کردبوو.

گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەسەر ئەزموونەکانی ئیتاڵیا و شوورەوی هاتە ئاراوە کە وەکو چەند مۆدیلێک وابوون. فالیح ڕەفقی (ئەتای) ناردرایە ڕۆما و مۆسکۆ، بە "پرۆگرامێکی" عەمەلی هاتەوە " دووبارە دروستکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ بەئیلهام وەرگرتن لە پارتە کۆمەنیست و فاشیستەکان، ئەمە واتە پارتەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە سیستمی کۆنەوە بۆ سیستمی تازە ڕۆیشتوون [ ] خستنە کار، نەک بۆ بیرۆکراتی، بگرە میتۆدێکی شۆڕشگێڕانە و هەر دەمودەست بچنە سەر پەروەردەکردنی کۆمەڵانی خەڵک")[٧٩].

کۆواری کادرۆ "کادیر"[٨٠] کە لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاو کرایەوە هەر بەتەواوی ئاراستەی ئەم پرۆژە دۆکترینییە کرابوو. ئەم کۆوارە خواستەکانی کەمالیزمی ئاشکرا دەکرد لەوەی چیی تر ژێردەستەی کەلەپووری ئیتتیحادییەکان یان قالبی شۆڕشی فرەنسایی (کە زۆر بەتوندی لەبەر شکستەکانی ڕەخنەی لێ دەگیرا) نەبێ، بگرە مۆدیلێکی جیهانیی تایبەت دابمەزرێنن. کەمالیزم لەوە بەدوا وەک سێیەمین جەمسەر، لەگەڵ فاشیزمی ئیتاڵیایی و بۆلشەویکی سۆڤیەتی وێنای جیهانێکی نوێی دەکرد کە وەکو ئەنتی لیبراڵ و ئەنتی دیموکراتیک بێ. جیاخوازەکانی پارتی کۆمەنیستی تورک، لە نەبوونی ئایدۆلۆجی ڕێژیم، بوون بە ئیدیۆلۆج، ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لەم "وەرەشە"یەی ژمارەی کادرۆدا کە دیمەنی ڕووناکبیریی تورکی هەژاند. کۆوارەکە لەبەر رادیکالیزمییەکەی بووبوو بەمایەی دڕۆدۆنگی ڕێژیم و ساڵی ١٩٣٤ لەسەر بڕیاری موستەفا کەمال ڕاگیرا، بەڵام چەند نووسراوێکی تر "

79. M.Tunçay, Türkiye Cumhuriyeti'nde, cit., p. 313.

80. The ideulogy of the "Kadro" Movement: A Patrlotle Leftist Movement in Turkey, in S. Kedourie (dir), Turkey Before and After Atatürk Inter-nal and External Affairs, Londra, Frank Cass, 1999, pp. 92-119. "Kadro" réédité par C. Ergoul en 3 volumes (Ankara, Aitia, 1979).

کورته باسێکی شۆڕشی تورک" یا " کورتەیەکی کەمالیزم" شوێنی دەگرنەوە[٨١].

تاکحزبی دووبارە ڕێک خرایەوە و ئەرکی نوێی پێ بەخشرا. بەم شێوەیە (ماڵی تورکان) کە موستەفا کەمال بە تەمبەڵی گوناهباری دەکردن بە(ماڵی گەل) جێیان گیرایەوە کە ئەرکەکەی لە قاڵبدانی هەموو دانیشتوان بوو (لە دە ساڵێکدا ٤٧٨ ماڵ و ٤٣٢٢ "ژوور"ی گەل بەدیار کەوتن)[٨٢]. کەمالیزم بوو بە دروستکاری یەک عەقیدە، بەجۆرێک لە ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیست و کۆرپۆراتیزم کە دەکرێ لەناو شەش وشەگەلی دوور و درێژی مەزندا بدۆزێتەوە کە: کتێبی " شەش تیرەکە" بوو[٨٣]. یەکەمینی ئەو "تیر"انە، ناسیۆنالیزمە، دروستکاری نەتەوەی تورک لە یەکەی شەرعانی ولاتدا، دووەمیان "کۆمارخوازی"یە لە چوارچێوەی داوودەزگایی "پەیماننامەی" سیاسی دیاری دەکات و پیرۆزی دەکات، سێیەمیان پۆپۆلیزمە ڕیشەی سیستمی سیاسی لەناو گەلێکی پەژمووردە دەردەکات کە "سەرۆکەکانی" (نەک دەستەبژێرەکانی) بەرجەستەی دەکەن، چوارەمیان دەوڵەتکارییە کە شوێنێکی گرینگ بە دەوڵەت دەدات وەکو دەربڕینی مێتا-مێژوویی سەروەریی نیشتمانی، هەروەها وەک ئەکتەری یەکەم پلانی ئابووریش، پێنجەمیان عەلمانییەتە کە جاڕی ئەوە دەدات تاکەکان ئازادن لە بیروباوەڕەکانیان بێگومان - بەمەرجێک کە موسڵمانەکان نەچنە سەر ئاینێکی تر، دواجار و دوایەمینیان، شۆڕشگێڕایەتییە کە کردەیەکی خۆویستە، لەناویاندا شۆڕش واتەی پرۆسیسی چوونە ناو شارستانیەتی ڕۆئاوا دەگەیەنێ.

ئەم "تیرانە" کە لە ساڵی ١٩٣١ ئامادە کران و ساڵی ١٩٣٧ خرانە ناو

---

81. M. Esat Bozkurt, Atatürk Ihtilâli, Istanbul, Altın, 1967 & P. Safa, Türk Inkilâbina Bakifilar (Cumhuriyet'in 15. yili Münasebetiyle), Istanbul, Kanaat Kitabevi, 1938.

82. N.G.Ye_ilkaya, Halkevleri ideoloji ve Mimarlık, Istanbul, Iletifiim, 2003.

83. T.Parla,Türkiye'de Siyasal Kültürün Re-smi Kaynaklari. cilt 3: Kemalist Tek-Parti Ideolojisi ve CHP'nin Altı Oku, Istan-bul, iIeti_im, 1992.

دەستوور، ئەو مێژووەی کە هەروەها هێمای پەرینەوەیە لە ڕێژیمی تاکپارتی بۆ پارتی-دەوڵەت کە هەردووکیان لەوە بەدوا بەتەواوی لە ئۆرگانیگرامەکانیاندا [84]* تێکەڵ بەیەک دەبن. ئەم پەرەئەستاندنە بەبێ ئەنجام نەبوو لەسەر ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنەکان: ئەندام پەرلەمان لەلایەن پارتی (یان هەتا لەلایەن سەرۆک خۆی) دیاری دەکران و دەخرایە بەردەم پەسندکردنی دەنگدەرەکان کە دەبوو بەدەنگدانێکی ئاشکرا دەنگی بۆ بدەن. بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵمەتی دەنگدان بەنهێنی بەڕێوە دەچوو.

دواجار تاکپەرستیی موستەفا کەمال لە ماوەی دە ساڵەی ١٩٣٠دا بە شێوەیەکی بێ شومار سەقامگیر بوو. لەگەڵ ئەوەش کە هەر بە نازناوی "غازی" (سەرکردەی سەرکەوتوو) و "سەرۆکی نەمر" مایەوە، بە یاسایەکی تایبەتیش کە لە ساڵی ١٩٣٤ پەیڕەو کرابوو بە ئەتاتورک "باوکی تورکان" (هەمان یاسا ئەوە قەدەغە دەکات کە ئەم ناوە لەلایەن هیچ هاووڵاتییەکی تری تورک بەکار بهێنرێ). ناونانەکە جووت بوو لەگەڵ ئەو ئیماژەی کە موستەفا کەمال لەسەر خۆی هەیبوو: " تەنیا سەرۆکی کۆمیۆنیتەی مرۆیی شایستەی ئەوەیە پیرۆز بکرێ"[85]. ئەم تاکپەرستییە بەهەمان شێوە دەربڕینە ئیستاتیکییەکەی لە: پەیکەرەکانی موستەفا کەمال کە بەتایبەتی لەلایەن پەیکەرتاش هێنریش کریپیل دروست کرابوون، وەکو تەجەللی هێزی سروشتی نیشان دەدات[86]. "سەرۆکی نەمر" لووتکەی ئەو هەرەمە بوو کە لەلایەن "نەتەوە-سوپا"ی تورک دروست بوو، ئاستی دووەمی هەرەمەکە سەرۆکەکانی تری بەخۆوە گرتبوو. دواجار، لە خوارەوەی خوارەوەدا گەل دەبینرێ. ڕەجەب (پەیکەر) بەم شێوەیە لێکی دەداتەوە. لە ساڵی ١٩٣٣ ئامانجی پارتی کە خۆی

84. Ç.Yektin, Türkiye'de Tek Parti Yönetimi, 1930-1945, Istanbul, Altın, 1983.

* ئۆرگانیگرام: organigramme پلانێکی سەرتاسەرییە بۆ ڕێکخستنی ئیدارە. (وەرگێڕ).

85. Parla, Kemalist Tek-Parti, op.cit., p. 329.

86. M.Hizal & T.Bafioglu, “Cumhuriyet Döneminde Heykclcilik” ,In Cum-huriyet Dönemi Türkiye Ansiklopedisi,Istanbul, Iletifiim, 1983, pp. 886-906.

سکرتێری گشتی بووە برێتی بووە لە "کۆمەڵگەیەکی دیسپلینکراو کە بەشوێن پێشقەرەوڵی سەرۆکە نیشتمانییەکان بێ کە کۆمەڵ بڕوای پێیانە"[٨٧].

**کەمالیزم، کەلەپووری عوسمانی و سیاسەتی ئاینی**

دەسەڵاتی کەمالیزم لە تێرمی ناکۆک لەگەڵ کەلەپووری عوسمانیدا خۆی پێناسە دەکات. وەک مێژوونووس کەمال کارپات بەڕاستی تێبینیی کردووە، هەموو ئاماژەیەکی پۆزەتیڤ بۆ ئیمپراتۆریا باجی "عوسمانچێتی" داوە و بەتەواوی بەتاوان ناوزەد کراوە[٨٨]. عوسمانییەکان بەتایبەت ئەوانەی دەورانی "شکست" لە ڕووی کردەنییەوە وەک ئیتنۆ-کلاسێک حسێب کراون کە پەیامە مێژووییەکەی برێتی بووبێ لە سوودوەرگرتن لە تورک و لە گۆڕنانی تورکایەتی بێ وەک یەکەیەک. سەدەکانی عوسمانی لە مێژووی تورک دوور خرانەوە یان بۆ کەوانەیەکی درێژ کەم کرانەوە کە گەندەڵی سیمای بووبێ. مێژووی ڕاستەقینەی تورک تەنیا دوو قۆناغ بەخۆیەوە دەگرێ، کە بە"شکستی"ی عوسمانی دەوران دراوە: ئەرگەنەکۆن، دەورانی زێڕینی تورکایەتی و دەورانی کۆمار جارگەیێنی دواڕۆژێکی گەشاوە. کەمالیزم خۆی وەک بزووتنەوەیەکی بازدان بەسەر ئەم سەردەمە زێڕینە دەناسێنێ بەرەو ئەم دواڕۆژە پرشنگدارە.

بەڵام وەسپی کەمالیزم وەک ڕێژیمێکی توندڕۆ و نوێخواز بەتایبەتی لە سیاسەتیدا لە بوارە ئاینییەکاندا دەردەکەوێ. ڕاستییەکەی کەمالیزم وەک تاقە ئەزموونێکی لایکیی دادەنرێ کە توانیبێتی سەرکەوتووانە هەتا بناغەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی نوقمی ناو ملهوڕی تیۆکراتی بهەژێنێ. هەڵبەتە ئەم بانگەشەیە دەبێ یەکجار زۆر بەپارێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. یەکەمیان، ئەم بانگەشەیە دەتوانێت ئیسلام و دنیای موسڵمانان وەک خۆی شی بکاتەوە،

87. Ç Yektin, Turiye`de Tek Parti, op.cit., p. 158.

88. K.H. Karpat,(dir), Ottoman Past and Today`s Turkey, Leiden-Boston-Köln, Brill, 2000.

بەڵام وەک کەرەسەیەکی یەک شێوازی ملکەچکردوو بۆ کۆمەڵێک دژواریی هەڵگری خەسڵەتی دەرەوەی مێژوو دەیبینێت و دەیچەسپێنێت. دووەمیان، دوای ئەوەی بەم شێوەیە ئیسلامێکی کاریکاتۆرییان دروست کرد، کە بەڵگەنەویستە بەرگەی لێکدانەوەیەکی مێژوویی ناگرێ، ئەم بانگەشەیە "دەرچوون لە گومڕایی" بە "پیاوێکی ڕزگاریکار" بەسترایەوە کە بەدیارکەوتنی پەرجوویی بۆ خۆی شۆڕشێک بوو. بەڵام ئەم بیانووە هێشتا زیاتر لاواز بەدیار دەکەوێ. موستەفا کەمال لە واقیعدا لەناو ترادسیۆنێکی دوور و درێژی سکۆلاریزم و ڕیفۆرمدا هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلاسیکی ئیسلام کە مێژوونووسەکان دەیخەنە ناو هەزارەی یەکەم. بەهەمان شێوە ئیمپراتۆریای عوسمانی، چ لە دەورانی زێڕین و چ لە دەورانی تەنزیماتدا، یەک یەکەی سیاسیی سۆکلاریزەی بەرفراوانی پێک دەهێنا. دواجار، وەکو حاڵەتی ژمارەیەک ڕووناکبیرانی "گەنجە-تورکەکان" یا عەرەبەکان لە سەرەتای سەدەدا، موستەفا کەمال بەدڵنیاییەوە موسڵمانی "لایکیی"ی هەرە ڕادیکالی دەورانی خۆی نەبووە. موستەفا کەمال تەنیا ئەو کەسە بوو کە دەسەڵاتێکی سەروو-کۆمەڵایەتیی هەبوو کە لە بواری ئاینی وەک چۆن لە بوارەکانی تر، وەسیلەگەلی خواستە ڕادیکالەکانی پێ بەخشیوە. ئەو هۆشیار بوو بەرانبەر بەوەی کە یەک جار گەیشتە دەسەڵات، ئیتر پێویستی بەپاڵپشتیی میللی نامێنێ بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکانی: "ئەگەر جەماوەر لەژێر هەژموونی ترادسیۆنی ئاسیاییدا مانەوە، ئەو دەڵێ، ڕووناکبیرەکان کە نوێنەرایەتیی سەروەریی نیشتمانی دەکەن بەناوی ئەم جەماوەرە دێنە ناوەوە بۆ ئەوەی سیستمێکی مۆدێرنیان بۆ دابین بکەن، شەڕی دواکەوتوویی، بیروڕای هەڵە، پڕوپووچی دەکەن، شۆڕش دەکەن و سیستەم دەگۆڕن. بۆیە ئێمە پەنا نابەینە بەر ڕیفراندۆم"[89].

پێویست نەبوون بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیفراندۆم لە ڕاستیدا هێز و بێهێزیی

89. M.A. Agaogulları., L`Islam dans la vie politique de la Turquie, Ankara, Faculté des Sciences politique de l`Université d`Ankara, 1982, p.83.

دەســەڵاتی کـەمـالیـسـتی پێک دەهێنێ لـە بواری ئاینیـدا. بەهێـزییـەکـەی لەبەرئەوەیە، چونکە لە چەند ساڵێکی کەمدا بەڕاستی گەیشتە ئەوەی سیمای ئاینی تورک دووبارە وێنا بکاتەوە. بۆیە بێهێزییەکەی لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، ئەوە بەدیهی بوو کە ڕێفۆرمـەکانی کـەمالیـستی کە لەناو ترادسیـۆنێکی دوور و درێژی سکۆلاریزمی مـوسـڵمـان و عـوسـمـانیـدا توانسـتی ژیانی بەردەست خـسـتـبوو، لە کاتێکدا ڕیفـۆرمگەلی تر، کـە لە ڕەنگدانەوەی کـەمـالیـزمـەوە دەرکـــەوتنـەوە وەک تـاقـــیکردنـەوەیەکی تـەواو ڕادیکال مـــەحکووم بوون بـە لەبیرکردن.

ڕیفـۆرمـەکان کـامـانـە بوون؟ لە ٣ی ئاداری ١٩٢٤، دوای هەڵوەشـاندنەوەی سەڵتەنەت – خەلافەت (جێگرەوەی پێغەمبەر) کە لەوەتای ساڵی ١٥١٧ لەلایەن سوڵتانانی عوسمانییەوە جێگیر کرابوو، هەڵوەشێنرایەوە و دوایین خەلیفە کە عەبدولمەجیدی دووەم بوو لە تورکیا وەدەرنرا. هەمان ساڵ، یاسای یەکخستنی خوێندن بەشـێوەیەکی بێ شـومـار سەربـەخۆیـی دامەزراوە ئاینییـەکانی کـەم کردەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٥ لە دوای داپڵـۆسـینەوەی شـۆڕشـی کـورد کـە لەلایەن شـێخ سـەعـیـد، لە تـەریقـەتی نەقـشـبـەندی سـەرکـردایەتی دەکـرا، تـەریقـە ئاینییەکان قـەدەغە کران و موڵک و ماڵی دەزگا خێرخوازییـەکان بۆ گەنجینەی گـشـتی ڕەوانـە کـرا. هەمـان سـاڵ ڕیفـۆرمـی ناسـراو بەڕیفـۆرمـی "شـەپقـە"ی ڕاگــەیـانـد کــە هـەمـــوو جـــۆرە کـــڵاوێک جگە لە شـــەپقـــە قـــەدەغــەیـە (بەرەنگـاریبـوونەوەکـە زۆر بەتونـدی سـەرکوت کـرا و زیـاتر لە سـەدان کـەس کوژران). لە ساڵی ١٩٢٦دا پێشـەکیی یاسـای مەدەنیی سوێسـرە دەرچوو. لە سـاڵی ١٩٢٨ وەک نیـشـانـەی دابڕان لەگەڵ کەلەپووری عـوسـمـانی، ئـەلفـوبێی لاتینـی پەیڕەو کـرا و بەکـارهێنانی پیـتـە عـەرەبییـەکـان بۆ بـەڵگەنامـەی نوێ سـزای یاسـاییی لەسـەر بـوو. بەهـەمـان شـێـوە، ئامـاژەکردن بە ئـاینی دەوڵەت هـەڵوەشــــێنرایـەوە. لە ســـاڵی ١٩٣٣ بانـگی نوێژ کـــرایـە تـورکی و دوایـن کۆلێجـەکانی تیۆلۆجی دەرگەکانیان داخران. لە ٥ی دیسەمبەری ١٩٣٤ مافی دەنگدان و شــەرایتی دەنگدان «لە کـارەکـانی بـەشـدار بوون لـە ڕیفـرانـدۆمی

کاندیدەکانی تاکحزب»دا بۆ ژنانیش سەلمێنران. لە ساڵی ١٩٣٥یەکشەممە وەک ڕۆژی پشوو شوێنی هەینیی گرتەوە و دواجار لە ساڵی ١٩٣٧، عەلمانییەت لەگەڵ پێنج " تیرەکانی تر" خرانە ناو دەستوورەوە[٩٠].

دەبێ چاک ئەوە قبووڵ بکەین کە ئەم هەنگاو هەڵگرتنە توندانە ئەزموونی کەمالیستی لەناو جیهانی موسڵماندا لە هەمووان ڕادیکالانەتر کرد. کەچی، ئەم "لایسیتییە" چەند شتێکی پارادۆکس بوو، هەر هیچ نەبێ لەناو چوارچێوەیەکی پێش هەموو شتێک بە ئیسلامیکراودا سەپاندی. دوای ئەوەی هیچ چارەیەکی تر بۆ میللەت نەهێڵرایەوە و دەسەڵاتی کەمالیزم بەزۆر وەک ئاینی لێ کرا و تەنانەت وەک ڕایەڵەیەکی هاوبەشی میللەت پەسند کرا، ئیسلام لە مەیدانی بینراو تووڕ هەڵدرایە دەرەوە. ڕاستە تورکایەتی ئەو توخمەیە کە کارتی ناسنامەی نوێی نەتەوەی تورک پێناسە دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی تورک بیت، دەبێ لە پێشدا موسڵمان بیت و بۆ ئەوەی دەربڕینی نووسەری کەمالیست خەلیل نیعمەتوول (١٩٢٨) وەربگرینەوە "هاوشەریکی لە هەمان زمان و هەمان ئایندا"[٩١]. وەک چۆن ئەو ستەمکارییەی بۆ سەر چەند قوتابییەکی ئامادەیی نیشان دەدات کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ بوون بە مەسیحی، لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە کە تازە جێیان هێشتبوو، کەوابوو ئەمە خیانەتە لە نەتەوە. موستەفا کەمال دڵنی بەوەدا دەنا لەم پێوەندییە ئاڵۆزەی کە لەنێوان نەتەوە و ئایندا هەبوو. چونکە ئاخاوتنەکانی خواستەکەی بەتێکڕایی لە یەک تاقە ڕستەدا کورت دەبێتەوە: " خوایە بێ کۆتایی سوپاس، کە هەموومان تورکین، کەوایە هەموومان موسڵمانین،. دەتوانین و دەبێ هەموومان لایێک بین. بەکورتی ئەوە تەنیا لە تەواوکاریدا لەگەڵ تورکایەتی و ئیسلام بوو کە "لایکیی" دەکاتە ڕایەڵەیەکی نوێی هاوبەشی نەتەوەی تورک. بەم شێوەیە لە کاتێکدا کە هاووڵاتییە ناموسڵمانەکان، ئەندامی تاقە کەمینە

---

90. Ç. Yektin, Turiye`de Tek Parti, op.cit.

91. H. Nimetül (1928)  cité par Bahadir, Ommetten Millete. Türk Ulu-sunun Infiası, IS60-1945, Ankara, Kalan, 2001, p. 149.

نەتەوەکان لە ڕووی یاساییيەوە لە تورکیا دانی پێدا نراوە، نابنە بەشێک لە نەتەوەی تورک بەبێ موسڵمانبوون، بەهەمان شێوە کورد، چونکە موسڵمانن لە ڕووی یاساییيەوە ناکرێ نەتەوەی تورک بەجێ بهێڵێ[٩٢].

وەک ئۆلیڤیێ ئابێل، لە پێناسەکەی خۆیدا بۆ کەمالیستی ئاماژەی پێ داوە، لایسیتی (عەلمانییەت) وەستا لەوەی چیی تر هاوواتای "فرەیی زمانەکانی خواوەند" بگەیەنێ[٩٣].

تەواو بەپێچەوانەوە، یەک تاقە زمان لەم زمانانە وەکو "زمانی نەتەوە" قەبووڵ کرا یان هەتاوەکو خۆی سەپاند و زمانەکانی تر بەزمانی عەلەویزمیشەوە، کە ئاینی لە ٢٠٪ی هاووڵاتییانی کۆمار پێک دەهێنن قەدەغە کران. بەڵام "عەلمانییەت"ی کەمالیستی هێشتا بە پارادۆکسێکی تر جیا دەکرێتەوە: عەلمانییەتی تورک ددان بە ئۆتۆنۆمیزاسیۆنی هاوبەشیی بوارە سیاسی و ئاینییەکان نایەنێ و چاوی بڕیوەتە سەر دروستکردنی "ئاینێکی نیشتمانی". لە ئەنجامدا، ئەم لایسیتییە کۆنترۆڵی ئاین لەلایەن دەوڵەت دروست دەکات (و تەنیا و تەنیا لەلایەن دەوڵەت) بەڕێوە دەچێ کە لە ٢ی ئاداری ١٩٢٤وە لەلایەن سەرۆکایەتییەکی کاروباری ئاینی کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک وەزیرانە بەڕێوە دەچێ. پارەکەی لەلایەن باجی سەرجەم هاووڵاتییان بە عەلەوی و موسڵمانەکانیشەوە دابین دەکرێ کەچی تەنیا دامەزراوەیەکی کولتووری سوننی بەڕێوە دەبات[٩٤].

بەهەمان شێوە ڕێفیرانسی ئاینی بۆ بە شەرعیەتدان بە سیاسەت فەرامۆش نەکراوە، بەڵام تەنیا بۆ بەکارهێنانی زۆر توندی دەوڵەت پارێزراوە،

92. H. Bozarslan, lIslam, laïcité et la question d'autorité dans l'Empire ot-toman et en Turquie kémaliste ب, in lArchives des sciences sociales des reli-gionsب, 2004, n. 125, pp. 99-113.

93. O. Abel, “Que veut dire la laïâté?” In “Cahiers d'études sur le Médi-terranée orientale et le monde turcoiranien”, 1990, n. 10.

94. M. A. Agaogulları,. L´Islam dans la vie politique de la Turquie, Ankara, Faculté des Sciences politique de l´Université d´Ankara, 1982.

کە لەلای ترەوە دەوڵەت دوودڵ نابێ لەوەی زۆربەی جار پەنای بۆ ببات، هەتا بۆ سەپاندنی ریفۆرمەکانیش. وەک زۆر لە هاوتا موسڵمانەکانی سەدەی بیستەم، لە واقیعدا، دەسەڵاتی کەمالیستی لە سوورەتی ٥٩/٤ی قورئاندا سەرچاوەی ئاینی پێشتر دەخات: «هۆ ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بەر فەرمانی خواوەند، بەر فەرمانی پێغەمبەر و ئەوانە بن کە لەناو ئێوەدا دەسەڵاتیان لە بەردەستدایە.»

### ناسیۆنالیزمی کەمالیست

لە هەموو سیمایەکانی تر زیاتر دەسەڵاتی کەمالیزم بە سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکەی دەناسرێتەوە. دوورتر لە نووسینەوەی لەناو دەستووردا، بوو بە ئەرکێکی گرێبەستی هاوولاتییەتی، ناسیۆنالیزمی کەمالیست بە هەنگاوهەڵگرتنی زۆر توند بە هەڵمەتی "هاوولاتی! بە تورکی قسە بکە"[٩٥] دەردەبڕی، سزادانی بەکارهێنانی زارەکیی زمانەکانی تریان هێشتا ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری ئاخاوتن کە تورکایەتی مەزن دەکەن. لە ساڵی ١٩٢٤ موستەفا کەمال ئاخێوەرانی ناتورکی زمان وەکو دوژمنی شاراوەی نەتەوە باس دەکات. لە ڕاگەیاندنێکدا بۆ دیپلۆماتکارێکی بەریتانیایی سەرۆک وەزیران عیسمەت پاشا (ئینینۆ) لە ساڵی ١٩٢٥ ڕای دەگەیەنێ:

«ئێمە بەڕاشکاوانە ناسیۆنالیستین و ناسیۆنالیزم هۆکاری یەکگرتوویی ئێمەیە. لە بەرانبەر زۆرینەی تورکدا، پێکهاتەکانی تر هیچ چەشنە نفووزێکیان نییە. ئێمە بەهەموو نرخێک دەمانەوێ دانیشتوانەکانی وڵاتی خۆمان بکەینە تورک. ئێمە ئەوەی دژی تورک و تورکیزم بوەستێتەوە لەناوی دەبەین. ئەوەی ئێمە لای ئەو کەسانە بەدوایاندا دەگەڕێن کە دەیانەوێ خزمەتی

95. M.Kiimmarer & M. Barthou, Turkisme, chauvinisme et nationalisme dans la presse turque, 14 settem-bre 1934, n. 347, “AE Levant, 1918-1920", vol. 603, & R.N. Bali, Cumhuriyet Yillarinda Türkiye Yahudileri. Bir Türklfitirme Serüveni (1923-1945), Istanbul, Iletifiim, 2000.

ولآت بکەن، پێش هەموو شتێک تورکبوون و تورکایەتییە»[٩٦]

هەرچی مەحموود ئەسعەد "بۆزکورت"، وەزیری دادپەروەرییە لە ساڵی ١٩٣٠، لەناو گەرمەی شۆڕشی ئاراراتی کورد لە ستوونەکانی ڕۆژنامەیەکی کەمالیستیدا ڕای خۆی دەردەبڕێ:

«بیروڕای من بەم شێوەیەی خوارەوەیە: هەموو دۆستان، دوژمنان و چیاییەکان دەبێ باش بزانن کە سەرداری ئەم ولآتە تورکە. ئەوەی تورکی پاک نەبێ هیچ مافێکی تری لە نیشتمانی تورکدا نییە، جگە لە مافی خزمەتکاری و مافی کۆیلەبوون نەبێ. ئێمە لە ولآتێک داین کە لە هەموو ولآتەکانی جیهان ئازادتر دەژین و ئەم ولآتە ناوی تورکیایە. لە هیچ کوێیەکی جیهان شوێنێکی ئاوها لەبار نییە کە ئەندام پەرلەمانەکانی بیروڕای تایبەتیی خۆیان ئاوا دەرببڕن، بەجۆرێک کە من هەستەکانی خۆم ناشارمەوە»[٩٧].

جا ئەگەر ئیسلام وەک یەکێک لە تێرمەکانی ناسنامەی نیشتمانی وەک پێوەرێک کە "ئێمە" لە "ئەوانی تر" یان لە "ئەوان" جیا دەکاتەوە فەرامۆش نەکرابێ، ئەوا دەبێ پێوانەی زمانەوانی دوو هێندە بگرین کە ژمارەیەکی موسڵمانی کۆچکردوو بۆ تورکیا کە بە تورکی قسە ناکەن دەخاتە ناو ڕەوشێکی تەواو ئەستەمەوە. بەڵام کۆششی بە تورکیکردن هەر تەنیا لە ئاستی سەپاندنی زماندا ناوەستێ: بگرە بەهەمان شێوە بواری مێژووش دەگرێتەوە. وەک ئێتیان کۆپێکس[٩٨] نیشانی دەدات، مێژووی هەموو ئەنادۆڵ بە تورکی کرا و نووسەرانی کەمالیست هەموو کۆششێک دەکەن بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدەن کە بنچینەی تورکی ئەم ناوچەیە سەرەتا بۆ چەندین

96. E. Lindsay à Chamberlain, Constantinople, 28 aprile 1925. FO E 2634/194/44.

97. “Milliyet”, 19.09.1930.

98. Copeaux, E., Espaces et temps de la nation turque. Analyse d'une historiographie nationaliste (1931-1993), Paris, CNRS, 1997 & Copeaux, E., Une vision turque du monde à travers les cartes de 1931 à nos jours, Paris, CNRS, 2000.

هەزارەی ساڵ، پاشان بۆ هەتاهەتایی دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە ئەنیستووتی تورک بۆ مێژوو و ئەنیستووتی تورک بۆ زمان، یەک لە دوای یەک لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٣٢ دامەزران کە، تورکیبوونی هەموو شارستانییەتەکانی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا (هیت، سۆمەر...) ڕادەگەیەنن و پاشان نیو دەرزەنێک کۆنگرەی مێژوویی و زمان دەبەسترێ کە ڕێگە بەم دوو ئەنیستووتە دەدات زیاتر دوورتر بڕوات بۆ دروستکردنی تێزی تورک بۆ مێژوو و تیۆریای زمانی-خۆر[٩٩]، یەکەمیان "بەڵگەنامەی حاشاهەڵگر" لەبارەی بنچینەی تورکیبوونی مرۆڤایەتی هەموو شارستانییەتەکان بەدەستەوە دەدات و دووەمیان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەموو زمانەکانی جیهان تەنیا وەرگێراوێکی شێواوی سادەن کە، بێگومان لە زمانی "خۆر" لە تورکییەوە وەرگیراون. هەر لە ساڵانی ١٩٣٠، لەژێر دنەدانی دوکتۆر (پاشان پرۆفیسۆر) ئەفەت ئینان، کچی بەخێوکراوی موستەفا کەمال و موریدی تیۆرسینی ڕەگەزپەرست یۆژین پیتاردی (سویسرایی)، ناسیۆنالیزمی کەمالیست بەرەو لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستانەی تورکایەتی هەڵخلیسکا[١٠٠]. کورسیی ئانترۆپۆلۆجی کۆلێجی پزیشکی، لەژێر چاودێریی شەوکەت عەزیز قامشو، لە ساڵی ١٩٣٧ "بە فەرمانی ئەتاتورک" دەستی کرد بە پشکنینێکی بەرفراوانی "ئەنترۆپۆمێتریکی"* لەسەر ٦٤,٠٠٠ "جووتیاری تورک" بۆ ئەوەی دواجار لە ڕێگەی کەللەسەری "پان" یان بنچینەی ئاریایی "ڕەگەزی تورک"[١٠١] دیاری بکەن.

وەک موستەفا کەمال - خۆی، لێکۆڵینەوە کەمالیستەکان لێ نەگەڕان

---

99. I. Befiikçi, Türk Tarih tezi-Günefi Dil Teorisi ve Kürt Sorunu, Ankara. Komal, 1977; B. Ersanli-Behar, Iktidar ve Tarih. Türkiye'de “Resmi Tarih” Tezinin, OIufiumu (1927-1937), Istanbul, Afa, 1992.

100. H. Bozarslan, “Le kémalisme et le problème kurde”, In H. Hakim (dir), Les Kurdes par-delà l'exode, Paris, L'Harmat-tan, 1992, pp. 63-89.

* ئەنترۆپۆمێتریکی: Anthropométrique زانستی پێوانەی جەستەی مرۆیی

101. I. Befiikçi, Türk Tarih tezi-Günefi Dil Teorisi ve Kürt Sorunu, Ankara. Komal, 1977.

تارمـاییی گومـان بکەوێتـە سـەر نیـازەکانیـان: دەبێ ترادسیـۆنی مێـژوویی خـاوەنداریتیـی ئەنادۆڵ لە بەرچاو بگیرێ. ئـەفـەت ئینان لە ڕاگەیاندنێکدا کە باسی تەلیحی هاتنی تورکەکان دەکات بۆ ئەنادۆڵ لە سەدەی یازدەمدا، ئەوە دەستنیشـان دەکات کە: "زارۆکی تورک نابێتـە سـەرداری ڕاستـەقـینەی ئەم وڵاتە ئەگەر [وا بیر بکاتەوە] کە تەنیا لەوەتای مێژوویەکی نزیکەوەیە کۆچی کردووە. ئەم بیرۆکەیە لە ڕووی مێژوویی و زانستییەوە هەڵەیە. ڕەگەزی تورکی سەرچکۆڵە ئەو نەتەوەیە کە یەکەمین دەوڵەتی لە ئەنادۆڵ دامەزراندووە"[١٠٢].

ئەگەر دەسـەڵاتی کەمـالیستی وازی لە پان تورانیزم هێنا و خـۆی دڕدۆنگ نیشـان دەدا لـە بەرامبـەر ناسیـۆنالیستـە یەکەتیخـوازەکان، ئەوە کەمتر لەوە خـەیاڵدانی نـەتەوەی تورکیـان دنـە نەدەدا "کـە ئـاوها ئامـادە کـرابـوو دەست بەسـەرداگرتنی هەمـوو جیـهـانی لە دڵدا بێ". موستـەفا کـەمـال تورک بەو "نەتەوەیە ناو دەبات کە وەک چەک دروست کراوە". ئەم باڵادەستییە بەگوێرەی بەهشێت کەمال چاغلار، یەکێک لە شاعیرە فەرمییەکانی دەسەڵات، بەوەی کە تورک دەکـات بـە"ڕەگـەزێک کـە شـایانی خـوایەتی بێ کـە ڕۆژێک سـەرلەنوێ ئەوروپا لە بەرامبەریدا سەر دادەنەوێنێ"[١٠٣].

بێگومـان کـوردەکان قوربـانیی سـەرەکیی ئـەم سیاسـەتە ناسیـۆنالیستـییـە بوون. بەرگـریکردنیـان کە لە چەندین شـۆڕشـی نەپسـاوە خـۆی نواندووە، کە پاڵنـەرەکـەی هەر تەنیـا بەچوونـە ناو ناسـیـۆنالیـزمـی کـورد لێک نادرێتـەوە. دابەشکردنی کوردستانی عوسمـانی لەنێوان تورکیـا، عێراق و سووریا وەک خیانەتی موستەفا کەمال دادەنرێ بەرانبەر ئیلتیزامەکانی خۆی، وازهێنان لە برایەتیی کورد–تورک کە لەناو ئەو نـامە زۆرانەدا دای ڕشـتبـوون کە لە کاتی شـەڕی سـەربەخـۆییدا بـۆ سـەرۆکـەکـانی کـوردی دەناردن، هەڵوەشـاندنەوەی

102. I. Befiikçi, Türk Tarih tezi-Günefi Dil Teorisi ve Kürt Sorunu, Ankara. Komal, 1977.

103. M. Kaplan, I. Enginün, Z. Kerman et al., Atatürk Devri Türk Eedebiyati, Ankara, Kültür Bakanligi, 1982, pp. 1133-1154.

خەلافەت و ڕیفۆرمەکانی بواری ئاینی ژمارەیەک کوردی ناسیۆنالیستیان قەناعەت پێ هێنا کە چیی تر برایەتی لەگەڵ تورک بەردەوام نابێ و دەبێ ئیتر لەوە بەدوا چارەنووسی خۆیان و دواتر چارەنووسی ئیسلامیش بگرنە دەست[١٠٤]. چەکدارکردنی سنوورەکان کە کوردەکانی بەسەر چەندین دەوڵەتدا دابەش دەکات و ئەنقەرە وەکو بەربەستی پارێزگاریی ئابووری، ناسنامە و شەرەفی نەتەوەییی تورک تەماشای دەکرد، بەهەمان شێوە کوردە بەسیاسیکراوەکانیشی پاڵ پێوەنا بۆ ناو خەباتی چەکداری. شۆڕشەکانی کورد دوو شێوە ئۆپۆزسیۆنی بەخۆیەوە گرتبوو: ئۆپۆزسیۆنی ئەنتێلگێنسیای کوردیی ڕۆژئاوایی کە چاوی بڕیبووە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی و ئۆپۆزسیۆنی چینە" ترادسیۆنەکان" بەتایبەت هۆزەکان و تەریقەتە ئاینییەکان کە ڕەفزی ئامادەبوونی دەوڵەتێکیان دەکردەوە کە وەکو سەرکوتکار و گاور دەبینرا. لە کاتێکدا کە ئەنتێلگینسیای ناسیۆنالیست خۆی ناچار دەبینییەوە لەوەی پشت بە هێزە مرۆییەکانی ئەم چینە دەشتەکییانە ببەستێ، ئەمانەی دواییش لە ناسیۆنالیزمی کورد مۆدیلێکیان دەدۆزییەوە کە مانا بە یاخیبوونەکانیان ببەخشێ[١٠٥].

سێ شۆڕشی کورد، شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٢٥)، شۆڕشی ئارارات (١٩٣٠) و شۆڕشی دێرسیم (١٩٣٦–١٩٣٨)، بەتەواوی ڕێژیمیان هەژاند و ناچاریان کرد دەیان هەزار ئەفسەر جۆش بدات. داپڵۆسینی شۆڕشی شێخ سەعید کە پێویستی بە هاریکارییەکی سەربازی هەبوو لەگەڵ فرەنسا، هێزی مانداتێر لە سووریا، بەبێ گومان زیاتر لە ١٥,٠٠٠ قوربانی لەناو خەڵکی

104. M. van Bruinessen, Agha, Cheikh and State. The Social and Poli-tical Structures of Kurdistan, London, Zed Press, 1992; H. Bozarslan, Entre le nationalisme et la 'umma: l'islam kurde au tournant du siècle, Amsterdam MERA, Occasional Papers, 1992.

105. H.Bozarslan, “Tribus, confréries et intellectuels : convergence des réponses kurde au Kémalisme” , In. S. Vaner. (dir.), Modernisation autoritaire en Turquie et en Iran, Paris, L'Harmattan, 1991.

مەدەنی لێ کەوتەوە[١٠٦] کە، موستەفا کەمال بە"شەڕی نموونەیی"[١٠٧] باسی دەکات " بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکدا، درێژەی پێ دەدا، ئەفسەرەکانمان شەڕ بۆ بیروباوەڕیان، بۆ ئامانجێکی پیرۆز دەکەن". سەرکوتکردنەوەی شۆڕشی ئارارات کە خەباتگێڕانی ئەرمەنی تاشناق (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی)یش بەشدارییان تێدا کرد، بەگوێرەی چاپەمەنیی تورک، شێوەی لەناوبردنێکی بەکۆمەڵی گوندە کوردییەکانی بەخۆیەوە گرتبوو[١٠٨]. ئەم داپڵۆسینە پشتی بەهاریکارییەکی توندوتۆڵی نێوان تورکیا، بەریتانیای فەخیمە، ئێران و یەکەتیی شوورەوی بەستبوو. دواجار داپڵۆسینی شۆڕشی دێرسیم کە بەدوای یاسای (١٩٣٥) هەڵگیرسا کە سووک و ئاسان داوای ڕاگوێزانی ناوچەی دێرسیمی دەکرد، بەگوێرەی مارتن ڤان بروێسن[١٠٩] ڕەهەندێکی تەواو جینۆسایدی بەخۆیەوە گرتبوو کە وەک " شەڕی سەربەخۆیی ناوخۆ" پێشوازیی لێوە کرا[١١٠].

دەسەڵاتی کەمالیزم لە واقیعدا بەنیشانەی پارچە پارچەبوونی تورکیا تەنگەتاو بووبوو. سەرکوتکردنی بەرگریی کورد بۆ کۆتاییهێنان بەم بەڵایە وەکو ڕەوشی پێویست چاوی لێ دەکرا. ئیتر لە ساڵی ١٩٢٥ شێخ سەعید و هاوڕێیەکانی لەدار دران نەک تەنیا لەبەرئەوەی چونکە شۆڕشیان کردبوو، بگرە بۆ ئەوەی باجی گوناهی "جیاخوازە" دانیشتوانە موسڵمانەکانی تریش بدەن. کردەی حوکمدانەکە لە ڕاستیدا ئەوەی تێیدا هاتووە:

«هۆیەکان و بنچینەکانی دوایین شۆڕش کە لە هەرێمە

106. Khoybun, Les masmcres des kurdes en Turquie, Il, Le Caire, Khoy-bun, 1928.

107. T.Z. Tunaya, Türkiye'de Siyasi Partiler, Istanbul. iletifiim, 1952, p. 169.

108. “Milliyet”, 16.07.1930.

109. Genocide in Kurdistan? The Suppression of the Dersim Rebellion In Turkey (1937-1938) and the Chemical War agaimt the Iraqi Kurds (1988), In M. van Bruinessen, Kurdish Ethno-Nationalism versus Nation-Building Sta-tes, Is-tanbul, Isis, 2000, pp. 67 -96.

110. F.Bulut, Belgerle Dersim Raporlari, Istanbul, Yèin, 1991, p. 233.

ڕۆژهەڵاتییەکانی نیشتمانی سەرمەدی تورک هەڵگیرسا هاوشێوەی ئەوانە بوو کە لە ڕابردوویێکی زۆر دوور لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا کە، لە سێ لاوە بەرەگەزی غەیرە تورک و نامسوڵمان دەورە درابوون، ئەوانەی کە وێڕای برایەتییەکی پێنج سەدە، ئەلبانیاییەکانیان گەیاندە ئەوەی کە لە پشتەوەڕا لە دەورانی شەڕی بالقان لە تورکیا بدەن، کە تورکیا هەموو کات سۆز و خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ هاونیشتمانییەکانی هەبوو [....] ئیدیال و ئامانجێک کە شۆڕشی کوردی لێوە سەرچاوەی گرتووە، هەمان ئەو ئامانج و ئیدیالەن کە سووریا و فەلەستینی دابڕی».

«بڕێک لە ئێوە بە ڕێنوێنیی خۆپەرستیتان، بڕێکی ترتان بە ئامۆژگاریکردنی بێگانە و چاوتێبڕینی سیاسی، بەڵام هەمووتان لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش ئەوەیە بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ چوونەتە پێش. ئێوە لەسەر پەتی سێدارە نرخی ماڵە رووخاوەکان و خوێنە ڕژاوەکان دەدەنەوە»[١١١].

لە دوای داپڵۆسینی شۆڕشەکان، کەچی دەسەڵات بەتایبەتی پشتی بەتواندنەوەی کورد و بە تورکیکردنی کوردستان بەستبوو. بە دەیان ڕاپۆرتی ناوەخۆ لەلایەن موفەتیشەکانی وەزارەتی ناوەخۆ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ و ١٩٣٠[١١٢]دا ئامادە کران. ئەم ڕاپۆرتانە تورکیایان دابەشی سەر دوو ناوچە کردبوو: باکور و باشووری فورات، یەکەمینایەتی درابووە باکور کە دەبوو بەتەواوی لە هەموو پێوەندییەک لەگەڵ کوردایەتی بپارێزرێ. هەرچی تایبەت بوو بە ناوچەی دووەم بە ئاشکرا وەکو ناوچەی کوردەواری ددانی پێدا نراوە، کە هەموو شتێک دەبێ بکرێ بۆ گەیشتن بۆ داماڵینی لە کوردایەتی

111. Khoybun, Les massacres des kurdes,op.cit.

112. M.Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri. Gizli Bel-geler - Arafitirmalar - Notalr, Ankara, Öz-Ge, 1993; &., M.Bayrak, Açık-Gizli / Resmi Gayriresmi Kürdoloji Belgeleri, Ankara, Öz-Ge, 1994.

بەڕاگوێزانی کوردەکان و جێنشینکردنی کۆلۆنییە تورکەکان. ئەم سیاسەتە بەوە گەیشت یاسای ئیسکانی (٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٤) لێ بکەوێتەوە کە ئامانجی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانە کولتوور تورکەکان بوو لە ناوچە کوردەوارییەکاندا[١١٣].

"کەمینە نەتەوەکان دەبێ یان وەکو کۆلۆنی جیا لە جەستەی نیشتمانی بەڕێوە ببردرێن یان خۆیان وەک هەمان جەستە نیشان بدەن" ڕووناکبیری کەمالیست هـ. ف. ئەلاسیا[١١٤] ئاماژەی پێ دەدات. بەڵام ئەگەر کوردەکان، کە نکووڵی لە بوونیان دەکرێ، ستاتووی کەمینە نەتەوەییشیان نەبێ، ئەوا بە ڕاستی وەکو "کۆلۆنی" لەلایەن دەسەڵاتی کەمالیستییەوە بەڕێوە دەبردرێن. دەبوو کوردستان بخرێتە ژێر چاودێریی سێ "موفەتیشی گشتی" کە تەنیا لە بەرامبەر سەرۆکی نەمر بەرپرسیار دەبن. ئەگەر ماڵەکانی گەل بەلێشاو تێیدا دەکرانەوە، ئەوا حزبی تاقانە بەتەواوی ون بوو، موفەتیشە گشتییەکان بەتەنیا دەسەڵاتیان پێ درابوو کە وەزیفەی سیاسی بەڕێوە ببەن[١١٥].

کردەی زۆرەملێ زۆربەی جار زەبروزەنگێکی نائاساییشی لەگەڵ دابوو[١١٦]. بۆ ئایدیۆلۆجیستە کەمالیستەکان، ئەو جووتیارانەی کە پێیان دەڵێن کورد، لە واقیعدا بەبنچینە تورکن و لەلایەن "دەرەبەگە کوردەکان" چەوسێنراونەتەوە و زمانی خۆیان لەدەست داوە. هەرچی سەبارەت بە کوردایەتی بوو وەکو ئێتنۆ-کلاسێکی زوڵمکار و کۆنەپەرست پێناسە دەکرا کە تەجسیدی هەڵگەڕانەوەیەکی بۆماوەیی نێگەتیڤ لە دەرەوەی زەمەن دەکات، تەواو بەپێچەوانەوەی هەڵگەڕانەوەی بۆماوەیی پۆزەتیڤ کە تورکەکان جیا

113. i. Besikçi, Kürtlerin Mecburi Iskanı, Ankara, Yurt, 1991 Cf. aussi,"Loi sur l'Installation", Resmi Gazete, n˚2773 du 21.6.1934, traduction française in CHEAM, n˚60. 1934.

114. H.F. Alasya, I. Bafigöz, H.E. Wilson, TC.'de Egitim ve Ata-türk`te be-lirtilmifitir, Ankara, 1968, p. 215.

115. M. Tunçay, Türkiye Cumhuriyeti'nde, op.cit.

116. M.Yegen, Devlet Söyleminde Kürt Sorunu, Istanbul, Iletifiim, 1999.

دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ڕوحی سەربەخۆخوازی، شارستانی، شۆڕش و یەکسانیخوازی فەزیلە سروشتییەکانی تورکایەتی پێک دەهێنێ، کەچی کۆیلەبوون، بەربەریەت، کۆنەپەرستی و نایەکسانیی بەها غەریزەییەکانی کوردایەتی پێک دەهێنن[117]. بەڵام تەنیا هەر کوردەکان ئامانجی ناسیۆنالیزمی دەوڵەت نەبوون. بگرە گریک، ئەرمەن و عەرەبەکانیش ناو بەناو وەکو "دوژمنانی ناوەوەی" تورکیا ئاماژەیان پێ دەکرا. موسڵمانە یۆنانی زمانەکان کە لە یۆنانەوە دەرکرابوون، ئەوانیش وەکو "دوژمنی بەهێز" وەسپ دەکران. "ئەگەر لە دواڕۆژدا ڕەوشەکە جێگیر بوو و پێوەندی لەنێوان هەردوو بەرەی دوورگەکان جێگیر بوو– حەمدوڵلا سۆفی، سەرۆکی ماڵی تورکان، لە ١٩٢٥دا دەنووسێ – و ئەگەر [موسڵمانەکانی] یۆنانی زمان [لە تورکیا] کەوتنە پێوەندی گرتن لەگەڵ جەماوەری دوورگەکانی یۆنان، ئەوسا ئێمە هیچ وەسیلەیەکمان نابێ بۆ خنکاندنی bogmak ئەم زمانە بێگانەیە"[118].

بەهەمان شێوە جوولەکەکان، وەک ئەوەی لێکۆڵینەوە تازەکان دەری دەخەن، بەتایبەت لێکۆڵینەوەکەی ڕیفەت بالی بە زمانی تورکی دەری دەخات کە جوولەکەکان وەکو "هەڕەشە" نیشان دراون و بوونەتە ئارمانج، لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ڕێوشوێنی زۆر توند گیراونەتە بەر بۆ قەدەغەکردنی ئازادیی سووڕانەوەیان لە ئەنادۆڵدا. ڕۆژنامەکان، بگرە هەروەها بەرپرسە کەمالیستەکانیش بەهەمان شێوە بەیەک جۆر پەنایان بۆ ئاخاوتنی ئەنتیسێمیتی (دژە جوولەکەیی) بردووە. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠، جوولەکەکان (وەک ئەرمەنی و یۆنانی و... هی تر) لە دامەزراوە گشتییەکان و لەناو شارەوانییەکاندا کارەکانیان لە دەست دەدەن (ڕۆژنامەکان کە ئەم لەسەر کار لابردنانە باس دەکەن ئەوە تێبینی دەکەن کە ئەم پۆستانە لەوە بەدوا تەنیا تەرخانی "موسڵمانەکان" دەبێت)[119].

117. Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mü-cadeleleri, cit.; &., Açik-Gizli, cit.

118. H.S. Tanriöiver, Dag Yolu, Ankara, Kültür ve Turizm Bakanligli, 1987, p.83.

119. R.N.Bali, Cumhuriyet Yıllarında Türkiye Yahudileri, op.cit.

هەڵکشـانی ئەنتیسـیمێتیـزم لە ئەوروپا هێشـتا ڕەوشی کۆمـیۆنیـتەی جوولەکەکان لە تورکیا خراپتر دەکات. «تەواوی جیـهـان دەزانێ "ڕۆژنامـەی وەتەن" زۆر پێش گەیشـتنی هیـتلەر بۆ دەسـەڵات (لە ٢٥ی حـوزەیرانی ١٩٣١) دەنووسـێ» ئێـمـە دوورین لە ڕقی ڕەگـەز و ڕەنگ. ئێـمـە خـۆمـان لـە بەردەم پێـویسـتیـی داکۆکـیکردن لە خـۆمـان دیوەتەوە دژی ئەوانەی خـیـانەتیـان لێ کردین. هەرچی تایبەتە بە حوکمدانی ئەوەی ئەگەر ئەنتیسیمێتیزم لە ئەڵمانیا بە ڕاستی پێویستییەک بووبێ بۆ داکۆکیکردن لەم جۆرە خەڵکانە، ئەوا بۆ ئەو مرۆیانە دەگەڕێتەوە کە چارەنووسی یەکێک لە گەورەترین گەلان و یەکێک لە گـەورەترین دەوڵەتانی جیـهـانیـان لـە بەردەسـتـە کـە ئەوان دەبێ ڕای خـۆیان دەرببـڕن"[١٢٠]. لە کـاتێکدا ئەگـەر دەسـەڵاتکارانی تورک خـۆیان لە هەمـوو "دەسـتـێـوەردان"ێک لە "کـاروباری ناوەخـۆی ئەڵمـانیـا" دەپارێزن، بەڵام ئەنتیسـمێتیزم لە تورکیا هەتا وەک " پێویسـتییەکی داکـۆکی لەخـۆکردن" دەبینین. لە سـاڵی ١٩٣٤، ڕاسـتـیـیـەکـەی، هەڵمـەتێکی ئەنتـیـسـێـمـیـتی بەزەبروزەنگ دژ بەو "جـوولەکانەی کە ڕەتیان کردەوە بەتورکی قسـە بکەن" لە ئەزمیر و تراس (ئەدرینە، چانەکەلە، ئۆزینکۆپرو، کیرکلارلی...) بەڕێوە چوو. حکوومەت لێ گەڕا پیلانگێڕەکان، بەتایبەت جەواد ڕەفعەت ئەتیلهان، نهال ئەدسیز، هەردوو گەورە شەیدای هیتلەر، بێ هیچ لێپێچینەوەیەک هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام بڕیاری دا لەبەر هۆی "ئاسایشی نیشتمانی" و بۆ "پاراستن" یان، جوولەکەکانی تراس[١٢١] بە کۆمەڵ وەدەر بنێ. هەڵمەتی ئەنتسیمێتیزم کە بەشێوەیەکی لاوەکی دیاربوو تاوەکو ساڵی ١٩٤٤ هەر بەردەوام بوو.

120. “Vakit” 25.06.1931, cité par “Bulletin périodique”, N°. 85. 21.06-01.08.1931.

١٢١. لە کونسوڵی گشتیی ژان بیگیون بیلیکۆک (سمیرنا) بۆ وەزارەتی هەندەران لە ٣ی ئابی ١٩٣٤ لە "AE Levant" ١٩١٨ – ١٩٤٠، بەرگی ٦٠٣ هەروەها لە
Bali, Cumhuriyet Yıllarında Türkiye Yahudileri, op.cit.

## بەرگرییەکان

یەکێک لە کتێبە کورتە باسەکانی شۆڕشی کەمالیست کە لەلایەن ڕەجەب پێکەر، سکرتێری گشتیی پارتی و وەزیر نووسراوە ئەوە دەستنیشان دەکات کەوا شۆڕشی کەمالیستی بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات دەبێ لە هەموو شۆڕشەکانی تر زیاتر پەنا بۆ زەبروزەنگی زیاتر ببات[١٢٢].

زۆر خۆشبەختانە کە دەسەڵاتی کەمالیست وەسیلەی بەقەد خواستەکانی نەبوو. وێڕای ئەوەی کە وەسیلەکانی بێ شومار بوون کەچی ساتەوەختەکانی زوڵم و زۆر لە دەرەوەی کوردستاندا دەگمەن بوون. زۆربەی جار دەوڵەت نەیدەتوانی نە پێشبینی، نە سەرکوتکردن و نە هەتا لە هەندێک باردا، جێگەی ئەو بەرگرییانەش دیاری بکات کە ڕێک دەخران. بڕێک لەم بەرگرییانە بە زەبروزەنگ بوون: لە چەند تێهەڵچوونەوەدا ئاشووب لە شارگەلێکی وەک سیواس و ڕیزەدا ڕوویان دەدا. لە ساڵی ١٩٣٠، ڕووداوێکی مەهەدییزم لە مێنمەن[١٢٣] ڕووی دا بەبێ ئەوەی دەسەڵات بتوانێ پێشبینیی وەدیارکەوتنی "ئەم ڕەوتە شۆڕشگێرانە"یە بکات[١٢٤]. لە چەپڵە لێدانی ئامادەبووان کە ئاهەنگی "مەرگی کۆمار"یان دەگێڕا، شۆڕشگێڕەکان مولازمێک کە لە بەرچاویاندا تەجسیدی دەوڵەت بوو سەریان بڕی (موستەفا کەمال بڕیاری دا شارەکە وێران بکەن، بڕیارێک کە لەلایەن عیسمەت ئینینۆ، سەرۆک وەزیران جێبەجێ نەکرا. بیست و نۆ کەس، لەوانە جوولەکەیەک لەگەڵ ئەوانەدا کوژران). چەندین ڕەوتی میللێناریستی تر، بێگومان بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر زەبروزەنگ ئەنادۆڵیان شێواندبوو. چەند گرووپی "ڕێگر" چەند بەڵگەنامەیەکی قەرزنامەیان سووتاند و لەسەر ڕێگەی خۆشیاندا خێزانێک کە

122. R.Peker, Inkilâp Ders Notları, Istanbul, Iletifiim, 1984, p. 42.

123. H. Bozarslan, “Le mahdiIme en Turquie.' "l'incident de Menemen" en 1930, In “Revue des mondes musulmans et de la Méditerranée”, 2002, n. 91-94, pp. 297 - 320

124. H.Kivilcimli, Müttefik: Koylü, Stockholm, Arfiiv, 1980.

جیا بووبوونەوە ئاشتیان کردنەوە، بەهەمان شێوە لەناو بەشێکی گەورەی وڵاتدا ڕەوتاریانیان دەکرد. وەک گاڤین. د. برکێت ئاماژەی پێ داوە دوور لەوەی ئەم بەرگرییانە کەم بکرێنەوە بۆ " بیرەوەریی گرووپگەلی کۆنەپەرست" وەک ئەوەی مێژوونووسیی کەمالیستی هێشتا لە ڕۆژی ئەمرۆدا نیشانی دەدات، دەکرێ ئەم بەرگرییانە وەک چەندین فۆرمی چالاکیی کۆلەکتیڤی بەشێکی دانیشتوان تەماشا بکرێن[١٢٥].

وێڕای چالاکیی ماڵی تورکان و پاشان ماڵی گەل، چوونە ناوەوەی گەنجان، ڕووناکبیران و بەدەر لە دانیشتوانی شارنشین بۆ ناو شۆڕش وا دیارە هەر هیچ نەبێ لە قۆناغی یەکەمدا زۆر لاواز بووە. لەبارەی پرسیاری " چ شتێک بۆ ئێوە لە هەموو شتەکان پیرۆزترە؟" کە کۆوارێک پرسیاری لێ کردبوون، لە ٢٪ی گەنجانی پرسیار لێکراو لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەستەمبوڵ وەڵامی "مافەکانی مرۆڤ و ئەنتەرناسیۆنالیزم"، ٢٠٪ "ئیدیالێک"، ٤٠٪ "شەرەف"،، ٤٠٪ "ئاین و قورئان"، تەنیا لە ٥٪یان "نیشتمان" و لە ١٠٪یان "نەتەوە"[١٢٦]یان وەڵام دابووەوە. لە ساڵەکانی ١٩٣٠، لە کاتێکدا کە بەشێکی گەنجەکان لەگەڵ کۆماردا گەورە بوون، لەوە بەدوا بەگوێرەی بیروڕایەکانی کەمالیزم خۆیان دەناساند و بەحەماسەتی "شۆڕشگێڕی" دەناسرانەوە، ژمارەیەک ڕووناکبیر لە "مەنفای ناوەوەدا" دەژیان، کە واتای سەرکزۆلکردن یان هاوگونجانێکی ڕواڵەتی بۆ چاکتر شاردنەوەی باوەڕی ناوەوەی دەگەیاند. هەتا هەندێک لە بیرۆکراتە سیڤیل و عەسکەرییەکان موریدی تەریقە ئاینییەکان بوون گەرچی قەدەغەش بوون[١٢٧]. زانکۆ پڕ بووبوو بەو پرۆفیسۆرانەی کە بەهیچ کلۆجێ

125. G.D.Brockett, Collective Action and the Turkish Revolution: To-wards a Framework for the Social History of the Atatürk Era, 1923-1938, In S. Kedourie (dir), Turkey before and after Atatürk. InternaI and External Affairs, London, Frank Cass, 1999, pp. 44-66.

126. A. Dilipak, Bir Balka Açıdan Kemalizm, op.cit.

127. Y. Türel, "Onda Aradıgımiz VeIî`yi Bulduk", In “Islam Dergisi”, 1996, n. 159.

فریوخواردی تیۆری کەمالیستی بۆ مێژوو و زمان نەبوون، ئەوانە "بایکۆتی" کۆنگرە زانستییەکانیان دەکرد، یان هەوڵیان دەدا لەسەر بابەتگەلێکی کەمتر ترسناکتر کار بکەن (یەکێک لەوانە مێژوونووس ئەحمەد ڕەفیق ئالتنای بوو کە ناچار کرا لەسەر مێزی شەرابنۆشینی سەرۆکایەتیدا "دان" بە"نەزانی"ی خۆیدا بنێ لەبارەی مێژووەوە)[128]. هەر زۆر زوو بەڕاستیش لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی زۆر کەسی ڕووناکبیر دەستیان کرد بەوەی خۆیان وەک: disconnectus erectus چەشنێکی *سەمەرە* ببینن ئەو تێرمەی کە لەلایەن نووسەری ڕۆمانسی ئۆگوز ئاتای داهێنرا، ئەوانە لەبەر بێدەسەڵاتی سەریان بەلایەکدا کز کردبوو و مەحکووم بوون بەلەناوبردن[129].

دواجار مەنفای ناوەوە شێوەی خۆکێشانەوەی پەنهانیی تەریقە ئاینییەکانی بەخۆوە گرتبوو، کە لە یەک کاتدا لەلایەن گەل و بە لێشاویش ئەنتێلگینسیای گرتبووەوە، وەک ئەوەی "نان بە پارچەی بچووک بخۆن" (وەک نیشانەی خاکیبوون) و " دانیشتن لەسەر زەوی" لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا[130]. بەهەمان شێوە کۆمیۆنیتە ئاینییەکان لەگەڵ ناوەندە تەریقەچییەکان سەرکەوتووانە لەناو دانیشتوانە شارنشینەکاندا بەدیار دەکەوتن. ئەگەر ئەمانە هەموویان پێکدا هەڵپرژانێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەسەڵات ڕەت دەکردەوە، بەڵام کەمتر ڕایەڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، ڕایەڵی هاریکاریی ناوەخۆیان پێک نەدەهێنا لە ڕێژیمێکدا کە تەواوی کەشوهەوای بینینی مۆنۆپۆلیزە کردبوو، بەیەک "کارتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" وەڵامی دەدایەوە[131]. بەم شێوەیە ڕەوتی نوورسی، کە لە ساڵەکانی ١٩٣٠ لەلایەن پیاوی ئاینیی کورد،

128. M. Gökman, Tarihi Sevdiren Adam. Ahmed Refik Altınay, Ankara, I_ Bankasl, 1978.

129. O.Atay, Tutunamayanlar, Istanbul, iletifiim, 1973, diverse éditions.

130. H.Kıvilcımlı, Müttefik: Koylü, op.cit.

131. S.Mardin, Religion and Social Change in Modern Turkey. The Ca-se of Bediüzzaman Said-i Nursi, Albany, State University of New York Press, 1989, p. 231.

سـەعـیـد کـورد (نـازنـاوی سـەعـیـد نوورسی) دامـەزرا کـە بەتایبـەتی چینە ناوەڕاسـتـەکـانی شـارنشـینی خـاوەن ڕەوتی ئاینیی گرتبـووەوە، پارەلێل وەک کۆمـەڵەیەکی ڕاسـتـەقینە خـۆی هێنایە پێشـەوە کە دەسـەڵاتی سیاسـی هەرگیز هـەوڵی هـەڵوەشـانـدنـەوەی نەدا. ئەوەیان تـەنیـا نەبوو. ڕەوتـی سـولێـمـانـجی و ئیشـقـچی کە لە دەورانی کەمـالیسـتیدا گەشـەیان کرد بۆ ئەوەی بەشوێنییەوە بچن و بەردەوام بن.

**کەمالیزم، کەمالیزمەکان**

نە " سێیـەم جەمـسـەری " جیـهانێکی ئەنـتی دیمۆکراتیک وەک ئەوەی بۆ خـۆی وێنای کردبوو، نە "دیمۆکراتیک وێڕای هەمـوو ئاسـتـەنگێک (و وێڕای خـەوشـە کەسـیـیـەکـانی مـوسـتـەفـا کـەمـال خـۆیشـی)" وەک ئەوەی سـتـایـشکارەکانی لە ڕۆژی ئێسـتـەمـاندا دەیخـەنە ڕوو، کەمـالیـزم تەنیـا ڕێژیمێکی ملهوڕ بوو، وەک تەهـا پارلا ئامـاژەی بۆ دەکـات دەکـەوێتـە شـوێنێک لەنێـوان نوسـخـەی هاوکاریخواز و فاشیستی نەقابەگەری.[١٣٢]

بەڵام لەگەڵ مـردنی لە ١٠ی نۆڤـەمـبـەری ١٩٣٨، مـوسـتـەفـا کـەمـال لە دوای خۆیەوە زیاد لەوەی کـە ئیتر ئەم ڕێژیمە سـەقامگیر بووبوو: "کتێبێکی نەمر" و "کۆمەڵێک فـەرمـوودە"ی پیـرۆزکراو و بێ چەند و چوون، بەڵام بـەپێویسـتـییـەوە نـاکـــۆکـــیـی لـە دوای خـــۆیەوە جـێ هـێـــشـت[١٣٣]. دەبـوو لەوە بـەدوا ئـەم "وەسیەتنامەیە" جێبەجێ بکرێ، بگرە هـەروەهـا لەو ڕێگەوە شـەرعیەت بەهـەموو کردەیەکی سیاسـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری بدرێ.

لە ٩ی نۆڤـەمـبــەری ١٩٨٠ بە شـێـوەیەک لە پێش بیـرەوەریی ٤٢ سـاڵەی

---

132. T. Parla, Kemalist Tek-Parti, op.cit., p. 323. voir aussi M. Tunçay, "Ata-türk'e Nasil Bakmak?", In “Toplum ve Bilim”, 1978, n. 4, pp. 86-92.

133. E. Gellner, "Flux and Reflux in the Faith of Men",In Gellner, Muslim Society, Cambridge,Cambridge University Press, 1981, pp. 58-60, & "Kemalism", In E.Gellner, Encounters with Nationalism, Oxford and Cambridge, Blackwell, 1994, pp. 81-91.

مـەرگی ئەتاتورک (و بیـرەوەریی سـەد سـاڵەی لەدایکبـوونی)، سـەروتارنووس ئۆرسـان ئۆیمـەن، بە سـتـایلێکی کـەمـێک کـاریکاتۆری، چەشنەکـانی "ئەتاتورکیستەکان" بە ئەم یان ئەو "ئایەت"ی کتێب یان ئەم یا ئەو فەرمووده‌ی سەرۆکی نەمر شەرعیەت بەخۆیان دەدەن. مامۆستایەک کە هەموو کاتەکانی خـۆی تەرخـان دەکـات بۆ هێنانەدیی خـشـتـەی هەڵوەشـاندنەوەی ئاینی بۆ قوتابییـەکانی، خـاوەنی پرۆژەیەکی شـێوە هەرەمیی پاشـەکەوت کە دەبێـتە سۆنگەی ئیفلاسبوونی موشتەرییەکانی "ئێمە کۆشش دەکەین لەوەی چەندین ملیـۆنێر، هەتا چەندین ملیاردێر"مـان هەبێ موسـتەفا کەمال دەیڵێ، پیـاوێکی بازرگـان لە کـەرتێکی تـایبـەتی و ئابووریناسـێکی "دەوڵەتکار" کـە سـتـایشی خۆماڵیکردنی هەموو پیشەسازی دەکات، شـۆڕشگێڕێکی چەپ کە لە موستەفا کـەمـالەوە ئەوە وەردەگـرێ کـە هانی تورکـەکـان دەدات بۆ خـەباتکردن "دژ بە ئیـمـپـریالیـزم و سـەرمـایەداری" و خـەباتکارێکی ڕاسـتـڕەوی توندڕۆش کـە پاساوی دوو لـە کوشتنەکانی دەهێنێتەوە لە ڕێگەی فەرمانی کەمالیستییەوە بـۆ "سـەرپـانکردنەوەی کـۆمـۆنیـزم لە هـەر کـوێیـەک تووشـی بووین"، ڕۆئاوایـیـخوازێکیش دەزانێ کە "ناکرێ بچینە ناو شـارستـانیـەت بەبێ ئەوەی ڕوو بەرەو لای ڕۆئاوا وەرنەچەرخێنین" و ئەنتی ڕۆئاوایـیـخـوازێکیش ئەوەی لە بیرە کە ئەوانەی بەشوێن ڕۆئاواوەن تەنیا "کەرگەلی بەدبەختن"[١٣٤].

لە ڕاسـتـیـدا مـیـراتی کـەمـالیـزم بوو بەهۆی وەدیارکـەوتنی بوارێکی سیمانتیکی کە نەدەکرا ناجۆر بێ و پەرەسـەندنی تەنیا پشت بەمەسەلەکانی پاش موستەفا کەمال دەبەستێ. تەنیا ئەگەر دەسەڵاتێکی بەهێز توانای ئەوەی هەبێ لەسەر حیسابی ئەوانی تر پێناسەی خۆی بەسەر کەمالیزمدا بسەپێنێ، سەرۆکایەتیی عیسمەت ئینینۆ یەکەمینی ئەو دەسەڵاتە بەهێزانە بوو.

134. Ö. Öymen, Atatürkçülük Muz Mudur?, In “Milliyet”, 09.11.1981.

بە مەرگی ئەتاتورک، تورکیا ئیتر وڵاتێکی سەقامگیر بوو، بەڵام وڵاتێک کە ٨٠٪ی دانیشتوانەکەی دەشتەکی بوون و تەنیا چەند سەرچاوەیەکی زۆر دیاریکراوی هەبوو. ڕاستە سیاسەتی وەبەرهێنانی گشتی کە موستەفا کەمال بە شوێنییەوە چوو، بە هەقیقەت دروستکردنی ژێرخانی وڵات بوو (بەتایبەتی لە ڕووی ستراتیجی) و پیشەسازیی قورسەوە. بەهەمان شێوە، ئەم سیاسەتە هاریکار بوو لەوەی لە ١٩٣٠ تا ١٩٣٩ ئابووریی وڵات گەشەسەندنێکی یەکتاو لە ٦,١٠٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی PIB بەردەست بخات، بەڵام ئەم گەشەسەندنە هەر زۆر بەلاوازی مایەوە. سیاسەتی هاندانی بۆرژوازی نیشتمانی لەلایەن فۆندە گشتییەکان کە برێک لە هاوڕێیەکانی موستەفا کەمال ئەو هێندە لێی سوودمەند بوون، کە پێی دەڵێن "کارگوزاریستەکان" کە لە ١,٢٠٠ پرۆژە کە زۆربەیان خێزانی بوون، ئەو سوودەی نەبوو کە ئابووریی وڵات بەگەڕ بخاتەوە. دواجار ئەنجامی تەنگژەی ساڵی ١٩٢٩ و باری ناهەمواری ئەوروپایەک کە لەسەر لێواری شەڕ بوو ڕێگەیان لە ئەنقەرە گرت بەوەی لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی دارایی کە پێویستی بوو لەناو وڵاتدا دابین بکات[١٣٥].

ڕێژیم سەقامگیر بووبوو، بەڵام دارزاش بوو. لە دوای دەمەقاڵێیەکی توند لەگەڵ موستەفا کەمال، ئینینۆ لە دانیشتنێکی "سەرمێزی خواردنەوە" کە نارازی بوو لەسەر ئیدارەکردنی وڵاتدا لە پۆستەکەی وەلانرا و ساڵی ١٩٣٧ جەلال بایار جێگەی گرتەوە. بەمەرگی "سەرۆکی نەمر" ئەوە تەنیا ئەو بوو کە وەک تاقە جێگرەوەی شیاو دیاربوو و بەپشتگیریی سوپا خۆی بەسەر سەرۆکایەتیدا سەپاند. بایار وازی لە پۆستەکانی هێنا و سەرەتا لەلایەن ڕەفیق سایدام (٢٥ی کانوونی دووەم ١٩٣٩–٩ی تەمووزی ١٩٤٢)، پاشان

135. Atatürk Döneminin Ekonomik ve Toplumsal Sorunları (1923-1938) Istanbul, ITIAMD, 1977.

شوکور ساراچوغلو (٩ی تەمووزی ١٩٤٢–٧ی ئابی ١٩٤٦) و ڕەجەب پەیکەر (٧ی ئابی ١٩٤٦–١٠ی سێپتەمبەری ١٩٤٧)، حەسەن ساکا (١٠ی سێپتەمبەری ١٩٤٧–١٦ی کانوونی دووەم ١٩٤٩)ە شەمسەدین گونالتای (١٦ی کانوونی دووەم ١٩٤٦–٢٢ ئایاری ١٩٥٠) جێگەی گیرایەوە.

دەمودەست ئینینۆ وەک سەرۆکی نەتەوەیی پێشوازیی لێوە کرا (کە ئەمە بوو بەنازناوی فەرمی). لە دیدی ڕۆژنامەکانی پارتی–دەوڵەت "دامەزرێنەری هەموو دامەزراوە نوێیەکانی ڕێژیم بوو" و دەیتوانێ "بەرووناکی باوەڕی ناوە هەژموون بخاتە سەر جەرگەی هەموو بابەتێک، گەورەترین و قووڵترین ڕاستییەکان بەدی بکات.."[١٣٦]. ملهوڕگەراییی ڕێژیم و تاکپەرستی لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بەهێزتر بوو لە کاتێکدا هەموو دەنگە نەشازەکان هاوبەش بوون وەک " تابووری پێنجەم"، پارتی–دەوڵەت کەوتە ژێر کۆنتڕۆڵی "موفەتیشەکان" کە زۆربەی جار سەر بە سەرکۆمار بوون و بووبوون بەئۆفیسی کۆمیسێری سیاسی[١٣٧].

ئەگەر سەرۆکایەتیی ئینینۆ دەورانی قۆناغێکی ساردی کردەوە کە تا ساڵی ١٩٤٥ درێژەی کێشا، بەڵام لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا باڵادەست بوو. شەڕ لە واقیعدا دەرفەتێکی نوێی بۆ ڕەخساند گەرچی ناچاریشی کرد لەوەی لەناو ڕەوشێکی نادڵنیادا ڕەفتار بکات.

لە سەرەتای شەڕدا، ئینینۆ لە واقیعدا ناچار بوو کەمێک بە وریایی مامەڵە بکات. بەم شێوەیە لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٩، تورکیا پەیماننامەیەکی لەگەڵ ئینگلستان و فەرەنسا مۆر کرد کە پێشبینیی سیاسەتێکی "بەرگریی هاوبەش"ی دەکرد لە حاڵێکدا ئەگەر شەڕ پەرییەوە ناو زەریای سپیی ناوەڕاست. بەهەمان شێوە، ٢٤ی ئاداری ١٩٤١ پەیماننامەیەکی دۆستایەتیی لەگەڵ مۆسکۆدا مۆر کرد. بەڵام لە حوزەیرانی ١٩٤١ ئەنقەرە ئاراستەی سیاسەتی خۆی گۆڕی. لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤١ بەم شێوەیە چوار ڕۆژ بەر

136. C.Koçak, Türkiye'de Milli fief Dönemi (1938-1945), Istanbul, Iletifiim, 1996.
137. C.Koçak, Türkiye'de Milli fief Dönemi (1938-1945), Istanbul, Iletifiim, 1996.

لە هێرشی لە ناکاوی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکەتیی شوورەویی تورکیا پەیماننامەیەکی "دۆستایەتی و دەستدرێژینەکردنە سەر یەک"ی نوێی مۆر کرد، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ ئەڵمانیادا. لە نۆڤەمبەری ١٩٤١، ئەنقەرە وەفدێکی نارد کە ئیتر ناکرێ چیی تر هەروەک سەرسام بوو بەفوهرەر* بمێننەوە (وەفدەکە لەژێر چاودێریی عەلی فوئاد ئەردەن بوو)، کە بەئاشکرا مفاوەزەی ئاسۆبینینەکانی داگیرکردنێکی تورکی دەکرد بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیا کە ئەو هێندە لەمێژ بوو چاوی لێ بریبوو. لە کاتی چاوپێکەوتنی لە ٢٧ی ئابی ١٩٤٢ لەگەڵ فرانس ڤۆن پاپەن، باڵیۆزی نازی لە ئەنقەرە، سەرۆک وەزیرانی تورک، شەوکور ساراچوغلو نەک بەناوی "بەرپرسێکی سیاسی" بگرە وەک تورکێک" ئەوەی لێکدایەوە کە ئەڵمانیا ناتوانێ "کێشەی ڕووس چارەسەر بکات تەنیا بە قەتڵوعامکردنی نیوەی ڕووسەکان نەبێت، بەئازادکردنی دواجاری ناوچەکانی کەمینە نەتەوەکان لەژێر نفووزی ڕووس و بەپەروەردەکردنیان وەک هاوپشتیی وڵاتانی تەوەر و دوژمنی سلاڤەکان". سەرۆک وەزیران بەتوندی حەز بە تێکشکاندنی ڕووسیا دەکات"، ئەو بەر لەوەی ئەوە زیاد بکات وتی: "ئەگەر فوهرەر [ئەم خەونە] بهێنێتە دی ئەوا دەرگەی سەردەمانێکی نوێ دەکاتەوە"[١٣٨].

ئەم نزیکبوونەوەیە پڕۆ ئەڵمانیاییە لە هەمان ئاست بوو لەگەڵ دووبارە هێنانەوە ئارای پڕۆژەی پان تورانیستییەکان کە لەژێر دەسەڵاتی موستەفا کەمالدا هەموو هەیبەتێکی خۆی لەدەست دابوو و دووبارە گێڕانەوەی حورمەتی قەڵەمڕۆی پان تورانیزم کە، لەناو چەندین ڕەوتی ڕەگەزپەرستدا بەش بەش و لەنێوان خۆیان لە دوژمنایەتیدا بوون. بەڵام ئینینۆ وانەکانی

---

* فوهرەر: Führer لە زمانی ئەڵمانیایی واتەی (سەرکردە) و (ڕێبەر) دەگەیەنێ، مەبەست لەم ناوە ئەدۆلف هیتلەرە. (وەرگێڕ)

138. Ministry of Foreign Affairs of the USSR, German Foreign Office Documents. German Policy in Turkey (1941-1943), Moscou, Foreign Languages Publishing House, 1948.

شـەڕی یەکـەمی جـیـهـانـی و هاوپەیمانێـتـیـی عـوسـمـانی- ئەڵمـانـی لە بیـر نەچووبووەوە و دەیویست تا ئەوەندەی دەکرێ درێژە بە سیاسـەتی بێلایەنانەی فـەرمیی خـۆی بدات. لە سـاڵی ١٩٤٣ەوە شکستی ئـەڵمانیـا لە سـتالینگراد کـە وەک شۆکێک بوو بۆ ئەنقەرە، ئەم سیاسەتە وا دیاربوو نرخی هەبوو. بەرەبەرە لەگەڵ بەردەوامبوونی لە ڕێگەپێدانی بەرلـین بە زیانی لەندەن بۆ بەکارهێنانی دەربەندەکان بۆ ئامانجگەلی عەسکەری، ئەنقەرە بەرەو دواوە کشایەوە. لە ٢ی ئابی ١٩٤٤ پێـوەندییـە دیپلۆمـاسـییـەکـانی خـۆی لەگـەڵ ئەڵمـانیـا بڕی. وەک نیشـاندانـی نیازپاکی لە بـەرامبـەر یەکەتیی شـوورەوی ئینینۆ بڕیاری ئەوەشـی دا کـە چـەند پان تۆرانـیـێک، لـەوانە سـەرۆکی دواڕۆژی ڕاسـتـڕەوی توندڕۆی تورک ئەلپ ئەرسـلان تورکـچـە بگرن و دادگـەییـی بکەن[١٣٩] . دواجـار لە ٢٣ی شوباتی ١٩٤٥، وازی لە سیاسەتە بێلایەنییەکەی هێنا و شەڕی دژ بەئەڵمانیا ڕاگەیاند.

**سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەکان و ئەنتیسێمیتیزم**

لە مـاوەی سـاڵە هەوەڵـییـەکـانی شـەڕدا، ئەنقـەرە سـیـاسـەتێکی ئاشکرای دژە کـەمـینە نەتەوەیی، بەتایبـەت ئەنتـیـسـێـمـیـتـیـزمی پەیڕەو دەکـرد. تیـۆرییـە ڕەگـەزپەرسـتـەکـان، نەتـەوەیان لەسـەر خـوێنپـاکی بینا دەکـرد و بەئاشکرا بەرگـرییـان لێ دەکرد بەسـەرکـردە باڵایەکـانی وڵاتیـشـەوە. ئەوە ڕاسـتـە کـە تورکیا پێشوازیی لە چەند پرۆفیسۆرێکی جوولەکە یان ئەڵمـانیاییی دژە نازی کرد، لەناویاندا ماتماتیککار ریچارد کوران، فیزیکناس ماکس بۆرن و جیمس فـرانک، فـەیلەسـووف ئێـرنست ڤۆن ئاسـتـەر و هانس رایشنبـاخ یان دادوەر کـارل ئەلبێـرت کـە لە دەست چەوسـاندنـەوەی نازی هـەڵاتبـوون. هـەمـوو ئەوانە منەت و پێزانینی زۆریان هـەبوو بۆ تورکـیا. هـەندێکی تر لە ڕێگەی تورکیـاوە گەیشتنە فەلەستین. بەڵام ئەم سیاسەتە بەخشندەیە وا دیاربوو زۆر هەڵبژاردە بوو کـە تەنیـا بۆ دەسـتـەبژێرێک بوو. لـە ٢٨ی حـوزەیرانی ١٩٣٨، ئەنقــەرە

139. C.Koçak, Türkiye'de Milli fief Dönemi (1938-1945), Istanbul, op.cit., p. 228.

چەندین یاسـای دەرکـرد کـە بە شـێـوەیەکی تەواو هاتنی جـوولەکـە ڕەدوونراوەکانی بۆ تورکیا مەحاڵ کرد. بەهەمان شێوە، یاسایەکی نوێ حکوومەتی "ناچار" کرد کە پاسپۆرت تەنیا "بەوانە بدات کە لە ڕەگەزی تورکن"، بەمە هەموو ڕەعیەتەکانی ئەڵمانیای لەمە دەرهاویشت[١٤٠]. لەژێر پاڵەپەستۆی بەرلین، وێڕای داواکاریی مکوڕی دەسەڵاتکارانی بەریتانیایی، تورکیا گەرچی ئامادە بوو ڤیزەیان پێ بدات بۆ فەلەستین و پێشوازیی لەو ٧٨٠ جوولەکەی ڕۆمانیا بکات کە لەناو کەشتیی ستروما بوون و وڵاتی خۆیان جێ هێشتبوو، کەچی ڕەتی کردەوە. ئەستەمبۆڵ ڕای گەیاند کە داوای کاپیتانی پاپۆڕەکەشی قەبووڵ نییە کە بۆ ماوەیەکی کاتی پاپۆڕەکە لە دەربەندێکی تورکیدا لەنگەر بگرێ. دوای چەندین مانگ سەرگەردانی دواجار لەناو زەریای ڕەش، پاپۆڕەکە لەلایەن کەشتییەکی ژێر ئاو کە بە فەرمی نەناسرابووەوە (شوباتی ١٩٤٢) بەتەواوی سەرنشینەکانی ناویەوە نغرۆ کرا. سەرۆک وەزیرانی تورک، ڕەفیق سایدام بەوەی پەشیمانیی خۆی دەربڕی، هەڵوێستی حکوومەتەکەی بەوە پاساو دایەوە کە: " تورکیا ناتوانێ ببێتە وڵاتی ئەو کەسانەی کە لەلایەنی تر بەنەویستراو حسێب کراون"[١٤١].

دواجار لە نۆڤەمبەری ١٩٤٢، یاسایەک بەناوی "باج لەسەر سامان" بەمەبەستی باج خستنە سەر داهاتی جامبازی و دەوڵەمەندبوونی حەرام لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسند کرا. وەک چۆن ئەوەی یاسایەکە ئاماژە بە بنچینەی ئەو باج دانانە ناکات، ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دژی ئەرمەنییەکان، یۆنانی و جوولەکەکان بوو. داهاتە باج لەسەردراوەکان دابەشی سەر چوار کاتیگۆری کرابوون: M (موسڵمان)، D (جوولەکەی لە ئاین هەڵگەڕاو)، E (بێگانە) و GM (ناموسڵمان). تەنیا چارەکێکی ئەو ٦١,٦٣٧ کەسەی کە ئەم یاسایەیان بەسەردا سەپابوو موسڵمان بوون کە

140. Bali, Cumhuriyet Yıllarında Türkiye Yahudileri, op.cit., in particola-re pp. 331-368.

141. Iidem, p. 361

سوودیان لە سووککردنەوەی تایبەتی وەردەگرت[142].

سەرۆک وەزیران شوکر ساراچوغلو زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو سەبارەت بەو چارەنووسەی کە بۆ ئەوانی تر ئامادە کرابوو " ئەم یاسایە بەهەموو توندییەکی داواکراو دژ بەوانەیە کە دەرفەتیان لە میوانداریتیی ئەم وڵاتە وەرگرتووە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و ئەوانەی کە لە ڕەوشی ناسکی ئێستاکەدا، ئەرکی خۆیان لەو بارەیەوە بەجێ ناهێنن"[143]. ڕۆژنامەکان نوقم بوون بە کاریکاتۆر، کۆپیی هاوشێوەی وێنە ئەنتیسێمیتزمەکانی نازی، بێ ڕێزییان بە باج دراوەکان دەکرد. ڕێژەی باجدانەکە بە شێوەیەک دیاری کرابوو کە هیچ کەسێک نەتوانێ لە دەستی ڕزگاری بێت: داهاتێکی ساڵانە لە ١,٠٠٠,٨٠٠ لیرە و تا ئاستی ٥,٠٠٠ لیرە باجی لەسەر بوو. هەندێکیان هەتا مەحکوم بوون بەوەی ملیۆنێک لیرە بدەن. مەحاڵبوونی ڕەها لە دانی ئەم باجە کەسی باج لەسەری بۆ ئۆردووی کاری زۆرەملێ دەبرد کە بەپەلە لە ئاشقەلادا (ڕۆهەڵاتی تورکیا)دا دروست کرابوو. ١,٤٠٠ کەس بەگوێرەی ژمارەی فەرمی و بەگوێرەی زیندانییەکان تا ٨,٠٠٠ کەس، بەم شێوەیە لە زیندان ئاخنرابوون. بیست و پێنج کەس لەوانە ژیانیان لەسەر دانا و هەندێکی تر تەنیا ساڵی ١٩٤٤ لە زینداندا گەڕانەوە.

## گواستنەوە بۆ پلورالیزمی سیاسی

لە ٨ی ئایاری ١٩٤٥ کۆتاییی ڕێژیمی سەرۆکی نەتەوەیی و تاکپارتیشە. تێکشکانی ئیتاڵیای فاشیست ئیتر پرۆژەی خۆ دروستکردنی تورکیای وەک سێیەم جەمسەری جیهانێکی نادیمۆکراتی تێک شکاند، شکانی ئەڵمانیای نازی کە بۆ دووەم جار لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا خەونی ئیمپراتۆریای عوسمانیی لە گۆڕنا، مەرگی تاکحزبیشی ڕاگەیاند.

---

142. R.Akar, Afikale Yolcuları. Varlık vergisi ve Çalıfima Kampları, Istanbul, Belge, 1999.

143. Bali, Cumhuriyet Yıllarında Türkiye Yahudileri, cit., p. 445.

ئینینۆ وەک پاڵەوان یان هەتا وەکو شێخی دیمۆکرات خۆی نیشان دەدا. لە ڕاستیدا هێندە زیاتر بەپەلە بوو بۆ ئەوەی تورکیا شوێنی خۆی لە جیهانی نوێی دوای شەڕدا بگرێ و لە کامپی ڕۆژئاوادا وێنەی دەکێشرا کە مۆسکۆ ویستی خۆی لەوەدا نەدەشاردەوە کە نرخی هاریکاریکردنی لەگەڵ ئەڵمانیا بە تورکیا بدات و داوای چۆڵکردنی سێ هەرێمی ڕۆهەڵاتی لە ئەنادۆڵدا بکات وەک مەرج بۆ ئاشتی[١٤٤].

لە تورکیا خۆی، دەنگی ناڕەزایی هەتا لەناو پارتی-دەوڵەتیشەوە دژی سەرکۆمار بەرز دەبووەوە، گەمارۆدراو، ئینینۆ بڕیاری دا ڕێگە بە دروستکردنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن بدات. هەموو نیشانەکان بۆ ئەوە دەچوون کە ئەو فرە حزبایەتی وەکو شێوەیەکی "ئۆپۆزسیۆنی کۆنترۆڵکراو" دەبینێ لەسەر شێوەی پارتی لیبرالی دەورانی موستەفا کەمال کە دەکرێ لە کاتی گونجاودا هەڵبوەشێنرێتەوە. بەڵام شتەکان بەشێوەیەکی تر پەرەیان سەند. لە ٧ی کانوونی دووەم ١٩٤٦ ڕێکخستنێکی نوێ: پارتی دیمۆکرات، لەژێر سەرکردایەتیی جەلال بایار، جێگرەوەی ئینینۆ وەک سەرۆک وەزیرانی ئەتاتورک و عەدنان مەندەریس دروست کرا. ئینینۆ نازناوی سەرۆکی نەتەوەییی خۆی لە دەست دا و سترەکتووری پارتی-دەوڵەت، کە کاربەدەستە گەورەکانی سەرۆکایەتیی لقە ناوەخۆییەکانی پارتییان پێ سپێردرابوو، هەڵوەشێنرانەوە. یەکەمین هەڵبژاردنی فرەیی لە هەمان ساڵدا بەڕێوە چوو. هەڵبژاردنەکە تەواو ئازاد نەبوو، تەنانەت لە بڕێک لە هەرێمەکان سەرەڕای ئەوە نیشانەی کۆتاییی دەنگدانی ئاشکرا و ژماردنی دەنگەکان بەنهێنی بوو. گەرچی ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەدا، بەڵام ڕژێمی بەلادا هێنا.

لە ١٤ی ئایاری ١٩٥٠، تایبەت بوو بەسەرکەوتنی پارتێکی نوێ کە لە ٥٣,٦٪ی دەنگی هەڵبژاردەکانی بردەوە.

144. B.Oran (dir.), Türk Dıfi Politikası, Kurtulufi, Savafiindan Bugüne. Olgular, Belgeler, Yorumlar, Istanbul, Iletisim, 2002, pp. 496-509

## بەشی سێیەم

### فرە حزبایەتی و ڕێژیمە عەسکەرتارییەکان

### ١٩٨٣ – ١٩٥٠

ئەو سێ گرێ دە ساڵییەی کە دوای سەرکەوتنی دیموکراتەکان هاتن لە یەک کاتدا گەواهیی بەردەوام بوون و لە هەمان کاتیشدا گەواهیی دابڕانێکی گەورەش بوون. پێش ئەوەی ئەم دابڕانانەی دوایی شی بکەینەوە، وا پێویست دەکات پێ لەسەر ئەو ئاراستە کاریگەرانە دابگرین کە بە شێوەیەکی تایبەتی سیاسەتی دەرەوە و بواری ئابوورییان دیاری کرد.

**نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕۆئاوا**

لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٥٠ ئینینۆ ئیتر بڕیاری دابوو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە ئاراستەیەکی نوێ ڕێک بخاتەوە. لە ساڵی ١٩٤٩ەوە، ئەنقەرە بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەورووپا و یەکەم نیشانەی هاوپەیمانیی لەگەڵ واشتنۆندا بەدیار دەکەوێ (تورکیا یەکێک لە ناوەندە هەستیارەکانی دۆکترینی ترۆمان و پلانی مارشال بوو کە لە تەمووزی ١٩٤٨بڕیاری لەسەر درا و ئەم پلانە تورکیاشی گرتەوە). حکوومەتی دیموکرات بەجۆرێک سەراسیمەی "مۆدیلی ئەمەریکایی" بووبوو کە حەزی دەکرد تورکیا بکات بە"ئەمەریکایەکی بچووک" و بەشوێن ئەم سیاسەتەوە چوو. هەر زوو تورکیا لەگەڵ هەردوو ئەڵمانیا بوون بە سنووری هەرە پێشەوەی "شەڕی سارد". لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٥١ ئەنقەرە بوو بەئەندام لە ناتۆ و لە هەمان ساڵیش هێزی سەربازیی ئاشتیپارێزی ڕەوانەی کۆریا کرد. هەروەها تورکیا بوو بە

سـەردەسـتـەی ئـامـرازگـەلی سـتـراتیـجیی ڕۆئـاوا و ئەمـەریکا لـە ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاسـت کـە چـەندین تـەنگژەی یەک لـە دوای یەک هـەژانـدبووی.، کـودێتـای عـەسـکەری سـاڵی ١٩٥٨ لـە عـێـراق جـاڕی مـەرگی "پەیمـاننامـەی بـەغـدا"ی ڕاگـەیاند، کـە لەندەن دروسـتـی کـردبوو. شـۆڕشـی سـاڵی ١٩٧٩ی ئێـران ڕێکخـراوی سەنتـۆ کە هاوشێوەی ڕێکخـراوی ناتۆی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە هەمـوو ناوەڕۆکێک بەتاڵ کردەوە و نزیکبوونەوەی سـووریا، عێراق و میسر پێش ١٩٧٧ لەگـەڵ ڕووسـیا، کـاری لە پێـوەندییـەکانی تـورکی- ئەمـەریکایی نەکرد. گەرچی ئـەم هـاوپەیمانەتییە بۆ مـاوەیەک پشـێویی تێ کەوت، بەتایبەت لە سـەروبەندی پەلامـاری تورکیـا بۆ سـەر بـاکوری قـوبرس سـاڵی ١٩٧٤ کـە واشنتـۆنی ناچار کرد بۆ مـاوەی چەند سـاڵێک گەمـارۆیەکی عـەسکەری دژی هـاوپەیمانەکەی پیادە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هـاوپەیمانەتییە بەردەوام بوو و بەتێپەڕبوونـی کـات پشـتیـوانییـەکی دەوڵەتیی بەردەوامـی ئـاسـایشـی بۆ ئەنقەرە دابین کرد[١٤٥].

سیاسـەتی نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕۆئـاوا بەهـەمـان شێوە لە بواری ئـابووریشدا گـیـرایە بـەر، تورکیـا لـە سـەروبەندی دروسـتکردنی بـانقی جـیـهـانیـدا بوو بە ئەندامـی ئەم ڕێکخـراوە، ئەندامـی ڕێکخـراوی هـاریکاری و ئـابووریی ئەوروپایی OCDE و ئەندامـی سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی FMI بوو، بەمـجـۆرە ئەنقـەرە توانی سـوود لە قەرزی ڕاسـتـەوخـۆ یا نـاڕاسـتـەوخـۆ وەربگرێ کە زۆربەی جـار بە شـێـوەیەکی بەخـشندانە دەبەخـشـران، هـەروەهـا سـوودی لەو سـەرمـایەی بێگانە وەرگـرت گــەرچی سـەرمـایەیەکی سـادە بـوو، بەڵام بـەشـداریی لە ژیاندنەوەی ئـابووریی وڵاتدا کرد. لە مـاوەی چەند دە سـاڵێکدا تورکیـا لەگـەڵ ئیـسـرائیل بـوون بەتاقـە دەوڵەتی بەڕاسـتـیی پیـشـەسـازی لە ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاستدا.

---

145. B.Oran (dir.), Türk Difi Politikasi, Kurtulufi ,Savafiindan Bugüne. Olgular, Belgeler, Yorumlar, Istanbul, Iletisim, 2002.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی بەردەوامبوون ئەو پشتبەستنە بوو بەقەرزەکانی بێگانە کە لە هەمان کاتیشدا یەکێک لە هۆیەکانی ئەو تەنگژە کۆنینانەش بوو کە بەرەورووی وڵات دەبووەوە: دەورەی یەک لە دوای یەکی گەشەسەندنێکی زۆر خێرا و گێژاوی مەندیی ئابووری، هەڵئاوسانی لە دەست دەرچوو و کەرتی گشتی لە رووی داراییەوە زۆر گران دەوەستا و هەروەک سندووقی کۆمەکی دارایی لێ هاتبوو بۆ پارتەکانی ناو دەسەڵات، دواجار گۆدبوونێکی بەتەواوی کە هەموو دە ساڵێک، پرۆگرامەکانی چاکسازیی ئابووریی دەکرد بەزۆرەملێ، دەسەڵاتی بێهێز دەکرد و شەپۆلێکی نوێی هەژاری دەهێنایە پێش. کەرتی غەیرە فەرمی کە بەرەنجامە هەرە ئیکستریمەکانی لە پارەبازی و دیاردەی مافیا بەرچاو دەکەوت، بوون بەتاقە شوێنی هاریکاری و مانەوە. تەنگژەکانی ئابووریی گشتی بەهەمان شێوە گۆڕینکاریی کۆمەڵایەتیی زۆر ریشەییان لێ کەوتەوە، بەڵام بەتێرمی ماکرۆ-ئابووری* نەبینراو بوون[١٤٦].

چەندین راپەڵی هاوکاری کە لە خێزانەوە بۆ کۆمیونیتەی (hemfiehrilik گرووپگەلی هاوکاری کە لەسەر بنەمای جوگرافیایی دامەزرابوون) دەچوون. لە ماوەی ئەم سێ گرێ دە ساڵییەدا لەگەڵ سەرکەوتنی کەم و زۆر توانییان گەشەی دیمۆگرافیایی هەڵبمژن. ژمارەی دانیشتوان لە واقیعدا لە ٢٠,٩٤٧,٠٠٠ کەس لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ ٣٥,٦٠٥,٠٠٠ کەس لە ساڵی ١٩٧٠ و پاشان بۆ ٤٤,٧٣٦,٠٠٠ کەس لە ساڵی ١٩٨٠ زیادی کرد. بەشی دانیشتوانی شارەکانی زیاتر لە ١٠,٠٠٠ نیشتەجێ لە ١٨,٣٪ی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٥٠ گەیشتە لە ٥٩٪ لە ساڵی ١٩٨٠[١٤٧]. سترەکتووری کلاسیکی شارنشینی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٧ تا ١٩٥٠ بەتەواوی بە نەگۆڕی

* ماکرۆ - ئابووری Macro-économique اقتصادي جمعي.

146. A. Insel, Türkiye Toplumunun Bunalımı, Istanbul, Birikim, 1990. ,

147. T. Çavdar, "Tiirkiye'de Nüfus ve Nüfus Soronu", In Cumhuriyet Dönemi Türkiye Ansiklopedisi, Istanbul, Îletifiim, 1983, pp. 1552-1562.

مـــابووەوە، هـەژا. ئەو گــۆڕینکارییــە بـێ شــومـــارانەی کـــە لە ســـۆنگەی شـارنشـینییـەوە دروست بوون هەر تەنیـا بۆ خـۆیان بەس نەبوون بۆ ئەوەی پێوانەی ئەم گۆڕانانـە لە بەرچاو بگیرێ. دەبێ هـەروەها ئاماژە بەوە بدرێ کە هاتنی دانیشتوانی نوێ کۆنە بنەماڵە بەگزادەکانی لە پایەی خۆیان دابەزاند و تەنگژەی لـە دەوروبەری سـەرچاوەکـان ورووژاند و گـەنجـەکـان کە تا ئەو کـاتـە نەبینراو بوون، کرد بە ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی توندڕۆ.

لە مـاوەی ئەم دە سـاڵیـیانـەدا کۆمـەڵگەیەکی زیاتر کـراوە بەسـەر جیـهـان ســەری هـەڵدا. کـۆچکردن بەرەوە ئـەڵمـانیـا و پاشــان وڵاتـانی تری ئـەوروپا (نزیکەی ٢ ملیـۆن لە ڕەعیـەتەکانی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٨٠ لە دەرەوەی وڵات دەژیان)، ناردنی بێ شـومـاری قوتابیـان بۆ زانکۆ ئەمـەریکاییـەکـان، هێنانە ناوەوەی ڕادیۆی ترانزیسـتـۆر، پاشـان تـەلەڤـزیۆن، چالاکـیی ڕۆژنامـەوانی.. بەقووڵی سیمای کۆمەڵگەیان گۆڕی.

### ١٩٥٠ : دە ساڵەی دیموکرات

سـاڵەکـانی ١٩٥٠ کـە بە حکوومــەتی مــەندەریس دەنـاسـرێتـەوە بەهەمــوو ڕواڵەتەکـانیـەوە قـۆناغـێکی سـەقـامگیـر بـوو. گـەرچی ئەو سـالانە گـەواهیی چەندین گرژیش دەدەن.

بێگومـان پارتی دیمـوکرات کە لە ڕێگەی ئەو هیـوا گـەورانەی کە دابووی بە دەسـەڵات گـەیشت، دواتر سـەرکـەوتنی هەڵبـژاردنەکـانی لـە سـاڵی ١٩٥٤ و ١٩٥٧دا نوێ کـردەوە "دواین هەڵبژاردنەکانی کـە "بەرێککەوت" لە پێش وادەدا ڕێک خـرا". بەڵام وەختـایەک سـەرنەکەوت لەوەی کە وەڵامی چاوەڕوانییەکانی دەنگدەرەکــانی بـداتـەوە، تا دەهـات زیاتـر بەرەو ســیـاســەتێکی ســەرومــڕ ناسـیـۆنالیـسـتـانە و پۆپۆلیـسـتـانە هەڵدەخلیـسکا. بەم شـێوەیە بەبێ ئەوەی دنەدەر بێت، سەرچیڵەی ئاگری بەئاشووبی دژە یۆنانی (لەوە بەرفراوانتر، دژە "کـەمـینە نەتـەوەییـیــەکـان") وەنا کـە لـە ٦ و ٧ی سـێـپـتـەمـبــەری ١٩٥٥ لە ئەستەمبۆڵ هەڵگیرسا. لـە کاتێکدا کە لە کۆنفرانسی لەندەن کۆبوونەوە هەبوو

کە دەبوو چارەنووسی قوبرس دیاری بکات، لەلایەن ناوەندی ڕاستڕۆی توندڕۆ و ڕێکخـراوی (قـوبرس تورکـیـیـە) کـە لەلایەن دەسـەڵاتەوە دنە دەدرا، قـاو و دەنگۆی تەقینەوە لە زێدی ئەتاتورک لە سالۆنیک بڵاو بووەوە، ئەمە قۆزرایەوە و ئاشووبەکان چەندین قوربانییان لێ کەوتەوە. ٦٢٢, ٥ ساختومـان (کلێسا، نشینگە و پرۆژە) تالان کران یا تێکوپێک دران. ئەم ڕووداوانە ئەو کۆمیۆنیتە نامـوسـڵـمـانەی کـە مـابوونەوە تووشی شـۆک کـرد و سـەرلەنوێ بـوو بەهۆی کۆچکردنێکی بێ شومار.

بەهـەمـان شـێـوە حکوومـەت بەخـێـرایی بـوو بە دەسـەڵاتێکی ملـهـوڕ. یاسـایەکـانی هەڵبـژاردن دەسـتکاری کـران بە شـێـوەیەک کـە ڕێگە بـەپارتی دیموکرات بدات بۆ ئەوەی خەنیمە سەرەکییەکەی، پارتی کۆماری گەل کە لەلایەن کـۆنە "سـەرۆکی نەتەوەیی" عـیـسـمـەت ئینینۆ" بەڕێوە دەچوو، پان بکاتەوە. لە سـاڵی ١٩٥٧دا، شـەڕێکی کراوە دژ بە ئۆپۆزسـیۆن ڕاگەیەندرا، "هاووڵاتییـان" داوایان لێ کـرا لەژێر ئاڵای "بـەرەیەکی نیـشـتـمـانی" کـە دژی لایەنگیرەکانی ئینینۆ دروست کرابوو، گرد ببنەوە. ڕیسواکردنی ئەندامانی ئۆپـۆزسـیـۆن و سـووک و چرووککردنیـان لەناو خـەڵک لە ڕێگەی بەرنامـەی ڕادیۆیی بووبووە پراکتیکێکی ئاسایی. بەگوێرەی سیاسەتوان جەم ئەرۆغول، دەسـەڵاتی دیموکرات دوودڵ نەبوو لەوەی باسی لەداردان لەگـەڵ ئۆپۆزسـیـۆن بورووژێنێ، لە سـاڵی ١٩٥٧ نیـازی بوو ڕێژیمـێکی نـوێی تاکـحـزبی دروست بکات[١٤٨]. ئەم هەنگاو هەڵگرتنانە تەنیا بوون بە سـۆنگەی ڕادیکالیـزەکردنی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتیش بەسۆنگەی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی قوتابیان. وەڵامی حکوومـــەت بەدرەنگ نەکـــەوت: لە نیـــســـان و ئایاری ١٩٦٠ خۆپیشاندانەکان داپڵۆسێنرانەوە (کوژراوێک، ژمارەیەک بریندار) و حوکمی عورفی ڕاگەیەندرا. مەندریس دوور بوو لەوەی درک بە ترسناکیی ڕەوشـەکە بکات و هەڕەشەی لە ئۆپۆزسیۆن کرد کە "پەنا دەباتە بەر کۆمەکی عەسکەریی ئەمەریکایی" بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش.

148. C.Erogul, Demokrat Parti (Tarih ve Ideolojisi), Ankara, Aüsbf, 1970.

هۆكـاری دووەم كـە ڕەوشــەكـەی زیاتر ترسـناكـتـر كـرد: ئـۆپۆزسـیـۆنی دەسـتـەبژێریی كـەمـالیـست و سـوپا بوو دژ بە حكوومـەتی مـەندەریس كـە لە ڕاسـتیدا لە سـاڵی ١٩٥٠ەوە دەسـتی پێ كردبوو. دەسـتـەبژێریی كـۆمـاری لە چەمـانەوە بـەسـەر موسـتـەفا كـەمـال و كـەلەپووری پیرۆزكراوی (و كـە پارتی دیموكـــراتیش لـەوەدا هـاوڕا بـوو) ســــەرچـاوەیەكی بـەرگـــری و تـونـدڕۆی دەدۆزییەوە. ئەدی سـەرۆكی نەمر نەتەوەی لە بەرامبەر "خـیانەتی"ێكی شیاوی سـەركردەكانی دواڕۆژی وڵات وریا نەكردەوە[١٤٩]؟ گەنجـەكانی ڕانەسـپارد بۆ پاراسـتنی كـەلەپوورەكـەی؟ لـە برێتـی توركـیـایـەكی بەهێـز، شـانازیكار و سـەربەخـۆ، كـە هاوجـوتی ئەو وێنەیە بێ كـە ڕێژیمی كـەمـالیـست بۆ خـۆی دروسـتی كردبوو، گـەنجـەكان (و خـەڵكانی بەتەمـەنتر) توركـیـایەكی لاواز، بێ بڕوا بەخـۆ و ژێردەسـتـەی واشنتـۆنیـان دەبینی. ئەم لاسـەنگیـیـە ژمـارەیەك ڕووناكبیر، ئەفسەری گەنج و قـوتابیی هان دا تا كـەمالیزمـێكی نوێ دروست بكەن كە بەتەواوی خەیاڵكردە و لـە واقیـعی ساڵەكانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ جیاواز بێت. "ملدانانەكـــان"ی پارتـی دیموكـــرات لـە بـوارەكـــانـی ئاینیـــدا (بـە عـەرەبیكردنەوەی بانگی نوێژ-گـەرچی لەلایەن ئینینۆوە بڕیاری لەسـەر درابوو، هێنـانە ئارای خـواسـتـی خـوێندنی ئاینـی لە قـوتابخـانە سـەرەتاییـیـەكـان، دروسـتكردنی كـۆلیـجێكی وتنەوەی تیـۆلۆجی، بە شـەرعـیكردنی قـوتابخـانە ئاینییـەكان، كردنەوەی مـەزاری چەند "پیـر"ێك بۆ زیارەت، سـینگفـراوانی لە بەرامبـەر تەریقەكان و موریدەكانی سەعید نورسی كە پێی دەڵێن نورسی...)، كـە ئەمـانە وەكو خیـانەت دادەنران لـە بەرامبـەر شـۆڕش. دەركردنی یاسـایەك لەلایـەن حكوومـــەت بەنـاوی یاســای "پـاراسـتـنـی ئەتـاتورك" كـە لـە دوای ئەو كـردەوانە هـات كـە ئامـانجـیـان پـەیكەرەكـانی ئەتاتورك بوو (٢٥ی تەمـووزی ١٩٥١) تووڕەیـی عـەسكەرتار و گـەنجـەكـانی لە بەرانبـەر دەسـەڵاتدا "دژە-شـۆڕشـگێـڕەكـان"دا كـەم نەكـردەوە. دواجـار چـەندین ڕەوتـی توندڕۆ لـەناو

149. M.K. Atatürk. Nutuk, Ankara, Milli Egitim Bakanltgl, 1973) Voir aussi S. Mardin, "Youth and Violence in Yurkey", In International Social Scien-ce Journal, 1, 1977, n. 2, pp. 229-254.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەتایبەت ناسریزم) تەنیا بوونە هۆی کاریگەری دانان لەسەر ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەربڵاوە کە لە "گەڕانەوە بۆ کەمالیزم"دا لە یەک کاتدا شێوازێکی بۆ هێنانە دیی پایەی "تورکیای شۆڕشگێڕ" و چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ هەموو کێشەکان دەبینی.

بەدرێژاییی ساڵانی ١٩٥٠، چەند دەستپێشخەرییەکی "شۆڕشگێڕانە"، واتە عەسکەری کە بۆ هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی دیموکرات ئاراستە کرابوون لەدایک بوون. دوایینیان کە لە ساڵی ١٩٦٠ دەستووری ڕاگەیاند، "کۆمیتەیەکی یەکەتیی نیشتمانی" بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەفسەرانی گەنج پێک هاتبوو کە هەندێکیان لە ڕەوتی چەپەکان و هەندێکی تریشیان وەکو کۆلۆنێل تورکەش لە کامپی پان-تورانیستەکانەوە هاتبوون. کۆمیتە جەمال گۆرسێل کە، تاقە ئەندامی کۆمیتە بوو کە پلەی جەنەراڵی هەبوو هەڵبژارد و لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ حکوومەتی سیڤیلیان هەڵگێڕایەوە.[150]

### ١٩٦٠: ڕژیمی "کۆلۆنێلەکان"

ڕژیمی عەسکەرتاری کە ساڵێک دواتر سەرۆک وەزیرانی لەکارخراو عەدنان مەندەریس و دوو لە وەزیرەکانی بۆ بەردەمی سێدارە برد (سزای لەداردان لە دژی سەرۆکی لەکارخراو، بایار دەرکرد، بەڵام لەبەر گەورەییی تەمەنی سزاکەی بۆ سزای زیندانی سووک کرا) کە ئەمە کاردانەوەیەکی بەهێزی لێوە پەیدا بوو. دەستێوەردانی عەسکەری لە واقیعدا پرەنسیپی کردەی "هێزە چالاکەکان"، بەواتەیەکی تری ئەو گەنجانەی کە ڕەنگرێژی دوارۆژی نەتەوە بوون، ئەنتێلگێنسیای کەمالیست و سوپای خستە جێگەی دیموکراتە پەرلەمانتارەکان. ئەگەر دەسەڵات ڕای گەیاند کە هاوجووتە لەگەڵ ویستی موستەفا کەمال، ئەمە تاقە سەرچاوە بوو کە شەرعیەتێکی بۆ دابین دەکرد، لە واقیعدا، تەنیا بوو بەهۆی قووڵکردنەوەی چاڵی نێوان "نەتەوە" و "هێزە

150. F. & B. Turgay-Ahmad, Turkiye`de Çok Partili politikanin açıklamali kronolojisi 1945-1971, Istanbul, Bilgi, 1976

چالاکـەکـان". دەنگدەرەکـان کـە زۆربەیان کـۆنسـێـرڤـاتۆری سـەر بەپارتی دیموکرات بـوون، ڕێژیمی عـەسکەرتارییـان لە بەرامبـەر ویسـتی جـەمـاوەریدا وەکـو تۆڵەی بیـرۆکـراتی "گـاور" دادەنا. سـەرۆک وەزیرانی لابراو لە سـاڵانی ١٩٨٠ حـورمــەتی بۆ گـێـڕدرایەوە و کـرا بەشــەهیـدی دیموکـراسی. کـردەی تاوانبـاریکردن و پاشـان حوکمدانی مـەندەریس و دوو لە وەزیرەکـانی، لەوانە لەسەر خەرجیی سەیروسەمەرە هەڵچنرابوون (پچڕانی سکپڕی مامۆستایەکی ژن یان کڕینی خۆراک بۆ سەگان لەسەر خەرجیی گشتی) وادە و بەڵێنەکانی "دادپەروەری" ڕێژیمی نوێیان خستە ژێر گومانەوە.

کـودەتاکە دەیتـوانی بەسـەر ڕێژیمێکی زۆر مـلهوڕ، یـان هەتا تۆتالیـتـێـردا بکرێتـەوە. پان-تورانیـسـتـەکان کـە لەناو ئەنجـوومـەنی سـیـاسـیـدا بوون، لە واقـیـعـدا ویسـتی خـۆیان لەوەدا نەدەشـاردەوە کە ڕێژیمێکی تاک سـەرۆک و نەتەوەیەکی عـەسکەرتـار دروست بکەن کـە بەدەوری پڕۆژەیەکی پیـشـەگـەریدا سـترەکتـوریزە بێ. ئەم ئاسـۆبینینـە بێگومـان ترسی چ بۆ ئەندامـانی "چەپ"ی ناو ئەنجوومـەنی سیاسی و چ بۆ جـەنەراڵەکان دروست دەکرد. لایەنگیـرەکانی تورکەش لە "کۆمیتەی یەکەتیی نەتەوەیی"[١٥١] دوور خرانەوە. دوای زۆر دوودڵی کۆمیتە دەستوورێکی نوێی ئامادە کرد، کە لیبرالیتر بوو لەوەی پێشوو (لە ٩ی تەمووزی ١٩٦١، لە ٦٠٪ی دەنگدەرەکان پەسندیان کرد) و بڕیاری دا ڕێگە بە هەڵبژاردنەکان بدات، بێگومان بەوجۆرەی کە سـەرۆکایەتی بۆ جەمال گورسەل وەک زامنکاری "شۆڕشی ٢٧ی ئایار" دابین بکات.

## ڕادیکالیزمەکانی ساڵانی ١٩٦٠

هەڵبژاردنەکانی ١٥ی ئۆکتـۆبەری ١٩٦١ ئەو نیشـانە بەدیهییـانە پێک دەهێنن کە "شـۆڕشی ٢٧ی ئایار" تەنیـا کـەوانـەیەک بوو. ڕاسـتـە ڕێگەی بە عیـسـمـەت ئینینۆ دا وەکو میراتگرەوەی موستەفا کەمال هاوپەیمانێتییەک دروست بکات،

(151. F. & B. Turgay-Ahmad, Turkiye`de Çok Partili politikanin açıklamali kronolojisi 1945-1971, op.cit.

بگرە شکۆ و هەیبەتی هەروەها بۆ پارتی دیموکراتیش گەڕاندەوە کە لە ڕێگەی ناوگۆڕانی نوێی بۆ پارتی داد کە هەر لە خۆڵەمێشی پارتی دیموکرات لەدایک بووبوو، لە کاتێکدا پارتی کۆماری گەل ٣٦,٧٪ی دەنگەکانی هێنا، کەچی لە یەکەم هاتنە ناوەوەی، پارتی کۆنسێرڤاتۆری گەنج لە ٣٤,٧٪ دەنگەکانی هێنا. چوار ساڵ دواتر، لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥، سەرکەوتنێکی قەتعی کە ئەم پارتە بەدەستی هێنا لەوە بەدوا لەلایەن گەنجی ئەندازیار سولێمان دیمیریل بەڕێوە بردرا: لە ٥٢,٨٧٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا. خەنیمە سەرەکییەکەی PRPی ئینینۆ بۆ ٢٨,٧٥٪ کشایەوە دواوە. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٩ سەرکەوتنێکی نوێی بە پارتی کۆنسێرڤاتۆر بەخشی (٤٦,٦٣٪) کە کشانە دواوەکە لە قازانجی پارتەکەی عیسمەت ئینینۆ بوو کە (٢٧,٣٦٪)ی دەنگەکانی هێنابوو. ٢٧ی ئایار، لە بیرەوەریی "شۆڕش"ی ساڵی ١٩٦٠ کرایە ڕۆژی پشوو، کە لەم مێژووە بەدواوە بوو بە بەشێک لە فۆلکلۆر. بیچمە سەرەکییەکانی "ئەنجوومەنی سیاسی" کە بەشێکی دابینکراویان لە سەنادا هەبوو، پەراوێزگیر کران.

هەرچی تایبەت بوو بەژیانئاواییی جەمال گورسەل لە ساڵی ١٩٦٦ (سەرۆک ئەرکانی سوپا، جەودەت سونای لە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماردا جێگەی گرتەوە)، کە لەناو دامەزراوەی عەسکەریدا "شۆڕش"ی لە تاقە گەرەنتی بێبەش کرد.

بێگومان مێژووی سیاسیی ئەم دە ساڵە هەر تەنیا بۆ بەخششی پەرلەمانی کەم ناکرێتەوە. لەودیو ئەم تورکیایە فەرمییە ئەفسەر و سیاسەتوانی کۆنسێرڤاتۆر هەن کە لە واقیعدا، تورکیایەکی تر، پارچەپارچە بوو و ڕادیکال خەریک بوو دروست دەبوو. ئەگەر کەمالیزم هەموو کات تاقە عەقیدەی "شەرعانی" وڵات بووبێ، ئەوا کەمتر چاوگەی کێبەرکێ نەبووە بە ئایدیۆلۆجی و پرۆژەی تری کۆمەڵایەتی. ئەم ساڵانە باڵێکی ڕاست و باڵێکی چەپی توندڕۆ، بزووتنەوەیەکی ئیسلامی و نەیارێکی نوێی کوردی هێنایە پێشەوە[١٥٢].

152. J.M. Landau, Radical politics in Modern Turkey, Leiden, Brill, 1974.

پێکهاتەی سەرەکیی ڕاستڕۆی توندڕۆ، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی* MHP کە لە ٩ی ڤێڤرییەی ١٩٦٥ لەسەر بناغەی کۆنە پارتێک دامەزرا کە پێشتر لەژێر چاودێریی تورکەش کۆنترۆڵ و هەتا ڕێکخراویش بوو بەدەوری کەسایەتی و بیروڕایەکانی و بەئاشکرا لەناو ترادسیۆنی پان تۆرانیستی ساڵانی ١٩٤٠دا شێوەی گرتبوو. بناغەی کارەکەی برێتی بوو لە (سەرکردە-عەقیدە-ڕێکخراو). دروشمەکانی سادە و ساکار بوون: دەوڵەتێکی تورکی هاوڕەگەز کە دەبێ وەکو ئامانج دروستکردنی ئیمپراتۆریایەکی تورکی لە ئەدریانتیکەوە بۆ چین لە بەرچاو بگرێ و نەتەوەیەکی ڕێکخراو لەسەر بنەمای پیشەگەری و عەسکەری کە لەلایەن باش بوغ (سەرکردەی گشتی) بەڕێوە بچێ و دواجار نەتەوەیەکی-چەکدار کە لەسەر بنەمای "نۆ تیشک" دامەزرابێ: ناسیۆنالیزم، ئیدیالیزم، ئەخلاقگەرایی، سۆسیالیزم (لە سۆسیالەوە)، زانستیگەرایی، لیبرالیزم (لە ئازادییەوە)، جووتیارگەرایی، پەرەسەندگەرایی و پۆپۆلیزم، پیشەسازیگەرایی و تەکنیکگەرایی. ئەگەر ئەتاتورک یەکێک لە سەرچاوەکانی بزووتنەوەکە بێت، ئەوا لە هەموان گرینگتر نەبوو: لەگەڵ باش بوغ تورکەش، ئەوە زیاتر فیگورە ئەفسانەییەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوو کە جامخانەکانی دەرازاندەوە. بە شێوەیەکی چالاکانە لەلایەن بەشێکی سوپا و پۆلیس دژ بە "چەپ"ەکان پشتگیری لێ دەکرا، بەچاوپۆشی لەلایەن دەسەڵات و سەرۆک سوونای، هەر بەزوویی بوو بەهێزێکی زەبربەدەست: "کۆماندۆز" یان "گورگەبۆر". پارتی گەیشتە ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەشێکی گەنجانی سوونیی ئەنادۆڵ کە لەلایەن دەسەڵاتی کەمالیزم و هەروەک لە کرانەوە ئابوورییەکانی ساڵانی ١٩٥٠و١٩٦٠ پەراوێز خرابوون بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ[١٥٣].

لە بەرامبەر ئەمەدا گەنجانێکی چەپڕۆ سەریان هەڵدا کە بەهەمان شێوە تێکستە پیرۆزەکانی کەمالیزم دەیجووڵاندن، لە ڕێگەی کودەتای ساڵی ١٩٦٠ چارەنووسی کۆماریان پێ سپێردرابوو و بووبوون بە "هێزێکی دینامیکی"ی

* Milliyetçi Hareket Partisi

153. T.Feyizoglu,Firtinali Yillarda Ülkücu hareket, Istanbul, Ozan, 2000.

نەتەوە، بەڵام بە هەقیقەت دەسەڵاتی کۆنسێرڤاتۆری دیمێریل هێندە خۆشی نەدەویستن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن بزووتنەوەیەکی کرێکاران تا دەهات زیاتر بەهێز (ڕێژەی سەندیکالیزاسیۆنی مووچەخۆرەکان لە ساڵی ١٩٧٠ لە ٣٠٪ بوو) و بزووتنەوەی جووتیارانی بەهەمان شێوە چالاک هان دەدرا و پشتگیریی لێوە دەکرا. ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨ لە فرەنسا شەرعانیەتێکی پێ بەخشی کە لە سنووری سادەی تورکیا چووە دەرەوە. ئەگەر بڕێک لە سەرۆکەکانی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی تورک بن کە پێیان دەوتن "تفەنگە کۆنەکان" و لە دوورەوە هاتبن ئەوا بەشێکی گەورەی خەباتگێڕەکان هێشتا بیست ساڵ نەبوون. لە بنەواندا زۆربەی خەباتکارەکانی لە دەوری پارتی کرێکارانی تورکیا کۆ بووبوونەوە کە دوای کودەتا دامەزرا و سەر بەناوەندی ئەنتێلگینسیای بۆرجوازی بچووکی ئەستەمبۆڵ بوون. هەڵبەت لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕیزەکانی بەهاتنە ناوەوەی بێ شوماری قوتابیانی ئامادەیی و گەنجانی کورد و عەلەوییەکانی هەرێمەکان قەبە بوو. لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٦٩ ئەم بزووتنەوەیە لەژێر تاسیری نموونەی خەباتی ئەمەریکای لاتینی یا ئاسیەویدا بوو، وازی لە کەمالیزم هێنا، کەمالیزم ئیتر تەنیا ڕیزی "یەکەم قۆناغی خەباتی سەربەخۆیی" و / یا "شۆڕشی دیموکراتی" بوو و هێشتا خراپتریش لەوە وەکو ڕێژیمێکی کۆنەپەرست ڕەخنەی لێ دەگیرا. لە ساڵی ١٩٧٠ دوای ژمارەیەک پێکداهەڵپڕژان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و گورگەبۆرەکانی تورکەش کە لە ڕیزەکانیدا چەندین قوربانییان لێ کەوتەوە، چەپی توندڕۆ بڕیاری دا خەباتی چەکداری بکات. بڕێک لە گەنجەکانی شێوازی خەباتی چەکداری شارنشینیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی دەسەڵات لاواز بکەن و ئەوە بسەلمێنن کە هێزەکەی لەسەر "هاوسەنگییەکی دەستکرد" دەوەستێ، هەندێکی تر گەریلای گوندنشینیان هەڵبژارد، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە "شارەکان لە گوندەکانەوە تەوق بکەن"[١٥٤].

---

154. T.Feyizoglu, Turkiy`de Devrimci Gençlik Hareketleri Tarihi, Istanbul, Belge, 1993

سێیەمین جەمسەر کە پەنای بۆ خەباتی چەکداری نەبرد، گەرچی ئەوەی بە"ئەرک"ی خۆی دەزانی کە "کۆمۆنیستەکان بکوژێ"، وەک ئەو قوتابیانەی کە دژی هاتنی کەشتیگەلی شەشەمی ئەمەریکایی خۆپێشاندانیان ساز کرد ("یەکشەمی خوێناوی"، ١٦ی ڤێڤریەی ١٩٦٨، دوو کوژراو) کە لە دامەزرێنەرانی ئیسلامییەکان بوون. ئەوانە ڕێژیمی "گاور"یان سەرزەنشت دەکرد، بەڵام ئەو هێندە دژە ئەمەریکایی نەبوون. زۆربەی ئەندامەکانی لە ئەنادۆڵی سونی بوون، هەندێک لە ئیسلامییەکان داوای جێبەجێکردنی شەریعەیان دەکرد. هەندێکی تر، کە لەلایەن ئەندازیار نەجمەدین ئەربەکانەوە بەڕێوە دەبران، یاریی پەرلەمانییان قەبووڵ بوو. ئەمانەی دوایی لە ٢١ی کانوونی دووەم ١٩٧٠ پارتێکی سیاسی: پارتی نیزامی نەتەوەییان* دروست کرد کە وەک خەباتگێڕانی ڕاستڕۆی توندڕۆ دەکەوێتە ناو بەردەوامییەکی سۆسیۆلۆجی، بەکاردانەوەی ئەم ئیسلامیزە ژمارەیەک گەنجی عەلەوی پێوەندییان بەڕیزەکانی چەپ، سۆسیال - دیموکرات کرد کە تا دەهات زیاتر قەبەتر و توندڕۆ دەبوو[155].

دواجار ناسیۆنالیستە کوردەکان چوارەمین جەمسەریان پێک دەهێنا، گەرچی بە نزیکەیی تاوەکو کۆتایی دەیەی شەستەکان هەر لەگەڵ چەپی توندڕۆ تێکەڵاو بوون. بووژانەوەی کورد لە یەک کاتدا بەرهەمی هەرەسهێنان و هیوا بوو. بێگومان لێکدانەوەی ئەم هەرەسهێنانە بەرەنجامی داپڵۆسینەوەی کەمالیستی بوو کە بیرەوەریی داپڵۆسینەکە هێشا کاڵ نەبووبووەوە و هەر دنەی گەنجانی کوردی دەدا. بەڵام ڕاگەیاندنە ڕووشکێنەکانی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی تورک نزیکبوونەوەی مەترسییەکی ئامادەی نوێی نیشان دەدا. نیهال ئادسز، فیگوری ئەفسانەیی ڕاستڕۆی توندڕۆ لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ دەنووسێ:

"ئەگەر کوردەکان بەدوای وەهمی دروستکردنی دەوڵەتێکدا

* Milli Nizam Partisi

155. R. Cakır,Ayet ve Slogan.Türkiye'de Islami Olufiumlar, Istanbul, Metis, 1990.

ڕابکەن، ئەوا چارەنووسیان سڕینەوەیانە لەسەر زەوی. ڕەگەزی تورک ئەو شێوازەی نیشان دا کە بتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە چاو دەبڕنە نیشتمانەکەی کە بەنرخی خوێنی خۆی و کۆششێکی گرانبەها بەردەستی خستووە. ڕەگەزی تورک ئەرمەنییەکانی لە ساڵی ١٩١٥ و یۆنانییەکانی لە ساڵی ١٩٢٢ لەسەر ئەم زەوییەدا سڕییەوە"[١٥٦].

سەرکۆمار، جەمال گورسێل لەوە کەمتری نەگوت: داوا دەکات تف لە دەموچاوی ئەو کەسە بکرێ کە خۆی وەکو کورد وەسپ دەکات[١٥٧].

بەڵام هیوا و تێکشکان پێکەوە بوون، چونکە شۆڕشی مستەفا بارزانی کە لە ساڵی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراق دەستی پێ کردبوو و هەواڵەکان بە زمانی کوردی ڕۆژانە لە ڕێگەی ڕادیۆی ترانزیستۆر دەگەیشتن، ڕێگەی بە ژمارەیەک گەنجی کورد دا کە کەرامەتی ئیهانەکراویان بدۆزنەوە و ڕێز و بایەخ بۆ زمانی قەدەغەکراویان وەکو زمانێکی پێوەندی (کۆمینیکاسیۆن) بگێڕنەوە و دواجار خۆیان بە خەباتێکی سەربەخۆیی شەرافەتمەند هەڵبدەنەوە وەک ئەو خەباتەی لە ئاسیا و ئەفریقیا بەڕێوە دەچێ. کرانەوەی سیاسییانەی نیسبیی ساڵانی ١٩٦٠ ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی چەند نووسراوێک دا بە زمانی کوردی یان لەسەر کورد، چەند کتێبێکی تر بەتایبەت ئەوانەی لەلایەن وەچەکانی شۆڕشەکانی ١٩٢٠–١٩٣٠ مابوونەوە لەژێر پاڵتۆ دەستاودەستیان دەکرد یا لە ئەڵمانیا دەکرێدران. ئەم بزووتنەوەیە کە لەناو "مارکسیزم–لینینزم" مۆدیلێکی جیهانیی دەدۆزییەوە کە داخوازینامەکانی "گەلێکی چەوساوە"ی بەشەرعی دەکرد، لە بەرامبەر چەپی تورکیدا، لە کۆتاییی دە ساڵەی شێستەکاندا بزووتنەوەی کورد سەربەخۆییی خۆی وەرگرت بۆ ئەوەی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆی دروست بکات.

---

156. “Yeni Akifi", aout 1966, n. 1.

157. G. Chaliand, Les Kurdes et le Kurdistan, Paris, Maspero, 1980, p. 12.

## ڕێژیمی عەسکەرتاری ١٩٧١

لە سەرەتای گرێی حەفتاکاندا، تورکیا بوو بە شانۆی ڕادیکالیزمی هەمەچەشنە و پێکداهەڵپرژانی ڕۆژانە کە بە شێوەیەکی بێ شومار دەسەڵاتی سیاسیی لاواز کردبوو. بەهەمان شێوە تەنگژەی ئابووری بە دەورەی لەدەستدانی بەها و هەڵئاوسانەکانی، هەژاریی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشینەکانی خێراتر دەکرد و قووڵبوونەوەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی تا دەهات زیاتر لەناو ناوەندە شارنشینەکان دروست دەبوو و شوێنکارەکانی بە شارنشینیکردن بەردەوام بزووتنەوەی کرێکاران (ئەستەمبۆڵ بەتەواوی لە ٦ و ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لەلایەن کرێکارانەوە داگیر کرابوو) و جووتیاران و بزووتنەوەی خوێندکاریی ڕەقەکارتر دەکرد.

هاوشان لەگەڵ یاخیبوونەکان، بێگومان پرۆژەگەلی تریش لە پشتەوەڕا پێ دەگەیشتن: لەناو ڕیزەکانی سوپادا چەند ئەنجوومەنێکی سیاسی لە کێبەرکێ دابوون. ئەفسەری گەنجی "کەمالیست" (و کەم و زۆر ناسری) بەدیار کەوتن بۆ ئەوەی لە ٩ی ئاداری ١٩٧١ دەسەڵات بگرنە دەست. هیرارشی عەسکەری بڕیاری دا بەخۆی دەستپێشخەری بکات لە یەک کاتدا هەم بۆ جێبەجێکردنی یەکەتیی سوپا و هەم بۆ "گێڕانەوەی کەمالیزم". دوای ئەوەی "ئەنجوومەنی چەپ" دوور خرایەوە، سوپا بە گەرەنتی سەرکۆمار جەودەت سوّنای کە بۆ خۆشی عەسکەرتار بوو، ئۆلتیماتۆمێکیان بەناوی ئۆلتیماتیۆمی ١١ی ئاداری ١٩٧١ ڕاگەیاند. حکوومەتی دیمیریل لە چەند سەعاتی دوای ئەوە دەستی کێشایەوە[١٥٨].

برێک گرۆی چەپ و بە نزیکەیی تەواوی دەستەبژێری کەمالیزمی نوێ، بە "دژە-ئیمپریالیزم" پێشوازییان لە ئۆلتیماتیۆمی عەسکەری و پێکەوەنانی حکوومەتێکی تەکنۆکرات کرد کە لەلایەن نیهاد ئیریم، ئەندامی پەرلەمان و

158. F. & B. Turgay-Ahmad, Turkiye`de Çok Partili politikanin açiklamali kronolojisi 1945-1971, op.cit.

پرۆفیسۆری یاسا بەڕێوە دەچوو. هەر زوو ڕەوشەکە وەکو دۆزەخی لێ هات. سەرۆک وەزیران هیچ گومانێکی لەسەر نیازەکانی نەهێشتەوە: "ئێمە وەکو زۆمپ بەسەر سەریان دادەبارین". باری حوکمی عورفی ڕاگەیەندرا، دادگەی عەسکەری پێکەوە نران، خۆپێشاندانەکان قەدەغە کران. لە ژاوەژاوی عەسکەریدا، پارتی ئیسلامیی نەجمەدین ئەربەکان هەڵوەشایەوە، بەڵام چەپ و ناسیۆنالیستە کوردەکان بە شێوەیەکی تایبەتی بەر تۆڵەسەندنەوەی عەسکەر کەوتن. سێ سەرکردەی چەپ، لەناویاندا سەرکردەی بەرچاو دۆنیز گەزمیش، لەدار دران. دەیانی تر لەوانە ماهیر چایان و ئیبراهیم کایاپاکایا ئیعدام کران یان تا مردن ئەشکەنجە دران. "هاووڵاتییانی بەڕێز" ڕۆژانە بانگەوازیان لێ دەکرا "ئەرکی پەنجەی تاوان بۆ ڕاکێشان"ی خۆیان تەواو بکەن. تیرۆری سپی کە لەلایەن سەرکردایەتیی موستەفا کەمال بۆ "سەرپانکردنەوەی کۆمۆنیستەکان" شەرعیەتی پێ درابوو، ئەمە ئەو کەمالیستانەشی نەدەبوارد کە بەدبەختیی ئەوەیان هەبوو کەمێک لە چەپ نزیک بوون. لەناویاندا ژمارەیەک مەدەنی و عەسکەر تاوانبار کران بەڕێکخستنی کردەی خراپەکاری، گیران و ئەشکەنجە دران. ڕێکخراوێکی نهێنی بەناوی "دژە-گەریلا" بەگوێرەی ڕێنوێنییە پێداگۆکییەکانی دژە-شۆڕشگێڕیی پنتاگۆن دروست کرا کە لە ناوجەرگەی ئەم داپڵۆسینەدا بوو. بەڵگەنامەکانی ئەم ڕێکخراوە کە بەبێ ئاگەداریی نووسەرەکانی لە ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠ بڵاو کرانەوە، ئەوە دەردەخەن کە ئەم ڕێکخراوە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە"تاڵان و برۆیی، قەتڵوعام و دەستدرێژییەکان"یشەوە وەکو وەسیلەی شەرعی دادەنا بۆ "شەڕی سایکۆلۆجی"[١٥٩].

### ١٩٧٣-١٩٨٠: ساڵانی ناشایستەییی حوکمڕانی

لەگەڵ ئەوەشدا کە "موتوربەکردنی کەمالیستی" خۆی ڕانەگرت و ڕێژیمی عەسکەرتاری بەرەو ڕووی تەنگژەی شەرعانییەت دەبووەوە کە گۆڕانەکانی

159. Kontr-Gerilla Belgeleri, Istanbul, Aydinlik, 1978.

سەرۆک وەزیران (فەرید میلیەن: ٢٢ی ئایاری ١٩٧٢–١٥ی نیسانی ١٩٧٣، نیام تالوو: ١٥ی نیسانی ١٩٧٣–٢٦ی کانوونی دووەم ١٩٧٤) نەیتوانی بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵ ببێ. بەو پێیەی ڕێگەی بە لە بەرچاوگرتنی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا بەدەستی خۆی چالاکییەکانی خۆی ڕاگرت.

هەموو ئەمانە لەناو گۆڕەپانێکی سیاسی کە بە شێوەیەکی ڕادیکال نۆژەن کرابووەوە ڕوویان دا. پارتی کۆماری گەل کە لەوەتای مەرگی موستەفا کەمال لەلایەن عیسمەت ئینینۆ بەڕێوە دەچوو، لە دەورانی ڕێژیمی عەسکەرتاریدا پەڕوباڵی کرابوو، لەلایەن سکرتێری گشتی بولەند ئەجەوید کە خۆی سەرەتا وەکو ناوەندی چەپ و پاشان چەپی دیموکرات و کەمالیستی نیشان دەدا بەرەوڕووی بووەوە، سەرکردە کۆنەکە (عیسمەت ئینینۆ) لە ساڵی ١٩٧١ سەرۆکایەتیی حزبی بەجێ هێشت و دوو ساڵ دواتر مرد. ئەجەوید لەگەڵ "هیوا" وەک دروشمی نوێی پارتەکەی، هەر زوو وەک سەرکردەیەکی میللی بەدیار کەوت، کە چەپی زامدار بەدەست ڕێژیمی عەسکەرتاری بگرە لەودیو ئەوانەشەوە بەشێکی زۆری دانیشتوانی شارنشینیشی گرد کردەوە. لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا، پارتەکەی دواجار لە توانایدا بوو تەحەدای پارتی عەدالەتی سولێمان دیمریل بکات.

دووەم فاکتۆر کە ڕەوشەکەی هەژاند: دروستبوونی پارتێکی نوێی ئیسلامی، پارتی ئاسوودەیی نەتەوەیی* بوو کە لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢ لەلایەن نەجمەدین ئەربەکان دامەزرا. هەموو وەسیلەکی بەکار هێنا و توانی هاوپەیمانییەکی سەیروسەمەرەی گرووپی دەنگدەران دروست بکات کە لە بێ هیوابووەکانی پارتی عەدالەتەوە بۆ ئەندامانی تەریقە کوردییەکان، لە بۆرژوازی هەرێمەکانەوە بۆ ڕەوتە کۆنسێرڤاتۆرەکانی ناو شارە گەورەکانی دەگرتەوە.

---

* Milli Selamet Partisi

هەڵبـژاردنەکـان تەرخـانـی سـەرکـەوتنی ئەجـەوید و لە کـەمـترین ڕادەشـدا تەرخـانـی سـەرکـەوتنی ئەربەکان کرابوون، کە وێڕای ناکۆکیی قووڵیان کەچی هاوپەیمانییەتێکیان دروست کرد و پارتی عەدالەتی "دیمریل" یان گۆشەگیر کـرد (٢٦ی کـانـوونی دووەم-١٧ی نۆڤـەمـبـەری ١٩٧٤). وێڕای نارەزاییی ئەربەکـان کـەچی لێـبـووردنێکی بەرفـراوان بۆ خـەباتکارانی چەپ دەرکرا. بەشـوێن کـودەتای نیکـۆس سـامـسـۆن لە قـوبـرس کـە لەلایەن ئەنجـوومـەنی سیاسیی دەسـەڵات لە ئاتینا ورووژێنرابوو، حکوومەتی ئەجەوید بڕیاری دا بە فـەرمی بۆ ڕێگەگـرتن لە قـەتڵـوعـامی تورکـەکـانی قوبـرس دەست تێـوەردان بکات[160].

"ئۆپەراسیۆنی ئاشتی" کە بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا پانتاییی داگیرکردنەکە ٤٠٪ی وڵاتی گـرتەوە، بوو بەهۆی لەناوچوونی نزیکەی دوو هەزار قـوبـرسی یۆنانی و بەرهەڵدابوونی دەیان هەزاری تر لە خـان و مـاڵیـان. ئەجـەوید توخمگەلی تۆماری دژە ئیمپریالیزمی و ناسیۆنالیستی پێکەوە گرێ دا و لە بەرزترین پلەی جەماوەرییەتدا بۆ سازدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەختە کە دڵنیا بوو لە بردنەوەی وازی هێنا.

ئەنجـامـەکانی هەڵبـژاردنەکـان تەواو بەجـۆرێکی تر شکانەوە. دوای چەند مـانگ لە ئاژاوەی سـیـاسی و حکوومـەتی کـاتیی سـەعـدی ئیـرمـەق (١٧ی نۆڤـەمـبـەری ١٩٧٤-٣١ی ئاداری ١٩٧٥)، ئەربـەکـان گـەیشـتـە ئەوەی ڕێککەوتنێک لەگـەڵ سلێـمـان دیمریل بۆ پێکەوەنـانی "بەرەیەکی نەتـەوەیی" دروست بکات کە هـاوپەیمانیـیەتەکە ئەلپ ئەرسـلان تورکـەش، سـەرکـردەی ڕاسـتـڕۆی توندڕۆیشـی بەخـۆوە دەگـرت کـە پارتەکـەی تـەنیـا سێ ئەندام پەرلـەمـانی هـەبوو و توهان فـەیزوغلو کـە پارتی "باوەڕی نەتەوەیی " خـۆیان بەکـەمـالیـست (٣١ی ئاداری ١٩٧٥-٢١ی حـوزەیرانی ١٩٧٧) دەناسـاند. هەڵبـژاردنەکـانی ٥ی حـوزەیرانی ١٩٧٧ ئەم بەرەیەی لاواز کـرد، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا زۆرینەی پەرلەمانی هەر پاراست (حکوومەت کە ئەجەوید لە سبەینێ

160. N.Kızılyürek, Milliyetçilik Kıskacında Kıbrıs, Istanbul, iletifiim, 2002.

ئەم هەڵبـژاردنانە پێکەوەی نا متمـانەی پەرلەمـانی وەرنـەگرت. دووەم "بەرەی نەتەوەیـی" لە ٢١ی تەمــووزی ١٩٧٧ دروست بوو کــە تاوەکـو ٥ی ژانـڤـیــیـەی ١٩٧٨ درێژەی کـێـشـا). لـە بەرامـبــەر قــووڵبــوونەوەی تـەنگژەی ئـابووری و بەتایبـەتیش سـیـاسـی کـە پێـوەندیی بـەدیاردەی زەبروزەنگـی زۆرەوە هەبوو، برێک لە ئەندام پـەرلەمــانی هاوپـەیمانی لە ١٩٧٩ وازیـان لە پارتـی عـەدالـەتی دیمرل هێنا. بەهەمان شێوە لە پۆستی وەزاریشدا نەمـان، ئەم ڕەوشە ڕێگەی بە بولند ئەجەوید دا تا حکوومـەتێک پێکەوە بنێ کە توانای ئەوەی بوو برێک سەقامگیری لەگەڵ خۆیدا بهێنێ (٥ی کانوونی دووەم ١٩٧٨-١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩). بـەڵام هاوپـەیمانیــیــەکــەیان کـــە بەدیار کــەوت بـێ توانـا بوو لـە چارەسـەرکردنی کێشـە ئابوورییەکان و دابینکردنی ئاشـتیی سیـڤیل، بۆیە لە هەڵبـژاردنی یاسـادانـانـی بەشـیدا، سـزا دران. ئەجەوید وازی هێنا بۆ ئەوەی جڵـەوی دەسـەڵات بـداتە دەست دیمریل کە، حکوومـەتەکەی (١٢ی نـۆڤەمـبـەری ١٩٧٩-١٢ی سێپتامبەری ١٩٨٠) خۆی تەواو بێ توانا نیشـان دا لە بەرامبەر زەبروزەنگ و تەنگژەی ئابووریدا.

### زەبروزەنگ

لە وەتای ســاڵی ١٩٧٥-ەوە تاوەکـو سـاڵی ١٩٨٠ تـورکـیـا لە واقـیـعـدا لەناو زەبروزەنگێکی دۆزەخـیـدا ژیاوە. زەبروزەنگ لە ڕێگەی کـودەتا دەوەسـتـێنرا کەچی جـوانتـر دەسـتـی پێ دەکردەوە بۆ ئـەوەی بەخـێـرایی سـەرتاپای کۆمـەڵ بگرێتـەوە. ئەم زەبروزەنگە بوو بەهۆی سـۆنگەی ٥,٧١٣ کـوژراو و ١٨,٤٨٠ برینـدار، ژمـارەیەک ســەرووتر لـەوەی شــەڕی سـەربـەخـۆیی (١٩١٩-١٩٢٣) ٥,٢٤١ کـوژراو و ١٤,١٥٢ برینـدار. لـە سـاڵی ١٩٨٠ ژمـارەی کـوشـتـنـە سیاسییەکان ڕۆژانە دەگەیشتە نێوان ١٥ تا ٢٠ کوژراو[١٦١].

161. S. Vaner, “Violence politique et terrorisme en Turquie” , In “Esprit”, oc-tobre-novembre 1984, pp. 79-104; H. Bozarslan, “Le phénomène milicien: une composante de la violence politique en Turquie des années 70", in “Turcica”, 1999, n. 31, pp. 185-244.

ڕاسـتـڕۆی توندڕۆ کـە سـاغ و سـەلامـەت لە دەست ڕێژیمی عـەسکەرتاری دەرچوو، بگرە هـەتاوەکو بەهێزیش بوو، یەکێک لە ئەکتەرە سـەرەکیـیەکانی زەبروزەنگ بوو. لـە مـاوەی یەک گـرێی دە سـاڵیـدا بەتـەواوی ڕەگی خـۆی داکوتیبوو، بەتایبەت لەناو شـارەکانی ئەنادۆڵ، ئەو شارانەی کە پێیان دەڵێن شـاری "تێکەڵاو" و دەتوانن هێزی خـۆیانی تێدا بـۆ دوژمنایەتی لە بـەرامبـەر دانیـشـتـوانە عەلەوی و کـوردەکان بـەکار بهـێنن. بەشـداریکردنی ڕاسـتـڕۆی توندڕۆ لە دەسـەڵات لە سـاڵی ١٩٧٥ەوە، بنـاغـەیەکی سیـاسیی پتـەویشی پێ بەخشی، لـە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆری زەوەندەی خـەباتکارەکانی کە لـە پۆستی فـەرمـانکارە یان لە کاری کـەرتی گشـتیدا جـێگەیان بۆ کرایەوە. ڕاسـتڕۆی توندڕۆ لەلایەن ڕاستڕۆی کلاسیکەوە چاوی لێ پۆشرابوو کە لەودا ئامرازێکی کـاریگەری دەبینییـەوە دژ بەچەپی توندڕۆ، هـەتا دژ بە پارتەکەی ئەجـەویدیش، بەڵام لە ژمـارەیەک دەروناوچەدا، پارتی باشـبـوغ (سـەرکـردەی گـشـتی) کـە لەوەبەدوا وەکو ئەکتەرێکی سەرچاوەی ڕاستڕۆ خۆی دەسەپاند.

ئەلپ ئەرسلان تورکەش بێگومان هەموو هەڵسوکەوتە خراپەکانی ڕەوتەکەی پێ کۆنتـرۆڵ نەدەکرا، بەڵام چرای سـەوزی بۆ "گورگەبۆرەکان"ی هـەڵکردبوو تا کـــوشـتن و قـــەتڵـــوعـــام ئـەنجـــام بدەن. هـەمـــوو جـــودابوونەوەیەک لەنـاو بزووتنەوەکـەیدا بێـبـەزەییـیـانە سـزا دەدرا. " من ئامێـزگـری پرسـەکـە بووم، باشبـوغ دەڵـێ، بەبێ ئەوەی خـۆم لە هەرچی شـتێک بێ نیگەران بکەم دەچمـە پێـشـەوە و بەشـوێنم کـەون! [بەڵام ] من بکوژن ئەگەر گـەڕامـە دواوە، هەمـوو کەسێک دوای ئەوەی پێوەندیی بەو پرسە دەکات ئەگەر گەڕایە دواوە بیکوژن"

لە هـەڵبـژاردنەکـانی ١٩٧٧ەوە کـە تەرخـانی سـەرکـەوتنەکـانی کـرابوو لە چەندین هـەرێمـدا، ڕاسـتـڕۆی توندڕۆ سـتـراتیـجیـەتی خـراپتـری هـەڵبـژارد: قـەتڵوعـامی دژە عـەلەوی بە زنجـیـرە، لەوانە ئـەوەی مـەرەش سـاڵی ١٩٧٩ کە زیاتر لە سـەدان قوربانیی لێ کەوتەوە، کوشـتنی ڕووناکبـیـرانی چەپی لیبراڵ کـە برێک جـار بۆ حـیـسـابی مـافیـا جـێبـەجـێ دەکـران، وەکـو ئەوەی ئاددی ئیپـەکـەچی، ڕۆژنامــەنووسی بەناوبـانگی مـیللیـەت، هـەتا دەگـاتە هـەوڵدان بۆ

کودەتا «کە لەلایەن جەنەراڵ نامیق کەمال ئێرسین ساڵی ١٩٧٨ بەڕێوە چوو». هێزەکانی لە پێوەندی دابوون لەگەڵ دژە-گەریلای بەناوبانگ بەبێ ئەوەی بە تەواوی ئەو بەرپرسیاریەتانە بزانرێ کە دەکەوێتە سەر ئەم یان ئەوی تریان. بەم شێوەیە ئەو شەڕەتەقەیەی کە لە ١ی ئایاری ١٩٧٧ لە ئەستەمبۆڵ کە لەناو خۆپێشاندەرەکاندا سی و چوار کوژراوی لێ کەوتەوە، یان هەوڵدانەکانی تەقینەوە کە ئامانج بولند ئەجەوید بوو تایبەتمەندیەتیی ئەم یان ئەوی تریان یان هی هەردووکیان بوو پێکەوە[١٦٢].

لە بەرامبەردا چەپێکی دارزاو لەلایەن کودەتا کە سەرکردە زۆر گەنجەکانی «کە بە زەحمەت بیست و پێنج ساڵ دەبوون» و لە دەورانی ڕێژیمی عەسکەرتاری ١٩٧١دا کوژران پیرۆز کران. بەڵام ئەرکی وەفاداری بەرامبەریان زەحمەت دیاربوو پڕ بکرێتەوە: چۆن "وەسیەتنامەکانی" ئەم شەهیدانە لێک بدرێتەوە و چۆن ئەو پەیامەی ڕزگاری کە تیایەتی بەکار بهێنرێ؟ بزووتنەوەی چەپ بەزوویی لەلایەن ئاپۆڕەیەکی هەرزەکار، بەتایبەت عەلەوی لەناو پرۆسیسێکی پارچە پارچەبوونی سەرنج ڕاکێشدا خۆی چەکدار کرد: لە ساڵی ١٩٨٠ لە چل ڕێکخراو کەمتریان نەبوو کە بەردەوام لە ناوخۆیاندا لە شەڕدا بوون و هەندێک جار لەسەر لێکدانەوەی وشەیەک یان ئاوەڵناوێکی "وەسیەتنامەکان" کە لەناو ئەم ڕەوتە بەرەو هەرەس چووە هەڵسوکەوتیان دەکرد[١٦٣].

لە پاڵ ئەم چەپە "تورکە" دەبێ چەپێکی "کورد"یش زێدە بکرێ کە سەرەتا لە پارتی بێ چەک و پاشان عەسکەری پێک دەهاتن. بەم شێوەیە پەکەکە "پارتی کرێکارانی کوردستان" و کۆک "ئازادیخوازە نەتەوەییەکانی کوردستان"، کە لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزران، جارێ خەباتێکی بێ هەودایان دا کە سەدان کوژراوی لێ کەوتەوە. قسەکردن لەبارەی چارەنووسی چەپ لەم ماوەیەدا

١٦٢. بۆ ئەم قۆناغە بڕوانە چاپە ئینسیکلۆپیدیایەکانی:
"Hürriyet" "Millieyt" " Cumhuriyet".

163. G. Zileli, Havariler, Istanbul, iletifiim, 2002.

موردا بیلگە لە ساڵی ١٩٨٣ باس لە ئیماژی "ئۆردالی*"[١٦٤] دەکات.

ئەمــیــان یان ئەو کــامپ لەناو چاوەڕوانی شــەڕێکی ناوەخــۆدا دەژیا کــە مەزەندەیان دەکرد هاکا ڕووی دا و لە دیدی ئەواندا شەڕەکە بەئەنجام ناگات تەنیا بە ڕیشەکێشکردنی یەکێک لەوانە نەبێت. ئەم ڕوانینە تراجیدییە کە بە شــێــوەیەکی زۆر نایاب لەلایەن ئۆرهان پامــوک لە ڕۆمــانی مــاڵی بێــدەنگدا (پاریس، گــالیمــار) وەسپ کــراوە، کــە هانی خــەباتکارەکــانی دەدا کــە لەناو ئێــســـتـــەدا بــژین بــەبێ ئەوەی شــیــمـــانــەی ئەوە هــەبێ بگەن بەدوارۆژێکی دامەزرێنەرانە، یان هێشتا کەمتر لەوە بۆ ناو تێڕامانێک کە ڕێگەیان پێ بدات واتایەک بەو زەبروزەنگە ببەخشن کە خۆیان نووسەرەکانیانن و یان لێیەوە دەربچن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ددان بەوەشدا بنرێ کەوا ئەو زەبروزەنگەی کە وڵاتی هــەژاندبوو هەر بــۆ ڕادیکالیـــزمی ئایدیۆلۆجی نــاگــەڕێتـــەوە کـــە ڕەنگ و شــەرعــیــەتێکی پێ بەخشــیــبوو. لە ژمــارەیەک دەروناوچەدا، لە واقــیــعــدا، زەبروزەنگ ڕەهەندێکی کۆمیونێتێری یان هەتا میلیشیایی وەرگرتبوو و بووبووە ئامرازێک کە ڕێگەی بەمۆنۆپۆلیزەکردنی فــەزای سیاسی دەدا لەسەر ئاستی هەرێمــایەتی و لە بەرەنجامــیــشدا گــەیشتن بەســەربەخــۆبوونێکی ڕاســتــەقــینە لە بەرامــبــەر دەســەڵاتی ناوەندا. زەبروزەنگی مــیلیــشــیــایی ناسنامەکانی کۆمیونێتێری دەبەست کە دەبوو بەهۆی لەدایکبوونیان دەیگۆڕی بەوەی لەســـەر بنەمـــایەکی دوژمنکاری و دووبارە پێناســـەی دەکـــردنەوە. زەبروزەنگ فــەزایە تێکەڵاوەکانی تێکوپێک دەدا و سنوورەکانی کۆمیۆنتێری

* ئۆردالی ordalie: جـــۆرە ســـزادانێک بوو لە کـــۆندا کـــە بۆ بڕیاردان لەســـەر تاوانبــاریەتیی کــەســێک، کە بەئەشکەنجــە سزایان دەدا، وەک ئەوەی بۆ نموونە دەستیان دەخستە ناو ئاوی گەرم، کە ئەگەر بێتاوان بوایە ئەوا خوا دەیپاراست. (وەرگێڕ).

164. M. Belge, Sol, in I.C Schick & E.A. Tanık`ın Geçifi Sürecinde Türkiye, Istanbul, Belge, 1998, pp. 159-188.

دەگۆڕی بۆ سنوورگەلێک بەمانای تەواوی عەسکەری وشەکە. لەلایەکی ترەوە، زەبروزەنگ ڕەهەندێکی "بەرفراوان"ی بەخۆیەوە گرتبوو کە، لەسەر ئاستی ناوەخۆییدا شوێنی هەموو شێوەکانی تری چارەسەرکردنی ململانێیەکانی گرتەوە. دواجار زەبروزەنگ گەیشتە ناو پێوەندییە تایبەتییەکانیش بەتایبەت لە حاڵەتی خەباتکارانی ڕاستڕۆی توندڕۆدا بۆ خۆ پێوەستکردن لەگەڵ هەڵسوکەوتی خراپی گرووپەکانی مافیادا[١٦٥].

هەڵبەت بەدەر لەم ژمارە زۆرانەی ئەکتەرەکان، لە هەموو حاڵەتەکانی زەبروزەنگدا لە بێ توانایی سیستمی سیاسی پەیدا دەبوون لەوەی گەنجان لەناو فرە لایەنی ڕابهێنێ کە سەرچاوە سیمبولییەکانی کۆمیۆنیتەکانی لە ململانێدا بوو وەکو شەرعانی ددانیان پێدا بنێ و زیاتر لەوەش وتووێژی پەیماننامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات. ئەم زەبروزەنگە ئەوەی نیشان دا کە چەندە تەونی کۆمەڵایەتیی وڵات لە سۆنگەی پارچە پارچەبوون لاواز بووە کە بەشوێنی خۆیەوە تاوی داوە.

### کودەتای ١٩٨٠

ئەو تەنگژە ئابوورییە بێ پێشینەی کە تورکیا پێیدا تێپەڕ دەبوو ئەنجامەکانی ناجێگیربوونی سیاسیی قووڵتر کردەوە. بەرەنجامەکانی شۆکی وزەیی ساڵی ١٩٧٣، ئەو گەمارۆیەی کە وڵاتانی ڕۆئاوا دوای پەلاماردانی تورکیا بۆ باکوری قوبرس خستیانە سەری، نەبوونی بڕوا لە سیستمی سیاسیدا، کۆتایی وەبەرهەمهێنانی بێگانە و قەرزەکان، هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی جێگرتنەوەی هاوردەکان ڕەوشێکیان دروست کرد کە تێیدا وڵات "پێویستی بە٧٠ سەنتیش بوو وەری بگرێ" (س. دیمریل). لە ساڵی ١٩٧٩ تۆرگۆت ئۆزال، ئەو تەکنۆقراتەی کە باوەڕی پیاوانی کاری هەبوو بانگ کرا بۆ چاودێریکردنی ئابوورییەک کە لە تەنگژەدا بوو، بەڵام هەلومەرجە

165. S.Parlar, Kontrgerilla Kıskacında Türkiye, Istanbul, Bibliotek, 1997; H. Uysal, Devlet-Ülkücü-Mafya. Kurtlu Kokteyl, Istanbul, Öteki, 1996.

سیاسییەکانی پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆگرامە ڕێکخستنسازییەکەی کە لە ٢٤ی ژانڤییەی ١٩٨٠ جاڕ درابوو دوور بوون لەوەی کۆ بووبووبنەوە[١٦٦] . پارتە سیاسییەکان لەناو ستراتیجییەتێکی خۆکوژانەدا، لەناو بوارێکی بینین ڕەوتاریان دەکرد کە ئاسۆی بینینی هەر بۆ چەند ڕۆژێک بوو. لە کاتێکدا ئەجەوید و دیمیریل هەموو ڕێککەوتنێکیان ڕەت دەکردەوە، بۆ هیچ نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ سەرۆکێکی نوێ لە شوێنی فەخری کۆریتورک، بە وڵات ببەخشن کە دەورەی حەوت ساڵەی گەیشتبووە وادەی خۆی. پارتی ئاسوودەیی نەتەوەیی ئەربەکان بڕیاری دا "گێچەڵ بۆ حکوومەت بنێتەوە " و بە نارەزاییبوون دەنگی بۆ هەموو پێشنیازێک دا کە سانسۆرکردنی وەزیرەکانی بگرێتەوە.

وەڵامی عەسکەری لەسەر شێوەی چەندین ئۆلتیماتیۆمدا هات، پاشان کودەتایەکی نوێ: ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی کە سەرۆک ئەرکانی شەڕی هاوبەشیی سوپا، کەمال ئێڤرین و سەرۆک ئەرکانە جەنگییەکانی هەر یەکێک لە سوپا و جەندرمەی لە ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و لە سەرتاسەری وڵات جاڕی حوکمی عورفیی دا، زۆربەی سیاسییەکانی زیندانی کرد، لەوانە ئەجەوید، دیمریل، ئەربەکان و تورکەش، ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەڵوەشاندەوە، چالاکییەکانی زۆربەی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی قەدەغە کرد. دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەمیرالی خانەنشین بولند ئۆلسۆن، سەرۆک وەزیرانی نوێ بەرفراوان کرا بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا دەسەڵاتی یاسایی و ڕاپەڕاندن بەڕێوە ببات (و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دادگە سەربازی و قەزاییەکان). دەمودەست سەرۆک وەزیرانی نوێ ویستی خۆی لە زامنکردنی سەقامگیربوونی سیاسی و کۆتایی پێهێنان بەزەبروزەنگی سیاسی و گەڕانەوەی کەمالیزم و فەرزکردنی "دیسیپلین"ی پێویست بۆ چاکسازیی ئابووری ڕاگەیاند.

وەختایەک ئەنجوومەنی عەسکەری لە ساڵی ١٩٨٣ دەسەڵاتی بەجێ هێشت،

166. A.S. Akat, “Iktisadi Politikalar”, In Cumhuriyet Dönemi Türkiye Ansiklopedisi, Istanbul, Iletifiim, 1983, pp. 1090-1112.

هەموو ئامانجەکانی بەجێ هێنابوو جگە لە "گەڕانەوەی کەمالیزم" نەبێ، بەڵام بە پێشێلکردنێکی یەکجار زۆری مافەکانی مرۆڤ. پەنجا خەباتکارێک کە زۆربەیان چەپ بوون لەدار دران (گەنجترینیان هێشتا ڕواڵ نەبوو). نزیکەی ٤٠٠ خەباتکاری چەپ کوژران، ئەشکەنجە دران تا مردنیان بێ سەروشوێن کران. زیاتر لە ٦٠٠,٠٠٠ کەس خرانە ناو زیندانیی کاتی، ٨٥٠,٠٠٠ کەس زیندانی کران زۆربەیان بۆ ماوەیەکی درێژ. ئۆرهان ئەپایدن، کۆنە پارێزەری عەدنان مەندەریس و سەرۆکی نەقابەی پارێزەرانی ئەستەمبۆڵ و گۆرانیبێژ ڕوحی سو کە گۆرانییەکانی شۆڕشیان بەسەر مۆسیقای ترادسیۆنی تورکیدا کرد، لە ئەنجامی داتەکانی نەخۆشییەکانیان لە کاتی زیندانیکردنیاندا گیانیان لەدەست دا. هەزاران ڕووناکبیری تر و سەندیکاخواز لە زیندانەکاندا تەجرەبەی زیندانیی خۆیان ئاڵوگۆڕ کرد. زانکۆیەکان پاک کرانەوە و ئەو حەماسەتەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیای ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا بەخۆیەوەی بینی بەئاشکرا دابەزییە خوارەوە.

لە بەرامبەردا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێگەی بەچەند خەباتکارێکی ڕاستڕۆی توندڕۆ دا لەوانە عەبدوڵڵا چەتلی کە لە سۆنگەی ئەوەی ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری کوشتبوو لەلایەن دادگە داوا کرابوو (لەوانە حەوت قوتابیی چەپ لە ئەنقەرە) بەوەی بگەنە ئەوروپا بۆ "خەبات دژ بە ئەرمەنییەکان". ئەلپ ئەرسلان تورکەش سکاڵای بوو لەوەی کە خۆی لە زیندانە "لە کاتێکدا بیروباوەڕەکانی لە دەسەڵاتن"[١٦٧]. ڕێژیمی ١٢ی سێپتەمبەر لە واقیعدا نوماینەدەی دەسەڵاتێکی ناسیۆنالیستی توندڕۆ و کۆنسێرڤاتۆر بوو کە هەموویان زۆر هاوجووت بوون لەگەڵ ئیدێی ڕاستڕۆی توندڕۆ لە سەرتاپای تورکیادا. عەسکەرتارەکان بڕیاریان دا کە هەموو پێوەستبوونێکی ئایدیۆلۆجی جگە لە کەمالیزم، هەموو ئینتیمایەکی ئیتنیکی تر جگە لە تورکبوون، هەموو ئینتیمایەکی ئاینی جگە لە سونیبوون

167. T. Bora & K. Can, Devlet, Ocak, Dergâh. 12 Eylül`den 1990`lara Ülkücü Hareket, Istanbul, I1etifiim, 1991.

"گومڕایی"یە و پێویستی بەچارەسەرکردنێکی دەروونناسی هەیە وەک ئەوەی لەلایەن پزیشکانی دەروونناسی قوتابخانەی سیزار لۆمبارۆ پێشکێش دەکرێ[١٦٨]. بەکارهێنانی زارەکیی زمانی کوردی قەدەغە کرا و چیایەکانی کوردستان لە نوێوە بە دروشمەکانی ئەتاتورک ڕازێنرانەوە "بەختەوەر ئەو کەسەیە کە بەخۆی دەڵێ تورک". گوندەکانی عەلەوییەکان نوقمی ناو مزگەوت کران. کەمالیزم کە ئەمجارە سوپا بەسەر کۆمەڵگەیدا سەپاند، کە لە ڕاستیدا بە ئیسلامێکی توندگیر بۆیە کرابوو. بەم شێوەیە ئەنجوومەنی سیاسیی سەنتێزێکی پیادە کرد کە پێی دەڵێن تورک-ئیسلام-ڕۆئاواییخواز[١٦٩]، کە لەلایەن "ماڵی ڕووناکبیران"، ڕێکخراوی سەروو کۆنسێرڤاتۆر ئامادە کرابوو بۆ لە چوارچێوەگرتنی نەتەوەی تورک. لە ماوەیەکی کەمدا، لە زانکۆوە بۆ تەلەڤزیۆن، هەموو دامەزراوەکان بەگوێرەی خواستەکانی ئەم دوو ئایدۆلۆجییەتە "ڕیفۆرم" کرانەوە. هاوکات لە زیندانەکان خوێندنەوەی ئاخاوتنەکانی موستەفا کەمال بەزۆری بوو و وەکو قورئان بەتەواوی واجیب بوو. زیندانییە سیاسییەکان ناچار کران لەسەر دیواری ژوورە ئینفرادییەکانیاندا دروشمگەلی نوێی ڕێژیم بنووسن: "تورکیا: لە هەموو شتێک گەورەترە"، "ئەوەی نێوچەوانی لە بەرماڵی نوێژ دەدات ئەوە، برامە"[١٧٠].

پرۆژەیەکی دەستوور ئامادە کرا کە سەرجەم پراتیکەکانی ڕێژیمی عەسکەرتاریی تێدا تۆمار کرد، جەنەراڵ ئێڤرینی کرا بە سەرکۆمار و جەنەراڵەکانی لە هەموو بەدواداچوونی سزا وەدەرنا. دەنگدان لەسەر دەستوور بە"نەخێر" وەکو کردەی خیانەت لە بەرامبەر نیشتمان دەژمێردرا و "بەڵێ" بە نزیکەی ٩٢٪ی دەنگ لەسەردانەکانی بردەوە. پشت ئەستوور بەم سەرکەوتنە، عەسکەرتارەکان بڕیاریان دا، هەروەها سیستمی سیاسیش

168. N.Gürbilek, Vitirnde Yafiamak, Istanbul, Metis, 1992, pp. 73-84

169. B. Güvenç, G. Seylan, I. Tekeli & I. Turan, Türk-Islam Sentezi, Istanbul, Sarmal, 1991.

170. M.S. Gemalmaz, “12 Eylül Rejimi” , In Cumhuriyet Dönemi Türkiye Ansiklopedisi, Istanbul, I1etifiim, 1996, pp. 974-999.

دووباره چاک بکەنەوە، بۆ خـۆیان پارتێکی ڕاسـتـڕۆ «پارتی دیموکـراتی نەتەوەیی»یان دروست کرد کە لەلایەن جەنەراڵی خانەنشین تۆرگۆت سونالپ بەڕێوە دەبرا و ڕێگەیان بە دروستکردنی پارتێکی چەپ «پارتی پۆپۆلیست، کە لەلایەن نەجدەت جالپ بەڕێوە دەبرا» و پارتێکی لیبراڵ "پارتی نیشتمانیی دایک–ی تۆرگۆت ئۆزال"دا. ئەندامـانی دامـەزرێنەری ئەم دوو پارتەی دوایی لەژێر چاودێریی وردی سـوپادا هەڵدەبژێردران، ئەنجـوومـەنی سـیاسـی هیچ گـومـانێکی لەوەدا نەبوو کە پارتەکەی کە ئەو هێندە بەئاشکرا هەڵمەتی بۆ کرابوو، ئەم هەڵبژاردنە "فرە لایەنییە" دەباتەوە. بەڵام ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣ ئێوارە، شکستهێنان بوو: "پارتی نیشتمانیی دایک" لە دوورەوە گەیشتە پێشەوە بە ١٥ ,٤٥٪ی دەنگەکان (زۆرینەی ڕەها لە ئەنجوومەن)، بەشوێنییەوە پارتی پۆپۆلیست (٢٧ ,٣٠٪) و دوورتر لە دواوە پارتی عەسکەرتارەکان بوو کە لە (٢٧ ,٢٣٪) دەنگەکانی هێنا.

## بەشی چوارەم

### دە ساڵییەکانی تەنگژە

### ٢٠٠٢-١٩٨٣

**١٩٨٣-١٩٩١ : ساڵانی پارتی نیشتمانیی دایک**

دەسەڵاتی پارتی نیشتمانیی دایک پشت ئەستوور بە زۆرینەیەکی پتەو وەک یەکگرتنەوەیەکی هەر چوار ڕەوتەکەی تورکیای پێش کودەتا "ڕاسترۆ، چەپڕۆ، ئیسلامیست و ڕاسترۆی توندڕۆ" وابوو. پۆپۆلیست و دیماگۆگ، دەیویست خۆی بکات بە بەرگریکاری " ئەستوونی ناوەندی"، میتافۆری بەکارهێنراو بۆ قسەکردن لەبارەی چینە ناوەنجییەکانەوە.

زۆر کۆنسێرڤاتۆر، بەهەمان شێوە چاوی بڕیبووە ئەوەی دەست لە بەشەکانی ڕێژیمی عەسکەرتاریش بدات کە کۆنە سیاسەتوانەکانی لە مافی مەدەنییان بێبەش کردبوو (لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکەوە ئەو مافانەیان وەگیر خستەوە). ئۆزال گەرچی بەرەچەڵەک کورد بوو، وەک ئەوەی دواتر ددانی پێدا ناوە، لە یەکەم قۆناغدا دەیویست خۆی بکات بەپاڵەوانی ناسیۆنالیزمی تورک و دەوڵەتێکی بەهێز کە بتوانێ ئاسایش و دیسپلین بسەپێنێ.

ئۆزال، سەرداری ڕەهای ڕایەڵەیەکی موشتەریخواز بوو کە "شازادە" تەکنۆکرات و ئابووریناسەکانی بەخۆوە دەگرت کە بەهیچ کلۆجێ سیمای بیرۆکراتە کلاسیکییەکانی تورکییان نەبوو. دواجار ئۆزال تەجسیدی ئیماژی کۆمەڵگەیەکی دەکرد کە لە یەک کاتدا بێ ئەندازە ئاینی و بەرۆئاواییکراو بێ،

ئەو بۆ خـۆی مـوریدی تـەریقـەی نـەقـشـبـەندی و لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکاش پەروەردە بووبوو[١٧١].

تۆرگـۆت ئۆزال بۆ خـۆی (نەوەکـا پارتەکـەی) بەرەبەرە ئەو گـۆڕانکارییـە سیـاسـییـانەی کە وڵات لەژێر دەورانی حوکمـڕانی ئەودا بەخـۆیەوەی بینیـبـوو پەرە پێ دا. دەورانێک کـە لەگـەڵ عـەسکەرتـارەکـان تا گـەیشـتـنی بە سەرۆکایەتیی کۆمار ساڵی ١٩٨٩ دابەشی کردبوو.

لەم مـێژووە بەدواوە کـۆنە سـەرکـردە سیـاسـیـیـەکـان، ئەربەکـان، دیمریل، ئەجـەوید و تورکـەش لە گـەڕانەوەدا بوون و سـەرلەنوێ پێـشـی شـانۆکـەیان گرتەوە. هەریەکەیان هەر هیچ نەبێ لە ڕواڵەتدا گۆڕابوون. ئەربەکان سەرۆکی ڕەفـاه و تورکـەش سـەرۆکی پـارتی کـاری نـەتەوەیی (کـە دواتر بوو بەپـارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی)، لە چەند شـێـوەی "مـیـانڕۆ"دا بوون و هەوڵیـان دەدا ئیـمـاژی خـۆیان چاک بکەن. ئەجـەوید سـەرۆکی پارتی چەپی دیموکـرات حـەمـاسـەی گـەنجێتی و ژمـارەیەکی زۆر لە ئیلتیـزامـاتەکـانی خـۆی لەدەست دابوو. وێڕای ئەوەی کـە وەک هەمـوو کـات خـۆی بەچەپڕەو دەناسـاند، هەنگاوێکی گەورەی نا بەرەو ناسیـۆنالیزمێکی توندڕۆ کە لە تورکەشی نزیک دەکـردەوە. دیمریل سـەرۆکی پارتی ڕێگەی ڕاست، هەرچی ئەو بوو وا پێ دەچوو بەئاراستەیەکی پێچەوانە بچێتە پێش: لەگەڵ پارتێکی تری چەپدا بوو بەداکۆکیکاری دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ. ئەم دووەم پارتییە، SHP پارتی سۆسیـال-دیموکراتی گەل بوو کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی کۆمـاری گـەل)، هاوپەیمانە وەهمـیـیـەکـەی، بەشـێکی کـۆنە سـەرۆک ئەرکـانی سـوپای پارتـەکـەی ئەجـەویدی کـۆ کـردبووەوە کـە لەلایەن ئـەردال ئینینۆی کـوڕی عیسمەت بەڕێوە دەبردرا[١٧٢].

171. K.Özal, "Twenty Years with Mehmed Zahid Kotku: A Personal Story", In E.Özdalga (dir.). Naqshbandis in Western and Central Asia, Change and Continuity, Istanbul, Swedish Research Institute, 1999, pp. 159-185.

172. U. Sakallıoglu, L. Kökner, R. Çakır et al., "Siyasal Partiler", In Cumhuriyet Dönemi Türkiye Ansiklopedisi, Istanbul, I1etifiim, 1996,pp. 1247- 1288.

له ١٩٨٠ تا ١٩٨٩، هەر یەکێک لەو سەرکردانە بەقۆناغێکی سەختدا تێپەڕ بووبوون و هەروەک پارتەکانیان کە هەر کات دادگەی دەستووری داوای قەدەغەکردنی دەکردن، ناوەکەیان دەگۆڕی و لەژێر نیشانەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی تردا یەکیان دەگرت یان دابەش دەبوون بۆ ئەوەی ڕێکخراوگەلی نوێ دروست بکەن. ئەم نەخشە سیاسییە نەبینراوە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ کەمێک ئاسان بووەوە: دوو پارتی، DYP (پارتی ڕێگەی ڕاست)ی دیمیریل (٢٧٪) و پارتی سۆسیال-دیموکراتی گەل SHPی ئینینۆ (٧٥، ٢٠٪)، واتە پارتێکی ڕاست و پارتێکی چەپ هاوپەیمانییەتێکیان پێکەوەنا، پارتێکی چەپ (DSP پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەجەوید، ٧٥، ١٠٪) و پارتی نیشتمانیی دایک کە لەوەتای سەرۆکاتیی ئۆزال سەرەتا لەلایەن یلدرم ئاکیلۆت، پاشان مەسعوود یەلماز (٢٤٪) بەڕێوە دەبردرا و هەروەها ڕەفاه، پارتی نوێی ئیسلامیی نەجمەددین ئەربەکان ٨٨، ١٦٪)یان ڕەوانەی ئۆپۆزسیۆن کرد.

ئەم هەڵبژاردنانە لەناو کەشوهەوایەکی ئارامی کۆمەڵایەتی و چاوەڕوانییە دیموکراتییەکاندا بەڕێوە چوون. بەهەمان شێوە، ناسیۆنالیستە کوردەکان کە هەندێکیان پێشوازییان لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری کرد کە پەکەکە لەوەتای ١٩٨٤ دەستی داوەتێ، لەناو پارتی SHPدا گرد بووبوونەوە. دیمیریل کە ماوەیەکی زۆر دژی هەموو دەربڕینێکی ناسنامەیی بوو، لەوە بەدوا دانی بە"هەقیقەتی کورد" دانا. بژارە توندڕۆیەکانی ناو کۆمەڵگە جێگەیان بۆ هزری پەیماننامەی کۆمەڵایەتیی ئەنتیگراتۆر چۆڵ کرد. هەتا ئیسلامیزمیش تا دەهات زیاتر وەکو پێکهاتەیەکی شەرعیی کۆمەڵگە چاوی لێ دەکرا. لەو ئۆپۆزسیۆنە زەبروزەنگاوییانەی کە وڵاتی بردە سەر قەراغی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٨٠ ئیتر لەوە بەدوا جێگەی بە بیرۆکەی کۆمەڵگەیەکی سیڤیل بەئاشتەوایی لەگەڵ خۆیدا و لەگەڵ دەوڵەتدا وەکو ڕێکخەر نەوەکا وەک سەرداری شوێنە گشتییەکان، گیرایەوە.

دواجار وێڕای ئەو هەژارییەی دە ساڵییەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠، ڕەوشی

ئابووری دەســتی کــرد بــەوەی چاکــتــر دەبوو. ولات لـەناو تەنگژەی ڕێژیمی عەسکەرتاری هاتە دەرەوە کە مووچەی ڕاوەستاندبوو و مانگرتنەکانی قەدەغە کردبوو. لە سالّی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣ پێڕەستی مووچە لە کەرتی گشتیدا لە ٩٦,٩ بۆ ٧٤,٠ بەرز بووەوە (١٠٠: لە سالّی ١٩٧٦) و لە کەرتی تایبەتیدا لە ٨١,٩ بۆ ٧٤,٦ بەرز بووەوە. لە ســالّی ١٩٩٠ گــەیشــتــە ١٢٧,١ بۆ یەکــەمــینەکــان و ١١٢,٨ بۆ دووەمــینەکــان. نرخی کــڕینی بەرهەمــە کشتوکالّییەکان لەژێر دەورانی ڕێژیمی عەسکەرتاردا کە نزیکەی ٢٥٪ی نرخەکەی دابەزیبوو لە سالّی ١٩٩١ گەیشتەوە ئاستی کۆنی خۆی. دواجار شەڕی ئێران-عێراق و پرۆگرامی بەربلاوی دروستکردنی ژێرخانەکان لە ولاتانی کــەنداودا ڕێگەی بەژمــارەیەک بیناکــاری تورک دا تا لە ملکەچیی بازاڕێکی تەسکی ناوخــۆ ئازاد بن و هاتنەناوەی ئاســایی پارەی بێگانە ئەنجامەکانی لەسەر سەرجەم ئابووریدا هەستی پێ دەکرا.

**پارچە پارچەبوونی سیاسی: ١٩٩١-١٩٩٩**

هەلّبژاردنەکانی سالّی ١٩٩١ دەیتوانی ببێتە سۆنگەی سەقامگیربوونی تورکیایەک کە بتوانێ پرسی کورد چارەسەر بکات، هەستیارییە سیاسییە هەمەچەشنەکانی مالّی بکات و ڕۆلّێکی سەقامگیر لەودیو سنوورەکانیەوە بگێڕێ. کەچی لەگەلّ ئەوەشدا دە سالّەی ١٩٩٠ هەر سالانی تەنگژەی بەردەوام بوون.

هاوپەیمانیی دیمیریل هەر زوو هەمــوو ئۆتۆنۆمــیــیــەکی لە بەرامــبــەر عەسکەرتارەکان لەدەست دا، بەتایبەت لە مامەلّەکردن لەگەلّ پرسی کورددا کە دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە. لێرەدا ئەوەندە بەسە ئەوە دەستنیشان بکەین کە لە کۆتاییی سالّی ١٩٩١دا دیمریل لە یەکێک لە گەورەترین شارە کوردییــەکــانی ولاتدا "دیاربەکر" ڕای گــەیاند کــە حکوومــەتەکــەی ددان بە"هەقــیــقــەتی کــورد"دا دەنێ. کــەچی هــەر چەند مــانگێک دواتر، ئاهەنگگێڕانەکانی نەورۆز "سالّی نوێ"ی کوردی (٢١ی ئاداری ١٩٩٢) زۆر

دڵڕەقانە لەلایەن سوپاوە سەرکوت کران کە پاساوی بەکارهێنانی هێزی بۆ "یاخیبوونی چەکدارانەی شارنشینی" پەکەکە گێڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان سەدان کوژراو کە "یاخیبوونی چەکداری"یان کرد، نە یەک تاقە خەباتکاری پەکەکە و نە یەک تاقە عەسکەریشی تێدا نەبوو[۱۷۳].

قوربانییەکان هەر هەموویان مەدەنی بوون و بێباکانە کوژران. دیمریل ناچار گەڕایەوە دواوە و دوای ئەم هێز نیشاندانە لەمەودوا ئیتر پشتگیریی لە هەموو کردەیەکی عەسکەری دەکرد لەم بوارەدا. هەتا خۆی زۆر خۆپارێز نیشان دا لە بەرانبەر هزری بەرفراوانبوونی ئازادییە سیاسییەکان کە وەختایەک لە ئۆپۆزسیۆن دابوو ڕای گەیاندبوو. لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ۱۹۹۱دا لەوە بەدوا ئیتر تەنیا ڕقی تۆڵەسەندنەوەیەکی کەسی کە لە بەرامبەر جەنەراڵەکانی ۱۲ی سێپتەمبەر مابووەوە، هەستێکی زۆر کەم بوو بۆ تێکشکاندنی پێوەندییەکانی ژێردەستەیی کە مەدەنییەکانی بەعەسکەرتارەکان بەستبووەوە.

مردنی تۆرگۆت ئۆزال لە نیسانی ۱۹۹۳ بوو بەهۆی گۆڕینی ڕەوشی سیاسی. لەوەتای گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی، ئۆزال وەکو تاقە ئەلتەرناتیڤی دیموکرات و لیبرال خۆی هێنایە پێشەوە و پێشنیازی چارەسەرکردنی پرسی کوردی کرد لە ڕێگەی دیموکراتی و نەهێشتنی جیاوازی و نێردراوەکانی خۆشی ڕاسپارد بچن مفاوەزە لەگەڵ ئەرمەنییەکان بکەن و هیوای خواست ددان بەوەدا بنرێ ئەگەر قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان بە جینۆسایدیش نەناسرێ، ئەوا بەلای کەمیەوە وەکو تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی بناسرێ کە ساڵی ۱۹۱٥ لەلایەن ئیتتیحادییەکانەوە جێبەجێ کراوە[۱۷٤].

173. Human Rights Watch, Broken Promise: Torture and Killings Continue in Turkey, New York, decembre 1992

174. Güneydogu'ya Model Arayifiları" Kürtçe'ye Ozgürlük", In "Nok-ta", 03.06.1990; ANAP milletvekili Geylani'den Milliyet'e ilginç Açıklama: Özal PKK'ya Af Hazırlıyor, In "Milliyet". 21.01.1991.

نائومـێد لە پارتـە کۆنەکـەی "پارتی نیشـتمـانیی دایک" کـە پێی وابوو زۆر نەریتـخـوازە و نیـازی وابوو واز لە سـەرۆکـایەتی بهـێنێ بۆ دروسـتکردنی پارتێکی تـر کـە ببێتـە توخمـێکی چالاک بۆ دروستکردنی کـۆمارێکی دووەم، جیاواز لەگەڵ ئەو کۆمارەی کە موستەفا کەمال دای مەزراند.

مـردنی ئۆزال بـوو بەتۆڵـە سـەندنەوەیەکی کـەسـی بۆ ڕابەرە کـۆنەکـەی، دیمریل. یـەک جـار بە سـەرکـۆمـار هەڵبـژێردرا بەتەواوی وازی لە وادەکـانی بەدیموکـراتیـزەکـردنـی ولات هێنا بۆ ئەوەی ببـێتـە هەواداری شـێلگیـری "داواکـارانـی بەرژەوەندیخـوازی بالای دەوڵەت". لـە کـاتێکدا لە سـالانی ئۆپۆزسـیـۆندا ڕای گـەیاندبوو کـە "مـەحـالە باس لە دیموکـراتی بکرێ لە ڕەوشێکدا کە هەموو کەس ناچار بێ ببێ بە ئەتاتورکچی"[١٧٥].

کـەچی لەوە بەدوا داوای "پیـرۆزیی بەهایە کـەمـالیسـتییـەکان"ی دەکـرد. هەروەها بوو بە یەکێک لە بەرگریکارە هەرە شێلگیرەکانی عەسکەرتارەکان و دەسـتووری ١٢ی سێپتەمبەر. لەو گێژاوەی کە بەدوای مردنی ئۆزال داهات "بەربەستی دیمریل" بوو بەداکۆکیکاری سەرەکیی کۆنەخوازی[١٧٦].

دیمریل ئاراسـتـەی پارتـەکـەی و حکوومـەتەکـەی بۆ پـاوانتـەکـەی، تانسـۆ چیللەر، پرۆفسـۆری زانکۆ، ژنـی سـیـاسـیی بێ ئەزمـوونی "هـاوردە" لە ولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا بەجێ هێـشت کـە دەبوو هـاوشـانیی ئیـمـاژی تورکـیـایەکی کـراوە و بەڕۆئاواییکراو بکات. چیللەر هەر زوو وەک پاڵەوانی ناسیۆنالیزمێکی توندڕۆ خۆی بەدیار خست. ئاخاوتنەکانی تەنیا برێتی بوون لە چەند ڕسـتـەیەکی کـەمـالیسـتی و دروشـمگەلی عـەسکەری. ئەگـەر کـارە هەمەچەشنەکانی لە گەندەڵیدا عەسکەرەکانی بێ هیوا کردبوو، بەلام ڕوانینی تەواو ئاسایشخوازانەی بۆ کۆمەڵگە برێک ناو و شۆرەتی لەناو جەنەراڵەکان و ئۆرگانەکانی ئاسایشدا پێ بەخشی. بەگوێرەی تێرمەکانی چاودێرێک (ئەنیس بەربەرۆغلو)، لەپێش هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ پارتەکەی بووبوو بە"ئەکادیمیای

175. A. Dilipak, Bir Bafika Açıdan Kemalizm, Istanbul, Beyan. 1988. p. 13.

176. “Hurriyet”, 26.02.1994

ژماره یەکی پۆلیس"[١٧٧] و ژمارەیەکی سەرسورهێنەری بەرپرسی بەشەکانی ئاسایش و پۆلیسی نیشتمانیی وڵات. وەک چۆن دوغان گورەش، کۆنە سەرۆکی ئەرکانی جەنگیی سوپا کاندیدی بەوەکالەت بوو لەسەر لیستەکانی پارتیدا. پارتی چەپی ئەردال ئینینۆ (کە موراد کارایالچین، بۆ ماوەیەکی کەم شوێنی سەرۆکی پارتەکەی گرتەوە) بوو بەهاوبەشی ملکەچی چیللەر کە هەر بەوەندە دەستبەردار دەبوو برێک رەخنەی زارەکی لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە حکوومەت بگرێ.

تانسۆ چیللەر خۆی وەک تاکە شوورەی دژ بە ئیسلامی سیاسی نیشان دەدا. لە کاتی گەشتەکانیدا بەئەوروپا ئەوەی روون دەکردەوە کە لە نەبوونی ئەلتەرناتیڤی لایکیدا کە ئەو پێشکێشی دەکات، ئەوا تورکیا حەتمەن دەبێتە ئەفغانستانێکی نوێ. لە هەڵبژاردنی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٩٥ پارتەکەی ژمارەگەلێکی دەنگەکانی لە دەست دا (لە ٢٧٪ لە ساڵی ١٩٩١ گەیشتە ١٩,٢٪) ئەمە ناچاریان کرد کە ئاخاوتنەکانی بگۆڕێ. سەبارەت بەو هاوپەیمانییەی کە لەژێر پاڵەپەستۆی عەسکەرتارەکان لەگەڵ خەنیمە راستڕۆکەی، مەسعوود یەلماز «پارتی نیشتمانیی دایک کە لە ١٩,٦٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا» بەستی لە ماوەی چەند مانگێکدا هەرەسی هێنا، ئەمجارە خۆی لە نەجمەدین ئەربەکان، پارتی ئیسلامی کە وەکو سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکان بە ٣٢,٢١٪ دەرچووبوو نزیک کردەوە، لە بەرامبەر ئەو چەترەی کە ئەربەکان لە بەرامبەر کارە گەندەڵییەکانیدا بۆی دابین دەکات، چیللەر رازی بوو ببێتە جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەربەکان.

ئەم هاوپەیمانێتییە هەر زوو بەتوندی لەلایەن عەسکەرتارەکان دژایەتی کرا[١٧٨]. وەختایەک جاری شەڕی دژ بە"پەچە" (و دژ بەو مامۆستایانەی کە

177. E.Berberoglu, Susurluk. 20 Yıllık Domino Oyunu, Istanbul, iletifiim, 1997, p. 18.

178. H.Bozarslan. “Boire la coupe jusqu'à la lie: le Parti de la Prospérité en Turquie” , In “Les travaux du Centre Marc Bloch”, 1996, n. 8. pp. 5-46.

قـوتابیـانی پەچەدار قـەبووڵ دەکـەن) و قـوتابخـانەکـانی پێگەیاندنـی ئیمـام "پێشنوێژخوێن" درا، تـانکەکـان توورەیی خـۆیان لـە شـاری سنجـانـی نزیک ئەنقـەرە (٢٤ی ڤـێـڤـرییـەی ١٩٩٧) "نیـشـان" دا. عـەسکەرتارەکـان بەرەبەرە پاڵەپەسـتـۆی خـۆیان بـەرز دەکردەوە، سـوپا لە کـاتی کـۆبوونەوەی مـانگانەی ئەنجوومەنی ئاسـایشی نیشـتمانی لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧، ئۆلتیمـاتیۆمـێکی دایە حکوومـەتی ئیـسـلامی و پێـی ڕاگـەیاند کـە هەمـوو خـۆپێـشـاندان و چالاکییـەکی ئیسـلامی لە تورکیـا ناهێڵن، بەدەربڕینێکی تر حکوومـەت دەبێ چالاکییەکانی خۆی بوەسـتێنێ. ئەوەیان بەگوێرەی جەنەراڵی خانەنشین ئیرۆل ئۆزکـاسـناک بریـتی بـوو لەو کـودەتایـەی "پۆست مـۆدێرن" کـە شـوێنی هەوڵدانەکـانی کودەتای کلاسـیکی گرتەوە. حکوومـەت لە حـوزەیرانی ١٩٩٧ ڕووخا[١٧٩].

هـاوپەیمـانییـەکی نوێ کـە لەلایـەن مـەسـعـوود یەڵماز بەڕێوە دەبرا شـوێنی گرتەوە. بەڵام ئەویش تەمەن کورت بوو: کاری گەندەڵی کە هاوشـەریکیی نێوان بڕێک لـە وەزیرەکـانـی یەڵماز و عـەلائەدین چەکـجی، یەکـێک لە کـۆنـە خـەباتکارەکـانی ڕاسـتڕۆی توندڕۆ کە ئەنتەرپۆلیش لە سـۆنگەی چەند تاوانی کوشـتنی سیاسـی بەدوایدا دەگـەڕا و یەکێک لە فـیگورەکانی مافـیا بوو «لە فـەرەنسـا دەسـتگیـر کـرا و ڕادەسـتی تـورکـیـا کـرایەوە» ئاشکرا بوو، هاوپەیمـانییـەتەکـەی ناچار کـرد واز بهـێنێ. لە ٢ی دیسـەمـبـەری ١٩٩٨، حکوومەت چارەنووسی خـۆی بەبولند ئەجەوید سپارد، لەگەڵ دیمـیریل، یەکێک لە نوماینده سیاسەتوانە (ژیر)ە بەتەمەنەکان کە زیاد لەوە بووبوو بە یەکێک لە شـەڕانگێـزە سـەرەکـیـیـەکـانی ناسـیـۆنالیـزمـێکی توندڕۆ. حکوومـەتە کەمینەیییـەکەی تورکیـای بەرەو هەڵبـژاردنەکانی ١٩٩٩ برد، بۆ ئەوەی وەکو قازانجکەری سەرەکی لێیەوە دەربچێ.

تەنگژە یەک لە دوای یەکـەکانی سـاڵەکانی ١٩٩٠ دەکـرێ وەکـو ئەنجـامی

179. H.Cevizoglu. Generalinden 28 fiubat Itirafı: “Post-Modern Dar-be” Ankara, Ceviz Kabugu, 2001.

دەخاڵەتی عەسکەری ساڵی ١٩٨٠ بخوێنرێتەوە کە سترەکتووری دوو جەمسەرەی سیستمی سیاسیی تورکی شکاند. بەڵام هەروەها ئەنجامی پرۆسیسێکی پارچە پارچەبوونیش بوو کە لە ساڵانی ١٩٦٠ەوە دەستی پێ کرد کە وێڕای کودەتایەکان "چاکسازیی گەلەکی" لە دە ساڵەکانی دواتردا هەر گەشەی کرد. لێک هەڵوەشاندنەوەی پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەنگانە بوو لە "دروستکردنی کۆمەڵگە" و ئەو پارچە پارچەبوونەی کە تورکیا بووبوو بەشانۆی.

## پرسی کورد

دیاردەی پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگە دەربرینی لە هەموان بەرچاوتری لەناو گەریلایەکانی پەکەکە "پارتی کرێکارانی کوردستان"دا دەبینرا. ئەم ڕێکخراوە کە لە تێوەگلانی زەبروزەنگی براکوژیی ساڵەکانی ١٩٧٧-١٩٨٠ بووبووە سەرچاوەیەکی ناسۆر بۆ کورد، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێژیمی عەسکەرتاری ١٢ی سێپتەمبەر بوو. بەشێکی گەورەی کادیرەکانی لەلایەن سوپاوە ڕیشەکێش کران، هەندێکی تریان بە خۆسووتاندن بۆ شەرمەزارکردنی ئەو بێ ڕێزییەی کە لەناو زیندانە عەسکەرییەکاندا بەرەوڕووی دەبوونەوە قوربانییان بەخۆیان دا. سەرۆکەکەی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بڕیاری دا لە سووریا و لبنان کە لەوێدا ئاوارە بوو دووبارە پەکەکە ڕێک بخاتەوە. دوای چەندین ساڵ لە مەشقی سەربازی لە دۆڵی بیقاع، پێی وابوو کە کاتی ئەوە هاتووە خەباتی گەریلاییی دژ بە تورکیا ڕابگەیەنێ (١٥ی ئابی ١٩٨٤). دەستپێشخەرییەکە لەلایەن گەنجانی کورد پێشوازییەکی گەرمی لێوە کرا وەکو تۆڵەسەندنەوەیەکی کوردایەتی دادەنرا بە ڕووی ڕێژیمی عەسکەریدا. پەکەکە وێڕای پراتیکە کەم شایانەکانی وەکو کوشتنی خەڵکی سیڤیل لە ساڵی ١٩٨٧، میکانیزمە داپڵۆسێنەرەکانی ناوەخۆی بەرپرسیارن لە دەیان کوشتن، تاکپەرستنێکی شایان بەوەی "سەرۆک گوزمان"ی سەرۆکی پارتی کۆمەنیستی پێرۆ، یان هێشتا نەبوونی ستراتیجییەکی مامناوەندی یان

هەتا کورت خایەنیش، کەچی پەکەکە بەدرێژاییی ساڵەکان بێ وەستان هەر گەشەی دەسەند. وێڕای ژمارەیەکی زۆر بەرزی زیان لە ڕیزەکانیدا (گەریلا لە ١٩٨٤ تا ١٩٩١ نزیکەی ٣,٠٠٠ کوژراو و لە ١٩٩١ تا ٢,٠٠٠ زیاتر لە ٣٥,٠٠٠ کوژراوی هەبووە، ئەمە واتە سێ چارەگی خەباتکارانی پەکەکە)، کەچی بە دەیان هەزار گەنج پێوەندییان بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکە کردووە کە بۆ خۆی "پەڕاوێز"ێکی "مارتن ڤان بروێنسن"ی پێکەوە نابوو کە لە سیاسەتوانەکانی کورد یان کۆنە دەستەبژێرە ناسیۆنالیستەکان پێک دەهاتن[١٨٠].

لە وەڵامی گەریلادا لە ساڵی ١٩٨٧ەوە، حاڵەتی نائاسایی لەناو هەموو شارە کوردییەکان ڕاگەیەندرا و "حاکمیەت"ێک کە دەسەڵاتێکی فراوانی سیڤیل و عەسکەریی پێ بەخشرابوو لە سەرتاسەری ناوچەکە دروست کرا «ژمارەی ئەو هەرێمانەی کە لەژێر ئیدارەی ئەم حاکمیەتەدا دابوون بەرە بەرە کەم دەکرانەوە، ئەم حاکمیەتە تا ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٢ مێژووی کۆتاییهاتنی حاڵەتی نائاسایی هەر هەڵنەوەشێنرایەوە». هێزێکی نیمچە عەسکەریی "گوندپارێز" کە تا ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ چەکداری هەیە و حکوومەت مووچەیان دەداتێ، بە شێوەیەکی سەرەکی لەو هۆزانە کە پێیان دەڵێن هۆزگەلی "وەفادار" دروست کران.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ کە لەوە بەدوا قەناعەت بەوە هێنرابوو کە شەڕی چەکداریی گەریلایەکانی پەکەکە "بیست و نۆیەم شۆڕشی کورد" پێک دەهێنن لە مێژووی وڵاتدا، سەرۆکی ئەرکانی شەڕ بە شێوەیەکی فەرمی ستراتیجیەتی "شەڕی سووک*"[١٨١]ی پیادە کرد. دۆکترینی سوپا لەلایەن حکوومەت زامن کرابوو، لەوەدا بوو کە پرسی کورد نەک وەک پرسێکی سیاسی و هەتا نەک وەک پرسێکی "کولتوور"یش، بگرە وەکو پرسێکی سەر

---

١٨٠. لە کۆنفرانسێکی مارتن ڤان بروێنسن لە پاریس لە ساڵی ١٩٩٤دا.

* Guerre de basse intensité

181. M.A.Kifilah, Güneydogu : Düfiük Yogunlukta Çatıfima, Ankara, Ümit, 1996.

بە"تیرۆریزمی جیاخواز" مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. لەودیو پەکەکە هەموو دەربڕینێکی کوردایەتی وەکو "هەڕەشەیەکی ستراتیجیی سەرەکی" دژی تورکیا دەستنیشان دەکرا. "ستراتیجیی نەتەوەیی"ی نوێی سوپا هەر زوو بوو بەهاوتای سیاسەتی سووتماککردنی خاک. چەندین هەزار گوند و گوندۆکە، هەروەها بڕێک شاری وەک شیرناخ، جەزیرە، کۆلپ و لیسە هەر بەتەواوی یان بەشێکیان تێکوپێک دران و بوون بەسۆنگەی کۆچ پێکردنێکی بێ شوماری دانیشتوان (نزیکەی سێ ملیۆن کەس)[182].

دەیان لەشکرکێشی سەربازی کە تا ٥٠,٠٠٠ سەربازی بەخۆوە دەگرت لەژێر بیانووی "لە ڕەگەوە دەرکێشانی تیرۆریزم" ڕەوانەی کوردستانی عێراق کران. لەلایەکی ترەوە، سوپا کێشەی لەوەدا نەبوو کە ناشەرعیبوونی دۆکترینە نوێیەکەی قەبووڵ بکات. لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ ڕۆژنامەی (الزمان) لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٢، دۆغان گورەش، کۆنە سەرۆک ئەرکانی شەڕ، کۆبوونەوەیەک دەهێنێتەوە یاد لەگەڵ "سەرکردەکان"دا کە دەڵێ: "من پێم وتن: ئەو فەرمانەی کە من پێتان دەدەم نایاساییە. ئێمە ڕەدوویان دەنێین و لە هەر شوێنێک بن لەناویان دەبەین. ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا ئێمە وەکو جەنەراڵ موغلالی هەڵسوکەوت دەکەین" لە ناوی ئەو عەسکەرەی کە لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٤٣دا، سی و سێ جووتیاری کوردی کوشت کە بەقاچاخچێتی گوناهباری کردبوون[183].

ڕووناکبیرە ناسیۆنالیستە کوردەکانی نزیک لە پەکەکە یان زۆربەی جار بەبێ هیچ پێوەندییەک لەگەڵ پەکەکە، بەتەواوی بەر ستراتیجیەتی شەڕی سووک دەکەوتن. "نادیارەکان" زیاتر لە دوو هەزار کەسیان بە نایاسایی کوشت کە لەناو قوربانییەکاندا ئەندام پەرلەمانێک و دەیان ئەندامی پارتە شەرعییەکان دەبینران. بەدواداچوونەکانی بەپەلەی پەرلەمان و سەرۆک

182. J.Jongerden, “Evacuation forcéc, déportation et réhabilitation: les Kur-des et l'Etat en Turquie” , in “Etudes kurdes”, 2002, n. 4, pp. 35-53.

183. I.Befiikçi, Orgeneral Mufilali Olaryı. Otuzüç Kurfiun, Istanbul, Belge, 1991.

وەزیران لە ساڵی ١٩٩٧ ڕێگەی ئەوە دەدەن ئەوە بسەلمێنن کە ئەم "نادیارانە" لەلایەن چەندین دەزگای جاسووسییەوە هاتبوون[١٨٤]. لەناو پیاوکوژەکاندا چەند ئەندامێکی حزبوڵلا، گرووپی ئیسلامیی نیمچە عەسکەری هەبوو کە دەوڵەت ڕێگەی پێ دابوون، دەبینران. لە شاری باتمان، پۆلیسخانە هەتا دەبۆیەکی ڕاستەقینەی چەک و چۆڵی بەم ڕێکخراوە بەخشیبوو. وەختایەک ساڵانی دواتر لە شوباتی ٢٠٠٠دا، وەزیری ناوخۆ بڕیاری دا "هاوپەیمانی" لەگەڵ حزبولڵا تێک بدات و سەرۆکەکەی حوسێن ڤیلیۆغلو کوژرا و لە چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵدا لاشەی سەدان ڕووناکبیری کورد، تورک، ئیسلامی "هەڵگەڕاو" یان لاییک دۆزرایەوە کە لەلایەن ئەم ڕێکخراوە کوژرابوون. لە بەرامبەر کاردانەوەی ڕای گشتیدا، سەرۆک دیمریل پاساوی بۆ ئەو هاوپشتییە هێنایەوە کە دەوڵەت لەگەڵ حزبولڵادا هەیبوو: "بۆ ڕاگرتنی ئاسایشەکەی، دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە لە کارڕاییە ڕۆتینییەکان بچێتە دەرەوە"[١٨٥].

لە ساڵی ١٩٩٣ سەرۆک تۆرگۆت ئۆزال بڕیاری دا بەبێ گەڕانەوە بۆ حکوومەت و سوپا چارەسەرێکی مفاوەزەیی لەگەڵ پەکەکە بەڕێوە ببات. بەگوێرەی زانیارییە فەرمییەکان، سەرۆک دوو جووت هەنگاوی هەڵێنابوو: بە نامەرکەزیکردنی تورکیا لەسەر شێوەی چەند دەوڵەتی فیدراڵی کە تێیدا دەسەڵاتی ناوخۆیی بگەڕێتەوە بۆ نوێنەرە کوردەکان و لێبووردنێکی مەرجی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەربکات کە ئەم لێبووردنە نابێتە کۆتایی تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە پەکەکە تا سەر واز لە زەبروزەنگ دەهێنێ. ئەم دووەم هەنگاوە دەبێ ڕێگە بەئەندامەکانی پەکەکە بدات چالاکیی گەلی شەرعی بکەن. پەکەکە لەو

184. V.Özdemir, TBMM Susurluk Ara_tirma Komisyonu ifade Tutana-klari, Istanbul, SCALA, 1997 & V. Özdemir, TBMM, Tütanaklari. Susurluk Belgele-ri; TBMM Komisyon Raporu`na Muhalefet fierhleri ile Birlikte, Istanbul, SCALA, 1997; K. Savafi, Bafibakanhga Sunulan II. Susurluk Raporu., Istanbul, Bir, 1998.

185. R.Çakir, Derin Hizbullah. Islamcı fiiddetin Gele-cegi, Istanbul, Metis, 2001; G. Dorronsoro, La nébuleuse Hizbullah, Istan-bul, IFEA, 2004.

کاتە ئاگربڕێکی یەکلایەنەی بۆ ماوەی مانگێک ڕاگەیاند، دواتر بۆ ماوەی سێ مانگ درێژی کردەوە[186]. بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی دووانە بووەوە: سوپا کە ئامادە نەبوو هیچ ملدانێکی شایان بۆ بە شەرعیکردنی داخوازینامەکانی کورد بدات یان بۆ بەرفراوانکردنی مانۆڕی ئۆزال و برێک لە سینۆرەکانی شەڕی پەکەکە. مردنی ئۆزال لەناو گەرمەی ئاگربڕ و گوللەبارانکردنی زیاتر لە سی ئەفسەری تورک لەلایەن سەرکردەیەکی جیاخوازی پەکەکە چەند هەوتوویەک دواتر، هەموو پڕۆژەیەکی چارەسەرکردنی مفاوەزەکاری لە گۆڕ نا بۆ ئەوەی دەرگە بەسەر شەڕێکی بێ ئاماندا بکاتەوە.

ئەم قۆناغە ڕادیکالیزەکردنێکی خێرای چینی سیاسیی کوردی بەخۆیەوە بینی. بەرەو ناوەڕاستی دە ساڵەی هەشتاکاندا، ژمارەیەک لە سیاسەتوانانی کورد لە ڕیزەکانی پارتی سۆسیال-دیموکرات کاریان دەکرد. بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بەدەرکردنی برێک لە ئەندامەکانیان کە لە سۆنگەی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەر کوردەکان کە لەلایەن ئەنستیتۆی کورد لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ ڕێک خرابوو، ڕووبەڕووی بوونەوە، بەیەکتاو پێکەوە وازیان هێنا و لە ساڵی ١٩٩١ پارتێکی تر، HEP "پارتی کاری گەل"یان دروست کرد. ئەردال ئینینۆ کە بەم شێوەیە هەموو بنەوانێکی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان لە دەست دابوو، بڕیاری دا بەلیستێکی هاوبەش لەگەڵ ئەم پارتە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩١ بێتە خوارەوە. بەڵام ئەندام پەرلەمانتارانی کورد کە نیشانەگەلی ڕەنگاوڕەنگی ئاڵای کوردییان هەڵگرتبوو، هەر زوو بوون بە"بێزراو" لەناو پەرلەماندا. لە ساڵی ١٩٩٤ لەژێر پاڵەپەستۆی عەسکەرەکاندا، پارێزداریتی (حصانة)یان لەسەر هەڵگیرا و دەستگیر کران (چوار ئەندامیان، لەوانە لەیلا زانا، هەڵگری

186. H. Cemal, Kürtler, Istanbul, Dogan, 2003; p.White, Primitive Rebel or Revolutionary Modernizers. The Kurdish National Movement in Turkey, London, Zed Books, 2000; S. Çelik, Agri Dagini Tafiimak, Frankfurt.M., Zambon, 2000.

خـەڵاتی سـاخـارۆڤی پەرلەمـانی ئەورووپایی، کە بـۆ هەمـیشـە هەر لـە زیندان مـایەوە). ئەو تۆمـەتانەی خـرابووە پاڵیان تۆمـەتگەلی قـورس بوون: تاوانبـار کرابـوون بە پیلانگێڕی لەگەڵ پەکەکە و هێشتا لەوە قورسـتریش ئەوە بـوو کە گاڵتـەیان بە دروشـمی موسـتەفا کەمـال: "بەختـەوەر ئەو کەسـەیە کە بەخۆی دەڵێ تورک"[١٨٧] هاتـووە. چەنـد پارتـێکـی تری ســەر بەکــورد (دەپ، ئۆزدەپ، هەدەپ) کـە لە دوای HEP دامــەزران ئـەوانیش قــەدەغــە کـران بەبـێ ئەوەی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکان لە شارە کوردییەکان بەدرۆ بخرێتەوە.

دواجــار دەبـێ ئـامــاژە بەوە بدرێ ئـەم شــەڕە مــرۆکـوژە کــە بـەگــوێرەی خەملاندنی عەسکەرتارەکـان، زیاتر لە سەد ملیار دۆلاری تێ چووە و لە کات و سـاتی هەرە گەرمی پێکدادانەکانیشدا نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ سـەرباز، واتە سـێ چارەگی سوپای بۆ جۆش دراوە[١٨٨].

## ئیسلامی سیاسی

هەڵکشـانـی خـێـرای ئـیسـلامی سـیـاسی، کـە ڕەفـاه پارتـی نوێ کـە لەلایەن نەجمەدین ئەربەکان سەرکردایەتیی دەکرد بوو بەدووەم سەرچاوەی ململانێ و پارچە پارچەبـوونی کۆمـەڵایەتی. سـەرکـەوتنی ئەم پارتە کە هیـچ کات توندڕۆ نەبووە، ئەنجامـی چەندین فاکتـۆر بوو: جەمـاوەریبوونـی ئیسـلامی سیاسـی لە ڕۆهەڵاتی-ناوەڕاست، لەدەسـتدانی مـتمـانـەی پارتە "کلاسـیکیـیـەکـان" و بێ

١٨٧. بڕوانە کۆنووسـیی دانیشـتنەکانی ئەنجوومـەنی گەورەی نیشـتمـانیی تورکیـا (دانیشتنی ٢ و ٣ی ئاداری ١٩٩٤) بەسەرۆکایەتیی م. کەلەملی.

188. H. Bozarslan, La question kurde l`Etats et minorités au Moyen-Orient, Paris, Sciences-Po, 1997; H. J.Barkey,. & G.E. Fuller, Turkey's Kurdish Question, Lanham, Boulder, New York, Carnegie Corporation,1998; M. Strohnmeier & L.Yalçin-Heckmann, Die Kurden Geschicbte, Politik, Kultur, Münich, C.H. Beck, 2000; N. Mater, Mehmed'in Kitabi. Güneydogu'da Sava_mi_ Askerler Anlatiyor, Istanbul, Metis, 1998; C. Ba_langiç, Korku Tapmagi Gu-çlükonak-Silopi-Lice-Tunceli, Istanbul, Iletifiim, 2001.

تواناییـیـان لـه گرێدانی هاوپـەیمانێـتـیـیـە پراگـمـاتیکییـەکـان. لە کاتێکدا لە بەشێکی ئەنادۆڵدا ڕەفـاه کەوتبووە ناو بەردەوامـبوونێکی سۆسیـۆلۆجی لەگەڵ ڕاسـتڕۆی تـوندڕۆ (کە لەگەڵیدا هاوپەیمانی بەست بۆ هـەڵبژاردنەکانی سـاڵی ١٩٩١)، ڕەفـاه دەیـتـوانی هـەروەهـا ئاخـاوتنێکی پرۆ کوردی لە کـوردسـتـانـدا پەرە پێ بدات.

لە سـاڵی ١٩٩٤، وێڕای هـەڵـمـەتێکی ڕۆژنامـەوانی بەدەگـمـەن ئاوا توند دژی ڕەفـاه و چەندین دەسـتێـوەردان و خـۆنیـشـاندانی عـەسکەری کە کار گەیشتـە ئەوەی حـەسـەن مـەزارچی، یەکێک لە ئەندامـەکـانی پارتەکـە بە"سـەرە فـاسـیـدەکـە"[١٨٩] لەلایەن جـەنەراڵەکـان تۆمـاتبـار کـرابوو، کـەچی ڕەفـاه لە هەڵبـژاردنە شـارەوانیـیـەکانی ئـەسـتـەمـبـۆڵ و ئەنقـەرەدا بردییـەوە. لە سـاڵی ١٩٩٥ هەڵـمـەتی هەڵبـژاردنی ڕەفـاه بەشـێکی لـەلایەن ژنانی بێ پەچـە بەڕێوە چوو، کە ئەمـە ئیمـاژی "تاڵیبان"ی شکاند کە سوپا و ڕۆژنامـە کەمالیستـەکان دەیانویست بـەوە مـەحکومی بکەن. ڕەفـاه لـە ئاخـاوتنەکـانیـدا تا دەهات زیاتر نەرمـونیـانـتـر دەبوو، لە ئیـسـلام وەکـو پرۆگرامی سـیـاسی بـۆ ئیسـلام وەکو سـەرچاوەی کـولتـووری و ئاینی. پـارتی ڕەفـاه توانی لەودیو دەنگدەرە ئاساییەکانی خۆی: لەناو گەڕەکە کەنارنشینە هەژارەکانی شارە گەورەکاندا و لەناو گـەنجـان، ژنان، بـۆرژوازی و ئەنتێلگێنسیـادا... بە سـوپاشـەوە وێڕای هەڵـمـەتی پاککردنەوەی سیـسـتـمـاتیکی ناو ڕیزەکانی سـوپادا بتوانێ خـەڵک جـۆش بدات. لە کـوردستـاندا بەشـێکی دەنگدەرەکان دەنگیـان بۆ ڕەفاه دا کە بەرپرسـە ناوخـۆییـیـەکـان ناسـیـۆنالیـسـتی کـورد بوون. بەهەمـان شـێـوە لە ئەستـەمبـۆڵ کە دوو تا سێ ملیـۆن ئاوارەی کوردی لێیە بەتاقـە پارتی هـەڵگری نەهێـشـتنی جـیـاوازییـان دادەنا لەناو ئاپۆڕەی دانیـشـتـواندا، بـەبێ ئەوەی لە بەرامبـەردا واز لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان بهێنن[١٩٠].

---

189. “Hürriyet”, 26.02.1994.

190. F.Çalmuk, Erbakan'nin Kürtleri. Milli Görüfi'ün Güneydogu Politi-kasi, Istanbul, Metis, 2001

ڕەفـاه لە ترسی لەدەسـتـدانی ئەم دەنگدەرانە لە سـالآنی ١٩٩٠ وەکـو پارتێکی "نەتەوەیی"ی تورک خۆی نیشان دەدا و ڕێزێکی پیرۆزیشی بۆ سـوپا نیشان دەدا. ئەو ساڵەی کە ڕەفاه لە دەسەلآتدا بوو هەرگیز ئەم ئیلتیزامەی بەدرۆ نەخسـتـەوە: حکوومـەتی ئەربەکان لە ڕاسـتیـدا هەر وەکـو ژووری ناو تۆمـارکردن لەلایەن ئەنجوومـەنی نەتەوەییی ئاسـایش کـاری دەکرد و دوودڵ نەبوو لەوەی بەزیانی وڵاتانی مـوسـڵـمـان و ئیـسـلامـیـیـەکـانی تورکـیـا ڕێککەوتننامەی هاوکۆییی عەسکەری لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆر بکات. لەگەڵ ئەوەشـدا کـە وەکـو هەڕەشـەیەک بۆ ڕێژیم دادەنرا کـەچی لە ناکـاو وەکـو "شۆڕشگێڕ" بەدیار دەکەوێ.

لە سـاڵی ١٩٩٧ مـۆرکی ئیـرتجـاع "کـۆنەپەرسـتی ئاینی" لە بەڵگەنامـە عـەسکەرییـەکـاندا بە"تیـرۆریزمی جیـاخـواز" وەکـو "یەکـەمین هەڕەشـەی ستراتیجی" کە وڵات دەبێ بەرەو ڕووی ببێتەوە، جێگەی گیرایەوە[١٩١]. بەدەیان دانیشتنی "زانیاری هەڵگۆزین"* گیـران کە برێک جـار ڕاسـتەوخـۆ وەشـان دەکران کە تێیاندا یەک لە دوای یەک، سەرۆک دیمریل، مامۆستا، بیرۆکرات، حاکم، یان هێشتا ڕۆژنامەنووسـان هەتا لە بارەگەی سەرۆکایەتیی ئەرکانی جـەنگ ڕێک دەخـران بۆ ورياکـردنەوەی ڕای گـشـتی لە مـەترسـیی "بەتالیبانیکردن" کە وڵات چاوەڕوانی بوو. چەڤیک بیر، سـەرکردەی ژمـارە دووی سـوپا بۆ خـۆی زۆربەی ئـەم دەسـتـپـێـشـخـەرییـانەی بەڕێوە دەبردن. بەڵگەنامـە ناوەخـۆییـیـەکـانی سـوپا، لەوانە ڕاگـەیاندنی چاپەمـەنی کـە بە شێوەیەکی ژیرانە لەلایەن عەسکەرتارەکان خۆیانەوە بەڕێوە دەبردران، دوودڵ

191. Ch. N° 6 de la revue “Annales de l'Autre Islam” (1999), consacré en partie à cet épisode. Cette campagne a continué durant la chute d´Erbakan. Voire lMilitary Document: "New war of Liberation Against islamists", In “Turkish Daily News”, 09.01.1999; Th. Zarcone, La Turquie moderne et l'islam, Paris, Flammarion, 2004.

* زانیاری هەڵگۆزین: debriefing

نەبوون لەوەی ئاماژە بەپێویستیبوونی "شەڕێکی دووەمی سەربەخۆیی" بدەن کە ئەمجارە ئامانج "داگیرکارە یۆنانییەکان" نییە، بەڵکو "دوژمنانی ناوەوە"یە. هەتا گەیشتە ئەوەی ئەربەکان بەئاشکرا بەتەگەرەخستنە بەر "بەرگریی نیشتمانی" تاوانبار کرا بەوەی بەنهێنی پشتگیری لە پەکەکە دەکات[١٩٢]. ئەم سیاسەتە بەرهەمی دا: ڕەفاه لە حوزەیرانی ١٩٩٧ سەرەوژێر کرا، پاشان لە کانوونی دووەم ١٩٩٨ قەدەغە کرا. لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٩٨، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، پارێزگاری ئەستەمبوڵ بە ١٠ مانگ زیندانی و بێبەشکردنی تا کۆتاییی ژیانی لە مافە مەدەنییەکان سزا درا لەبەرئەوەی هۆنراوەیەکی زیا گۆکئالپ، تیۆرسینی ناسیۆنالیزمی تورکی ڕاگوێزاوەتەوە کە لەلایەن سوپاوە پیرۆز کراوە " منارەکان سەرەڕمی ئێمەن، گومەزەکانیش کڵاومانن، مزگەوتەکان ئۆردوو و باوەڕدارەکانیش سەربازی ئێمەن"[١٩٣]. ئەگەر لە ١٩٩٩ دەنگدەران بەردەوام بوون لەوەی لە کاتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا دەنگ بۆ گۆڕینی نوێی پارتی ئیسلامی، بۆ پارتی فەزیلە بدەن، ئەوا لەسەر ئاستی نیشتمانیدا پێیان باش بوو دەنگ بۆ پارتی تر بدەن. دواجار لە ئاداری ٢٠٠٠ ئەربەکان بە دە مانگ زیندانی و بێبەشکردنی لە مافە مەدەنییەکانی حوکم درا، هەرچی پارتی فەزیلە بوو لە ٢٢ی حوزەیران قەدەغە کرا.

**پرسی عەلەوی**

عەلەوییەکان بەتایبەتی وایان هەست دەکرد کە هەڵکشانی پارتی ڕەفا پێوەندیی بەوانەوە هەیە، بەڵام بێ ئەوەی بتوانن ئەلتەرناتیڤێک لەناو پارتە کەمالیستەکان یان لەناو سوپادا بدۆزنەوە. ئەم کۆمیۆنیتە ئاینییە کە نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوانی تورکیا پێک دەهێنن، کە کۆسمۆگۆنیایە سیانەکەی خواوەند -محەمەد-عەلی "زاوای پێغەمبەر" لە بەرامبەر شوێنی پێویستیبوونی خواوەندی تاک و تەنیای ئیسلامی سوننی دەگرێتەوە کە

192. C.Arcayürek, Uzakta Kalam Tarih, Ankara. Bilgi, 2003.

193. M.Pamuk, Yasaklı Umut. Recep Tayyipe Erdogan, Istanbul, Birey, 2001.

گەلێک جار لە دەورانی کۆماریدا بوونەتە نیشانە. بەم شێوەیە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٨، ئەندامە کوردەکانی ئەم کۆمۆنیتەیە بوون بەئامانجی قەتڵوعامی بەربلاو کە بەرفراوانییەکەی چەند دە ساڵێک دواتر لەلایەن ئیحسان سەبری چاغلایانغیل (سەرکۆمار بەوەکالەت لە ساڵی ١٩٨٠) و سلێمان دیمریل ددانی پێدا نراوە[١٩٤]. لەگەڵ پەرینەوە بۆ فرە حزبایەتی، عەلەوییەکان بەزۆری دەنگیان بۆ پارتی دیموکرات دا. پاشان لە پارتی دیموکرات و ئەو پێکهاتانەی کە جێگەیان گرتەوە دوورکەوتنەوە و روویان بۆ لای پارتی بچکۆلانەی کۆمیۆنیتەیی وەرگێرا، یان بەرەو PRP کە چەند دەنگێکی چەپی بۆ خۆی بردبووەوە. گەنجانی عەلەوی بە شێوەیەکی لێشاو لە ساڵانی ١٩٧٠ بە تەک چەپی توندرۆوە بوون. قەتڵوعامی راسترۆی توندرۆ لەم ساڵانەدا بەرەو رووی بەشێکی گەورەی ئەم کۆمیۆنیتەیە بووبووەوە. رێژیمی عەسکەرتاری ١٢ی سێپتەمبەر، دواجار سیاسەتێکی سونیگەرای بەهێزی دژ بەعەلەوییەکان پیادە کرد کە وەک "هەرەشەی ناوەوە" راگەیەندرا[١٩٥].

ساڵانی ١٩٩٠ هەڵگری ئاشووبگەلی نوێ بوون: ئەو ئاگرکەوتنەوەی کە لەلایەن پۆلێک لە لایەنگیرانی راسترۆی توندرۆ و ئیسلامییەکان لە سیواس لە ساڵی ١٩٩٣ بەرێوە چوو بوو بەهۆی کوشتنی سی و حەوت رووناکبیر کە زۆربەیان عەلەوی بوون و ئەو بێباکییەی کە دەسەڵاتکاران پێشوازییان لەم رووداوە کرد، ئەوەی نیشانی کۆمیۆنیتەی عەلەوی دا کە چەوساندنەوەکانی رابردوو تەنیا بیرەوەرییەکی تاڵن. ئەم هەرێمە لەلایەکی ترەوە بوو بەشانۆی سیاسەتی " تواندنەوەی عەلەوییەکان" کە لە ماوەی چەندین ساڵدا، ئاواییەکانی عەلەوییانی گومان لێکراو (یان ئەوانەی بۆنی ئەوەیان لێ دەهات) یارمەتیی "تیرۆریستان"یان داوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک

194. I.S.Çaglayangil, In “Berhem”, n. 5, 1993,23-26. Pour Demirel voir T. Cilizoglu, Zincirbozan'dan Bu Güne Demokrasi Mücadelesinde Demirel, Istanbul, 1988, p. 9.

195. B.Pehlivan, Alevilik ve Diyanet, Istanbul, Pencere, 1993, p. 188.

ئاواییـەکانیـان تێکوپێک دران و ئاوایی سـونییـەکانیش لەلایەن دەوڵەت دژ بەهەڕەشـەی "تیـرۆریسـتی" چەکدار کـران. دێرسـیم کـە ناوەکـەی کـرا بە تونجـەلی (وشـەیەکی فرە مـانایە کە واتەی "دەسـتی برۆنزی و بەهەمـان شێـوە "وڵاتی برۆنز"یش دەگـەیەنێ، دوای وێرانکـردنەکـەی لـە سـاڵی ١٩٣٨، بەرەو ڕووی شەپۆلێکی چەوساندنەوە و تێکوپێکدانی گوندەکانی بووەوە. دواجار، لە ئاداری ١٩٩٥، دوای شەڕەتەقە لەناو یەکێک لەو قاوەخـانانەی کە عەلەوییەکان لە گەڕەکی غازی "ئەستـەمبۆڵ" بەزۆری هـاموشـۆی دەکـەن، چەند پشـێوییـەک ڕوویان دا، دەسـتـێـوەردانی پـۆلیس نزیکـەی بیـسـت و پێـنج کـوژراوی لێ کەوتەوە[١٩٦].

عـەلەوییـەکـان لـە دە سـاڵەی ١٩٩٠دا هەسـتی ئەوەیـان هـەبوو کـە چـەند نوخـتەخـاڵی سـەرچاوەییـیان لـەدەست داوە: ڕووخـانی سـیسـتمی شـوورەوی و گـۆڕینی تا دەهـات زیـاتری ڕەقـەکـاریـی سـۆسـیـال-دیموکـراتـی تورک بـەرەو ناسـیـۆنالیـزم، بۆشـاییـیـەکی مـەرجـەعیی دروسـت کـرد. هـەڵکشـانی ئیـسـلامـی سـیـاسـی، پاشـان ڕاسـتـڕۆی توندڕۆ تەنیـا نیـگەرانییـەکـانی زیاد دەکـردن. بەدرێژەی سـاڵانـی ١٩٩٠ بزووتنـەوەیەکی عـەلەوی کـە بەتایبـەتـی بەدەوری ڕێکخـراوەکـان یان جـەم "مـاڵی عیـبـادەت" سـترەکـتوریزە بوون دروسـت بوون. زۆرینـەی خـەباتکـارانی عـەلەوی شێـوازی خـەباتێکی ئاشـتیـخـوازانـەیان پـەیڕەو کـردبوو و داخـوازینامەکانیان لە بوارەکـانی کولتووری و پەرەسـتنکاریدا کـورت کـردبـووەوە: هـەڵوەشـاندنـەوەی سـەرۆکـایەتـیی کـاروبـاری ئاینـی کـە ٨٣٠,٠٠٠ فـەرمـانکارەی لـەلایەن دەوڵـەتەوە مـووچـەیان بـۆ دەدرا کـەچـی هـەر تەنیـا دەزگـایەکی ئاینیی سونی بوو، ددان پیانیـان بـەفرە مەزهـەبی، هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێکستانەی کە لەناو کتێبەکانی قوتابخانەدا دژی ئەوان بوو (هـەتا دەگاتە ئەوەی بەشکۆمـەندکردنی ئەو قـەتڵوعـامـانەی کە دژ بە باوک و باپیـرانیـان لە

196. H.Bozarslan, “Alévisme ou l'impossible équation du nationalisme turc” In A. Dieckhof & R. Kastoryano (dir.), Nationalimes en mutation en Méditerranée orientale, Paris, CNRS Editions, 2002, pp. 133-152.

سـەدەی شـازدەمـدا کـراوە) و بەنیـسـبـەت عـەلـەوییـە کـوردەکـانیش کـە لەناو کۆمـیـۆنیـتـەی عـەلەویدا کـەمـینە بوون، ددان پیـانان بەمـافـە کولتـووریـیـەکان و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد. تەنیا کەمینەیەکی زۆر بچووکیان نەبێ کە پرۆگرامی "جیاخوازی"یان بەرز کردبووەوە.

بێگومـان بـەشـێکی گـەنجـە عـەلـەوییـەکان وەفـادارانە هـەر لەگـەڵ ڕێکخـراوە چەپـە تونـدڕۆکـان مـانەوە. سـەرەڕای ئەو سـەرکـوتکردنەوەی کـە لە دە ساڵییەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا سەدان قوربانیی لەناو ڕیزی خەباتکارەکانیاندا لێ کەوتەوە کەچی ئەمانە توانییان بوونی خۆیان بەتایبەت لە چەند گەڕەکێکی وەک غـازی یـان هێـشـتـا لە چەند هـەرێمـێکدا بهـێـڵنەوە. ئەم خـەباتـکارانە توانییان چەند مەفرەزەیەکی گەریلایی لە دێرسیم، لە مەرەش و لە هەرێمە دەم کـەنارییـەکـانی زەریـای ڕەش پێکەوە بنێن. وێڕای ئەوەی کـە ڕێکخـراوە عەلەوییەکان چیی تر وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری نەمـانەوە وەک ئەوەی لە سـاڵەکـانی ١٩٧٠دا دەیانتـوانی هـەزاران کـەس جـۆش بـدەن. کـەچی ئەم ڕێکخـراوانـە بەردەوام وەچەی گـەنجـانی دوای کـودەتای ١٩٨٠یـان بەلای خۆیانەوە ڕادەکێشا. لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٩٠دا بەئایدیۆلۆجی "مـارکسـی- لینینـی" یان "مـاویسـتـی" دەناسـرانـەوە (دابەشـبـوونی ناوەخـۆییـیـان قـووڵتـر بووبـوونەوە و لەگـەڵ زیـادبوونی پـەڕاوێزخـسـتـنیـان بـەردەوام قـوربـانیـی لێ دەکـەوتەوە) و خـاوەنی پـرۆگـرامـێکی تـایفـەگـەری بوون کـە هەر تـەنیـا ئەندامـەکانی خۆیان تێی دەگەیشتن. باوەڕی شـەهـادەت و "ڕێبـەریکردن" کە پێی دەناسـرانـەوە پاڵی بـەخـەبـاتکارەکـانی وەدەنا کـە زەبروزەنگێکی خـۆ قـوربـانیکار بگرنە بەر بەتـایبـەت لەسـەر شـێـوەی مـانگرتنی ئیکسـتـرێم لە خواردن (کە زیاتر لە سەدان قوربانیی لێ کەوتەوە)[١٩٧].

---

197. H.Bozarslan, From Political Contest to Self-Sacrifice: Violence in tbe Middle East, Princeton, Marcus Wiener, 2004.

**چەتە یونیفۆرمەکان* و پەرەسەندنی ڕاسترۆی توندڕۆ**

لە ماوەی ئەم دە ساڵییانەدا، ڕاسترۆی توندڕۆ سەرەتا لەلایەن فیگورە ئەفسانەیییەکەی، ئەلپ ئەرسلان تورکەش، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە هاتەوە سەر شانۆ، پاشان دوای مردنی تورکەش لە ساڵی ١٩٩٧، لەلایەن مامۆستای زانکۆ دەولەت بەهچەلی، سەرلەنوێ وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لەسەر شانۆی سیاسی خۆی سەپاند. برێک لە ئەندامەکانی کە لە ساڵانی ١٩٨٠ تێوە گلابوونە ناو مافیا، چوونە ناو داوودەزگا جاسووسییە کێبەرکێکارەکان کە لەناو وڵاتدا دروست کرابوون. ئەو ڕووداوەی کە لە نۆڤەمبەری ١٩٩٦ بەڕووداوی سوسورلیک ناسراوە دەرفەتی بۆ چەندین بەدواداچوونی فەرمی خۆش کرد کە بەرفراوانیی ئەم پیلانگێڕییە دیاری دەکات. عەبدوڵڵا چەتلی، یەکێک لە خەباتکارانی ڕاسترۆی توندڕۆ، بکوژی حەوت قوتابیی چەپ لە ساڵانی ١٩٧٠، تێوەگلاو بەهەوڵدان بۆ کوشتنی پاپا ژان-پۆلی دووەم لە ساڵی ١٩٨٢، دووجار هەڵاتوو لە زیندانە ئەوروپاییەکان، بەم شێوەیە لە ڕووداوێکی ڕێگەوبان بەهاوەڵیی حوسێن کوجاداغ، یەکێک لە بەرپرسە گەورەکانی پۆلیسی ئەستەمبوڵ گیانی لەدەست دا. سێیەمین سەرنشینی ماشینەکە، سەعادەت بوجاک، سەرۆک هۆزی کوردی نزیک لە سەرکۆمار و ئەندام پەرلەمانی DYPی تانسۆچیلەر بوو کە، بەساغ و سەلامەتی لە ڕووداوەکە دەرچوو.

چەتلی لە کاتی "مەنفا"کەی لە ئەورووپا لەلایەن ئەنقەرە پارێزگاریی لێ دەکرا و بوو بەفیگورێکی گرینگی مافیا، خاوەنی چەندین پاسپۆرت بوو کە تایبەتیی فەرمانکارە گەورەکانی دەوڵەت بوون و بەدەستی وەزیری ناوەخۆ، محەمەد ئاغر خۆی ئیمزا کرابوو. "چەتە یونیفۆرمەکان" کە یەک لە دوای یەک لەلایەن چەندین دەزگای جاسووسی بەکار دەهێنران، بەشداربوون لە

* چەتەی یونیفۆرم "چەتە بە یونیفۆرما" چەتەگەلێکن لە تورکیا سەر بەدەوڵەتن و جلوبەرگی سەربازییان لەبەرە و لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن دەوڵەتەوە دروست کرابوون. (وەرگێڕ).

قـاچاخـیی تلیـاک و پـاره ئاودیوکـردن لە ڕێگەی ناوچەی باکـوری قـوبرس و تورکمـانستان. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر داوای سـەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی وەزیران ئامـادە کران، ئەم چەتەیە یەکێک لـەو نۆ چەتەیەن کە لەناو دەوڵەتدا پێکەوە نراون و بەتەنیا بەرپرسـیار نییـە لە کوشـتنی ڕووناکبیـران و بازرگـانـانی کـورد، بگرە هـەروەها بـەرپرســە لـە ڕفــاندن، ئازاردان و ئەو کـوشـتنانەی کـە بەرۆکی ئەندامـەکـانی دەزگـا جـاسـووسـییـەکـانی تـریشی دەگرتەوە. شـەڕ لەنێوان دەزگا جـاسـووسـییـەکاندا، پاڵـی بەوەنا بەڵگەنامـە و دەسـتـاوێژە گـومـان لێکراوەکـان لـەلایەن "نەیـارەکـان" بڵاو بـکرێنـەوە، ئەم بەڵگەنامـانـە ڕووناکی دەخـەنە سـەر ئـەو قـازانجـە هاوبەشـەی کـە لەنێـوان چەتەکـانـدا دابەش دەکرا و بووبوو بەسـۆنگەی شـەڕ لە کـوردسـتـان و بازاڕی تلیـاکفرۆشی «کە برێک جـار بەهەلیکۆپـتەری سـەربازی دەگوازرانەوە» بە ٤٥ ملیـارد دۆلار دەخـەمـڵێنرێ. دەسـتگیـرکـردنی عـەلائەدین چەکـچی لـە فـرەنسـا سـاڵی ١٩٩٨ چەند زانیـاریی نوێی خسـتـە ڕوو. چەکچی لە سـۆنگەی چەندین کـاری کوشـتن، بەکـوشـتنی ژنەکـەی خۆشـییـەوە کە کـچی گەورە مـافیـا، دوندار کیلچ بوو لەلایەن ئەنتـرۆپۆلیش بەدوایدا دەگەڕان. پاسپۆرتەکانی کارداریی لە باڵیـۆزخـانەی تورکیـا لـە پەکین دەرهێنـابوو. سـتـاتووەکـەی ڕێگەی پێ دەدا ڕێنوێنیی زیاتر لە وەزیرێکی حکوومەتی یەلماز بکات[١٩٨].

ئەم زانیـارییـانە ئەوە بەدیار دەخـەن کە تا چەند دەوڵەت بەدرێژەی سـاڵانی ١٩٩٠ گۆڕدراوە بۆ گۆڕەپانێکی شـەڕ لەنێوان گرووپەکانی تاوان ڕێکخەر کە لە پێوەندی لەگەڵ مافیا، ئۆرگانە ئاسـایشییەکان و ڕاسـترۆی توندڕۆ دروست بوون، "دەوڵەتی قـووڵ*"یان دروست دەکـرد و هـەڵیـان دەوەشـاندەوە. ئەو برە

198. F.Bovenkerk & Y.Yefiilgöz, Türkiye´nin Mafyasi, Istanbul, Iletifiim, 1998.

* دەوڵەتـی قـووڵ: Etat profond بە تورکی derin devlet بەو گـرووپـە هاوپەیمـانە ئەنتی دیموکراتییە دەگوترێ کە لە سیستمی سیاسیی تورکیدا لە توخمەگەلی باڵای وەک دەزگا جاسـووسـییـەکـان. سـوپا، ئاسـایش، دەسـەڵاتی قـەزایی و مـافیـا پێک دێت. چەمکی "دەوڵەتی قووڵ" تا ڕادەیەک لە چەمکی "دەوڵەتی ناو دەوڵەت" دەچێ. وەرگێڕ

زۆرەی بەڵگەنامانەی کە بەقازانجی ئەم سکەندالانە بڵاو کراونەتەوە – نزیکەی سەد هەزار لاپەڕەیەک دەبن – ئەوەیان سەلماندووە کە زەبروزەنگی ڕاستڕۆی توندڕۆ لە سالآنی ۱۹۷۰بەرهەمەکەی ئەوەبوو بەوە کۆتاییی هات کە دواجار: گورگەبۆرەکان گەیشتنە ترۆپکی دەسەلآتی دەوڵەت.

بەلآم ڕاستڕۆی توندڕۆ بێگومان هەر بەتەنیا بۆ ئەم تاقە "چەتە" ترسناکانە کەم ناکرێتەوە. هەموو ئەم سالآنە وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەهێز بەردەوام دەیتوانی ئاخاوتنی بگۆڕێ و خۆی "مۆدێرنیزە بکات" بەم شێوەیە تارماییی کۆمۆنیزم کە بۆ پاساوی زەبروزەنگی سالآنی ۱۹۷۰دا بەکار دەهێنرا بەتارماییی "تیرۆریزمی جیاخواز" جێگەی گیرایەوە. دەنگی ئاخاوتنە پان تورانیستییەکەی سالآنی ۱۹۷۰ی کەم کردەوە، لەوەبەدوا هۆشیار بەرامبەر ئەوەی کە پرۆژەی یەکنەگرتنەوەی دەوڵەتە تورکمانییەکانی (شوورەوی) کەم شیاوتر دەهاتە بەرچاو، زیاد لەوەش لەگەڵ هەرەسهێنانی سیستمی شوورەوی کە دواین بەرگریکار بوو، کۆمارە "تورکمانییەکان"ی شوورەویی کۆن، خۆیان لە بەرامبەر سەربەخۆییان پابەند نیشان دەدا و هەموو دەستێوەردانێکی تورکیایان ڕەت دەکردەوە. هەوڵدانی کودەتا کە "چەتەی چەتلی" لەگەڵ گەرەنتیی سەرۆک وەزیران، چیللەر لە ئازەربایجان ڕێکی خستبوو و بەدژی ڕای سەرۆک سولێمان دیمریل بوو (۱۰ی ئاداری ۱۹۹۵) زیاتر لە بەرامبەر ئەنقەرەدا دڕدۆنگی کردن[199]. ئەم ئامانجە "سەرنەکەوتووە" لەوەبەدوا شوێنی بۆ "بەرگریی نیشتمانیی تورکیا لە مەترسی" گرتەوە کە دوو هێندە بوو بەسیاسەتێکی دژە ئەوروپایی و تا دەهات زیاتر دەبووە دژە ئەمەریکایی، ئەو دوو "ئیمپریالیزم"ەی کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا بەوەی دەیانەوێ دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراقدا دروست بکەن و لەوێشەوە کوردستانێکی یەکگرتوو. پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکەش خۆی بە بەرگریکاری ئەو شەهیدانە دادەنا کە لە شەڕی کورددا

199. H.Bozarslan, Network-Building,Ethnicity and Violence in Turkey, Abu Dabi, ECSSR, 1999.

کوژرابوون بەتایبەتیش بۆ دایکەکانیان، لە هەوڵی ئەوەدا بوو تەنگژەیەکی کۆمیۆنیتەیی لەنێوان کورد و تورکدا دروست بکات. بەهەمان شێوە شێوازی خۆیشی گۆڕی بۆ: "ناسیۆنالیزمی پۆپ" دروشمگەلی شەڕوانی، مۆسیقای ڕۆک و کەرنەڤاڵی مۆدی بۆ هێمای پارتی کێشا کە، شوێنی ئەو سمێڵە بابڕەی گرتەوە کە گورگەبۆرەکانی ساڵانی ١٩٧٠ پێی دەناسرانەوە. ئەم گۆڕانکارییە سەرکەوتن بوو، چونکە ئیماژە "تیرۆریستییەکەی" شوێنی "نیشتمانپەروەری"یەکەی ساڵانی ١٩٧٠ی دەگرتەوە، ڕاسترۆی توندڕۆ لە ساڵی ١٩٩٥ نزیکەی ١٠٪ی دەنگەکان، لە مێژووی خۆیدا ژمارە دەنگێکی لە هەمووان زۆرتری بەدەست هێنا[٢٠٠].

**لەودیو پارچە پارچەبیبوون، هاریکارییە نافەرمییەکان**

خولاسەی قسە ئەوەیە، دابەشبوونی چەپ-ڕاست لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا کە نیشانەیەکی لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەی تورکیدا دروست کرد، بەبێ ئەوەی ڕاستییەکانی تێدا ڕەنگ بداتەوە لە ماوەی دوو دە ساڵیدا شوێنی هەموو ئەو زنجیرە ململانێ خوێناوییانەی گرتەوە یان هەڵگری زەبروزەنگێکی ڕەمزیی قورس بوون: ئیسلامی و کەمالیزمی داکۆکیکار لە کۆمەڵگەی لایسیتی، کورد، تورک، عەلەوی و سونی... لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارچە پارچەبوونانە نەبوونە هۆی هەرەسهێنانێکی ناوەوەی کۆمەڵایەتی کە لەوەی ساڵانی ١٩٧٠ بچێ. لە ژمارەیەک حاڵەتدا و نەک بەبێ پارادۆکس، کە پارچە پارچەبوونەکە هەتا ئەوەی بەدیار خست کە هەڵگری چارەسەرە بۆ هەڵخلیسکانە ئیتنیکییەکان. ئیسلامیزم و عەلەویزم بە نموونە دەرفەتێکیان بۆ ئالیکاری نوێ پێ بەخشی. بەم شێوەیە لەگەڵ پاراستنی هەستیاری نەتەوەیی ئاشکرا، تا ئەو ڕادەیەی لە ئۆرگانیزەکردنی خۆپێشاندانی نەتەوەیی بێ شومار دا، ژمارەیەک لە کوردەکانی ئەستەمبوڵ دەنگیان بۆ ڕەفاه دا یان بۆ ڕێکخراوە یەک لە

200. T. Bora & K. Can, Devlet ve Kuzgun, 1990'lerdan 2000'lere MHP, Istan-bul, Iletifiim, 2004.

دوایەکـەکـانی ڕەفـاه دا. لە گـەڕەکی غـازی لە ئەسـتـەمـبـۆڵ، گەنجـە کـوردە عەلەوییـەکان بەلێشاو دەچوونـە ناو ڕێکخـراوەکانی چـەپی توندڕۆ نەک بۆ ناو پەکەکە. لە هـەردوو باردا، ئەنتیگراسیـۆن لەناو گردبوونەوەی دانیـشتـواندا لە ڕێگەی ناسـینەوەی ئالیکاری بوو لەگەڵ ئەوانی تر و لەسەر بنەوانی ملمـلانێی تردا بوو.

دەبێ هـەروەها ددان بەوەشـدا بـنرێ کە لە دە سـاڵییـەکانی ۱۹۸۰-۱۹۹۰دا تورکـیا بـووبووە شـانۆی بـزۆزیێکی خـێراتاوی بـازنەگـەلی گـەشـەسـەندن کـە لـەنێــوان دوو تـەنـگژەیـەکی ئـابـووریی گـــەورەدا ڕێگـەی بۆ هـەڵکشـــانێکی کـۆمـەڵایەتـیی خـێـرا خـۆش کـرد. سـەربـاری کـاردارە گـەورەکـان و پیـاوە بازرگـانەکان سـیمـاگەلێکی نوێی ئابووری و چینێکی مامناوەنجیی تەواو هەم لەناو شـارە گەورەکانـی وڵات و هـەم لەناو هـەرێمـەکانی ئەنـادۆڵدا خـەریک بوو وەدیار دەکەوتن. ئەم چالاکییـە ئابوورییە کـە ڕێگەی بۆ ئەنتـیگراسـیۆن خـۆش کرد و بەشداریی لە دروستکردنی ژمارەیەک کۆمپـانیای نافەرمیدا کرد کە ئەم شێوە ئالیکارییـانە لەناو سنووری کەرتی تایبەتی، لە hemfiehrilk لە کۆمەڵگە، لە گەڕەک و لەناو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندییەکانی هـاوسێیەتی وەدیار کەوتن. ئاڵۆزیـی هـەر یەک لەم چـەمکانەی هـاریکاری بوون بەسـەرچاوەیەکـی نەرمـی و ڕەوانی. بەم شـێوەیـە شارەوانییـەکان کـە لەسـەر بنەمـای میکانیـزمـێک بەڕێوە دەچوون کـە لە یەک کاتدا زۆر لـێکردن و مـەحـسـووبییـەتی بـەخـۆوە گرتـبوو، کلیـەنتـالیـزم "مشـتـەریخـوازی" و دووبارە دابـەشکردنەوە وەک دوورخـستنەوە، گرینگییەکی گەورەیان بەخۆیەوە بینی. بەم شێوەیە پارتە سیاسـییەکان، لەناو تەنگژەی نیـشتمـانیدا، سـەردەکەوتن لەوەی لەسـەر ئاستی ناوەخـۆییدا جێگیر بن. ئابووریی نافـەرمـی و هـەتا سـترەکتـووری چەشـنی مـافـیـایی کـە، سـەرەتا لەناو ناوەنـدەکانی hemfiehrilk جـۆش دەدران، کـە سـەر بـەهـەمـان شـوێنگەی ئینتیـمـا بوون، پـاشـان چەندین بازنەگـەلی بەکـۆمـەڵایەتـیبـوون لەسـەر ئاسـتی گەڕەک، شـار و یان لەسـەر ئاسـتی تورکـیا (هـەتا دوورتریش لەسـەر ئـاسـتی دیاسـپۆرادا)، توانییـان بەشـێکی نەبوونی ئالیکاری ئاسـۆیی چارەسـەر بکەن.

له سـۆنگەی ئەو کۆت و پاڵەپەستـۆیانەی دەخـرێنە سـەر ئەندامـەکـانی، بگرە هەروەها لە سایەی نەرمیی ئاستە هەمەچەشنەکانی تاسیری ئەم تۆڕانە بوون بە یەکێک لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات. بۆ نموونە بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی عوسـمان ئالتوغ، لە سـاڵی ١٩٩٢یەک چارەگی جـەمــاوەر مــووچەخــۆر بووە (نـزیکەی پێنـج ملیــۆن کـەس) لـەناو سترەکتوورێک کاریان دەکرد مووچەکانیان نزیکەی ٥٠٪ی داهات و بەرهەمی نیشتـمـانی بووە[٢٠١]. ئەو تۆڕانەی کە لە سـاڵەکـانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا خرانە کار کە بڕێک جار لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوو دادەمەزران، لە بەرامبەر دەوڵەتدا ناکۆک نەبوون وەک ئەوەی لە سـاڵانی ١٩٧٠دا وابوو، بەڵام بەدەر لە دەوڵەت ئەم تۆڕانە لەسەر ڕێسایەکی بناغەیی بۆ مانەوە، بۆ پاراستن و ئۆتۆنۆمـیی تاکەکەسـەکـان، گەڕەکەکان و کۆمـیـۆنیتـەکـان دامـەزران کـە، بێگومـان ستۆپێک بوو بـۆ "تەقینەوەی کۆمـەڵایەتی" کە دەسـەڵات ئەوهێندە لێی دەترسا[٢٠٢].

## کۆمەڵگەی مەدەنیی ون

دە سـاڵیی ١٩٨٠–١٩٩٠ بەهەقـیـقـەت گـەواهیی بڕێک کرانەوەی کـۆمـەڵگەی تورکی دەدەن بەسەر جیهاندا، بەتایبەتی لەلایەنی دەستپێشخەری کولتووری و مەدەنیدا. بەم شێوەیە چەندین فیستیڤاڵ ئەستەمبۆڵیان کرد بە یەکێک لە پایەتەختە کولتوورییەکانی ئەوروپا. چەند ڕێکخراوی NGO، لە گرینپیەسەوە بۆ ئەوانـەی داکـۆکی لە مـافی ژنان دەکـەن وەکـو " بنمـیــچی مـۆر" Mor çati لەدایک بوون. بەهەمـان شێوە، بڕێک ڕووناکبیری تورک وەک ئۆرهان پامـوک،

201. O. Altug, "KayitdiıVergi" In Cumhuriyet Dönemi Türkiye Ansiklope-dsi, Istanbul, Iletifiim, 1996, pp. 1458-1459.

202. H.Wedel., Lokale Politik und Geschlechterrollen. Stadmigrantinnen in türkischen Metroplen, Hamburg, Deutschen Orient-Instituts, 1999 & H. Schü-1er, Türkiye'de Sosyal Demokrasi. Particilik, Hemfiehrilik, Alevilik, Istanbul, Iletifiim, 1999.

ئەندامگەلی ڕاستەقینەی "کۆماری ئەدەب"ی نێودەوڵەتی کە چالاکانە بۆ بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ هاتنە ناوەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەستپێشخەرییانە تەواو وەک ئەوانەی لە ڕێگەی دیاسپۆرای تورک و کورد لە ئەوروپاوە دەهاتن، تەواو بەپێچەوانەوە شوێنکاری کەمیان بەسەر کۆمەڵگەدا بەجێ دەهێشت. بەشێکی گەورەی بۆرژوازی ئەستەنبوڵی و ئەنتێلگێنسیای کراوە بەسەر جیهان و ئەوروپا بەئاشکرا کەوتنە هەڵوێست وەرگرتنی دژایەتی لەگەڵ ئەو دانیشتوانانەی کە تازە شارنشین دەبوون، یان لە پێکهاتەکانی گەڕەک یان لەناو پارتە ئیسلامییەکاندا بوون کە تاقە شوورە بوو کە ڕێگەی پێ دەدان بەیەکگرتوویی "ترادسیۆنی" خۆیان بپارێزن و تاقە دەروو بوو کە لەو ڕێگەیەوە دەیانتوانی تێکەڵاوبوونی خۆیان لە ناوەندی شارنشیندا وەدی بهێنن. خەباتێکی دووانەی کولتووری و سیاسیی نەیاریی ئەم دوو کاتیگۆرییەی دەکرد، خەباتێکی کولتووری، لەو چوارچێوەیەدا کە بۆرجوازی و ئەنتێلگێنسیا وایان مەزەندە دەکرد کە مۆنۆپۆلی بەرۆئاواییکردنیان لە بن دەستدایە، کرانەوە بەسەر ئەوروپا و جیهان وەکو نیشانەی چینەکەیان بەکار دەهێنن و بەچاوی سووک سەیری ئەو خەڵکە "ڕەشۆکە" بکەن کە شارەکانی "ئەمان"یان لە تورکیادا تەنیوەتەوە هەتا لە کاتی مانەوەشیان لە ئەوروپا جاڕسیان کردوون (بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووسێک تەجروبەیی تاڵی خۆی وەسپ دەکات لەوەی تووشی "تورکی سمێڵدار" بووە کە لووتبەرزی ئەوەیان هەبووە دیمەنی (بۆلڤارد سانت-گێرمان، "گەڕەکی ژان-پۆل ساتەر)یان پیس کردووە. ئەم "ئەوروپاییە – تورکانە" یان ئەو "تورکە سپییانە" کە وەک ئەوەی خۆیان وا پێناسە دەکەن، "شۆڤینیزمێکی نیولیبراڵ" بەرهەم دەهێنن دژ بەو "جووتیار"انەی کە هیچ پەروەردەکردنێکیان نییە و وەسیلەی ئەوەیان لە بەردەستدا نییە بگەنە بنەوانە مادی و کولتوورییەکان یان هەر تەنیا سووک و سانا ئەو هەقەیان نییە[٢٠٣].

203. T. Bora, Nationalist Discourses in Turkey, In “The South Atlantic Quarterly”, 2003, n. 102/2-3, pp. 433-452.

لەناو خەباتێکی سیاسیدا، بەو مانایەی کە دژی "خیانەتەکان"ی ئەم ڕەشۆکە خەڵکە بێت کە دەنگیان بۆ ئیسلامییەکان داوە، ئەنتێلگێنسیای (بۆرژوازی ئەستەمبۆڵ) بەئاشکرا یارییان بەکارتی سوپا دەکرد کە پێیان وابوو تاقە دامەزراوەی مۆدێرنە کە لە توانایدا هەبێت داکۆکی لە "بەڕۆئاواییکردنی" تورکیا بکات دژ بەدانیشتوانەکانی خۆی هەروەک ئەوەی ئیرزک و گوزەلدەره[٢٠٤] ئاماژەی پێ دەدەن بەم شێوە ئەنتێلگێنسیا "مۆدێرنیتەی ڕۆئاوایی" وەردەگرێ، بەڵام تەنیا دوای ئەوەی دوو لە پێکهاتە سەرەکییەکانی: دیمۆکراسی و سەربەخۆییی کەسیی لێ دەکاتەوە.

ئەم جووت ململانێیە کولتووری و سیاسییە، هەروەها چارەنووسی "کۆمەڵگەی مەدەنی"یش لە تورکیا شی دەکاتەوە. ئەم چەمکە هەر لە خۆیدا چەمکێکی فرە مانایە و بەهەمان شێوە بووەتە قوربانیی جەماوەرێتییەکەی و بووەتە سۆنگەی لەدایکبوونی نیمچە ئایدۆلۆجییەکی"کۆمەڵگەی مەدەنی" sivil toplumculuk کە بە شێوەیەکی نایاب لەگەڵ بەشێکی چینەکانی مامناوەنجی ڕێک بووە و بەم شێوەیە خۆی خستبووە ناو مۆدێلێکی نوێی جیهانی. وەک یاییل نەڤارۆ یاسهین[٢٠٥] ئاماژەی پێ دەدات، دەتوانێ سترەکتوورێکی نوێی سیاسی دابنێ و کاریگەرییەکی ترسناکی پێ ببەخشێ. بەم شێوەیە بەمانای "ناعەسکەری" لە چەمکی "سیڤیل" تێ گەیشتوون، سوپا بۆ خۆیشی هانی دروستکردنی ڕێکخراوگەلی "کۆمەڵگەی مەدەنی" دەدا کە لە ڕاستیدا بەئاشکرا بانگەوازی شەڕی ناوەخۆییان دەکرد. بە نموونە "ڕێکخراوەکانی بەرگری لە ژیانی عەلمانی" یان " هزری ئەتاتورکیست"، درێژەدەری کاری دامەزراوەی عەسکەری و بەشێکی بیرۆکراتی حکوومەت بوون لەناو کۆمەڵگەدا.

204. S. Erzik & G. Güzeldere, "Introduction", in “The South Atlantic Quar-terly”, 2003, n. 102/2-3, pp. 283-292.

205. Y. Navaro-Yashi., Faces of the State: Secularism and Public Life in Turkey, Princeton, Princeton University Press, 2002. ; voir aussi St.Yerasimos, G. Seufert & K. Vorhoff, Civil Society in the Grip of Nationalism, Istanbul, Orient-Institute, IFEA, 2000.

بەپێچـەوانەی ئەمـەوە چەند پڕۆژەیەک کـە بەتەواوی سـەربەخـۆ بوون و لە کـۆمـەڵگە خـۆیەوە دەردەچوون زۆربەی جـار بـەلاڕێیـەکی تردا دەبردران. بەم شـێوەیە لە دوای ئەو ڕووداوەی کە لە سـوسـیورلوکدا ڕووی دا، هاووڵاتیـیـانی تینووی شـەفافییـەت لەناو دەوڵەت دەسـتپێشـخـەری ئۆپەراسیـۆنی "دەقیـقەیەک تاریکی بۆ ڕووناکییەکی هەمیشەیی"یان گرتە دەست بۆ دەربڕینی نارەزاییيان دژ بەچەتە یونیفۆرمەکان کە لە سێبەری دەوڵەتدا هەڵسوکەوتیان دەکرد، لە سـەعـات ٢١ و بۆ مـاوەی یەک دەقـیـقـە ڕووناکـیـیـەکـانیـان کـوژاندەوە. عـەسکەرتـارەکـان بڕیاریان دا پێـوەندی بەم ئۆپەیراسـیـۆنە بکەن، بۆ شەرمەزارکردنی.. "تاریکیی پەرستیگەراییی ئیسلامی".

چەند دەسـتپێشـخـەری تری کۆنترۆڵنەکراو کە لەلایەن ڕووناکبیرانی چەپ یان ئیـسـلامـیـیـەکـانەوە دەهـاتن بەوە کـۆتاییـیـان دەهات لە دواین جـاردا نارەزاییی خـۆیان بخـەنـە ڕوو کە ئەمـە زمـانەی تەناهی بوو بـۆ دەسـەڵات[٢٠٦].

ئەم دەسـتـپـێشـخـەرییـانە ئەرکێکی دوو لایەنەیان تەواو دەکـرد کـە بێگومـان هەمـوو شـتێک دەکەن بۆ خۆ لێوە دوورگرتنی. لەسـەر ئاستی دەرەوەدا، ئەم دەسـتـپێشـخـەرییـانە وەکو جامـخـانەی دیموکـراتی ڕێژیم بەکـار دەهێنران. هەرچی لەسـەر ئاستی ناوەوە بوو، لە بـەرامبـەردا "دوژمنی نموونەیی"یان پێک دەهێنا کـە نـەتەوە بە گـەورەیی ڕوحی خـۆی دەیبـوورێ، کـەچـی لە بڕێتی سـوپاسگوزاری دوودڵ نابێ لـەوەی خیـانەت لەگـەڵ وڵاتەکـەی خۆیدا بکات و بـەهـەواڵگەیاندنی بـۆ "بێگانـان" یـان هـەتا دەست تێکەڵاوکـــردن لـەگـــەڵ "تیـرۆریزمی جـیاخـواز" یان "ئیـسلامـیی کۆنـەپەرست". دوژمنێک کـە وێڕای ئەوەی لەو نـەتەوەیەوە بووە، بەڵام ئامـادەیە لە پشـتـەوەڕا خـەنجـەر لـە نەتەوە بدات. بەم شـێـوەیە لە دە سـاڵـیـەکـانی ١٩٩٠ و لەم مـاوەیەدا کـە تـورکـیـا وەزارەتێکی بۆ مـافـەکـانی مـرۆڤی تـەرخـان کـرد، دروشـمی هەرە مـیللیی مـیتینگەکانی ڕاسـتڕەوی توندڕۆ (بڕێک جاریش هێزەکانی ئاسایش) بڕێتی بوو لە " بمرێ مافەکانی مرۆڤ". بۆیە چۆن سەیروسەمەرە لەوەدا نییە کە، ئەو

206. Human Rights Review, v˚3 n˚1, 2001, n˚ spécial sur la Turquie.

تەقینەوەیەی کە دژ بەئاکین پیردال، سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ کرا، وێڕای ئەوەی چوارده گوللەی پێوەنرا و رزگاری بوو (١٢ی ئایاری ١٩٩٨) کەچی تەنیا بوو بەهۆی چەردەیەکی کەمی تووڕەیی لەناو وڵاتدا.

## ڕۆڵی سوپا

بەدرێژاییی ساڵانی نەوەتەکان، ڕۆڵی سوپا لەسەر ئاستی گشتیدا هەر بەهێز دەبوو. لە شێوەی سوپایەکی ئینقلابچی کە یارییە دیموکراتییەکانی هەڵوەشاندبووەوە و کەمالیزمی لەناو ئیسلامدا تواندبووەوە لە ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا، بەرەبەرە بوو بە سوپایەکی "دواین نەوا"ی نیشتمانێکی لە مەترسی کەوتوو و زامنی ڕێژیمێکی لایکیی هەڕەشە لێکراو. بەشێکی ئەنتیلگێنسیا بە شێوەیەکی ئاوا لە سوپایان دەڕوانی کە تاقە دامەزراوە لە دەست لێک هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی تورکی و ئەو گەندەڵییە ڕزگاری بووبێ کە بەرۆکی چینە سیاسییەکەی گرتووەتەوە. ئەرتوغرۆل ئۆزکۆک، سەروتارنووسی ڕۆژنامەی حوڕڕییەت، لە ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٩٩خۆشنوودیی خۆی بەوە دەردەبڕێ بەوەی تێبینیی ئەوە دەکات کە " هەتا ئەگەر سیاسەتی وڵاتیش هەرەس بهێنێ، ئەوا ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن سوپاوە دروست کراون هەر بەساغی دەمێننەوە".

کەس گومانی لەوەدا نییە کە "نرخی ئەو خوێن"ەی کە سوپا لە شەڕی دژ بە"تیرۆریزمی جیاوازخواز" و خەبات دژ بە"هەڕەشەی بەتاڵیبانیکردن"دا ڕشتی، سوپای وەکو دواین شوورەی سیستەمی وڵات سەقامگیر کرد. بەڵام هەستی "نیشتمانپەروەری بەتەنیا بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە شوێنی عەسکەرتارەکان لە تورکیا و ڕۆڵی سیاسییان. بە ٤٠,٠٠٠ ئەفسەر و نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ سەربازی ژێر ئاڵا، سوپا پێش هەموو شتێک دامەزراوەیەکی خۆبژۆێنی ئابوورییە کە کۆنترۆڵی ڕەهای بەسەر کارکردن، سەربازگیری و کارمەندەکانیەوە هەیە یان هەتا بەسەر ئەو پاککردنەوانەشدا هەیە کە، ساڵانە چەند جارێک دەیکات. لە هەموو ئاستەکاندا بڕیارەکانی بڕیاری

هەڵنەوەشاوەن. بەهەمان شێوە، لەگەڵ خۆ چەکدارکردنێک کە تورکیا دەخاتە ناو سـێـیـەمین وڵات لەسـەر لیـسـتـی ئەو وڵاتانەی کـە چەک هاوردە دەکـەن (کـۆئەنجـامی سـاڵانی ١٩٨٤– ١٩٩٨) ، عـەسکەرتـارەکان بودجـەی زیـاتر لە ١٦٪ بودجەی نیشتـمانییان لە بەردەست بووە (ئەم ژمـارەیە لەودیو دانەوەی قـەرزەکـانە، ٤٥٪ بودجـە یان ٤,٥٪ داهات و بـەرهەمی نیـشـتـمـانیی وڵات). بەکـارهـێنانی فـۆندەکـانی بـە نزیکەیی هـەر تەواو لە دەرەوەی کـۆنـتـرۆڵی دەسەڵاتی مەدەنییەوەیە.

سـوپا هەروەها هـاوتای "(فـۆند) سندووقی پشـتـگیـرییـە بۆ پیـشـەسـازیی بەرگری"، ئیمپراتۆریایەکی ئابوورییە بۆ خـۆی: ٥٪ی باجی پیشـەیی، ١٠٪ی باجەکانی سەر خواردنەوە مـەشروبییەکان و بەنزین، هەروەها چەندین ڕێژەی جـۆرەوجـۆر لە قـازانجی لۆتـەری نیشـتـمـانی کـە مـافی بەسـەردا هەیە وەری دەگرێ. هـەروەها ئەو برە پارانەی کـە لە ڕێگەی" کـڕینەوەی لێـخـۆشـبـوون لە خزمەتی سەربازی" ، بەتایبـەت لە ڕەوەندی تورکیا لە دەرەوە دێت بەتەواوی بۆ سـوپا دەبێ. بە گوێرەی عیسمەت ئاکچا، ئەم فۆندە داهاتێکی سەرتاسـەری ١١,٦ ملیـارد دۆلاری لـەنێـوان سـاڵانی ١٩٨٥ و ٢٠٠٠دا بـۆ کـۆ بـووەتەوە. هەرچی تایبـەتە بەپیشـەسـازیی بەرگریی وڵات کە کۆی فرۆشتـەنی سـاڵانەی دەگاتە ٥ ملیارد دۆلار بەتەواوی لەلایەن عەسکەرەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

بەشـداریی عـەسکەرتارەکـان لە ئـابووریدا هـەر تـەنیـا یەک پیـشـەسـازیی بەرگری ناگرێتەوە. سـوپا هـەروەها ئەکتـەرێکی ئابووریی قـەبەشـە لـە تورکیـا. «کۆمپانیـای کۆمپانیا هاوبەشـەکەی Oyak (فۆنداسیۆنی ئالیکاری سـوپا) لە سـاڵی ٢٠٠٠دا نزیکەی ٥ ملیـار دۆلار کـۆی فـرۆشـتـەنی بـووە» و بەگـوێرەی سـاڵەکـان سـێـیـەم یان چوارەمین هێـزی ئـابووریی وڵات بـووە و مـووچەی خـانەنشـینی بۆ ئەفسـەرەکانی دابین دەکات. سـوپا خـاوەنی چەندین کەناڵی دابەشکردن، ئاژانسی عەقـاری، کـارخـانەی قـوتووسـازی، چیمـەنتـۆسـازی، کـارخـانەی بەروبـوومی کشـتـوکـاڵیی و ئۆتـۆمـۆبێلە (بەرهەمـهـێنەر و خـاوەن ئیمـتیازی مـاشینی ڕینۆ)یە. بەهەمان شـێوە لەناو کەرتەکانی بانق، بیمـە و

بنیاتناندا چالاکە. بەگوێرەی شیکردنەوەکانی تەها پارلا، چالاکییە هاوبەشییەکانی بەتەنیا لە ٢٠٪ی کۆی فرۆشتنی Oyak پێک دەهێنێ. چوچکون ئۆلسۆی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆمپانیاکان، ئەوە لێک دەداتەوە کە سوپا دەیەوێ کێبەرکێ لەناو هەموو کەرتەکاندا بکات بەو پێیەی کە "چالاکییەکی جەنگی"یە[٢٠٧].

**سترەکتوورێکی نوێی دەسەڵات**

دواجار لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە سکرتێرەکەی عەسکەرتارێکە، سوپا وەک ئۆرگانی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە تورکیا دەمێنێتەوە. ئەم ئەنجوومەنە کە مانگی یەک جار لەگەڵ سەرکۆمار، سەرۆک وەزیران و هەروەها ژمارەیەک وەزیر و پێنج سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا کۆ دەبێتەوە، بەڵام دامەزراوە بەردەوامەکانی ئەم ئۆرگانە تەنیا لە عەسکەرتارەکان پێکهاتووە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی خاوەنی چەندین سەدان کارمەند، خانەی ئەندێشە* و کۆمیتەی تایبەتمەندیی خۆیەتی (بەوجۆرە، ئەو کۆمیتەی ئەرکی وەلانانی مەترسیی "کۆنەپەرستی" پێ سپێردراوە لە ساڵی ١٩٩٧ ناوی "کۆمیتەی ڕۆئاوا"ی پێ دەڵێن). بەگوێرەی

207. I.Akça, “Kollektif bir Sermayeder Olarak Türk Silahli Kuvvetleri” , In A. lnsel & A. Bayramoglu (dir), Bir Zümre, Bir Parti: Türkiye'de Ordu, Istanbul, Birikim, 2004, pp. 225-270.

* خانەی ئەندێشە: think-tank: دامەزراوەیەکە گرووپێکی پسپۆڕ دەگرێتەوە خۆ لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەم گرووپە بیرۆکە و پێشنیاز دەخەنە ڕوو بۆ دەسەڵاتداران و توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو کێشانەیان هەیە کە بەرەو ڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە. یەکەم (think -tank) لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٨٤ بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی دروست کرا و وشەکە لە بنەواندا ئەمەریکاییە و واتەی "خانەی ئەندێشە" یان "دەزگای بیرکردنەوە" دەگەیەنێ و دواتر لەوەتای شەڕی دووەمی جیهانییەوە بەناو تەواوی وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا و بەناو هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. (وەرگێڕ).

دەستوور، ئەرکی ئەنجوومەن بریتییە لە "ئامۆژگاریکردنی" دەسەڵاتی مەدەنی، کە بێگومان ئەویش ناچارە بەپلەی یەکەم لەم ئامۆژگارییانە بکۆڵێتەوە.

سوپا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجوومەنی دەستووری، کە زۆر لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە نزیکە، لە ماوەی دە ساڵییەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ ئەوەی کە لە تورکیا داب وایە پێی دەڵێن "پارتی دەوڵەت" یان "دەوڵەتی قووڵ"یان پێک دەهێنا. پێکەوە، رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە خستنەگەڕی ستەرەکتوورێکی نوێی دەسەڵات. دوای ئەوەی لە ڕابردوو ئۆلتیماتیۆم و دەستێوەردانی عەسکەرییان دەکرد، وایان پێ باشترە لەمەودوا شێوەی دەستێوەردانی کەمتر بەرچاوتر، بەڵام زیاتر دامەزراوەییتر و کاریگەرانەتر بگرنە بەر، وەک لابردنی پارێزدارێتیی پەرلەمانتاریی ئەندام پەرلەمانە کوردەکان و ئەندام پەرلەمانێکی ئیسلامی ساڵی ١٩٩٤ و هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٧، کە ئەم یان ئەویان وەکو کودەتایەکی تەواو دەژمێردرێ، کە بەبێ دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی عەسکەری کرا. "دەوڵەتیی قووڵ" دەبێ بۆ خۆی چاو بەدەستکاریکردنی دووبارە ڕێکخستنەوەی چەند بوارگەلێکدا بخشێنێتەوە بەوجۆرەی چەند ملدانێک لەلایەکی تر نیشان بدات: بەم شێوەیە، لە ماوەی بەشێکی گەورەی ساڵەکانی ١٩٩٠دا، تورکیا وەزارەتێکی هەبوو کە ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی پێ سپێردرابوو، وەک دەڵێن بەم بۆنەیەوە، ئەم وەزارەتە هەرگیز دەرفەتی ئەوەی لەدەست نەدا پێشێلکارییەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە قاو بدات. بەڵام هیچ چاکبوونێکی ئاوها تۆمار نەکرا و "دەوڵەتی قووڵ" بەردەوام دەبێ لە بەئەنجام گەیاندنی نایەکسانییێکی تەواو بەئەستۆ هەڵگرتوو بەناوی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە. دەنگی نەیارانە ڕێگەیان پێ دەدرا. بەڵام وەکو خاین بەنەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و پەراوێز خرابوون. هەروەک ئەوەی یاداشتنامە ناوەخۆییەکانی سوپا بە مێژووی نیسانی ١٩٩٨، نیشانی دەدەن کە دەستبەسەرداگرتنی زانیارییەکان بووەتە تەکنیکێکی شەرعی بۆ ناوزڕاندنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانە

لیبراڵەکان. ئەم بەڵگەنامە نهێنییانە، کە لە ڕێگەی زانیاریدەرێکی نەناسراو بۆ ڕۆژنامەوانی لیبراڵ نەزلی ئیلجاک نێردراوە کە، داوا لە سەروتارنووسەکانی نزیک لە سوپا دەکات بۆ ئەوەی هەڵمەتێک دژ بەدوو لە هاوکارەکانیان: محەمەد عەلی بیراند و جەنگیز چاندار بەڕێوە ببەن[٢٠٨]. ئەم دوو کەسایەتییەی کە ناو و دەنگیان لە سنووری تورکیا چووەتە دەرەوە، زۆر ڕەخنە لە سوپا دەگرن و لایەنگیری چوونە ناوەوەی تورکیان بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا، بەوە تاوانبار کران کە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی پەکەکە دەکەن (سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا، کە ددان بەڕاستیی ئەم بەڵگەنامانەدا دەنێ، بەناوی "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان "ەوە پاساو بۆ ئەم هەنگاوهەڵگرتنە دەهێنێتەوە). یەکێکی تر لە نیشانەکانی دەستکاریکردنی سیاسیی "دەوڵەتی قووڵ": سزای لەداردان بوو کە چیی تر لەوەتای ساڵی ١٩٨٤-ەوە پیادە نەکراوە (و لە ٣ ئابی ٢٠٠٢یش سڕدرایەوە)، بەڵام ئەم کارە لەژێرەوە سپاردرایە چەتە یونیفۆرمەکان.

دواجار لە ماوەی ئەم دە ساڵییەدا، "پارتی هێزەکانی عەسکەری"[٢٠٩] بۆ خۆی خاوەنی دەستوورێکی تەواو پارەلێل بوو بەناوی "پرەنسیپەکانی سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی"، کۆمەڵە یاسایەک، بەڵام بەنهێنی کە لە دوو کتێب و دە دوازدە پاشکۆیەک پێک هاتبوو کە تەنیا دوو دانەی لێ دراوەتە حکوومەت کە لە بەرامبەر "وەرگرتنی نوسخەکان"دا داوای پسوولەی ئیمزاکردنی وەرگرتنی نوسخەکان دەکات. بەهەمان شێوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕدرا بۆ تاقە دەسەڵاتی پێناسەکردنی "تەنگژەکان" و ئەو وەڵامانەی کە دەبێ بیانداتەوە. یاسایەک لە ٩ی کانوونی دووەم ١٩٩٧ دەرچوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەم بوارەدا لە هەموو دەسەڵاتێک بێبەش کرد. "نووسینگەی تەنگژەکانی سەرۆک وەزیران" کە سەر بەسکرتێری

208. N. Ihacak, Sert Adımlarla´Her yer Inlesin. 28 fiubat'ın Perde Arkası, Istanbul, Tümas, 2001.

209. S.Vaner, La Turquie en mouvement, Bruxelles, Complexe, 1996

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییە لەوە بەدوا، عەسکەرتارێک "دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ هەموو پرەنسیپەکانی ئاراستە سیاسییەکان دەستنیشان بکات، دەستکاریی پرەنسیپە ئاراستەکارییەکانی ئێستە بکات و گۆڕانکاریی پێویست بخاتە ناو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بەئاسایشی نەتەوەییەوە"[٢١٠].

ویست بۆ دروستکردنی ئاخاوتنێکی هەژموونگەرا، بێگومان تایبەتمەندێتییەکی هەرە بەرچاوی ئەم سترەکتووره نوێیەی دەسەڵات بوو کە دواجار بەوە کۆتاییی هات کە کەمالیزمی وەکو "تەوافوقێکی بەزۆرەکی"[٢١١] سەپاند و "ناکەمالیزمی" گۆڕی بۆ چەند شتێکی ناماقووڵ لە ژیانی سیاسی و رووناکبیریی تورکیدا. کە ئەمە واتەی قامک خستنە سەر ناسیۆنالیستە کوردەکان یان ئیسلامییەکانی دەگەیاند وەکو "دوژمنی ستراتیجی"ی وڵات، یان ریسواکردنی رووناکبیرە لیبراڵەکان، کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پشتیوانیی بەشێکی رای گشتی: رۆژنامەوانی، برێک لە دەنگەکانی "کۆمەڵگەی مەدەنی" یا کۆنە دەستەی سیاسی بەدەست بهێنێ. ئەم یان ئەو رووداوانەی کە پێوەست بوون بەپەکەکە یان ئیسلامییەکان بەوردی بەرچاو خران، سەروتارنووس یان مامۆستایانی زانکۆ یان هەتاوەکو پسپۆڕگەلی ئاسایشی نەتەوەیی مەترسیی گەورەی "جیاوازخوازی" یا "کۆنەپەرستی"یان لێک دەدایەوە و داوای وەفاداریی هاووڵاتییانیان دەکرد لە بەرامبەر نیشتمان، بەرامبەر بەئاڵا، بەرامبەر ئاخاوتنی ئەتاتورک و بێگومان بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەش کە ئەرکی پارێزگاریکردنی ئەم بەها پیرۆزانەی پێ سپێردرابوو. دووانەی "دۆست–دوژمن" جێگەی هەموو پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرتەوە. لەم

210. A. lnsel & A. Bayramoglu (dir), Bir Zümre, Bir Parti: Türkiye'de Ordu, Istanbul, Birikim, 2004.

211. E. Copeaux, “le consensus obligatoire”, in I. Rigoni, (dir.), Turquie, les mille visages. Politique, religion, femmes, immigration, Paris, Syllepse, 2000, pp. 89-104.

دیدگـایەوە عـەسکەرتارەکـان دەتوانن بەئاسـانی داخـوازینامـەی خـوێندن بەزمـانی کوردی وەکو " هەڵدێری خیانەت بـەرانبەر بەنیشـتمـان" وەسپ بکەن یان سەروتارنووسە لیبراڵەکان ، ئەوروپاییخوازەکان وەکو "سیڤەرچییەکان"* پێناسە بکەن کە ڕێگە بۆ تێکدانی نیشتمان ئاوەڵا دەکەن[٢١٢] .

مـامۆسـتـای زانکۆ ئەحـمـەد ئەنسـیل[٢١٣]، ئەو ڕێژیمەی کـە لە سـاڵەکـانی ١٩٩٠دا لە تورکیـا هاتووەتە سـەرکار وەکو "ڕێژیمێکـی ئاسـایشـی نەتەوەیی " پێناسـە دەکات. چەمکێک بەدەر لە هەمـوو شـیکردنەوە و هەمـوو گفتوگۆیەک. وەختـایەک لە ئابی ٢٠٠١ مـەسـعـوود یەلماز، جێگری سـەرۆک وەزیران، داوای پێویستی دەرچوونی کرد لە "ڕێژیمی ئاسـایشـی نەتەوەیی" وەڵامەکە ئەو هێندە چاوەڕوانی نـەبرد: بـەڕاگـــەیاندنێکی فـــەرمی، ســــوپا ســــووک و ســــانـا بەسیاسـەتوانێکی بێ شـەرەف تۆمـەتبـاریان کـرد. یەلماز ناچار بوو بکشـێتـە دواوە[٢١٤] .

### دوایـن کـردەوەیـەک بـەنـاوی ئـەجـەویـد : ١٩٩٨-٢٠٠٢

کە بولند ئەجـەوید حکوومـەتە کـەمینەییـیـەکەی لە (٢ی دیسـەمـبـەری ١٩٩٨) لەناو تورکـیـایەکی گـوێڕایەڵدا دروست کـرد، ئیـتـر سـیـسـتـمی ڕێکـخـراوەیی، هەژمـوونی عەسکەرتارەکـان و دیسـپلینی کۆمـەڵایەتی کـە بەناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە داوا دەکران، چیی تر بەیەکەوە نـاکۆک نەبـوون، بگرە بەتەواویش تێکەڵاو بووبوون و نەدەزانرا ئیـتر کام لەم دوو دوژمنە: "تیـرۆریزمی جیـاخـواز" یان "ئیـسـلامی کـۆنەپەرست" مـەترسـیی کوشـندەتر پێک دەهێنن. هـەڵبـەت هـەر زوو یەکەمی ئـەم مەترسییانە نزیکیی ڕوودانی خـۆی لەدەست دا. وا پێ دەچێ

* sevristes: سـیـڤـەرچـیـیـەکان "ئەوانەی کـە دەیانەوێ پەیمـاننـامـەی سـیـڤـەر زیندوو بکەنەوە"، واتە ئەوانەی دەیانەوێ تورکیا دابەش بکەن. (وەرگێڕ)

212. H.Bozarslan, “La crise comme instrument politique en Turquie”, In "Esprit", 2001, n. 1, pp. 145-157.

213. A.Insel ,"Çozüm Istemeyenler" ,In, Radikal, 25.11. 2002.

٢١٤. چاپەمەنیی تورک ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

لەسەر داوای کەسیی سەرۆک بیل کلنتۆن، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تورکیای ئاگەدار کردبێتەوە کە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کینیا لە باڵیۆزخانەی یۆنانە. پاڵەپەستۆی ئەمەریکایی بۆ سەر ئەسینا و نیرۆبی بەرهەمی بوو و تورکیا توانی سەرۆکی پەکەکە بڕفێنێ (ئۆجەلان گوێزرایەوە بۆ زیندانی عەسکەریی ئیمرالی، هەمان ئەو شوێنەی کە سەرکردە لێخراوەکانی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٦٠ تێیدا زیندانی کرابوون). ئەم دەستگیرکردنە هەر تەنیا زەبرێکی زۆر گورچکبڕ نەبوو بۆ ڕێکخراوەکە، بگرە قازانجێکی سۆزداری بێ شوماریشی لێ کەوتەوە کە حزبە تۆندڕۆیە ناسیۆنالیستەکان ئەم دەرفەتەیان لە دەست نەدا بۆ خۆیانی بەکار بهێنن. ئەم هەڵبژاردنانەی کە دوو مانگ دواتر کران (١٩ی نیسانی ١٩٩٩) بەهەمان ئەو شێوەی پارتی ئیسلامی پەراوێز خست، دینامیکییەتی "دووەم هەرەشەی ستراتیجی"یشی تێک شکاند.

پارتی چەپی دیموکراتی ئەجەوید لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەربەستی ٢٠٪ بڕی و (٢١,٧١٪)ی دەنگەکانی هێنا بۆ ئەوەی وەکو یەکەم پارتی ناو ئەنجوومەن خۆی بسەپێنێ، بەشوێنیەوە پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (ڕاسترۆی تونددڕۆ)ی دەوڵەت بەهچەلی لە ١٨,٣٪ی دەنگەکانی هێنا. پارتی ئیسلامیی فەزیلە نرخی ئەو ترسەی دا کە لە سۆنگەی پاڵەپەستۆکانی عەسکەرتارەکان بۆ سەر ڕای گشتی دروست بووبوو و تەنیا بە لە ١٥,٤١٪ی دەنگەکان بۆ سێیەم پێگە کشایە دواوە. لە کاتێکدا کە پارتی نیشتمانی دایکی مەسعوود یەلماز بەئەنجامێکی کەمی ١٣,٤٢٪ دەربازی بوو و DYP ی تانسۆ چیللەر بە ١٢,٢٦٪ دەستبەردار بوو. CHP (کۆنە SHP) کە لەوە بەدوا لەلایەن دەنیز بایکال بەڕێوە دەچوو نەیتوانی ئاستانەی پێویستی ١٠٪ ببڕێ و خۆی لە دەرەوەی پەرلەمان بینییەوە.

بەئاسوودەییەکی گەورەی "عەسکەرتارەکان"، چارەنووسی تورکیا بە تۆندڕۆیە ناسیۆنالیستەکان (و دوژمنانی کوشندەی دە ساڵییەکانی ١٩٧٠) ئەجەوید و بەهچەلی سپێردرا، کە گەرچی هەردووکیان دژی ئیسلامییەکان

بوون، بەڵام شتەکان هەموو کات بەدڵی ئەوان نەبوو. ڕاستە لەسەر داوای ئەجەوید، میرڤە کاباکچی، پەرلەمانتێری پەچەدار، بەوەسیلەی سەربازی لە ئەنجوومەن وەدەرنرا و پاشان مانداتەکەی لێ سەنرایەوە.

بەڵام سەرۆک وەزیران پێوەندیی لەگەڵ فەتحوڵڵا گولەن، سەرۆکی کۆمیۆنیتەیەکی ئاینیی زۆر میانڕۆدا هەبوو، ڕاسترۆی توندڕۆیش بەردەوام بنکەیەکی ئاینیی هەبوو. بەڵام مەسەلە گرینگەکە شتێکی تر بوو کە ئەویش لەبارەی مەسەلەی کوردەوە بوو، هەردوو پارتی (ئەجەوید و بەهچەلی، وەرگێڕ) بیروڕای هاوبەشیان هەبوو کە بەقەد بیروڕای سوپا توندڕۆ بوو و پارتی ئیسلامی پەراوێز خرا.

وێڕای ئەو نیگەرانییانەی کە بەشداربوونی ڕاسترۆی توندڕۆ نایەوە «حەڤدە لە ئەندام پەرلەمانەکانی لە کردەی زەبروزەنگ تێوە گلابوون، هەتا لە کردەی خۆکوشتنەکانی سالآنی ۱۹۷۰یش»، حکوومەتی ئەجەوید پێشوازییەکی چاکی لێوە کرا: لەسەر ئاستی ناوەخۆدا، دواجار تورکیا ئارامییەکی بەخۆیەوە بینی، ئۆجەلان زیندانی کرا، حوکمی لەداردانی بۆ درا و بڕیاری ڕاوەستانی خەباتی چەکداریی دا (۳ی ئابی ۲۰۰۰) وێڕای چەند دەنگێکی نەشاز، کەچی پارتەکەی بەشوێنیەوە چوو. ئیسلامیزمی سیاسی توانی بەسەختی لە شکستی هەڵبژاردنەکەیدا ڕاست بێتەوە و بە بارێکی گرژی ناوەخۆییدا تێپەڕ دەبوو و دواتر دوای قەدەغەکردنی فەزیلەت دوو کەرت بوو.

ڕاستییەکەی ئەجەوید، مانگێک بەر لە هەڵبژاردنەکان ڕای گەیاندبوو کە تورکیا بەبێ دوژمن نامێنێتەوە:

> "هێزی تورکیا لەوەبەدوا بەدیار دەکەوێ. ئەمە نەک هەر تەنیا وڵاتانی ناوچەکە بگرە هاوپەیمانە ڕۆئاواییەکانیشمان نیگەران دەکات. ئەمانەی دوایی دەیانەوێ تورکیا هەر لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێ. بۆیە ئێمە هەردەم بەرەو ڕووی کێشەگەلێک دەبینەوە کە لە ناوچەکە یان لە وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکەوە دێن. ئێمە لەگەڵ پەکەکە بەکۆتا دەگەین. بەڵام ئامرازگەلی تر، بیانووی تر

[دەدۆزنەوە] . ئێمـە دەبێ ئامـادە بـین، ئەمـە نرخـی گـەورەبوون و بەهێزی تورکیایە"[215] .

بەڵام لەسـەر ئاستی ناوەخـۆدا، دوژمنی بەر ئامانج، هەڕەشـەی سنووری بۆ سەر یەکپارچەیی دەوڵەت یان بۆ سەر لایکییەکەی خەریک بوو کەم ببێتەوە.

بەهەمـان شـێـوە لەسـەر ئاسـتی دەرەوەشـدا، دوای سکەندالی نیرۆبی، کە پەردەی لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکەکە هەڵدایەوە، یۆنان کۆششی بوو بۆ ئەوەی لەگـەڵ ئەنقـەرە ئاشت بێـتـەوە و حکوومـەتی نوێی ئـەڵمـانیـای گێـرارد شرۆیدەر لایەنگیری ئەوە بوو ستـاتووی کاندیدای چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپا بە تورکیا ببـەخشرێ. لووتکەی ئەوروپایی لە هێلێنسکی (دیسـەمبەری ١٩٩٩) ئەم مژدەیەی دروست کرد کە دەمێک بوو تورکیا بەتاسەوە بوو بۆی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا حکوومـەتی ئەجـەوید هـەر زوو هـەمـوو مـتـمـانەیەکـی خـۆی لەدەست دا. خـەمـسـاردیی دەوڵەت لە ئاست بوومـەلەرزەی ئەسـتـەمـبـۆڵ (١٧ی ئابی ١٩٩١) کە بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی ٢٠,٠٠٠ قوربانیی لێ کـەوتەوە، تەنیـا تاقـە سـەرچاوەی نارەزایی نەبوون. دیاردەیەکی تر وڵاتی هەژانـدبوو: ئەویش دیاردەی گـەنـدەڵی بوو. ئـەجـەوید بە گـەنـدەڵی تاوانبـار نەدەکرا، چونکە ئەو بە شێوازی ژیانی زۆر دەستپێوەگرانەی خۆیەوە ناسراو بوو، لە وڵاتێکدا کە پیشـەی سیاسـەتوانەکان تەنیا بەو گرێبەسـتانە سـەرنج ڕاکێشـە کە بندەسـتیـان دەخات، کەچی ئەجـەوید بەهیچ شـێـوەیەک کـەمترین بەخشـیـشی قـەبووڵ نەدەکرد و چەندین گرێی دە ساڵیی بوو هـەر بەو مـووچە سـادەیە دەژیا کـە وەزیفـەکانی بۆیان دابین دەکرد. بـەڵام ئەو حکوومـەتەی ئەو بەڕێوەی دەبرد، بەڕای هەموو چاودێران گەندەڵترین حکوومەت بوو لە مێژووی وڵاتدا. هەمـوو پرۆژەیەکی بەکەرتی تایبـەتیکردن یان هـەر تەندەرێک کە بڕێک بەنرخ بوایە بەم شـێـوەیە دەبوو بەسکەندال، نیـو دەرزەنێک لە وەزیرەکـانی ناچار کران واز بهێنن، وەزیری ناوەخۆ، سەعدەدین تانتانی پارتی نیشتمانیی دایک بە شێوەیەکی دڕندانە لەسـەر داوای یەلمازی سەرۆکی پارتەکەی لێ خرا

215. "Eçevit:Pkk Biter Bafika Araç Bulurlar", In “Hürriyet”, 29.03.1999

لەبەرئەوەی زۆر دەستی لەو کاروبارە گوماناوییانە هەبوو کە حکوومەت تێوەی گلابوو. هەرچی حوسامەدین ئۆزکان، جێگری سەرۆک وەزیران و ئالیکاری سەرسەختی ئەجەوید بوو، لەسەر ترۆپکی ئیمپراتۆریایەکی ئابووری بوو کە سەرچاوەکەی زیاتر جێگەی گومان بوو.

دووەمین هۆکاری لەدەستدانی جەماوەریبوونی حکوومەت، ڕاستەوخۆ پێوەست بوو بە گەندەڵی، تەنگژەی ئابووری بوو کە لە هەلومەرجێکی سوریالیدا دەتەقییەوە. لە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، سەرکۆمار، ئەحمەد نەجدەت سیزار (کە لە نیسانی ٢٠٠٠ لە جێگرتنەوەی دێمریلدا هەڵبژێردرا)، سەرۆک وەزیرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە "لەناو قوڕ و لیتە دانیشتووە" و دەستووری خستووەتە ئەستۆی جێگری سەرۆک وەزیران، ئەربەکان. ئەجەوید کۆبوونەوەکەی جێ هێشت و لە کاتی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە سەرکۆمار گرت. چەند دەقیقەیەک دواتر، زیاتر لە ١٠ ملیارد دۆلار لە تورکیا ئاودیو کران. ئەم پارە بێگانە بێ شومارەی ئاودیوکردنە تا ڕادەیەک بوو بەهۆی لاوازکردنی زیاتری ئابووری (پێشتر لە ساڵی ١٩٤٩ ئیفلاسی پێنج بانقی گشتیی تەنگژەیەکی گەورەی نایەوە). لەوساوە کەرتی گشتی کە نابوودی ساڵانەی لە پێنج ملیار تێپەڕی دەکرد، کە لە یەک کاتدا بەکار دەهێنرا بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار، بەوەی ڕێگەی بەپارتە سیاسییەکان دەدا بەم شێوەیە بازنەی موشتەرییەکانی خۆیان فراوان بکەن و لە سایەی بەکەرتی تایبەتیکردنیشدا گیان بە بەر گەندەڵیدا بکەن[٢١٦].

پارەبازی بەلیرەی تورکی کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زیاتر لە نیوەی بەهایەکەی خۆی لە دەست دابوو و قازانجی زۆری لە ڕادەبەدەری سوود لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، حکوومەتی ناچار کرد پرۆگرامێکی چاکسازی پیادە بکات. "چارەسەری شۆک"ی کەمال دەروێش، ئەو وەزیرەی کە بەپەلە لە بانقی جیهانییەوە هێنرایەوە، بەرهەمی بوو، بەڵام بەنرخێکی زۆر بەرز: لە کاتێکدا

216. Ü. Cizre, Muktedirlerin Siyaseti, Istanbul, I1etifiim, 1999.

که هەڵئاوسانی دارایی بەردەوام بوو لە نزیکەی ٨٠٪ی دەدا ئابووریی وڵات بۆ زیاتر لە ٩,٥٪ بەرتەسک بووەوە و بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەورەترین شەپۆلی هەژاری لە وڵات لە وەتای شەڕی دووەمی جیهانییەوە. قەرزی دەرەکی ئاراستەکەی بەرز بووەوە: لە ١١٥,٦ ملیار سەرەتای ٢٠٠٠ گەیشتە ١٢٦ ملیار لە ساڵی ٢٠٠٢دا. ڕێژەی قەرزی دەرەکی بە بەراورد لەگەڵ داهات و بەرهەمی نیشتمانیی PNB لە ماوەی یەک ساڵدا (٢٠٠٠-٢٠٠١) لە ٢٨,٧٪ گەیشتە ٦٨,١٪ بێگومان "تەقینەوەی کۆمەڵایەتی" کە ئەو هێندە ترسی ئەوە هەبوو ڕوو بدات، کەچی ڕووی نەدا، بەڵام پێوەندییەکە نەدەکرا چیی تر لەنێوان گەندەڵی و جامبازیدا دیاری بکرێ، تەنگژە و هەژاریبوون هەستێکی شپرزەی دروست کردبوو.

سێیەمین هۆی نارەزایی بەتایبەت لەناو "خەڵکانی چەپ"دا کە هێندێکیان بۆ ڕێزگرتن لەو پیاوەی کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ لەناو سیاسەتی تا ئەوپەڕی داپڵۆسێنەرانەی حکوومەت ژیا، داپڵۆسینێک کە بیروڕای گشتی بەزەحمەت دەیتوانی پێوەستی بکات بەپێوەند لەگەڵ هەر "هەڕەشەیەک دژی نەتەوە" هەر چۆنێک بێت، دەنگیان بەئەجەوید دا. هەزاران قوتابیی کورد کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە داوای مافی خوێندنیان دەکرد بەزمانی دایکیان کە، ئەمە هاوجووت بوو لەگەڵ ئەو پەیمانانەی کە ئەنقەرە لە لووتکەی هێلنسکیدا دابووی، گیران، ئەشکەنجە دران، بەسەدانیان لە زانکۆیەکانیان دوور خرانەوە. وەڵامی تۆڵەسێنەری حکوومەت لە بەرامبەر مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی چەپی توندڕۆ کە ڕەتیان کردەوە بیانگوازنەوە بۆ ناو ژووری ئینفرادی، ئەو هێندە شەرمهێن بوو کە هەر وەکو کوشتن وابوو. لە دیسەمبەری ٢٠٠٠ ئۆپەراسۆنی بەناوی "گەڕانەوە بۆ ژیان" کە دەبوو ژیانی زیندانییەکان ڕزگار بکات، بەمردنی سی و پێنج کەس لەوانە کۆتاییی هات[٢١٧]. ئەوەی بەڵگەنەویست بوو ئەوە بوو کە مەبەست لەمە تۆڵەسەندنەوە

217. H.Bozarslan, From Political Contest to Self-Sacrifice: Violence in tbe Middle East, Princeton, Marcus Wiener, 2004.

بوو کـه دەوڵەت کـردی وەکـو وەڵامـێک بـۆ ئەو تەقـینەوەی کـە لەلایەن چەپی توندڕۆ دژ بەدوو پۆلیس لە ئەسـتـەمـبـۆڵ ڕێک خـرابوو، پاشـان حکوومـەت بڕیاری دا لێ بگەڕێ سەدان زیندانی بمرن کە بەردەوام بوون لە مانگرتنی بێ کۆتاییی خۆیان لە خواردن. ئەگەر کێشەی ئەم زیندانییانە کەسی جۆش نەدا، هەتا لەناو گەڕەکە عەلەوییەکانیشدا، بەڵام ڕای گشتی تا ئەو هێندە ئامادە نەبوو ئەوە قەبووڵ بکات کە ئەم مردنانە لە پرۆسیسێکی ئیعدامکردن بچن.

سەرباری ئەوە، حکوومەت سەرکەوت لەوەی ستاتووی کاندیدای تورکیا بۆ کـاندیداکـردنی یەکـەتیی ئەورووپا بەردەست بخـات، بەڵام حکوومـەت هەمـوو شتێکی دەکرد بۆ ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی مەرجە پێویستییەکانی چوونە ناو ئەو یەکەتییەوە. بەم شێوەیە سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، جەنەراڵ تونەر کلینچ، ئاماژە بەپێویستیی تورکیا دەکات تا خۆی لە ئێران و ڕووسیا نزیک بکاتەوە و لە بڕۆکسێل خۆی بانگهێشتنی ڕەوەندی تورک دەکات دژی یەکەتیی ئەورووپا بەرەنگاری بکەن[٢١٨]. ئەو ڕیفۆرمانەی کە حکوومەت پەیمانی دابوو لە ئەنجامدا هەر شێوازێکی جوانکارییان هەبوو و هەریەکەیان وەکو "ئیمتیاز"ێک بۆ چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپا پێشکێش دەکران لەژێرەوە زیاتر بە شێوەیەکی دوژمنکارانە پێناسە دەکران. هەر "ئیمتیازێک" بە یاسایەکی تر یان بەپراکتیکی هێشتا زیاتر توند هاوسەنگیی ڕادەگیرا. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٢ بڕیاری ڕێگەدان بەبڵاوکردنەوە بە"زمان و دیالێکتە ناوچەییەکان" و خوێندنیان لە دامەزراوەی تایبەتیدا وەکو هەڵگرتنی ئەو قەدەغەکردنەی کە خرابووە سەر زمانی کوردی پێشکێش بە ئەورووپا کرا. لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوانە نەک تەنیا هەر هیچ نەبوون، بگرە هەموو خۆپێشاندانێک کە داخوازی مافی خوێندن بەزمانی کوردی بکات بەتوندی سەرکوت دەکرایەوە.[٢١٩]

دواجار پشتیوانیی عەسکەرتارەکان بۆ حکوومەت هەرگیز بەس نەبوو بۆ

218. “Zaman”, 25.04. 2003.

219. “Özgür Politika”, 31.01.2002/01.02. 2002.

زامنکردنی هاوبەندیی ناوەخۆیی. ئەگەر ئەجەوید چاکترین پێوەندیی لەگەڵ ڕاستڕۆی توندڕۆدا هەبوو، بەڵام وەزیرەکانی حزبەکەی وا نەبوون. سی ساڵ دواتر پاش ئەوەی پیرە سەردارەکەی، عیسمەت ئینینۆی هەڵگێڕایەوە، سەرۆک وەزیران، زۆربەی جار لە سۆنگەی نەخۆشییدا ئامادە نەدەبوو، هەروەها تا دەهات زیاتر بەدەست پووکانەوەی بیرەوەری گیرۆدە بوو کە ئەویش بەنۆرەی خۆی بوو بەقوربانیی یاخیبوونی گەنجە هاوکارەکانی خۆی، لە تەمووزی ٢٠٠٢، حەوت لە وەزیرەکانی، لەوانە ئیسماعیل جرم، کە بانگەشەی بۆ ئاشتیبوون و ڕۆئاواخوازیی تورکیای دەکرد لە دەرەوە و کەمال دەروێش کە قەبووڵی کرد پۆستی خۆی لە بانقی جیهانی بەجێ بهێڵێ بۆ ئەوەی بەهانای ئابووریی تورکیاوە بێت، هەروەها پێنج وەزیری تر و سی و حەوت پەرلەمانتاری پارتەکەی بڕیاری وازهێنانیان دا و نیازی خۆیان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی پارتێکی نوێ دابمەزرێنن. ئەم وازهێنانانە لە حزب زەنگی مردنی حکوومەتەکەی ئەجەویدی لێ دا کە قەبووڵکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو لە ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا.

**پاشبار: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢**

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ نیشانەی کۆتاییی دەستەی سیاسیی پیرانی تورک بوو. بەساڵاچووەکانی وەک ئەجەوید یان ئەربەکان کە بەرەو نۆیەم گرێ دە ساڵیی ژیانیان دەچوون، یان بچووکترەکانی وەک یەلماز، چیللەر یان بەهچەلی کە لە شێست ساڵی نزیک دەبوونەوە، ڕامالدران. پارتی چەپی دیموکراتی ئەجەوید، کە یەکەم پارتی سیاسی بوو ساڵی ١٩٩٩ زیاتر لە ٢١٪ دەنگەکانی هێنا کەچی ئەمجارە هەر لە ١,٢٣٪ی دەنگەکانی هێنا. "خائینەکان" کە پارتی دیموکراتیان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی "پارتی تورکیای نوێ" دروست بکەن لەو باشتر نەبوون: لە ١,١٥٪ی دەنگەکانیان هێنا. هەریەکە لە پارتە هەمەچەشنە کەمالیستەکان دەبوو بەکەمتر لە ٠,٥٪ دەستبەردار بن. DYPی چیللەر، ANAPی یەلماز، MHPی بەهچیلی کەوتنە خوار ڕێژەی ١٠٪ کە دەرگەی ئەنجوومەنیان بە ڕوودا داخستن. پارتی سەعادەت «پارتی پیرە

ئەربەکان، کە دوای قەدەغەکردنی ڕەفاه و فەزیلەت دامەزرا» کەمتر لە ٣٪ی دەنگەکانی هێنا. پارتێکی نوێ، پارتی گەنجان، پارتی پیاوانی بازرگانیی ناسیۆنالیست و پۆپۆلیست، جەم ئۆزان، سەرسامیی دروست کرد، بەڵام لە ٢٥,٧٪ی دەنگەکان تێپەڕی نەکرد. هەرچی DEHAPی پارتی پرۆکورد بوو، گەرچی ئەنجامگەلێکی سەرسوڕهێنەری لە کوردستاندا بەدەست هێنا، بەڵام ئەنجامی دەنگەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا لە ٢٣,٦٪ تێپەڕی نەکرد.

تەنیا دوو پارتی چوونە ناو پەرلەمان، بەم شێوەیە تا ڕادەیەکی زۆر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسییان ئاسان کردەوە. AKPی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان (پارتی داد و گەشەپێدان، باڵی جیابووەی کۆنە پارتی ئیسلامی): ٢٦,٣٤٪ و CHPی "دەنیز بایکال" کە، دوای چەندین گفتوگۆ گەیشتە ئەوەی کەمال دەروێش، وەزیری ئیستیقالەدراوی ئابووری بەلای خۆیدا "بگوێزێتەوە"، توانی لە ٤ ,١٩٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ. سیستمی هەڵبژاردن کە دوای کودەتای ١٩٨٠ دامەزرابوو، بەمجۆرە لە ٤٦٪ی دەنگە دراوەکانی لەودیو نوێنەرایەتیکردنی پەرلەماندا هێشتەوە[٢٢٠].

سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP)، پارتێک کە لە یەک کاتدا "میانڕۆ" و "دژی دەسەڵات" بوو، بەر لە هەرچی نیشانەیەکی بەدیهی ئیفلاسی سیستمێکی سیاسیی پارچە پارچە و ڕێکخراو بەدەوری کەسایەتییە سواوەکان بوو. وەک سۆسیۆلۆج، ئومێد جیزرە[٢٢١] لێکی دەداتەوە، لە ماوەی دوو گرێی دە ساڵیدا کە بەدوای کودەتای ١٩٨٠دا هاتن، پارتە سیاسییەکان بووبوون بەکارتێل "یەکگرتنی کۆمپانیایەکان" و مانەوەی خۆیان تەنیا بە نزیکیی خۆیان لە دەوڵەت (سوپا، دامەزراوەی مەدەنی)دا زامن دەکرد. هەموو توانایەکیان لەدەست دابوو لەوەی سیاسەت بکەن، هەر بەگرەوی موشتەرییە ناوخۆییەکان یان نیشتمانییەکان دەستبەردار دەبوون. وەک ئەنتی

220. A.E. Turan, Türkiye'de Seçmen Davranifii Önceki, Kirilmalar ve 2002 Seçimi, Istanbul, Bilgi Universitesi, 2004.

221. Ü. Cizre, Muktedirlerin Siyaseti, Istanbul, I1etifiim, 1999.

کۆمۆنیزمی ساڵەکانی ١٩٦٠–١٩٧٠ ناسیۆنالیزمێکی شەڕوانی و لە برێک حاڵەتیشدا دژە ئیسلامیی سەرەتایی، تاقە سەرچاوەی شەرعانیەتیان بوو.

چینی سیاسیی هەروەها نرخی چەندین سکەندالی هەمەچەشنەی دا کە بە بێدەنگی بەڕێوە چوون. سکەندالی سوسورلوک بەئاشکرا ئەوەی بەرچاو خست کە چۆن ئەو ئێش و ئازارەی کە بەکلۆڵی و خوێن چێشترا، لەسەر شێوەی قازانجێکی هاوبەش بەسوودی "باندەکان" شکایەوە و دیزە بەدەرخۆنە کرا و (تەنیا چەند "دەستێکی چکۆڵە" حوکم دران). کاری بەردەوامی گەندەڵی وەکو "کاروباری خێزانی" چارەسەر دەکرا. هاریکاریی ناوەوە ئەوەی دەسەلماند کە کلاسی سیاسی هەر کات یەکێک لە ئەندامەکانی بەکارێکی گەندەڵی هەڕەشەی لێ بکرابوایە، ئەو بیرۆکەیەی بەهێز دەکرد کە ئۆپۆزسیۆن و حکوومەت لە ڕاستیدا دوو ڕووی هەر هەمان "دەستە و تاقم" بوون.

بەهەمان شێوە جەمسەری شەڕوانیی داروودەستەی سەربازی و مەدەنی کە بۆ ماوەی زیاتر لە یەک گرێی دە ساڵیی وڵاتیان لە ڕێگەی ترسی هەڕەشەی ئامادەسازی و کوشندەدا بەڕێوە دەبرد، نەیدەتوانی چیی تر "بلۆکی هەژموونگەرایی" بەرهەم بهێنێتەوە کە شەرعیەتی پێ دەدا. نەک هەر سەروتارنووسەکانی نزیک لە سوپا و کۆنە خەباتکارانی چەپی توندڕۆ گۆڕدران بۆ ناسیۆنالیزمێکی زیادەڕۆ کە هەموو کۆششێکی خۆیان بۆ وروژاندنی هۆشیاریی "هاووڵاتییان" تەرخان دەکرد، بەڵام دوای وەستانی جەنگی چەکداریی پەکەکە و گۆڕانکارییەکانی ئیسلامیی سیاسی، ئیتر سەخت بوو ئەو بیرۆکەیە وەربگیرێ کە "دوژمنەکانی ناوەوە" وەک هەموو کات مەترسییەکی ئامادەساز پێک دەهێنن. هەوڵدانەکانی بەشێکی بیرۆکراتی بەوەی فەتحوڵلا گولەن، سەرکردەی سەر بەدەوڵەتی ڕەوتێکی ئیسلامیی زۆر نایاب ئاشتیخواز وەکو " تیرۆریستی ژمارە یەک" و "گەورەترین هەڕەشەی ستراتیجی" بۆ سەر نەتەوە دابنێن بەشکستێکی پڕ سوێ کۆتاییی هات[٢٢٢].

222. Cf. pour les documents, le site Internet de F. Gülen: http://tr.fgulen.com/apage.

دەعـوا نووسین لە کـۆتاییی سـاڵی ٢٠٠٢ دژ بەفـۆنداسـیـۆنی ئەڵمـانیـایی کـە پشـتگیریی لە لێکۆڵینەوە کۆمـەڵایەتیـیـەکان دەکرد لە تورکیـا (هێنریش بۆل، فـریدریک ئەلبـێــرت، کـۆنـارد ئەدیناوەر) کـە بەوە تاوانبــار کـرابـوون کـە ڕێکخراوێکی تیرۆریسـتییان دروست کردووە بەئامـانجی دابەشکردنی تورکیا، لە سـۆنگەی سـروشـتی گـەپجاڕی گریمانەکە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامـەکانی پڕ کردەوە[٢٢٣]. مـیـتینگە نـاسـیـۆنالیـسـتەکـان کە بۆ پشـتگیری لە بـەردەوامـیی مـانەوەی تورکیـا لە قـوبرسـی باکـوری، پێش و پاش هەڵبـژاردن ڕێک دەخران، نەیانتـوانی جگە لە چەند هەزار کـەسێـک زیاتر لە ئەسـتـەمـبۆڵ جـۆش بدەن، لە کـاتێکدا کـە ٨٠,٠٠٠ تورکی قـوبرسـی لە کـۆی ١٨٠,٠٠٠ تووڕەییی خـۆیان دژی ئەنقـەرە نیـشـان دا. لەبەر نەبوونـی دوژمنی تەقلیـدی، ئۆپۆزسـیـۆن کـە زۆربەی جــار لەنـێـوان دۆست و دوژمـندا بەکــار دەهـێـنرا، نەدەکــرا چیـی تر خۆیان بەرهەم بهێننەوە.

دواجــار گـــرووپی دەنگدەرەکــان ســـزای پارتی (ســـەعــادەت)یان دا (لە ئامـادەنەبوونـی ئەربەکـان کـە، لە مـافە مـەدەنیـیـەکـانی بێـبـەش کـرابوو، بە شـێـوەیەکی فـەرمی پارتەکـە لەلایـەن ڕاجی کـۆتان بەڕێوە دەبردرا) کـە وەکـو کــۆنەخـــواز دیاربوو بـێ توانا بوو لەوەی ئـەلتــەرنـاتیــڤـێک دروست بکات. دەنگدەرەکان پارتی "جیابووەکان" کە لەلایەن ڕەجەب تەییب ئەردۆگانی "گەنج" (لەدایکبووی ١٩٥٤)، کۆنە پارێزگاری (ئەستەمبۆڵ)یان بەلاوە پەسند بوو کە سیمایەکی مۆدێرینی هەبوو. پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) کە، هەر تـەنیا ساڵێک پێش هەڵبژاردنەکان دامـەزرابوو لە پارتە ئیسـلامییە کلاسیکییەکانی ڕۆهەڵاتی نـاوەڕاست نەدەچوو. زیاتر لەوەی لە حـەسـەن ئـەلبـەنا یا لـە سـەید قوتب، فیگوری ئەفسـانەییی ئیسـلامیی سیاسی بچێ، بۆ کۆنارد ئەدیناوەر و مـەسیـحییـە دیموکراتەکانی ئەڵمـانیایی دەگەڕایەوە. وەک چۆن ئەم "گاورانە" بوون بە گــەرەنتـیی دیموکـراتـی و سکیـوراليـزمـی ئەڵمـانیـایـی، پارتـی "داد و

223. Cf. la presse turque de 05.03.2001 & http://wwww.fas.org/asmp/profiles/turkey-hr-02.htm.

گەشەپێدان"یش لە پرۆگرامەکەیدا نکوڵی لە سەرچاوەی موسڵمانیی نەدەکرد و وەکو گەرەنتیی دیموکراسی و سیکولاریزم لە تورکیا خۆی بەدیار خست. لە بەرامبەر دامەزراوەی عەسکەریی باوی دژە ئەوروپاییدا، پارتی داد و گەشەپێدان بەڕوونی بژارەی ئەوروپایی یەکەمینایەتییەکەی بوو.

بەم شێوەیە پارتی داد و گەشەپێدان توانی هاوپەیمانیەتێکی سەیروسەمەرە جۆش بدات «بێگومان چاوەڕوانکراو بوو بەوەی ئەم هاوپەیمانێتییە لە دەرفەتێکی کورت یان ناوەندیدا هەڵبوەشێتەوە»: ئیسلامییەکان کە "ئەردۆگان"یان وەکو پیاوی بەردەوامبوون دەبینی، هێندێکی تر بەپیاوی دابڕانیان دادەنا کە، چاوەڕوانییەکەی درێژەی کێشا، دەنگدەرە لیبراڵەکان وەکو جێگرەوەی ئۆزال پێشوازییان لێ کرد و چەپەکانیش وەکو تاقە ئەلتەرناتیڤی دیموکراتی ئەو ساتە حیسێبیان بۆ دەکرد، بەشێکی بۆرجوازی ئەستەمبۆڵ کە پرۆگرامە ئەوروپاییەکەیان بەڕاست وەرگرتبوو و دەنگدەرە کوردەکانی شارە گەورەکان کە لە ڕێگەی ئەوەوە گرێبەستێکی نوێیان لەگەڵ تورکیا ئیمزا کرد.

ئەردۆگان بەو پێیەی لە مافە مەدەنییەکانی بێبەش کرابوو، عەبدوڵڵا گول سەرکردایەتیی حکوومەتی گرتە دەست «ئەو قەدەغەکردنانەی کە بەرۆکی سەرکردەی ڕاستەقینەی گرتبوو لە دوای گۆڕینی یاسایەک هەڵگیران، ئەردۆگان لە سایەی هەڵبژاردنی بەشی لە ئاداری ٢٠٠٣دا وەکو ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا، بە فەرمی بوو بە سەرۆک وەزیران، گول کرا بەوەزیری کاروباری هەندەران». حکوومەتی نوێ هەر دەستبەجێ خۆی لە بەردەم دوو تەنگژەی هەرێمیدا بینییەوە: چوونە پاڵی قوبرس بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا و پاشان شەڕی کەنداو و پاشماوەکانی.

سوپا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دیپلۆماتی تورکی، لەوەتای چەندین ساڵ بوو ئەوەیان ڕادەگەیاند کە چوونی قوبرس بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا و دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی ژیاو لە عێراق یان هەتا چوونی هێزە کوردییەکان یان گەڕانەوەی ئەو کوردە مەدەنییانەی کە لەلایەن سەدام

حوسێنەوە لە شاری کەرکووک وەدەر نرابوون، بۆ ناو کەرکووک هۆی شەڕ پێک دەهێنن*. بەمجۆرە لە چەند مانگێکدا ئەم دوو "هێڵە سوورە" هاردڕان. لە ساڵی ۲۰۰۲ کوفی ئەنان، پلانێکی نوێی ئاشتیی پێشکێش کرد کە گەرەنتیی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی قوبرسی تورکی دەکات، هەتا چەند بوونێکی سەربازیی ئەنقەرەش لە قوبرس ڕێگە پێ دەدات، لە بەرامبەردا ملدانی هەرێمایەتی لەسەر بەشێکی ئەو دوورگەیەی کە سێ گرێی دە ساڵیی دەبێ یۆنانییەکانی تێدا ژیاون و هەڵوەشاندنەوەی "کۆماری قوبرسی تورکیای باکور". هەتا ۸۰,۰۰۰ تورکی قوبرسی، لە کۆی دانیشتوانێکی ۱۸۰,۰۰۰ کەسی، نیوەی کۆلۆنەکان کە لەوەتای ساڵی ۱۹۷٤–ەوە جێنشین کراون. داوایان دەکرد ئەنقەرە نەخشەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان قەبووڵ بکات. حکوومەتی نوێی پارتی داد و گەشەپێدان سەرەتا پشتگیریی خۆی بۆ ئەم نەخشەیە دەربڕی، بەر لەوەی لە بەردەم پاڵەپەستۆی سوپا پاشەکشە بکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەورووپای بە" خواستی گیرخواردنی تورکایەتی لە ئەنادۆڵ"دا تۆمەتبار کرد. سەرکەوتنی عەسکەرتارەکان بەسەر ئەم دۆسیە هەستیارەدا سووکایەتییەک بوو بۆ تورکیا: چوونە ناوەوەی قوبرس بۆ ناو یەکەتیی ئەورووپا کە لەوە بەدوا حکوومەتی نیقۆسیای وەکو تاقە نوێنەری شەرعانیی تەواوی وڵات قەبووڵ کرد. تورکیا هیچ پەراوێزێکی بۆ نەمایەوە بۆ مانۆڕ بۆ ئەوەی هەڕەشەکانی پەنا بردنە بەر چەک پیادە بکات.

هەرچی سەبارەت بەو ترسە بوو کە ببینێ کوردەکانی عێراق قەوارەیەکی ژیاویان هەیە، تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتەنگژەیەکی بێ پێشینە گەیشت. کۆتاییی ۲۰۰۲ واشنتۆن داوای لە تورکیا کرد ڕێگەی بدات خاکەکەی بەکار بهێنێ بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم دژ بەعێراق. ئەنقەرە لە بەرامبەر ئەمەدا داوای کۆمەگییەکی ۹۲ ملیار دۆلار و مافی ڕەوانەکردنی هێزێکی تورکی نزیکەی ٦۰,۰۰۰ سەربازی بۆ کوردستانی عێراق داوا کرد. واشنتۆن دواجار ڕازی بوو بەوەی کۆمەگییەکی ٦ ملیار دۆلاری تورکیا بکات

* هۆی شەڕ: causus belli

– برە پارەیەک کە تەواو بۆ ئەنقەرە دەگونجا– و ملی بۆ ئەوەش دا لەسەر بوونی سەربازیی تورک لە کوردستان کە ئەمە بەزیانی کوردەکانی عێراق تەواو دەبوو. بەڵام بەشێکی عەسکەرتارەکان زۆر کەم لایەنگیریی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بوون کە ئەمە بە بیری کەسدا نەدەهات، ئەم زلهێزەیان وەکو هەڕەشەیەک دەبینی دژ بە تورکیا و دەوڵەتانی تری ناوچەکە، ئەوانە بەئاشکرا دژی شەڕ بوون. بەپێچەوانەی دابی خۆی سوپا هیچ "ڕێنوێنییەک"ی نەدا. بەشێکی ئەنجوومەن لەبەر زۆر هۆ، هەر لە ئیلتیزاماتێکی ئاشتییانەوە بۆ ئالیکاریی نێوان گەلانی موسڵمان، دژی پێشنیازی حکوومەت بوون بەوەی ڕێگە بە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بدات بەرەیەکی دووەم لە تورکیا بکاتەوە، دژی پێشنیازەکە دەنگیان دا. ئەو کات هێزی کوردەکانی عێراق وەک بنکەی پشتەوە جێگەی ئەنقەرەیان گرتەوە و چوونە ناو کەرکووک. ئەنقەرە نەیدەتوانی هەڕەشەی خۆی بۆ پەنابردنە بەر هێز دژیان بەکار بهێنێ. ئەمەریکاییەکان ڕازی بوون لەسەر باڵادەستیی کوردەکان بەسەر شارەکە بەوەی ڕێگەیان بەهەڵبژاردنی پارێزگارێکی کورد دا و لەسەر زاری پۆل ۆلفیتز–یش داوای لە تورکیا کرد کە داوای لێبووردن بکات[٢٢٤].

مێژووی ئەم "هێڵە سوور"انە پێش خۆڕاهێنانیان لەسەر تێگەیشتنی پەڕاوێزی تەسکی دیاریکراوی حکوومەتی نوێ داندرابوون[٢٢٥]. ئەم هێڵە سوورانە هەروەها لەسەر ئاستی ناوەوەشدا بەرتەسک کرانەوە: هەموو ڕیفۆرمێک یان هەر هەنگاوێک بەئاراستەی ڕیفۆرم، کاردانەوەی دوژمنکارانەی لێوە پەیدا دەبوو، کە بەنیوەچڵی یان بەتەنیا وەکو نووسینی

٢٢٤. ڕۆژنامەی Milliyet ١ی ئایاری ٢٠٠٣ و گفتوگۆی ناو ڕۆژنامە تورکییەکان، ڕۆژانی ٣–٩ی ئایاری ٢٠٠٣.

225. H.Bozarslan, Les “lignes rouges” de la Turquie à l'épreuve de la réalité, ln R. Leveau (dir.), Afrique du Nord-Moyen-Orient, Paris, La Documentation française, 2004.

سەر کاغەز دەمانەوە. بەم شێوەیە دوای چەندین هەوڵ و تێکۆشان، حکوومەت و پەرلەمان لە تەمووزی ٢٠٠٣ دوو دەستکارییان لە ستاتووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرد: لەوەبەدوا ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەموو دوو مانگ جارێک لە جیاتیی مانگی جارێک کۆ دەبنەوە و دەتوانن سکرتێرێکی گشتیی مەدەنییان هەبێ. کارە سەرەکییەکانی ئەم ئەنجوومەنە دەستکاری نەکران. لە بەرامبەر کاردانەوەی زۆریی سوپا و بەشێکی چاپەمەنیدا، ئەردۆگان بریاری دا پێ لەسەر ئەوەدا نەگرێ کە سکرتێری گشتیی نوێ دەبێ مەدەنی بێ.

ئەمڕۆ تورکیا لەلایەن حکوومەتێکەوە بەڕێوە دەبردرێ کە وێڕای برێک حەماسەتی ئۆزالییانە، ئۆتۆنۆمییەکی هێندە گەورەی کارکردنی نییە. بێگومان ناکرێ گومان لە ڕاستگۆییی ئەردۆگان بکرێ کاتێک ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێ پێشێلکارییە بێ شومارەکانی مافەکانی مرۆڤ کۆتاییی بێت (تۆماری ساڵی ٢٠٠٢ هەر بەتەواوی جێگەی نیگەرانییە: ٢٦ کوشتن لە دەرەوەی قەزا (عورفی)، ٦ کوشتنی سیاسی، ٢ ونبوون لە کاتی زیندانیی کاتیدا، ٣,٣٣٥ زیندانیی کاتی بەشوێن داوایەکانی پیادەکردنی مافی خوێندن بەزمانی کوردی، ٣١ کوژراو بەهۆی ئەو مینانەی کە لەلایەن سوپاوە چێندرابوون، ٩٨٨ حاڵەتی ئەشکەنجەدان، ٦٢ کوژراوی مانگرتوو لە خواردنی ناو زیندانەکان، ٣٨٦ دەعوا دژ بە"تاوانی ڕادەربڕین"، ٧٦ دایک و باوک هێنراونەتە بەردەم دادگە، چونکە ناوی کوردییان لە منداڵەکانیان ناوە)[٢٢٦]. بەهەمان شێوە، هەموو نیشانەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەردۆگان دەخوازێ باڵادەستیی عەسکەرتارەکان بەسەر ژیانی سیاسی تێک بشکێنێ، میکانیزمێکی تەواوکاری بخاتە کار بۆ ئەوەی چارەسەری پرسە گەرمەکان بکات و کاندیداکردنی تورکیا بۆ یەکێتیی ئەوروپا تەواو بکات.

هەڵبەتە ئەوە کەم شێمانەی ڕوودانی هەیە کە "سیاسەتی هەنگاونانە

٢٢٦. بڕوانە ڕاپۆرتی ساڵانەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا (فۆنداسیۆنی مافەکانی مرۆڤ)، ئەستەمبۆڵ: ٢٠٠٣.

چکۆڵەکان"ەکانی کە بە شێوەیەکی سیستیماتیکییانە پەیڕەوی دەکات بەسەر هەڵوێستی زۆر کۆنسێرڤاتۆرانە یان پرۆ عەسکەریدا بشکێتەوە هەر کات مەبەست لەوە "بوارە هەستیارەکان" بێ، کە بیەوێ گۆڕانکاریی جوامێرانە لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە پێشەوە و ڕێگە بە تورکیا بدات لەو ڕێژیمە یاسایی و سیاسییە دەربچێ کە جەنەراڵەکانی ١٢ی سێپتەمبەر سەپاندوویانە و لە ئەنجامیشدا لە "یەکەم کۆمار" ڕزگاری ببێ کە دەستوور داوای خۆبەستنەوە بەکەمالیزمی کردووەتە زۆرەملێ. لەبەر زۆر هۆش کە پارتەکەی بەناچاری لە نەبوونی ئەلتەرناتیڤی تردا هەڵبژێردراوە و بەهاوپەیمانییەتێکی سەیروسەمەرەی فرەی چاوەڕوانییەکان دەرچووە. بۆیە ونبوونی ڕیفۆرمگەلی ڕیشەیی، پارتی داد و گەشەپێدان تەنیا بۆ پاشکۆگیری یان پلیشانەوە پەلکێش دەکات لەلایەن سوپاوە لەسەر شێوەی پارتەکانی تر- نیشانەکان لەسەر شێوەی ئۆلتیماتیۆمی یەک لە دوای یەک زۆر زۆرن- پاشان بۆ پارچە پارچەبوونی پێکهاتە هەمەچەشنەکان و دەنگدەرەکانی. ئەوە وەبیر بهێننەوە کە ANAPی ساڵانی ١٩٨٠ زۆرینەیەکی پتەویشی هەبوو لە پەرلەماندا، بەڵام بەردەوام پاشکۆگیر و پارچە پارچە بوو تا ئەوەی ساڵی ٢٠٠٣ بوو بەپارتێکی بێدەسەڵات.

لە ڕاستیدا هەموو شیمانەیەک لە ئارادایە کە ئەم سیاسەتەی ئێستەی حکوومەتی داد و گەشەپێدان پاڵی پێوە بنێ بۆ ناو شەڕێکی ئیستینزاف کە نەتوانێ بەسەرکەوتوویی لێیەوە دەربچێ: پارتی داد و گەشەپێدان تەنیا "مانداتی گەل"ی بەدەستەوەیە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دیاری کراوە. ماوەیەکی ئاوها چ قورساییەک دادەنێ بە بەراورد لەگەڵ ئەو نەمرییەی کە "ڕێبازی موستەفا کەمال" بەعەسکەرتارەکان و "هێزە دینامیکییەکان"ی بەخشیوە؟.

پرۆسـیسـی ئەنتـیگراسـیـۆنی تورکـیـا بۆ ناو یەکـەتیی ئەوروپا کـە بەڕاسـتی دەسـتی پێ کـردووە هـێشـتـا گومـاناوی دیارە، سـەرۆکی دەوڵـەت و حکوومـەتە ئەوروپاییـیەکـان چرای سەوزی پێویسـتـیـان بۆ دەستـپێکردنی گفـتوگۆیەکان هەڵکرد (٣ی دیسـەمـبـەری ٢٠٠٤). ئەم گفـتـوگۆیانـە بە شـێـوەیەکی فـەرمی لە ١٧ی ئۆکـتـۆبەری ٢٠٠٥ دەسـتـیـان پێ کـرد. ئاسـۆبـینـینی وەرگـرتـنی تورکـیـا، بە شـێـوەیەکی گـریمانەیی بۆ سـاڵی ٢٠١٥ چەسپ کـراوە کـە هـەڵـبـەت پێ ناچێ جێگەی گومـان بێت کە تورکیا دەبێ لە واقیعدا بە فەرمی مل بۆ خـواستەکانی ئەوروپا بدات بۆ بە فەرمی ناسـینی حکوومەتی نیقۆسیا وەک تاقە حکوومەتی شـەرعـانیی قـوبرس و ڕێز لە پێـوانـە سـیـاسـیـیـەکـانی کـۆپنهـاگن تایـبـەت بەمـافـەکـانـی مـرۆڤ و مـافی کـەمـینە نەتـەوەکـان (بەتایبـەتـی کـورد) بگرێ. بەهەمان شـێوە گەرچی ئەمە بە شـێوەیەکی فەرمی داوا نەکراوە، بەڵام تـورکیا دەبێ ددان بەهـەقـیـقـەتی قـەتڵـوعـامی ئەرمـەنـیـیـەکـان دابنێ «بڕیـارنـامـەی پەرلـەمـانی ئـەوروپـایی کـە بەتوندی لـە دیسـەمـبـەری ٢٠٠٤ سـەرلەنوێ نوێ کـرایـەوە» و دواجـاریش وازهێنان لـە هەمـوو ئایدۆلـۆجـییـەکی فـەرمی بنـاغـەی دەسـتـووریی تورکـیـا. گفـتـوگـۆیەکـان دەشێ بپـچـڕێن ئەگـەر پێـشـێلکردنی مـافـەکـانی مـرۆڤ تێبـینی کـرا (بڕوانە ئـاخـاوتنی ئۆللی ڕێهن، کۆمـیسـێری ڕاسپێردراوی فراوانکردنی یەکەتیی ئەوروپا)*.

کـردنەوەی گفـتوگۆیەکان ئەو کـاسـاندرایانەی** کـە یاری لەسـەر پەتی دژە ئەوروپاییـخوازی دەکەن لە تورکیـا بێ سـیقە دەکات و بەهەمان شـێوە کەمێک ڕەوتە لیبراڵەکان بەهێز دەکات. بەڵام ئەمە نـابێتە هۆی گۆڕینکاریی سـیاسیی ڕیشـەیی، بگرە تەواو بەپێچەوانەی ئەمـە ژمارەیەک لە بەرپرسـانی ئەنقەرە داوا لە ئەوروپا دەکەن کە "تایبـەتمەندێتیـی تورکیا" لـە بەرچاو بگیرێ و پاسـاو بۆ

---

* “Accession negotiation with Turkey :fulfilling criteria” , Bruxelles, 28 novembre 2005.

** Cassandre

سەرپێچیکردن لە بواری ئازادییەکان و مافی کەمینە نەتەوەییەکاندا دەهێننەوە. مەنتیقی حوکمی یاسایی و پراکتیکەکانی داپڵۆسین هەروەک خۆیان ماونەتەوە و هەتا بەیاسای سزادانانی پەیڕەوکراوی ساڵی ٢٠٠٤ بەهێزیش کراون. بەم شێوەیە هەر کەسێک لە دژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بوەستێتەوە (وەک باسکردنی ددان پیانان بە قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان یان خۆکێشانەوەی تورکیا لە قوبرس) یان هێشتا کارێک کە "سووکایەتی بەتورکایەتی بکات" شایانی سزایەکی قورسە. هەوەڵین سزایەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ کەوتنەوە: هرانت دینک: ڕووناکبیری ئەرمەن و سەرنووسیاری ڕۆژنامەی Agos بە شەش مانگ زیندانی حوکم درا. دەیان سیاسەتوان ڕاکێشرانە بەردەم دادگە، برێکیان هەر تەنیا لەبەرئەوەی بەکوردی قسەیان کردبوو یان بەکوردی نووسیبوویان حوکم دران، دادوەری کۆماری داوا دەکات دەعوای یاسایی لەبەر سووکایەتی پێکردنیان بۆ نەتەوەی تورک دژ بەرۆماننووس ئۆرهان پاموک و پێنج ڕۆژنامەنووسی ناوداری تر تۆمار بکرێ. دەسەڵاتی یاسایی کە لەلایەن ژمارەیەک عەسکەرتار و ڕووناکبیری کەمالیستییەوە پشتگیریی لێوە دەکرا بەم شێوەیە بوون بە دەسەڵاتی کودەتایەکی هەمیشەیی دژ بەحکوومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و کرانەوە شەرمنییەکانی بەتایبەت لەبارەی پرسی کوردەوە.

دواجار دوو پەرەسەندنی تر دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ: یەکەمیان تایبەتە بە کۆتاییهاتنی ئەو ئاگربڕە یەکلایەنەی پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٩ ڕاستییەکەی لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤–ەوە، شەڕ دەستی پێ کردەوە و ئەمجارەش هەر بەشەڕی سووک کە نزیکەی ٥٠٠ قوربانیی لێ کەوتەوە. هەموو نیشانەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە ڕەتکردنەوەی قەتعیی ددان پیانان بەمەسەلەی کورد لەلایەن ئەنقەرە دواجار بەنوێبوونەوەی ڕادیکالیزمی کورد دەگات کە ئەو گۆڕانانەی لە تەواوی بواری کورد لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەن «فیدراسیۆنێکی واقیعی لە عێراق، پێکداهەڵپڕژان لەنێوان خەباتکارانی کورد و دەسەڵات لە سووریا و ئێران» گوڕ و تینی پێ دەبەخشن. تەقینەوەی

کتێبفرۆشییەکی کوردی کە خاوەنەکەی کۆنە خەباتکارێکی پەکەکە بوو لەلایەن پۆلیسی جەندرمەی لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ لە شەمدینان، پاشان خۆپێشاندانی بێ شومار و خوێناوی کە لە ژمارەیەک شاردا بەدوایدا هاتن ئەوە دەسەلمێنن کە چەندە دانیشتوانی شارە کوردییەکان لەگەڵ ئەنقەرەدا لە دابڕانێکی بێ نەوادان.

بەڵام -دووەم پەرەسەندن- تەقینەوەی کتێبفرۆشییەکە ئەوە نیشان دەدات کە چەندە "چەتە یونیفۆرمەکان" کە لە یەکانگیری ڕاستڕۆی توندڕۆ، دەزگا جاسووسییەکان و دامەزراوە تاوانکارییەکان دروست بوون هێشتا لە تورکیا چالاک ماونەتەوە. ئەم "هێزانەی سێبەر" هەر تەنیا سوودمەند نین لەوەی لە بەرزترین ئاستدا، پشتگیرییەکی گەرمی مادی و پاراستنیان لێ دەکرێ. ئەم هێزانە دەتوانن، هەروەها لە ڕووی ئایدۆلۆجیشەوە پشت بەچەشنێکی نوێ ناسیۆنالیزم ببەستن کە جیاوازییەکان بەزاراوە کۆمەڵایەتیی-داروینییەکان و بیۆلۆجییەکان دیاری دەکات. بەم شێوەیە ئاخاوتنێکی تەواو نوێ کە هەوڵێن نیشانەکانی هەستی پێ دەکرێ لەوەتای کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٩٠ەوە، تورک وەک ئیتنی و چینێکی چەوساوە پێناسە دەکات لەلایەن ئیتنی/ چینەکانی ترەوە -کورد، ئەرمەنی، یۆنانی، جوولەکە، ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان- دەچەوسێنرێتەوە، ئەم ئاخاوتنە خەریکە وەک پێکهاتەیەکی سیاسیی شەرعانی خۆی دەسەپێنێ. جا ئەگەر ئەم ئاخاوتنە لە ئێستەیدا لەناو کۆمەڵگە پەراوێز خراوە، بەڵام وێڕای ئەوەی کە لەپێشدا گوترا، لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ کتێبی (MeinKmpf) (خەباتی من)ی هیتلەر سەرتۆپی پرفرۆشترین کتێبەکان بووە و لە چەندین تێ هەڵچوونەوەدا خەباتکارانی چەپڕۆ ترسی ئەوەیان هەبووە لەلایەن ئاپۆڕەیەکی دە هەزار کەسی کە لە یەک چرکەدا لە ڕێگەی کۆمینیکاسیۆنی SMS کۆ دەبنەوە یان بکرێنەوە. لەوساوە لە پەراوێزەکانی ئەنتێلگێنسیای نەتەوەیی-سۆسیالیستدا ئەم ڕەوتە نوێیە لەوە بەدوا بەرەبەرە "ناوەند" واتە دامەزراوەی سیاسی، عەسکەری، یاسایی و زانکۆیی بێهێز دەکات.

# بەرەنجام

لە زۆربەی جار وا هاتووە کە بگوترێ بەبێ موستەفا کەمال تورکیای ئێستە بوونی نەدەبوو. بەڵام دەتوانرێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە بە موستەفا کەمال و یان بەبێ ئەو تورکیایەکی تر هەر لەدایک دەبوو. لە واقیعدا ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەوەیە کە تێبینیی ئەوە بکرێ کە لە ۱۹۰۸ تا ۲۰۰۳ وڵات چەندین جار بەرەو ڕووی هەڵبژاردنی سەخت بووەتەوە و لە هەر جارێکیشدا وڵات سیناریۆیەکی داپڵۆسینی زۆر، توندڕۆی، زەبروزەنگ و تەنگژەی توندوتیژی هەڵبژاردووە. تاقە نموونەیەک بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە. لە پێچانەوەی ساڵەکانی ۱۹۹۰دا، لە کاتێکدا کە یەکەتیی شوورەوی دادەڕما و گۆڕانکارییە بێ پێشینەکان بالقان و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیان دەهەژاند، ژمارەیەک چاودێر دوارۆژێکی وەنەوشەییان بۆ تورکیا پێشبینی دەکرد: چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد و ئەنتیگراسیۆنی ئیسلامیی سیاسی کە بتوانێ لەناو چوارچێوەیەکی دیموکراتی گەشە بکات دەشێ هێزێکی زۆری دینامیکییە ئابووری و مرۆیییەکانی تورکیا ئازاد بکات بۆ ئەوەی بیکەنە هێزێکی سەرەکی بۆ سنووری سێ ناوچە. گەرچی کوردەکانی عێراق بەئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە مادام ئەنتیگراسیۆنیان لەم وڵاتەی میراتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نەبوو ئەوە با بەلای کەمییەوە ئۆتۆنۆمییەکی گەشەسەندوویان هەبێ کە بەتەبایی لەناویدا بژین. بەپێچەوانەوە، تورکیای ساڵەکانی ۱۹۹۰ نێچیری شەڕی ناوخۆ و تەنگژەکان بوو بەدەوری ئاینەوە، خۆی بەتەواوی پەراوێزکراو دەبینی لە ناوچەی باڵقاندا، بەبێ ئەوەش کە باسی ئاسیای ناوەڕاست بکەین کە لەوێدا تورکیا هێزێکی نەبوو بوو، چەندین ملیار دۆلاری لە لەشکرکێشیی دژە تیرۆریستی لە

کوردستانی عێراقدا بەخەرج داوە و ناوەکەشی لەوێدا قێزەون بووە.

هەڵبەت پێویست بەوە ناکات نە بەدوای قەدەر و نە بەدوای نەفرەت ڕابکەین بۆ لێکدانەوەی ئەم ڕەوشە. دەبێ تەجروبەی تورکی و تەنگژە هەمەچەشنەکانی بخرێنە ناو چوارچێوەیەکی مێژوویی، کە لە کۆتاییی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە دەست پێ بکرێ کە ڕۆڵی شۆکێکی دەروونی بینی و لەوساوە داپلۆسین و ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکانی لەناو وڵاتدا بەهێز کردووە. دواین پێکهاتەی ئیمپراتۆریای فرە ئیتنی و فرە مەزهەبی، تورکیای کۆماری لەسەر ڕەتکردنەوەیەکی توندڕۆیانەی ڕابردووی نزیکی و هەروەها لەسەر واقیعە تایبەتییەکانی خۆیەوە دامەزرا. بۆ زامنکردنی مولّکداریتیی خاکێک کە بەنرخی چەندین کۆششی هەمەچەشنە بەردەستی خستبوو، کە زۆربەی جار قەتڵوعام و پاکژکردنەوە ئیتنیکییەکان لە بیر دەکرێ. تورکیا مێژووی خۆی بەوەدەرنانی دانیشتوانە مەسیحییەکانی "ئەرمەن، یۆنانی و ئاسووری و کلدانییەکان" تورکیزە کرد. هەموو دەربڕینێکی ناسنامەییی غەیرە تورک وەکو نەخۆشییەکی کوشندە لێک دەدرایەوە و تا ئەو ڕادەیەی ڕەخنە لە موستەفا کەمالیش بگیرێ لەسەر ئەوەی باسی شیمانەی ئۆتۆنۆمیی کوردی کردبوو. حیسابکردنی ئیسلام وەکو هۆی مردنی "پیاوە نەخۆشەکە"، بەڵام نکوڵیی لەوە دەکرد کە شەڕەکەی بەلای کەمیەوە بە شێوەیەکی بەشی، بەناوی ئیسلام و خەلیفەوە ڕێبەرایەتیی کرد. لە ترسی ئەوەی "ناسنامەی نەتەوەیی" لە دەست بدات، کە بێگومان لەگەڵ ئیسلامدا تێکەڵ دەبوو، تورکیا هەتا نکوڵیی لە کۆمیونیتەی "عەلەوی"یش کرد. دواجار ڕێژەی ڕەعیەتگەلی وڵاتانی باڵقان "بە موستەفا کەمالەوە کە خەڵکی سالۆنیکە" و قەوقاز، بەگوێرەی مێژوونووس کەمال کارپات لەنێوان ٤٠٪ و ٥٠٪ی دانیشتوانی تورکیای ئێستە دەخەمڵێنێ[٢٢٧]، بەردەوام هەستی نەبوونی ئاسایش و نەبوونی نیشانەگەلی تۆکمەی بەهێز کردووە و بەردەوام بەهێزیشی دەکات. هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی

227. Karpat, K. (dir), Ottoman Past and Today`s Turkey, Leiden-Boston-Köln, Brill, 2000.

له دوایین جاردا بەناسنامەیەکی بەهێزی تورکایەتی ڕابگات کە بەم دوایییە بەردەست خراوە و تورکیایەکی وەک دوایین پەناگەی خاکی پەناهەندەیی نیشان بدات.

له ئەنجامی شۆکێکی مێژوویی کە کەمالیزم خۆیشی بوو بەسەرچاوەی شۆکێکی کۆلەکتیڤ. لەوەتای مەرگی "سەرۆکی نەمر"ەوە، ئەم ئایدۆلۆجییە نەک لە سایەی ئەو هیوایەی کە لەلایەن لایەنگیرەکانی هەیبوو، بگرە لە ڕێگەی ئەو کارەساتە کۆتاییی دنیاییەی کە دەیویست ئامادەیان بکات و لە بەرامبەریدا چەکداری بکات. دوایین لاپەڕەکانی ئاخاوتنەکەی موستەفا کەمال (١٩٢٧) نووسراوی سەرەکیی "شکۆمەندیی کەمالیست"[٢٢٨]، ئاخۆ وەسپی ناچاری کۆتاییەکی جیهان نییە؟ دوژمنانی سەربەخۆیی و کۆمار، سوارچاکانی سەرکەوتنێکی سەربازیی بێ وێنە لە مێژوودا، سەرکەوتن لەوەی هەموو سوپا و وەبەرهەمهێنانەکانی تورکی "لە ڕێگەی هێز و فێڵ و تەڵەکە" "هەموو قەڵا، هەموو دەبۆ، هەموو گۆشەیەکی وڵات" تێکوپێک بدەن. هێشتا خراپتر لەوە، "دەسەڵاتکاران"ی تاوانبار بە"نەزانی، چاوپۆشین یان هێشتا هەتا بەخیانەت" خۆیان دەخەنە خزمەت "بەرژەوەندییەکانی داگیرکارانەوە". نەتەوەی داڕووخاو دەکەوێتە ناو نەداری و کڵۆڵی". ئەودەمە لەناو "گەنجە تورکەکان" دەبوو بەدوای ئەو هێزەدا بگەڕێن کە پێویستی پێ بوو "لەناو ئەو خوێنە شکۆمەندە کە بەناو دەمارەکانیدا دەڕوا"، بۆ بەرگریکردن لە "سەربەخۆیی و کۆمار". بێگومان سەختە بتوانی بەئارامی بخەوی دوای ئاگەداربوون لەو بانگەوازەی پێشبینییە خواوەندییەی کە لەو ئایەتە ڕاگەیەندراوە کە کۆتا بەکتێبە پیرۆزەکە دەهێنێ.

بەڵام تەنیا ئەم تێکشکانە دەروونییە بوو کە لەناو دڵی کولتووری سیاسیدا ڕێگەی بەکەمالیزم دا وەکو شێوازێکی ڕوانینی شەڕ ئامێزانە خۆی بسەپێنێ،

228. E.Copeaux, La transcendance d'Atatürk, In C. Mayeur-Jouant (dir.de), Saints et Héros du Moyen-Orient contemporain, Paris, Maisonneuve-La-rose, 2002, pp. 121-135

کە نەیدەتوانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە تەنیا بە ڕێکخستن و هەڵوشاندنەوە، بەشایستە یان ناشایستەگیکردنی ئەم یان ئەو گرووپ نەبێ وەکو دوژمن یان دۆست. بەگوێرەی ئەم تۆڕە ئەم بەکارهێنانەی ڕێگەیان پێ دەدات لە دواین ساتدا ڕادەوەستێتە سەر ئەو بەرژەوەندییانەی کە پێی دەبەخشن: جەنەراڵەکانی ١٩٧١ لەسەر شێوەی پنتاگۆن ڕاسپێردرابوون دژە کۆمۆنیزم بن، ئەوانەی ساڵی ١٩٨٠ ناسیۆنالیزمێکی ئیسلامی و هەروەها چەتە یونیفۆرمەکانی ساڵی ١٩٩٠، لوورەی گورگەبۆرەکانی تینووی قازانجی تلیاکفرۆشی بوون.

دەبێ ددان بەوەشدا بنرێ کە بیری یەک نەتەوەیی تورک لای کەمالیزم وەکو جەستەیەکی ئۆرگانی دەبینرا کە مانەوەی بەند بوو بەپاکتاوکردنی بەردەوامی "خانە خاینەکان" (گرووپە زمانەوانی، مەزهەبی و سیاسییەکان) و جۆشدانێکی هەمیشەییی دژ بە"هێز یان بەفێڵ و تەڵەکە"ی دوژمنەکان وەک ئەوەی کەمالیزم تێی دەڕوانێ کە درێژەی نەکێشا تەنیا بەزەبروزەنگێکی بێ کۆتایی نەبێ. جا ئەگەر نەتوانرا ئەم خێزانە ئۆرگانیکییە پێکەوە بنرێ، تورکیا هێشتا شیمانەی "دروستکردنی کۆمەڵگە"ی لە بەردەمدا هەیە کە، ئەمە پێویستی بەوە هەیە واز لە هەموو دۆکترینێکی فەرمی یان ئاینی دەوڵەتی بهێنرێ وەکو کەمالیزم و ددان پیانان بەپلورالیزمی زمانەوانی، مەزهەبی، سیاسی کە نیشانەی کۆمەڵە و دەوڵەمەندییەکەیەتی. نامەرکەزییەتییەکی ڕاستەقینە، پێدانی ئۆتۆنۆمییەکی ئیداری و کولتووریی بەرفراوان بۆ هەرێمەکان، دەشێ داخوازینامەکانی کوردەکان ڕازی بکات، ملدانێک لەلایەن دەوڵەت لە ڕوانگەی گرێبەستێکی عەلمانی، بۆ "دەسەڵاتی مافی خاوەندارێتی" بە بڕیاردان و سەپاندنی "شارستانیەت" بۆ نەتەوە ڕێگە بۆ سازانێکی درێژخایەنی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی خۆش دەکات، خۆ کێشانەوەی دەوڵەت لە بواری ئاینی و وازهێنان لە سیاسەتی ئاینی کە ئیسلامی سونی دەکاتە ئاینی نەتەوە، داخوازی بەرهەڵدابوونی کۆمیونیتەی عەلەوی دەستەبەر دەکات. دووبارە پێناسەکردنەوەی ستاتووی سوپا بەجۆرێک کە هیچ ڕۆڵێکی سیاسیی

پێوە نەهێڵدرێ، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەشێ ڕێگە بۆ دیموکراتیزەکردنێکی ڕاستەقینە خۆش بکات. دواجار ددان پیانان بەفرەییی بیرەوەرییەکان وەک قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان و دەیان کۆمیونیتەی ئیتنیکیی تر کە لە ئەنادۆڵ دەژیان یان نیشتەجێ بوون ، بێگومان دەبێتە سەرچاوەیەکی ئارامی و ناتوندوتیژی. بەبێ ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییيانە هەموو دەورانێکی هێوربوونەوە وەک ئەوەی ئێستە وڵات پێیدا دەڕوات، مەترسیی ئەوەی هەیە کەوانەیەک پێک بهێنێ لەنێوان دوو قۆناغی زەبروزەنگ و توندڕۆییدا .

زۆر بەدەگمەن هەلومەرجی ئاوها هەڵدەکەون بۆ ئەم گۆڕانکارییانە. کۆتاییی خەباتی چەکداریی پەکەکە، گۆڕینی ئەکتەرەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ ڕاستڕۆی کلاسیک، بێهێزبوونی ڕاستڕۆی توندڕۆ، ئەو هێندە نیشانەی پێگەییني کۆمەڵگەیەک پێک دەهێنن گەرچی لە چەندین گرێی دە ساڵیی نائارامی و زەبروزەنگدا تووشی شۆکیی دەروونی بووە. پەراوێزبوونی تا ئەوپەڕی ئەو پارتانەی کە بەخۆیان دەڵێن کەمالیست، وێڕای پاڵپشتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆی "لینک"ی بۆ داناون کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی هێوربوونەوەیە. دواجار لە ڕاپرسیی زیاتر لە٧٠٪ی هاووڵاتییانی تورکیا خواستی خۆیان لەوە دووپات دەکەنەوە کە تورکیا پێوەرەکانی ئەوەی پێی دەڵێن کۆپنهاگن ڕازی بکات، کە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپایە.

تورکیا جارێکی تر خۆی لە چەقی دووڕیاندا دەبینێتەوە. بێگومان دوور نییە جارێکی تریش بەرەو خراپتر بڕوات. بەڵام ویستێکی ئاوەها نە ئەنجامی قەدەرە و هێشتا کەمتریش لەوە ئەنجامی نەفرەت لێکردنە.

ئایاری ٢٠٠٤

## کرۆنۆلۆجیا

١٨٣٩: سەرەتای ڕیفۆرمگەلی گەورەی سیاسی و ئابووریی عوسمانی کە بەناوی تەنزیمات "دووبارە ڕێکخستنەوە" ناسراوە.

١٨٧٦: کودەتایەک بەکوژرانی سوڵتان عەبدولعەزیز کۆتایی هات. دوای ماوەیەکی کورت لە دەورانی موورادی پێنجەم، تاج لەسەردانانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم.

١٨٩٤-١٨٩٦: قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان کە بەلای کەمیەوە ١٠٠,٠٠٠ قوربانیی لێ کەوتەوە.

١٨٨٩: دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی "گەنجە تورکەکان" لە ئەوروپا.

٢٣-٢٤ی تەمووزی ١٩٠٨: "شۆڕشی مەشرووتە". "جاڕدانی ئازادی". بە فەرمی ناساندنی ئەو ڕێکخراوانەی کە تا ئەو کات نهێنی بوون.

١٣ی نیسان (٣١ی ئادار)ی ١٩٠٩: ڕاپەڕینی چەکداری ٣١ی ئادار لە ئەستەمبۆڵ.

٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٢: شەڕی یەکەمی باڵقان.

٣ی شوباتی ١٩١٣: شەڕی دووەمی باڵقان.

٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤: ئیمپراتۆریای عوسمانی دەچێتە ناو شەڕی یەکەمی جیهانییەوە.

٢٤ی نیسانی ١٩١٥: سەرەتای "ڕاگوێزانی ئەرمەنییەکان". قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان کە بەگوێرەی خەملاندنە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٩، ٨٠٠,٠٠٠ قوربانیی لێ کەوتووەتەوە.

٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨: وازهێنانی حکوومەتی ئیتتیحادییەکان. هەڵاتنی

سەرکردە ئیتتیحادییەکان لە شەوی ١ لەسەر ٢ی نۆڤەمبەر.

٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨: ئاگربەسی مۆدرۆس و بەشوێنیەوە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ پەیماننامەی سیڤەر، کە ئەنادۆڵ دابەش دەکات و پێشبینیی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کورد.

١٩١٩–١٩٢٢: شەڕی سەربەخۆیی.

١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢: دواین سوڵتانی عوسمانی، محەمەدی شەشەم (محەمەد وەحیدین) لە ئەستەمبۆڵ ڕادەکات.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣: ڕاگەیاندنی کۆمار. موستەفا کەمال دەبێتە یەکەم سەرۆک، عیسمەت ئینینۆ، سەرۆک وەزیران (لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢٣: فەتحی (ئۆکیار) جێگەی دەگرێتەوە، ئینینۆ لە ٤ی ئاداری ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات).

٢٤ی تەمووزی ١٩٢٤: پەیماننامەی لۆزان.

شوباتی ١٩٢٥: شۆڕشی کوردی شێخ سەعید (٣٠ لە سەرکردەکانی کورد لەدار دران). بەشوێنیەوە دەسەڵات بوو بە ڕێژیمێکی تاکحزبی و چاکسازی لە بواری ئاینیدا.

١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦: هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی موستەفا کەمال. ١٩ کەس لەدار دران.

١٩٢٥: هەڵوەشاندنەوەی هەموو گەڕانەوەیەک بۆ ئاین لەناو دەستووردا (١٠ی نیسان) و پەیڕەوکردنی ئەلفوبێی لاتینی (١ی نۆڤەمبەر).

١٩٢٧–١٩٣٠: دووەم شۆڕشی گەورەی کورد لە ئارارات.

ئابی ١٩٣٠: دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کۆماری لیبراڵی فەتحی (ئۆکیار).

٢٣ی دیسەمبەری ١٩٣٠: یاخیبوونی مەسیحی لە مێیمەن. سەرەتای سیاسەتێکی داپڵۆسێنەرانە لە بەرامبەر تەریقە ئاینییەکان.

١٩٣١: سەرەتای سیاسەتی "بەدەوڵەتیکردن"، خۆماڵیکردنی پرۆژە گەورەکان

بەتایبەت ئەوانەی گرینگیی ستراتیجییان هەیە و دروستکردنی ژێرخانی وڵات بە وەبەرهەمهێنانی گشتی. پەیڕەوکردنی "شەش تیر"ەکانی کەمالیزم.

١٢ی نیسانی ١٩٣٢: دامەزراندنی ئەنستیتۆی مێژووی تورک (بەشوێنیەوە ئەنستیتۆی تورکی بۆ زمان). دەستپێکی کارکردنی بەرفراوانی "تێزی تورک بۆ مێژوو" و " تیۆری زمانی-خۆر" ، ڕاگەیاندنی بنچینەی تورکی مرۆڤایەتی.

٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٣٤: بە یاسایەکی تایبەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی نازناوی ئەتاتورکی بە موستەفا کەمال بەخشی.

٥ی شوباتی ١٩٣٧: "شەش تیر"ەکەی کەمالیزم خرانە ناو دەستوورەوە.

١ی نۆڤەمبەری ١٩٣٧: جەلال بایار وەکو سەرۆکی وەزیران شوێنی عیسمەت ئینینۆ دەگرێتەوە.

١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٣٨: مردنی موستەفا کەمال ئەتاتورک، ئینینۆ وەکو سەرکۆمار شوێنی دەگرێتەوە.

٢٣ی شوباتی ١٩٤٥: تورکیا جاڕی شەڕ دەدات دژ بەئەڵمانیای نازی.

٧ی تەمووزی ١٩٤٥: دروستکردنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن نیشانەی سەرەتای پلورالیزمی سیاسی دیاری دەکات.

١٩٤٧-١٩٤٨: دۆکترینی ترومان لە ١٢ی تەمووزی ١٩٤٧ بە فەرمی ڕاگەیەندرا گەرەنتیی پاراستنی تورکیا دەدات دژ بە بلۆکی شوورەوی. لە ٤ی تەمووزی ١٩٤٨ تورکیا خرایە ناو چوارچێوەی پلانی مارشال-ەوە.

٢٢ی ئایاری ١٩٥٠: بەشوێن سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانانی ١٤ی ئایار، بایار شوێنی ئۆنینۆی گرتەوە وەک سەرکۆمار، مەندەریس بوو بە سەرۆک وەزیر.

١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٥١: تورکیا دەچێتە ناو ناتۆ.

٦ و ٧ی سێپتەمبەری ١٩٥٥: ئاشووبی دژە یۆنانی لە ئەستەمبۆڵ چەندین کوژراو و زیانی بێ شوماری لێ کەوتەوە.

شوباتی ١٩٥٩: کۆنفرانسی زویریخ کە کۆماری دوکۆمیونیتەییی قوبرس دروست دەکات کە بەریتانیای فەخیمە، یۆنان و تورکیا بوون بە"گەرەنتی".

٢٧ی ئایاری ١٩٦٠: کودەتای سەربازی (ساڵێک دواتر لەداردانی سەرۆک وەزیرانی لێخراو، مەندەریس). حکوومەتی گورسێل (٣٠ی ئایاری ١٩٦٠–٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١)، ئینینۆ (٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١–١٣ی شوباتی ١٩٦٥) و سوعاد خەیری ئۆرموپلو (٢٠ی شوباتی ١٩٦٥–٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥).

١٩٦٢: تەنگژەی مووشەکەکان لە کوبا کە تورکیای خستە ناوجەرگەی "شەڕی سارد"ەوە بەبێ ئەوەی ئەو هێندە سیاسەتی دەرەوەی بگۆڕێ. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕازی بوو لەسەر ئەوەی مووشەکەکانی ژوپیتێر کە لە تورکیا جێگیر کرابوون تێک بدات.

٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣: مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی هاوبەش لەنێوان تورکیا و کۆمیونیتەی ئابووریی ئەوروپایی. پێشبینیکردنی دروستکردنی یەکەتیی گومرگی و لە دواجاریش هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو کۆمیونیتەی ئابووریی ئەوروپایی.

٥ی حوزەیرانی ١٩٦٤: بەشوێن تەنگژەیەکی ترسناک لە قوبرس، ئەنقەرە هەڕەشەی دەستتێوەردانی سەربازیی کرد، سەرۆک لیندۆن ب. جۆنسۆن "نامەیەکی ئۆلتیماتیۆم"ی بۆ ئینینۆ نارد و تورکیا لە هەر بەکارهێنانێکی تاکلایەنانەی ئەو چەکانەی کە حکومەتی ئەمەریکا ڕێگەی فرۆشتنی پێ داون لە دژی قوبرس وریا دەکاتەوە.

٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥: حکوومەتی سولێمان دیمریل، پارتی داد ٥٢,٩٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا (پارتی کۆماری گەلی ئینینۆ لە ٢٨,٨٪

دەنگەکانی هێنا) و حکوومەتی پێکەوەنا و زیاتر پارتەکەی ئینینۆی پەراوێزگیرتر کرد.

١٩٦٨: رادیکالیزەکردنی بزووتنەوەی قوتابیان. یەکەمین پێکداهەڵپرژانەکان.

١٢ی ئاداری ١٩٧١: ئۆلتیماتیۆمی عەسکەری، وازهێنانی حکوومەتی دیمریل.

١٩٧١-١٩٧٣: رژێمی عەسکەرتار. حکوومەتی ئیریم، میللەن و تەلو. (کوشتنی سێ سەرکردەی چەپی توندرۆ).

١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣: هەڵبژاردنی یاسادانان. سەرکەوتنی پارتی گەلی بولند ئەجەوید و پارتی بەختەوەریی نەتەوەییی نەجمەدین ئەربەکان (٢٦ی کانوونی دووەم ١٩٧٤-١٦ی سێپتەمبەری ١٩٧٤).

٢٢ی تەمووز-١٦ی ئابی ١٩٧٤: "ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتی" لە قوبرس. بەشوێن کودەتای نیکۆس سامسۆن، داگیرکردنی ٤٠٪ی دوورگەکەی لەلایەن ئەنقەرە لێ کەوتەوە.

١٩٧٥-١٩٨٠: تەنگژەی سیاسیی یەک لە دوای یەک (حکوومەتی ئینتیقالی سەعدی ئیرمەق، سێ حکوومەتی دیمریل، دوو حکوومەتی ئەجەوید). زەبروزەنگی سیاسی و مەدەنی.

١ی ئایاری ١٩٧٧: کوشتاری ١ی ئایار لە ئەستەمبۆڵ: ٣٤ کوژراو.

٥ی حوزەیرانی ١٩٧٧: هەڵبژاردنی یاسادانان: پارتی کۆماری گەلی ئەجەوید ٤٤٪ و پارتی دادی دیمریل (٤١٪) ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و هاوپەیمانیی نوێ لەگەڵ پارتەکانی تری راستڕۆدا دروست بوون.

١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠: سەرەوژێرکردنەوەی حکوومەتی دیمریل لەلایەن عەسکەرتارەکان.

١٩٨٠-١٩٨٣: رژێمی عەسکەری. پێشێلکردنی بێ شوماری مافەکانی مرۆڤ.

٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٢: ریفراندۆمی دەستووری: ٩٢٪ بەڵێ. سەرۆکی ئەنجوومەنی عەسکەری کەنعان ئیڤرین بوو بە سەرکۆمار.

ئەنجوومەنی عەسکەری بە مادەیەکی کاتی ڕاگەیەندرا کە لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیار نەبوو لە کردەوەکانیدا لە ماوەی ڕێژیمی عەسکەریدا.

٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣: پارتی نیشتمانیی دایک ANAP هەڵبژاردنەکانی بردەوە. تۆرگۆت ئۆزال بوو بە سەرۆک وەزیران لە ١٩٨٣ تا ١٩٨٩.

١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣: جاڕدانی "کۆماری تورکیای باکوری قوبرس" کە تەنیا لەلایەن ئەنقەرە ددانی پێدا نرا.

١٥ی ئابی ١٩٤٥: سەرەتای شەڕی گەریلاییی پەکەکە. لە ماوەی پازدە ساڵدا نزیکەی ٤٠,٠٠٠ کوژراوی لێ کەوتەوە.

١٤ی نیسانی ١٩٨٧: تورکیا بە فەرمی کاندیداکردنی خۆی پێشکێش بە کۆمیونیتەی ئابووریی ئەوروپایی دەکات.

٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩: سەرۆکایەتیی تۆرگۆت ئۆزال. حکوومەتەکانی یلدرم ئاقبلوت (٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩-٢٣ی تەمووزی ١٩٩١) و مەسعوود یەلماز (٢٣ی تەمووزی ١٩٩١-٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١).

ئاداری ١٩٩١: تورکیا لە دوای یەکەم شەڕی کەنداو ڕێگە بە بەکارهێنانی زارەکیی زمانی کوردی دەدات.

نیسانی ١٩٩١: سەدان هەزار کورد دوای تێکشکاندنی شۆڕشەکەیان لە عێراق ئاوارەی تورکیا دەبن. تۆرگۆت ئۆزال و فرانسوا میتران داوای دابینکردنی "ناوچەیەکی پارێزراو" دەکەن لە بەشێکی کوردستانی عێراقدا. نەتەوە یەکگرتووەکان داواکەیان قەبووڵ دەکات.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١: هەڵبژاردنی یاسادانان. هاوپەیمانیی حکوومەتی لەنێوان دیمریل، سەرۆکی پارتی نوێی ڕاسترۆ (پارتی ڕێگەی ڕاست: ٢٧٪)، ئینینۆی کوڕ، سەرۆکی پارتی چەپ (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٩١-٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٣).

١٧ی نیسانی ١٩٩٣: مردنی تۆرگۆت ئۆزال. دیمریل بوو بە سەرکۆمار و

تانسـۆ چیللەر شـوێنی دیمریلی گرتـەوە وەک سـەرۆک وەزیران (٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٣–٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥).

٢ی تەمـووزی ١٩٩٣: ئاگـرکـەوتنەوە لـە سـیـواس لەلایەن ئیـسـلامی توندڕۆ و ڕاسـترِۆی تونـدڕۆ ڕووی دا کـە بوو بەهـۆی مـردنی ٣٧ ڕووناکـبـیـر کـە زۆربەیان عەلەوی بوون.

٢–٣ی ئاداری ١٩٩٤: هەڵگرتنی پـارێزدارێتی لـەسـەر ئەندام پەرلەمـانتـێـرە کوردەکان و دەستگیرکردنیان.

٢٧ی ئاداری ١٩٩٤: هەڵبـژاردنی شارەوانییەکـان. بە ١٩٪ی دەنگەکان ڕەفـاه (پارتی ئیسلامی) خۆی وەکو دووەم هێزی وڵات سەپاند و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەستەمبۆڵ و ئەنقەرەی بردەوە.

١٢ی ئاداری ١٩٩٥: ئاشـووبی عـەلەوییـەکـان لە غـازی (ئەسـتـەمـبـۆڵ) ٢٥ کوژراوی لێ کەوتەوە.

٢٤ی دیسەمبەری ١٩٩٥: بە ٢١٪ دەنگەکان. ڕەفاه بوو بە یەکەم پارتی وڵات.

٢٨ی حـوزەیرانی ١٩٩٦: لە کـۆتاییی تەنـگژەیەکی سـیـاسـیی ئاڵۆز حکوومـەتی چیللـەر (نۆڤــەمــبــەری ١٩٩٥–ئاداری ١٩٩٦) و حکوومــەتی یـەلماز (ئادار–حــوزەیرانی ١٩٩٦)، نەجـمـەدین ئەربـەکـان، سـەرۆکـی پارتی ڕەفاه بوو بەجێگیری سەرۆک وەزیران.

٣ی نۆڤەمبەری ١٩٩٦: سکەندالیی سورسـیورلوک، لەناوی شارەکەی عەبدوڵلا چەتلی، خەباتکاری ڕاسترِۆی توندڕۆ کە ئەنتەرپۆل بەدوایدا دەگەڕا و هـ. کـوجـاداغ، یەکـێک لە سـەرۆکـەکـانی پۆلیـسی ئەسـتـەمـبـۆڵ لە ڕووداوێکی ئۆتۆمـۆبـێل گـیـان لە دەست دەدەن. سـێـیـەم سـەرنشـین سـوعـاد بوجـاک، سـەرۆکی هـۆزێکی کـورد، ئەندام پەرلـەمـان، نزیک لە سەرکۆمار لە مردن ڕزگاری بوو.

١٨ی حـوزەیرانـی ١٩٩٧: پاڵەپەسـتۆ و ئـۆلتـیـمـاتـیـۆمی عـەسکەری، ئـەربەکـان ناچار دەکەن دەست لە کار بکێشێتەوە.

٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٧: حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی مەسعوود یەلماز هاتە سەرکار. لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ بەپێشنیازی ئاراستەکردنی سەرکۆنە هەڵگێڕدرایەوە کە تۆمەتباری دەکرد بەوەی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ عەلائەدین چەکیجی، خەباتکاری ڕاسترۆی توندڕۆ، بیچمی گرینگی ئەو "بوارە"دا هەبووە.

٢ی دیسەمبەری ١٩٩٨: حکوومەتی کەمینەی بولند ئەجەوید (پارتی چەپی دیموکرات) پێکهات.

١٦ی کانوونی دووەم ١٩٩٨: قەدەغەکردنی ڕەفاه.

١٦ی کانوونی دووەم ١٩٩٨: سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوینی، جەنەراڵ ئاتیلە ئەتەش، هەڕەشەی شەڕی لە سووریا کرد، ئەگەر بەردەوام بێ لە داڵدەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان. ئۆجەلان بەرەو ڕووسیا وەدەرنرا و دواتر لە ئیتاڵیا داوای پەنابەریی سیاسی دەکات.

١٦ی شوباتی ١٩٩٩: بەدیلگرتنی سەرۆکی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کینیا، دواتر ڕاگەیاندنی کۆتاییی شەڕی گەریلایی.

١٨ی نیسانی ١٩٩٩: هەڵبژاردنی یاسادانان. دوو پارتی نەتەوەیی، پارتی چەپی دیموکرات (بولند ئەجەوید) و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (د. بەهچەلی) کە لە پێشقەرەوڵدا بوون، هاوپەیمانیەتێکیان دروست کرد.

١١ی دیسەمبەری ١٩٩٩: لە کاتی کۆبوونەوەی لووتکەی هێلیسنکی، یەکەتیی ئەورووپا ستاتووی کاندیدای بەکاندیداکردنی تورکیا بەخشی.

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢: هەڵبژاردنی یاسادان کە پارتی داد و گەشەپێدانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان زۆرینەی ڕەهای بەدەست هێنا. بەدەر لە پارتی میللیی کۆماری کە لەلایەن د. بایکال سەرکردایەتیی دەکرد هیچ پارتێکی تر نەچوونە ناو پەرلەمان.

١ی ئاداری ٢٠٠٣: پەرلەمانی تورکیا ڕەتی کردەوە ڕێگە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بدات لە باشوور-ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە

بەرەیەکی دووەم لە دژی عـــێـــراق بکاتەوە. تەنگژەی تورکی-ئەمەریکایی.

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣: بڕیارنامەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێگەدانی حکوومەت بەناردنی ١٠,٠٠٠ ئەفسەر لەسەر داوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق نارەزاییبوونێکی تێکڕایی عێراقی وروژاند. ئەنقەرە ناچار بوو چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە.

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣: تەنگژەی کراوەی نێوان ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەرکۆمار کە بڕیاری دا ژنە "پەچەدار"ەکانی پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ "خوانی دەوڵەت" کە بە بۆنەی ٨٠ ساڵوەگەڕی کۆمار ڕێک خرابوو داوەت نەکات.

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ئەوروپایی لەبارەی فراوانکردنی یەکەتیی ئەوروپاوە پێشوازیی لەو پێشکەوتنە کرد کە ئەنقەرە بەدەستی هێناوە، بەڵام پێ لەسەر ژمارەیەک کۆتی سیاسی و یاساییدا دەگرێ. ڕاپۆرتەکە سەرەڕای ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کە چارەسەرنەکردنی پرسی قوبرس مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ کە ببێتە تەگەرەیەک لە بەردەم چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا.

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣: زنجیرەیەک تەقینەوە کە خرانە پاڵ ئەلقاعیدە و ئیسلامییە توندڕۆیەکانی تورک، کە کۆمیونیتەی جوولەکە لە ئەستەمبوڵ و هەروەها بەرژەوەندییەکانی بەریتانیایی کردبووە ئامانج ٦٢ قوربانیی لێ کەوتەوە.

شوباتی ٢٠٠٤: دوای زیاتر لە یەک ساڵ ئۆپۆزسیۆن، ئەنقەرە بڕیاری دا موناقەشەی "پلانەکەی ئەنان" سەبارەت بەستاتووی قوبرس بکات.

١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤: پەکەکە کۆتا بەئاگربەسی یەکلایەنەی خۆی دەهێنێ و جەولەیەکی تری شەڕی گەریلایی دەست پێ دەکاتەوە.

١٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٤: سەرۆکی وڵاتان و حکوومەتە ئەوروپاییەکان چرای

سـەوز هەڵدەکـەن بۆ دەسـتـپـێکردنەوەی گـفـتـوگـۆی چـوونە ناوەوەی
تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا.

٢٢-٢٤ی دیسـەمبەری ٢٠٠٥: وێڕای نارەزاییی چەند وەزیرێک لەوانە جەمیل
جیـچـک (وەزیری داد) و سەرەڕای قەدەغەکردنی دادگەی ئەستەمـبـۆڵ،
مـێـژوونووسـانی سێ زانکۆی ئەسـتـەمـبـۆڵ، یەکەمـین کـۆنفـرانسی
قوتابخانەی "بیروڕای جیاواز"یان لەبارەی پرسی ئەرمەنەوە بەست.

٣ی ئۆکـتـۆبەری ٢٠٠٥: سـەرەتای بە فـەرمی دەسـتـپـێکـردنی گفـتـوگۆ لەنێـوان
تورکیا و یەکەتیی ئەوروپا.

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦: لە کاتێکدا وەستانی دۆسیەی قوبرس بوو بەسۆنگەی
تەنـگژەیەکی نـوێ لەنێـوان یەکـەتیی ئەوروپا و تـورکـیـا، پـەرلەمـانی
فـرەنسـا لە یەکـەم خـوێندنەوەیدا بڕیاری لەسـەر یاسـایەک دا کـە
نکوولّیکردنی قـەتڵوعامی ئەرمـەنییـەکان سـزابار دەکات. هەمـان ڕۆژ
خـەلاتی نوبێل بۆ ئـەدەب بەخـشـرایە ڕۆمـاننووسـی جیـاوازەڕا ئۆرهـان
پامـوک. هەڵمـەتێکی توندوتـیـژ دژ بەفـرەنسـا و کـۆمـیـتـەی بەخـشـینی
خەلاتی نۆبێل و هەروەها ئۆرهان پاموک خۆی بەڕێوە چوو کە لەلایەن
ناوەندە ناسیۆنالیستەکانەوە وەک خۆفرۆش تاوانبار کرابوو.

## پاشکۆیەکان

پارتە سەرەکییە سیاسییەکان لە ٢٠٠٣

AKP: پارتی داد و گەشەپێدان– :(Adalet ve Kalkınma Partisi) ڕاستڕۆ "ئیسلامی میانڕۆ". لەلایەن سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بەڕێوە دەبردرێ.

ANAP: پارتی نیشتمانیی دایک: Anavatan Partisi ڕاستڕۆ. لەلایەن تۆرگوت ئۆزال دامەزرا، لەوەتای ١٩٨٩، یەک لە دوای یەک لەلایەن یلدرم حەقی بلوت و مەسعوود یەلماز و لەوەتای ٢٠٠٣–یشەوە لەلایەن عەلی تالیب ئۆزدەمیر بەڕێوە دەبردرێ.

CHP پارتی کۆماریی گەل ـ Cumhuriyet Halk Partisi – سۆسیال ـ دیموکرات لەلایەن موستەفا کەمالەوە دامەزرا. پارتی و پارتە لەوکەوتووە هەمەچەشنەکانی بەتایبەت لەلایەن عیسمەت ئینینۆ، بولند ئەجەوید، ئەردال ئینینۆ، موراد کەرەیالچین. دۆنیز بایکال سەرۆکی ئێستای ئەم پارتەیە کە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانییە بەڕێوە دەبردرێ.


DEHAP پارتی دیموکراتی گەل Demokratik Halk Partisi: پرۆکورد، میراتگری چەندین پارتی تری قەدەغەکراو لەلایەن مەحکەمەی دەستوورییەوە. لەلایەن تونجەر باقیرحان بەڕێوە دەبرێ.

Genç Part پارتی گەنج: ناسیۆنالیست و پۆپۆلیست. لەلایەن پیاوی بازرگان جەم ئوزان بەڕێوە دەبردرێ.


DYP پارتی ڕێگەی ڕاست – Dogru Yol Partisi. ڕاستڕۆ. یەک لە دوای یەک لەلایەن سولێمان دیمریل و تانسۆ چیللەر ڕێبەرایەتی کراوە،

پاشان لەوەتای ٢٠٠٣ لەلایەن محەمەد ئاغار ڕێبەرایەتی کراوە.


MHP پارتی بزووتنەوی نەتەوەیی – Milliyetçi Hareket Partisi. ڕاستڕۆی توندڕۆ. سـەرەتا لەلایەن ئەلپ ئەرسـلان تورکـەش و پاشـان لەوەتای مـردنی تورکـەش لە ١٩٩٧ لەلایەن دەولەت بەهچـیلی-یەوە بەڕێوە دەبردرێ.




a Turchia dopo la Pace di Sèvres, 1920.
*onte*: Atlante Storico, Milano, Garzanti, 2004, p. 464.




trasferimento delle minoranze nazionali.




a guerra greco-turca, 1920-1922.

## سەرچاوەکان

بۆ ئەوەی ئەم بیبلیۆگرافیایە هێندە قەبە نەبێت، تەنیا ئاماژە بەچەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزی، ئەڵمانیایی و فرەنسایی دەکەم. کۆت و بەندی پابەندبوون بەدەرنەچوون لە ژمارەی دیاریکراوی لاپەڕە، ڕێگەی ئەوەیان لێ گرتم گوتار، هەروەها سەرچاوەکان بەزمانی تورکی ئاماژە پێ بکەم کە زۆربەیان سەرچاوەی زۆر چاکن*.


AGAOGULLARI M .A., L'Islam dans la vie politique de la Turquie, Ankara, Faculté des sciences politique de l'Université d'Ankara, 1982.

Ailleurs, hier, autrement : connais-sance et reconnaissance du géno-cide des Arméniens, n_ 177-178 de la Revue d'histoire de la Shoah - Le monde juif, 2003.

ANDREWS P .A., Ethnic Groups in the Republic of Turkey, Wiesbaden, Dr Ludwig Reichert Verlag, 1989.

BALCI B., Missionnaires de l'islam en Asie centrale .Les écoles turques de Fethullah Güven, Paris, Maison-neuve-Larose, 1993.

BARKEY H .J .et FULLER G .E., Turkey's Kurdish Question, Lanham, Boulder, New York, Rowman & Littlefield, 1998.

BATU H .et J–.L .BACQUÉ-GRAMMONT, L'Empire ottoman, la République de Turquie et la France, Istanbul-Paris, ISIS, 1986.

BRUINESSEN M .VAN, Kurdish ethno-nationalism, Istanbul, ISIS, 2001.

BRUINESSEN M .VAN, Mullas, Sufis and Heretics, Istanbul ISIS, 2002.

CHALIAND, G. (dir.), Les Kurdes et le Kurdistan, Paris, Maspero, 1978.

Confluences Méditerranée, numéro spécial sur les Kurdes, n˚2000 , 34

COPEAUX E., Espaces et temps de la nation turque .Analyse d'une historiographie nationaliste (1931--1993), Paris, CNRS, 1997.


---

(*) ئەمە بە نیسبەت چاپی فرەنسایییەکەیە، دەنا لە چاپە کوردییەکە سەرجەم پەراوێز و سەرچاوەکانی لەناو تێکستەکەدا هاتوون بەتەواوی نووسراونەتەوە.

COPEAUX E., Une vision turque du monde à travers les cartes de 1931 à nos jours, Paris, CNRS, 2000.

DADRIAN V., Histoire du génocide arménien, Paris, Stock, 1996.

DERINGIL S., The Well-Protected Domains, Londres, I .B .Tauris, 1998.

DUFNER U., Islam ist nicht gleich Islam .Die Türkische Wohifahr-tspartei und die iigyptische Muslim-brüderschaft : ein vergleich, Opladen, Leske-Burdich, 1998.

ELMAS H .B., Turquie-Europe: une relation ambiguë, Paris, Syllepse, 1988.

DUMONT P., Mustafa Kemal invente la Turquie moderne, Bruxelles, Complexe, 1983.

DUMONT P., J–.F .PÉROUSE, TAPIA S .DE et AKGONÜL S., Migrations et mobi-lités internationales : la plate-forme turque, Istanbul, IFEA, 2002.

FAROQHI S., MCGowAN B., QUATAERT D .et PAMUK S., An Economic and Social History of the Ottoman Empire, t1914 _ 16002 Cam-bridge, Cambridge University Press, 1994.

GEORGEON F., Des Ottomans aux Turcs, naissance d'une nation, Istanbul, ISIS, 1995.

GEORGEON F., Abdulhamid II .Le sultan calife, Paris, Fayard, 2003.

GÖKALP A. (dir.), La Turquie en transi-tion: disparités, identités, pouvoirs, Paris, Maisonneuve, 1986.

GÖKALP A., Têtes rouges et Bouches noires, Paris, Société d'ethnogra-phie, 1986.

GöLE N., Musulmanes et modernes: voile et civilisation en Turquie, Paris, La Découverte, 1993.

GÜRBEY G .et IBRAHIM F. (dir.), The Kurdish conflict in Turkey .Obs-tacles alld Challces for Peace alld Democracy, New York, Saint Manin Press, 2000.

HANIOGLU M .S., Preparation for a Revolution .The Young Turks, 1902-1908, Oxford, Oxford Univer-siry Press, 200 1.

Human Rights Review, 3, n˚ 1,2001, numéro spécial sur la Turquie.

_NSEL A. (dir.), La Turquie et l'Europe: une relation tumultueuse, Montréal, L'Harmattan, 1999.

IRZIK S . et GÜZELDERE G. (dir.), «Relocating the Fault Lines :

Turkey Beyond the East-West Divide ", numéro spécial de The South Atlantic Quarterly, 102, n°2003- 3- 2

KARPAT K) . dir), Ottoman Past and Today's Turkey, Leyde-Boston-Cologne, Brill, 2000.

KAZANCIGIL A . et UZBUDUN E., Ata-türk : fondateur de la Turquie moderne, Bruxelles, Complexe, 1983.

KEDOURI S. (dir.), Turkey . Identity, Democracy, Poli tics, Londres, Frank Cass, 1996.

KEDOURI S. (dir.), Turkey Before and Afrer Atatürk . Internai and External Affairs, Londres, Frank Cass, 1999.

KEDOURI S. (dir.), Seventy-Five Years of the Turkish Republic, Londres, Frank Cass, 2000.

KIESER H–.L . Der verpasste Friede . Mission, Ethnie und Staat in den Ostprovinzen der Türkei 1839-1938, Zurich, Chronos, 2000.

KIESER H . L . et SCHALLER D . J. (dir.), Der Volkermord an der Armeniern und die Shoah, Bâle, Chronos, 2002.

KREISER K . et NEUMANN C . K., Kleine Geschichte der Türkei, Stuttgart, Reklam, 2003.

KUCHNER D., The Rise of Turkish Nationalism, 1876-1908, Londres, Frank Cass, 1977.

LEWIS B., Islam et laïcité . La nais-sance de la Turquie moderne, Paris, Fayard, 1988.

MANGO A., Atatürk . Biography of the Founder of Modern Turkey, Londres, Overlook Press, 2002.

MARDIN S., Religion and Social Change in Modern Turkey . The Case of Bediüzzaman Said Nursî, Albany, State Univ . of New York Press, 1989.

MANTRAN R., Histoire de la Turquie, Paris, PUF, 1968.

MANTRAN R. (dir.), Histoire de l'Empire ottoman, Paris, Fayard, 1989.

MASSICARD E., Les élections du 3 novembre 2002 : une recomposi-tion de la vie politique turque " Istanbul, IFEA, 2003.

McDowELL D., A Modern History of the Kurds, Londres, 1. B .Tauris, 1996.

MINISTRY OF FOREIGN AFF AIRS OF THE USSR, German Foreign Office Documents .German Policy in Turkey (1941-1943), Moscou, Foreign Languages Publishing House, 1948.

NAVARO-YASHI Y., Faces of the State: Secularism and Public Life in Turkey, Princeton, Princeton Uni-versity Press, 2002.

PICARD E) .dir), La Question kurde, Bruxelles, Complexe, 1991.

RANDAL J .c., After Such Knowledge What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan, New York, Farrar, Strauss and Giroux, 1997.

RIGONI 1. (coord.), Turquie, les mille visages .Politique, religion, femmes .im-migration, Paris, Syllepse, 2000.

RIGONJ 1., Mobilisations el enjeux: des migrations de la Turquie en Europe de l'Ouest, Paris, L'Harmattan 2001.

SCHICK 1. C .et TONAK E .A ., Turkey in Transition, Oxford, Oxford Univ. Press, 1987.

WHITE P .J et JONGERDEN J) .dir(., Turkey's AICI'i Enigma, A Compre-hensive Overview, Leyde, Brill, 2003.

VANER S. (dir.), Modenlisation autori-taire en Turquie et en Iran Paris L'Har-mattan, 1991.

VANER S. (dir.), La Turquie en mouve-ment, Bruxelles, Complexe, 1996.

Wedel, H., Lokale Politik und Geschlechterrollen .Stadmigrantinnen in türkischen Metroplen, Hamburg, Deutschen Orient-Instituts, 1999.

YERASIMOS SI., SEUFERT G .et VOR-HOFF K., Civil Society in the Grip of NatlOnailsm, Istanhul, Orient Insti-tute, IFEA, 2000.

ZÜRCHER E–.J ., The Unionist Factor The Role of the Commillce Union and Progress in the Turkish National Movement (1905-1926) Leyde, Brill, 1983.

ZÜRCHER E-J., Turkey .A Modem His-tory, Londres et New York 1. B .Tau-ris, 1998. .

## پێرست


وتەی وەرگێڕ ........ 7
پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی ........ 9
پێشەکیی چاپی فرەنسایی ........ 12
دێباجە: سەدەی نۆزدەمینی عوسمانی ........ 16

بەشی یەکەم:
حوکمڕانی ئیتتیحاد و تەرەققیی (١٩٠٨–١٩١٨) و شەڕی سەربەخۆیی ........ 22
وەدیارکەوتنی گەنجە–تورکەکان ........ 22
جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققی لە دەسەڵات ........ 24
ناسیۆنالیزمی ئیتتیحاد و تەرەققیی ........ 30
شەڕی یەکەمی جیهانی و قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان ........ 35
١٩١٩–١٩٢٢: شەڕی سەربەخۆیی ........ 42

بەشی دووەم:
دەوڵەتی کەمالیستی: لە هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتەوە بۆ... ........ 49
ڕێژیمی تاک حزبی ........ 50
کەمالیزم، کەلەپووری عوسمانی و سیاسەتی ئاینی ........ 58
ناسیۆنالیزمی کەمالیست ........ 63
بەرگرییەکان ........ 73
کەمالیزم، کەمالیزمەکان ........ 76
سەرۆکایەتیی عیسمەت ئینینۆ ........ 78
سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەکان و ئەنتیسێمیتیزم ........ 81
گواستنەوە بۆ پلورالیزمی سیاسی ........ 83

بەشی سێیەم:

فرە حزبایەتی و ڕێژیمە عەسکەرتارییەکان ١٩٥٠ – ١٩٨٣ 85
نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕۆئاوا 85
ژێردەستەیی و تەنگژە ئابوورییەکان 87
١٩٥٠: دە ساڵەی دیموکرات 88
١٩٦٠: ڕێژیمی "کۆلۆنێلەکان" 91
ڕادیکالیزمەکانی ساڵانی ١٩٦٠ 92
ڕێژیمی عەسکەرتاری ١٩٧١ 98
١٩٧٣–١٩٨٠: ساڵانی ناشایستەییی حوکمڕانی 99
زەبروزەنگ 102
کودەتای ١٩٨٠ 106

بەشی چوارەم:

دە ساڵییەکانی تەنگژە (١٩٨٣–٢٠٠٢) 111
١٩٨٣–١٩٩١: ساڵانی پارتی نیشتمانیی دایک 111
پارچە پارچەبوونی سیاسی: ١٩٩١–١٩٩٩ 114
پرسی کورد 119
ئیسلامیی سیاسی 124
پرسی عەلەوی 127
چەتە یونیفۆرمەکان و پەرەسەندنی ڕاستڕۆی توندڕۆ 131
لەودیو پارچە پارچەییبوون، هاریکارییە نافەرمییەکان 134
کۆمەڵگەی مەدەنیی ون 136
ڕۆڵی سوپا 140
سترەکتورێکی نوێی دەسەڵات 142
دواین کردەوەیەک بەناوی ئەجەوید: ١٩٩٨–٢٠٠٢ 146
پاشبار: ٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ 153

٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ ........ 162
بەرەنجام ........ 165
کرۆنۆلۆجیا ........ 170
پاشکۆیەکان: پارتە سەرەکییە سیاسییەکان لە ٢٠٠٣ ........ 180